# هەزارمێرد

ژمارە (٩)

ساڵی سێیەم

ئەیلولی ١٩٩٩

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە، لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ



بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەواری وەزارەتی رۆشنبیریی
حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری ئەکات

# هەزار مێرد

ژمارە (٩)
ساڵی سێیەم
ئەیلولی ١٩٩٩

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە .. لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ
بەڕێوەبــــــەرێتیی گشتیی شــــــوێنەوار دەری ئــــــەکات



خاوەنی ئیمتیاز: جەمال عەبدول
سەرنووسەر: دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین
سکرتێری نووسین: کەمال نوری مەعروف

دەستەی نووسین :
هاشم حەمە عەبدوڵڵا
نەسرین خواکەرەم



ناونیشان : سلێمانی - بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەوار ژمارەی تەلەفون : ٢٢٢٣٧٢

# هزار مرد

العدد (٩)
السنة الثالثة
ايلول ١٩٩٩

مجلة علمية فصلية تبحث عن آثار و تاريخ كردستان
تصدرها المديرية العامة للاثار



صاحب الامتياز: جمال عبدول
رئيس التحرير: د. نبز مجيد امين
سكرتير التحرير: كمال نوری معروف

هيئة التحرير :
هاشم حمه عبدالله
نسرين خواكرم



العنوان : سليمانية ، المديرية العامة للاثار ، رقم الهاتف ٢٢٣٧٢

بەڕێوەبەرێتی هۆڵبەندی ڕۆشنبیری سلێمانی
ژمارە / /
بەروار / /
کتێبخانە

# هەزارمێرد

ژمارە ( ٩ )
ساڵی سێیەم
ئەیلولی ١٩٩٩

وەرزە گۆڤارێکی زانستییەلـە شوێنـەوار و مێـژووی کوردستان ئەدوێ .. بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شـوێنـەوار دەری ئـەکـات

# ناوەڕۆک


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وتەی ژمارە | جەمال عەبدول | ٣-٤ |
| تیشـــکێك بۆســـەر نەخشـــە هەڵكـــەندراوەكانی دەربەند بێلولە | كەمال نوری مەعروف | ٥-١٧ |
| زمانی ئاشووری لە ئیمپەڕاتۆریەتی میتانی دا | گۆڕینی لە عەرەبییەوە<br>هاشم حمە عەبدوڵڵا | ١٨-٢٢ |
| مادەكـــان و ڕووبەڕووبوونـــەوەیان لەگـــەڵ ئاشـــوورو عیلام دا | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>حەسەن عەبدولكەریم | ٢٣-٥٢ |
| بیرەوەرییەكانی عەبدولعەزیز یامولكی | ئامادەو پەراوێزبۆكردنی<br>سدیق ساڵح | ٥٣-١٢١ |
| شاكارە هونەرییەكانی شوێنەواری مارلیك و پەیوەندی بە شانشینی ( ئەندیا ) ی خاكی مادی گەورەوە | حەسەن عەبدولكەریم | ١٢٢-١٣١ |
| ساگارتی تیرەی حەوتەمی ماد | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>حەسەن عەبدولكەریم | ١٣٢-١٤٣ |
| چەردەیـــەك دەربـــارەی كرۆنۆلۆجیـــای كۆمـــەڵگا بەراییەكانی گوندی كشتوكاڵی باكووری عێراق | گۆڕینی لە ئینگلیزی یەوە<br>محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | ١٤٤-١٥٣ |


# المحتويات


| الموضوع | الكاتب | الصفحة |
|---|---|---|
| فخار نوزي | نسرين خواكرم | ١٥٥-١٥٨ |
| الامير المشطوب الهكاري – القسم الخامس-٢- | بقلم باحث | ١٥٩-١٦٨ |
| چرمو..من المستوطنات الاولى في كوردستان | بخشان عبدالله محمد | ١٦٩-١٧٩ |
| ظهور فخار عصر الوركاء في منطقة دوكان | ترجمتهامن الانكليزية<br>وفاء خلوق سعيد | ١٨٠-١٨٨ |
| منحوتة قزقبان و دلالاتها التاريخية | كمال نوري معروف | ١٨٩-١٩٨ |


بەرگی پێشەوە :

خانی مەحموود ئاغا

بەرگی پاشەوە :

گڵینەی یاسین تەپە


نەخشەی بەرگ و دەرهێنانی هونەری : هەیاس

یاریدەدەری هونەری : ڕۆژ

پیت چنین : فریاد شاكر ڕەواندزی

كۆمپیوتەرسازی : چرۆ ئەحمەد

كۆمپیوتەر : وەزارەتی ڕۆشنبیری

هەڵەچن : حەسەن عەبدولكەریم

چاپخانەی : تیشك

چاپی بەرگ : چاپخانەی دلێر

تیراژ : ٣٥٠

# وتەی ژمارە ..!

جەمال عەبدول

پێشەکی داوای بەخشین لە خوێنەری بەڕێز ئەکەم، کە هەموو جارێك (تا ئەم ژمارەیەیش) (وتەی ژمارە)من ئەینووسم و ئەو روداوو راستییە تاڵانەی هەموومان تیا ئەژین ، ئەیسەپێنین ، رەشبینانەو واتەی هەق و رەق و زەق بن! و ، بێ پەردەو پێچ و پەنا بیخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، تاکو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادارن و بەهەر هۆیەکەوە بێ !!!گوێی خۆیان لە ئاستی ئەو ڕاستییانە کەڕ و چاویان کوێرو زمانیشیان لاڵ ئەکەن !، ئەوانەی دوریشن ڕاستییەکانیان ئاوەژوو ئەگاتێ ، ئاگادارین! ، کەوا دووساڵ و سێ مانگ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی (هەزار مێرد) ی مێژوو ، (هەزار مێرد) ی شوێنەوار و ئارکیڤی دێرینی و رەسەنیی و بەسەرهاتنامەی رابوردوو رۆژگارێکی پڕ وەیشومەو ئاشووب و کوێرەوەری و خەبات و قوربانی و ماڵوێرانی و خۆبەختکردن لە پێناوی مانەوەو ژیانی بەشێکی بەدبەختی مرۆڤایەتی و بەرگری و خۆ پارێزیی دژی داگیرکەرو چاوتێبڕیوانی خاك و ئاوو سامانی نەتەوەیی و شوێنی ستراتیژی و پڕبایەخی جوگرافیایی و سیاسیی دەستی خۆتیانەبووی ئەم کوردە خێرنەدیوو نەحەواوەو مێژوو زۆرلێکردووە ، ژمارەیەکی تری (هەزار مێرد) ، بە هەوڵ و کۆشش و هەتەریی کارمەندە دڵسۆزەکانی و بێ کۆمەك وهاوکاری و بەدەنگەوە هاتنی کەس و خەمخۆری و بەهی خۆزانین و بە تەنگەوەبوونی هیچ مێژونووس و پسپۆرو رۆشنبیرو تەنانەت نووسەرو وەرگێڕێکی ئەو بوارەی دەرو ناوی کوردستان و ، شکۆ و سەروەریی بە خۆڕەوابینینی ، بەشداریی ئەم سەنگەرە پیرۆزەی خەباتی نەتەوایەتی یان هەر هیچ نەبێ گرتنە ئەستۆی ناردنی سەرچاوەیەك ، بەڵگەنامەیەکی لە هەندەران زۆرو زەبەندی رابوردووی نەتەوەیەکی سی چل ملیۆنی تا ئێستای دوارۆژەکانی سەدەی بیستەم و بەرەو پیرچوونی هەزارەی سێیەمی مێژووی مرۆڤایەتی بێ‌قەوارەی سیاسی و بێ سنوور و بێ ئاڵاو نیشتمان کەرت و پەرت و داگیرکراوو ماف زەوتکراوو چەوساوەی دەستی پێنج داگیرکەرو سەرباری هەموو ئەم مەینەتییانەو لە هەموویشیان جەرگبڕو کاریگەرتر ، بێ بەهرەی یەکێتیی بیرو باوەڕو ڕیزو هەست و سۆزو ئایندەو بڕیارو وەك ئاردی ناو دڕکان و بە خواستی دوژمن رەفتار کردوو ! ، کە بە باوەڕی من ئەوپەڕی ترسنۆکی و بێ ورەیی و شکستە باڵیی دەردی ئەزەلیی کوشندەی خۆ بەکەمزانین و خۆ بە

شایستەی ئازادی و سەربەخۆیی نەدیو و رازی بوونە بە کلکایەتی و نۆکەری و لە پەراوێزدا ژیان و زۆر شتی تریش !!، کە مێژوونووسێک ، پسپۆڕێک ، ڕۆشنبیرێک ، وەرگێڕێک ، لە دوورو نزیک و کەم و زۆر کێشەکە بە هی خۆی نەزانێ و تەنانەت نەوێرێ بەناوی خوازراوو نهێنیشەوە شتێک دەربارەی مێژووی نەتەوەکەی بنووسێت ، بەڵگەنامەیەک ، بنێرێت و کۆمەکێکی ئەو تاکە گۆڤارە شەکەتەی (هەزار مێرد) بکات ، کە شانی داوەتە بەر ئەو بارە گرانە و خۆی بە هی هەموو کورد ئەزانێ و هیچ پاساوو برو بیانوویەک نادۆزرێتەوەو نییە بۆ خۆ لێ دزینەوەو دەست بە کڵاوی ترسنۆکانەی خۆوە گرتن و خۆپەرستی و خۆپارێزی .

لە کۆتاییدا بەڵێنی درێژەدان بەم ڕەوتە پیرۆزەو بەردەوامیی تا دوا هەناسەی دەرکردن و پێشخستن و خەملینی (هەزار مێرد) ئەدەین و هیوادارین لە خەوی بێ ئاگایی هۆشیار ببینەوەو لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە نەتەوەییەدا درێغی نەکەین و گەشبینیی هەموو لایەکی ژیانمان بگرێتەوەو داوا ئەکەین کە یارمەتی بدرێین و (هەزار مێرد) بچێتە ئەنتەرنێتەوەو بنێردرێت بۆ هەموو کتێبخانەو ئارکیڤ و مەڵبەندە ڕووناکبیرییەکانی جیهان و هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی مێژووی گەلەکەمان.

١٩٩٩/٩/٩

# تیشکێك بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەند بێلوله

کەمال نوری مەعروف

ئەو ناوچە شاخاوییەی کە سنووری باکووری عیراقی سەرووو سەرووی خۆرهەڵاتی بە یەکەوە بەستووەتەوەو دریژییەکەی بە قەدەر دریژی روباری دیجلەیە ؛ لە خۆرهەڵاتدا بە کوردستان ناسراوە . شوینیکی دیارو دەرکەوتووی لای ناوەندە ئاسەوارییە زانستییەکان هەیە چونکە پرە لە شوینەواری دیرین ، جا ئەو شوینەوارانە گرد بن یا کەلاوە کۆن یا نەخشی هەلکەندراوی سەر بەرد.

ئەورووپییەکان لە کوتایی سەدەی نۆزدەوە تامەزرۆ بوون بینە دیدەنی ئەو شوینەوارانە . دیدەنییەکەش کاتیك دەستی پیکردووە کە خۆرئاواییەکان گرنگی تەواویان داوە بەکاروباری خۆرهەلات بە مەبەستی بەدەست هینانی زانیاری دەربارەی گەلە لەناوچووەکانی بۆ ئەوەی دوا رۆژ لە شوینەوارناسەکانیان چونکە تا ماوەیەکی نزیك لەمەو پیش کەس ئەبوە نهینییەکانیان بزانیت جگە لە ژمارەیەکی کەم لە زانا خۆر ئاواییەکان کە زمانە کۆنەکانیان زانیوە [1] بۆ ئەو مەبەستە زۆر لەو زانایانە هاتونەتە دیدەنی ناوچەکەو گەلیك راپۆرتی زانستیان لەو بارەوە نووسیوەو بلاویان کردووتەوە. ئەم کارە وای لەو زانا خۆرئاواییانە کردوە کە بە دوای میژووی کۆنی خۆرهەلات و دەنگوباسی گەلەکانیاندا بگەرین و هاوبەشی لەم کارەدا بکەن کە چۆن لەوەو پیش گەرۆك و میژوو نووسەکان ئەنجامیان داوە . [2] بەشیکی ئەم گەران و پشکنین و هەولدانە تەرخان کراوە بۆ گەران بە دوای نەخشی هەلکەندراوی سەر بەرد کە دانیشتوانی کۆنی کوردستان لە گەلانی زاگرۆس بۆیان جێ هیشتووین کە باپیرە گەورەی کوردن . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە زۆر لەو نەخشە هەلکەندراوانەی سەر بەردەکان بدۆزنەوە کە بۆ سەردەمە جیاجیاکان دەگەرینەوەو رادەی شارستانیتی ئەو گەلانەنیشان دەدەن و گوزارشت لە دیاردەی تیکەلاوی شارستانیتی مرۆڤ دەکەن لەو سەردەمە زوەدا.

ئەوەی باسی لیوە دەکەین نەخشیکی هەلکەندراوی شاخییە لای دانیشتوانی ناوچەکە بە نەخشە هەلکەندراوەکەی هۆرین و


دێ
شوێنەوار یان گردێکی شوێنەواری
لە: اطلس المواقع الأثرية في العراق،
١٩٧٦ ، ژمارە ٥٩
کیلۆمەتر
سیروان
شمشێرگەڵ

شیخان (٣) یان دەربەند بیلولە ناسراوە (٤). بۆ ئەوەی بگەینە نەخشەکە دەبێ بە ڕێگای دەربەندیخان بگەینە بناری کویرەك لەویشەوە ڕێگای (شاولزیی) و (باخە هەنارە) بگرین . لیرەدا ڕێگاکە دەبێت بە دوو بەشەوە ئەوەی لای ڕاست ڕووەو گوندی بیلولە دەرواو ئەوەی لای چەپ بۆ گوندی (تەنگی بیلو) دەکشێ کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی نەخشەکەو نزیکەی کیلۆمەتریك لیوەی دورە ( نەخشەی ژمارە ١ ).

ئەم دەربەندە کە دوور بووە لە مەلبەندەکانی شارستانیتی شیوی نیوان دوو ڕوبار شوینەواریکی کۆنی گرتووەتە خۆ کە بە هۆیەوە دوو گوندی کویستانی هۆرین و شیخانی بە کۆمەلی شوینەوارناسان لە سەدەی رابوردودا ناساند . دەربەندەکە دەبیت بە دوو بەشەوە بەشیکیان بەرەو (بەمۆ) و (سەرپیلّ) دەکشێ کە ؛ بە باشوور ناسراوە ، ئەوی تریان ڕووەو (بنگوین) و (سەرتەك) دەرواو بە باکوور ناسراوە . نەخشەکە دەکەویتە بەشی خۆرهەڵاتی شاخەکە ، کە بە کەژی (کەویلە) ناسراوە ، لە بەرزی ١٥ مەتر لە شاخەکەدەرهینراوە (٥)

یەکەمجار ئەم نەخشە سالی ١٩٢٦ لە لایەن لیپرسراوانی بەریوەبەرایەتی گشتی شوینەواری کۆنی بەغدا دۆزراوەتەوە ئەمەش لە گەرانیکیاندا بووە دوزینەوەی نەخشی هەلکەندراوی سەربەرد کە ناوچەکانی (بیلولە) و (سەرتەك) و (تەعلیفە) ی گرتۆتەوە (٦)

وەسفی نەخشەکە : نەخشەکە وینەیەکی هەلکەندراوی سەر بەردە لە ڕووی شاخەکە دەرهینراوە . پیکهاتووە لە جەنگاوەریك لەسەر لا وەستاوە بە دەستیکی کەوانیکی گرتووەو ئامیریکی تیژیش بە دەستەکەی تریەوەیەتی کە دەربرین لە هیزو توانای دەکات ، لە پشتییەوە تیردانیك هەیە کە پریەتی لە تیر (٧) ( بروانە وینەی ژمارە ١ ).



دریژی جەنگاوەرەکە (٨٣) سانتیمەترەو پانییەکەشی (٣٥) سانتیمەترە . پۆشاکیکی لەبەردایە ناوەراستی لەشی داپۆشیوەو بە دوو هیلّ لیوارەکانی بە نەخش و نیگاری شیوە هیلکەیی جوانکراوە و پشتینیکی لەسەر بەستووەو تەوریکی پیا کردووە دریژییەکەی (٢٤) سانتیمەترە .

جەنگاوەرەکە ملوانکەیەکی لە ملدایە لە بەردی بە نرخ دروستکراوەو لە ناوەراستیدا دروشمیکی بازنەیی کونکراوی پیا هەلواسراوەو گوارەی لە گویدایە. کلاوەکەی سەری لە کلاویکی لبادی لیوار بچوك پیکهاتووە لە شیوەدا دەچیتەوە سەر کلاوی

چاخی بابلی کۆن .جەنگاوەرەکە قاچی رووتەو بـی ریشـە . لـەم سیفەتەدا لـەمیری سـۆمەری گودیا ئەچیت [8] تـۆ بلیـی نـەبوونی ریـش و سمیـڵ لــە وینــەی جەنگاوەرەکـــەدا بـــۆ جیاکردنەوەی بیت لە وینەی پادشاکان کە لە نەخشەکانیاندا بە ریشەوە دەرکەوتوون . بۆیە پی دەچیت خاوەنی نەخشەکەمان میریك یـان گـەورەی عەشـیرەتیك بیـت کـە لــە ناوچەکــەدا فەرمانرەوایەتی کردبیت.

جەنگاوەرەکـە قـاچی چـەپی لەسـەر شـانی دوژمنەکەی پیشەوەی داناوە ( بروانـە وینـەی ژمـــارە ٢ )، قـــاچی راستیشـــی بـــۆ دواوە بردووتەوە .



دوژمنەکە لە وەزعیکی شیواودا دەبیندریت قـاچی چـەپی بـۆ پیشـەوە دریـژ کـردووەو راستیشی بۆ دواوە بردوتـەوە ، جگـە لـەوەش هـەردوو دەسـتی خستوونەتە نـاو یەکـەوە و بـەژیر سمتییـەوە یـەکیانی پیگرتووتـەوە . پۆشاکیکی کورتی لەبەردایە ناوەراستی لەشی گرتووتـەوەو کڵاویکـی لەسـەردایە لـە کـڵاوی

هاوپەیمانە دیلەکەی پشتەوەی ناچیت بەڵکو لە کڵاوی پیاوانی خوری دەچیت کە لەسەر مۆرە لولەییەکان دەبینرین . دیلەکـە قـاچی روتـەو پـالی داوە بـە دیواریکـەوە هـەروەکو کرنۆشـی بردبیت وایە ( بروانە وینەی ژمارە ٣ ).



لـە پشتییەوە دیلـی دووەم دەبیـنریت کـە تەمسیلی دوژمنیکی دیکە ئەکات چەماوەتەوە، دەستی راستی خستۆتە سەر ئەژنۆی راستی کـە تـۆزێ بـۆ پیشــەوە هیناویەتـەوەو بـەرزی کردۆتەوە .قاچی چەپیشی بۆ دواوە بردووتەوە دەستی چەپی لەسەر دریژ کردووە ، ئەمیش لە شیوەی پارانەوەدایە و سەیری جەنگاوەرەکەی پیشـــەوەی دەکـــات . دیلەکــە پۆشـــاکیکی لەبەردایــە ناوەراســتی لەشــی داپۆشــیوە ، کڵاوەکـەی سـەری بـە تـەواوی لـە کـڵاوی ئـەو کەسەی ناوەراست دەچیت کە لەبەردەم خوادا

وەستاوەو سڵاو ئەكات و شتێك چەناگەی داپۆشیوە [٩] . لە پشتی دیلەكەوە ستونێك هەیە كە نووسینی بزماری لە سەرە( بروانە وێنەی ژمارە ٤ ).



نووسینەكە: نووسینەكە بریتییە لە سێ خانە هەر یەكێكیان كراوە بە چوار ستوون . ژمارەی هیما بزمارییەكانیش ٤٦ هیمایە . چوار خانەی تریش ئامادە كراون بەڵام بەكار نەهێنراون . نووسینەكەش بە زمانی ئەكەدییەو بە پێی شێوەی برگەكانی لە كۆن دەچێت كە بە چەند شێوەیەك خوێنراوەتەوە:

١-"تار ... نی ... in ...Tar كوری ... ئەم وێنەیەی دانا . كاتێك گەراندییەوە (یان نوێی كردەوە) ئەوەی وێنەكە تێك بدات ئەوەو ناوی شاماش و رامان (ئادەد) لە ناویان بەرێت" لە دەقەكەدا وشەی Utera هاتووە بەڵام هیمای _را) ( ra) بە تەواوی دەرنەكەوتووە بۆیە واتای گەراندمەوە ، نوێم كردەوە ، چاكم كردەوە دروستن.

٢-" تار ... دون نی dunni ... Tar كوری ئیككی IKKI وڵاتەكەی خامۆش كرد یادگارێكی دانا كاتێكیش كە كۆن بو ، نوێی كردەوە ، هەچ كەسێك یادگارەكە لا ببات تۆ وو ناوی خواوەند شاماش و خواوەند ئادەد بیانبەن".

٣- وەرگێرانێكی سێیەمی دەقەكە بەم شێوەیەیە : خانەی یەكەم و دووەم لەوە دەچێت بەهێمای خواوەندێك دەست پێ بكات و بە (بێ رێ نی) ( Bi- ri-ni ) تەواو ببێ " كوری ئیككیپ شاخمانت IKKIP Shamat ) وێنەیەكی كرد ، ئەو كەسەی وێنەكە بە جادو تێك بدات؟) با ، شاماش و ئیمیر immer(= ئادەد) ئەوەو ناوی (ویران بكەن؟) واتە ipsha mat ی دەقەكە بە تەواوكەری ناوی ئیككی ikki زانراوە.

٤- وەرگێرانێكی تر هەیە كە دیاكۆنۆف لە مێژووی (ماد) دا هێناویەتی ، جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا ئێمە وەكو خۆی دەینووسینەوە :

"لی شیر پیر ئینی ، كوری ئیككیپ شاخمات (!) بریاری ئەم نیگارەی دا ، كاتێك كیشوەری (زابان) (؟) بگیریتەوە (ژێر دەسەڵاتی خۆی) وێنەكەو جێ نیشتمانی ئەوو ناوی ئەو خواكان شاماش و ئادەد لە ناویان ئەبەن.

بۆ ئەوەی ناوی زابان راست بێت پێویستە هێمای زا (Za) ی نێوان دوو هێمای ئات (at) و ئان (AN)هەبێت . لە دەقەكەدا روونە.

کە هیچ هێمایەکی وا نییە ئەوەی هەیە تەنیا ( مات ئابان ( an–Ma ,at – da ano ) دیاکۆنۆڤ یش بەراوردی کردوە بە (زابان) ی لای پردێ (ئاڵتون کۆپری) . ئەمەش بە دور دەزانین چونکە دوو ناوچەی (مەیدان) و (زابان) لەیەك دوورن .جگە لەوەیش ناوی (زابان) پاش ئەو سەردەمە بە زیاتر لە هەزار ساڵ پەیدا بوە واتە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە . لە لایەکی ترەوە ناوی وڵاتی (ئاوان) مان هەیە کە وڵاتێکی زۆر کۆنەو کەوتووەتە کوێستانەکانی باکوری (عیلام) واتە نزیك ناوچەی شێخان . وەرگێڕانێکی تری دەقەکە کە (سۆلبێرجێ) و (کۆپی) هێناویانە ناوی (ئاوان) ی بە (ئابان) نووسیوە بەڵام بە گومانەوە:

".. کاتێك وڵاتی (ئاوان) ی (؟) خستە پاڵ خۆ ..." لەم وەرگێڕانەدا ناوی جەنگاوەرەکە بە (... ئیر پیرین) (irpirin) .. خوێندراوەتەوە.

(فاربەر) ناوەکەی بە جۆرێکی نزیك لەم ناوە خوێندۆتەوە ئەویش (ئیربیرینی) (irbirini) یەو ناوی باوکیشی بە ئیککیبشاخمات (ikkibshahmat ) خوێندۆتەوە و گەڕاندویەتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن واتە سەدەکانی ۲۰ تا ۱۵ ی پێش زایین.

لە دەقەکەدا وشەی Utera هاتووە ، ئەگەر بە (گەڕاندییەوە) ، (نوێی کردەوە) ، (چاکی کردەوە) لێك بدرێتەوە چەند واتایەکمان نیشان ئەدات کە یەکێکیان (تار ... دون نی) نەخشەکەی نوێ کردەوە . بە مانایەکی تر کە ، بۆچوونی (دۆمۆرگان) ە ئەوەیە کە پادشایەکی تر غەیری (تار ... دون نی) ، نەخشەکەی هەڵکەندووەو پاشان تێکدراوەو پاشتر (تار ... دون نی) ، نوێی کردۆتەوەو ناوی خۆی لەسەر داناوە . بە بڕوای (دۆمۆرگان) پادشای یەکەم (سامی) بووە واتە لە عیراقەوە گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە . واتایەکی تریش بۆ (گەڕاندنەوەکە) برێتییە لە گەڕاندنەوەی زەوی و نەخشەکە بەم بۆنەوەیەوە.

یەکێك لەو پرسیارانەی کە ، وەڵامی تەواوی نییە لە بارەی ئەو گەلەوەیە کە (تار ... دون نی) بۆی دەگەڕێتەوە بێ گومان (تار ... دون نی) ئەکەدی نەبوە هەر چەندە دەقەکە بە ئەکەدی نووسراوە ئەمەش لەبەر ئەمە بووە کە زمانی ئەکەدی زمانێکی جیهانی نوسین بوە.

بە پێی بۆچوونی (کامیرۆن) (تار ... دون نی) سەر بە گەلی لۆلۆبی lulubi "لۆللۆ") بووە . لای دیاکۆنۆڤیش جەنگاوەرکە کوتییە ، ئەوەشمان زانی کە دیاکۆنۆڤ ناوەکەی بە (لی شیر پیر ینی) خوێندۆتەوە کە بە ئەکەدی زانیوەو بە مانا (نەوەمان بمێنێتەوە) بەڵام زۆرینەی شوێنەوارناسان ناوەکە بە (تار ... دون نی) ئەخوێننەوە).

پاشگری ni کە لە کۆتایی ناوی جەنگاوەرەکەدا هاتووە لە زۆر ناوەلۆلۆبیەکاندا هەیە وەك (ساتۆنی) satuni سەدەی ۲۳ ی پ . ز) هەروەها شاری خودونی Huduni (یان خودون) کە (بیلەربیك) و (شتریك) دەیخەنە ناوچەی هۆزین .لای سپایزەر ئەم شارە لە شارەزوردایە . لە لایەکی ترەوە دەتوانین

بەراوردی بکەین لە نێوان برگەی (دون) لە ناوی (تار ... دون نی) ی و ناوی (دونیاش) کە لە ناوی (کاردونیاش) دا هەیە . کاشییەکان کە وڵاتەکەیان باشووری خۆرهەڵاتی (هۆرین و شێخان) بووە (دونیاش) یان لە ناوی (کاردونیاش) دا بەکار هێناوە وەك ناوی ناوەراست و باشووری عیراق . بۆ ئەمە چەند تەفسیرێك هەیە کە بە ناوی خواوەند (دونیاش) لێکدراوەتەوە . ئەتوانرێت (یاش) ی ناوە کاشییەکان وەکو پاشگرێك بزانرێت . بەم جۆرە ئەبێت نیشانەی خواوەندیێتی نێوان (تار) و (دون نی) هەبووبێت ئەگەر ئەمە راست بێت دەبێ ناوی جەنگاوەرەکە هەر بە (تاردون نی) بمێنێتەوە.

بۆ ئەو رایەی جەنگاوەرەکە کە بە (کوتی) ئەزانێت بەناوی (تاردون نی) و بە ناوی ( لی شیر پیر ینی) لە (کوتی) ناچن ، چونکە ناوی کوتی بە پاشگری (ش) و (نوش) (ush) و (ئان) و (ئاب) (ab) تەواو ئەبن . لە لایەکی ترەوە ناوی (نیککیپ شاخمات) بە خوری زانراوە کە بەرامبەرەکەی ناوێکی ترمان هەیە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەرێتەوە کە (سادارمات) ە (Sadurmat) و بەلگە هەیە بە خوری بزانرێت کە لە باسی (نورکیش) دا [10] بینیمان . هەر چۆنێك بێت هەمو ئەم رایانە کۆنی رەگەزی جەنگاوەرەکە نیشان ئەدات.

نەخشەکە لەروی هونەرییەوە : ئەگەر بەوردی سەیری نەخشە هەڵکەنراوەکە بکەین ئەبینین ئەو هونەرمەندەی ویستویەتی نەخشەکە بەو شێوەیە هەڵبکولێ شەپۆلی هونەری شێوی نێوان دوو روبار کاری تێکردووەو رەنگی تیاداوەتەوە . ئەمەش کارێکی سروشتییە بۆهونەرمەندێ کەرێگەیەکی هونەری باو لەکارەکەیدا بگرێ وکارەکەی بەپێی یاسای پەیرەوکراوو تێکەڵاوکردنی لەگەڵ یاسا میللیەکانی دی ناوچە شاخاویەکەدا کەنیشتمانی رەسەنی ئەوگەلەیەو نەخشەکەی بۆ ئەگەرێتەوە بنەخشێنێت . یەکێك لەو کارتێکردنە کە لە نەخشەکەدا ئەبینرێت ئەونووسینە بزمارییە ئەکەدییەیە کە بەلگەی بڵاوبونەوەو کارتێکردنی شارستانێتی ئەکەدی و بەردەوامییەتی تەنانەت لەناو دوژمنەکانیشیاندا.[11]

جگە لەوەش وێنەی پیاوی سەرکەوتوو کەلە کەسی (تاردۆنی) دا ئەخوێنرێتەوەو قاچی خستۆتە سەر لاشەی دوژمنە بەزیوەکەی بەردەمی گرنگی تەواوی پێ ئەدرێت چونکە خالی سەرەکی باسەکەیە ، لەگەڵ وێنەی دوو دیلە کەوتووەکە ئەمانە هەموویان لە بنەچەدا بۆ هونەری ئەکەدی ئەگەرێتەوە [12] . کە دیاردەیەکی تازەیەو ئەکەدییەکان هێنایان و خستیانە ناو هونەرەکەیانەوە کە تایبەتە بە کەلتوری شارستانیەتی تازەیان لە ململانییاندا لەگەڵ دوژمنەکانیان ، بە هەمان دەستوور بۆ گەلانی دیکەش وەکو داب و نەریتێکی باو گوێزراوەتەوە . ئەو دوو دیلەی لەسەر نەخشەکە ئەبینرێن لە ئەنجامی هەمو جەنگێکی سەرکەوتودا رو ئەدات کە لە لایەن تەرەفی سەرکەوتووەوە دەبرێن بە دیلێتی . خالیکی

دیکەی گرنگ دیتە پێشەوە ئەویش دابەشکردنی نەخشەکەیە بەچەند بەشێك و جودا کردنەوەیان بە شێوەیەکی دەرکەوتو وەکو لە نەخشە هەلکەنراوەکەدا ئەبینریت . ئەم جودا کردنەوەیە ریبازیکی سۆمەریانەیە [١٣] ئەکەدییەکان لە وانیانەوە وەرگرتووەو پەرەیان پێداوەو پێشیان خستووە بەو شێوەیەی لە کارە هونەرییەکانیاندا ئەبینریت [١٤] .

لیرەدا هونەرمەندەکە نەیتوانیوە چارەسەری هونەری دوولایی لە تابلۆکەیدا بکات بە مانا کاتیك میر لەسەر لا ئەوەستیت نەیتوانیوە کلاوەکەی لەسەر لا بۆ دابنیت بەلکو هەر روو بەروو لەسەر لا دایناوە هەروەکو لە وینەکەدا دەبینریّ ، جگە لەوەش هەمان دیاردە بە دروشمی ملی وینەی جەنگاوەرو ملوانکەکەیەوە دەبینریت . ئەم دیاردەیە لە هونەردا بەو شیوەیە ماوەتەوە هەتاکو سەردەمی حامورابی [١٥] .

هونەرمەندەکە لە دەرهینانی قۆل و بالّ و ماسولکەکانی سنگی تاردۆنی‌دا توانیویەتی بە وردی و بە شیوەیەکی سروشتی دەریان بهینیّ ئەمەش بەلگەی ئەوەیە هونەرمەندەکە ویستوویە لە شیوازی کۆن دوور بکەویتەوە کە شیوە ئەندازیارییەکەی تیا دەرکەوتووە بۆ ئەوەی کارەکەی زیاتر نزیك بیت لە شیوە سروشتیەکەو زیندو تر بیت . گۆرینی نەخش و نیگاری لیواری پۆشاکەکەی تاردۆنی بۆ ئەو شیوە هیلکەییە کە دەبینین شیوازیکی ئەکەدی کۆنەو لەوەو پیش لە پەیکەری شولگی و ئیدی ئیلۆم دا بینیومانە [١٦] . لیرەدا هەنەرمەندەکە توانیویەتی پشتینەیەکی باریکی دوولایی شیوە هیلکەیی بەو جۆرەی کە ئەبینریت بۆ دۆوستن بکات ئەمەش بەلای منەوە زیاتر جوانی داوە بە پۆشاکەکەی و لە لایەکی تریشەوە بەلگەی کارتیکردنی هونەری و بەردەوامی مانەوەی هونەرەکەنیشان دەدات و بەلگەیەکی ترە بۆ بەهیزی ژیانەوەی هونەری ئەکەدی زیندو لەو سەردەمە تازەدا.

ئەو شیوە نەخشەی لەسەر پۆشاکەکەی تاردۆنی بینیمان ئەتوانین لەسەر جل و بەرگی مرۆڤە وینە کراوەکانی سەردیواری کۆشکی(ماری) بیانبینین [١٧] .

هەروەها لەسەر کراسەکەی شەمشی ئەدەدی یەکەمی پادشای ئاشووریش کە لەسەر میلی بەردینی ماردین هەلکەندراوە دەبینریّ [١٨] بوونی ملوانکەی بە نرخ لە ملی تاردۆنیداکە لە ناوەراستیا دروشمیکی بازنەیی هەیە ، هەروەها گوارەی لە گویدایە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جیاوازی چینایەتی هەبوە لەناو کۆمەلدا لەو سەردەمەدا . بەرهەم هینانی خشلیش بەند بووە بە هونەری چینەکانی سەروو و یاسای دروست بوونی بنەمای دەسەلاتدارییەوە [١٩] ئەو دروشمە بازنەییەی لە ملی (تاردۆنی) دایە لە شیوەدا لەو دروشمانە دەچیت کە لەسەر هەندیك وینەی ئاینی دیوارەکانی شاری (ماری) ئەبینریت [٢٠] . هەروەها لەو دروشمە دەچیت کە لە ملی شەمشی ئەدەدی یەکەمدایە کە لەسەر میلە بەردینەکەی ماردین هەلکەندراوە [٢١] . جاریکی تر گەرانەوە بۆ نەخشە هەلکەندراوەکەی ( تاردۆنی) ئەوە دەبینین کە

هونەرمەندەکە توانیویەتی توخمێکی نوێ بخاتە ناو هونەرەکەیەوە کە لە وێنەکانی چاخەکانی پێشوودا نەبینراوە ئەویش هەلواسینی تەورە بە پشتێنەکەی (تاردۆنی) دا . بەمە هونەرمەندەکە توانیویەتی (تەور) وەکو دیاردەیەکی هونەری نوێ بخاتە ناو هونەرەکەیەوە ؛ هەروەها وەکو چەکێکی بەرچاو کە هونەری جەنگ و زیرەکی جەنگاوەری لە شەردا لەسەر وەستاوە . ڕاستە بەکار هێنانی تەور لە شەردا لە چاخەکانی پێشوتردا بەکار هێنراوە هەروەکو لە وێنەی پیاوی (دەربەند گاور) دا دەردەکەوێت . بەڵام ئەو تەورەی لە وێنەکەی (تاردۆنی) دا دەبینرێت جیاوازە لەوەی دەستی پیاوی دەربەند گاور . ئەوەی (تاردۆنی) لە شێوەدا ڕێکو پێکتر دروستکراوەو لەو تەورە دەچێت کە بە دەستی شەمشی ئەدەدی یەکەمەوەیە (١٨١٤ - ١٧٨٤ پ . ز) کە لەسەر میلەکەی ماردین نەخشێنراوە لێرەدا ئەبینین تەورەکەی داوە لە سەری دوژمنەکەی کە لەبەر دەمیدا کەوتوە . بە هەمان دەستور پشتێنەکەی (تاردۆنی) لە پشتێنی شەمشی ئەدەدی یەکەم و دیلەکەی بەردەمی ئەچێت کە لەسەر هەمان میل هەلکەندراوە.

ئەو کەوانەی بە دەستی تاردۆنییەوەیە کە بەو شێوە گەورەیە نیشان دراوە بەلای منەوە مانای ئەوە دەبەخشێ کە خاوەنەکەی هێزو دەسەڵاتی گەورەی هەبوە لە ناوچەکەیداو بەسەر ئەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیابوون . لە ڕووی هونەرییەوە وێنەکردنی ئەو کەوانە بەو شێوە گەورەیە لەگەڵ درێژی باڵای (تاردۆنی) دا ناگونجێت.

جارێکی تر دەتوانین بەراوردێك لە نێوان دەم و چاوی (تاردۆنی)و دەم و چاوی شەمشی ئەدەدی یەکەمی ئاشووریدا بکەین کە لەسەر میلەکەی ماردین هەلکەندراوە . هەردوو دەموچاوەکە لە شێوەی هەلکۆلینیاندا لەیەك دەچن بەمەش لە خاسییەتە سەرەکییەکاندا یەك دەگرنەوە هەر وەك چاویان بە شێوەی بادەمی دەرهێنراون و لوتیان قنج و خڕن و کۆتاییەکانیشیان بازنەیی هاتوونەتەوە هەروەها چەناگەشیان گچکەن ، هەردو وێنەکەش لە دەم و چاوی بچوکیاندا یەك دەگرنەوە بەمەش هونەرمەندەکە توانیویە لە دەرهێنانی دەم و چاوی (تاردۆنی) دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ ، جگە لەوەش هونەرمەندەکە توانیویە لاقە ڕووتەکەی (تاردۆنی) بە شێوەیەکی جوان دەربهێنێ کە تیایا ماسولکەکانی بە وردی لە گەڵ ماسولکە بینراوەکانی دیکەدانیشان بدات. ئەمەیش بەلگەی ئەوەیە هونەرمەندی نەناسراو وەستایانە کارەکەی تەواو کردووەو ماسولکەکانی نیشان داوە . لێرەدا جارێکی تر دەتوانین بەراوردێ لە نێوان لاقی (تاردۆنی) و لاقی خواپەرستێك دا بکەین کە وێنەکەی لەسەر میلێکی بەردین لە (ئەشجالی) هەلکەندراوە [٢٣] ، هەروەها هەمان بەراورد دەتوانین لەگەڵ لاقی ئەو خوایەدا بکەین کە چەقۆیەکی بە دەستەوەیەو دەیەوێت عیفریتێك بکات بە دوو کەرتەوە[٢٤] ، هەروەها هەمان بەراورد کاری دەتوانین لە نێوان لاقی (تاردۆنی) و لاقی

شەمشی ئەدەدی یەکەمی میلەکەی سەر ماردین بکەین . جگە لەوەش لیکچونیك دەبینریَ لە نیوان لاقی (تاردۆنی) و بەشی خوارەوەی ئەو پیاوانەی کە وینەیان لەناو وینە ئاینییەکانی سەر دیواری هۆلی پیشوازی کردن لە کۆشکی ماری بەرچاو دەکەون [٢٥] . هەمو ئەو لیکچونانە ئەوە دەگەیەنیت کە هونەرمەندەکە لە ژیر کارتیکردنی ریبازی هونەری سەردەمیدا بویێ لە دەرهینانی تابلۆکەدا.

ئەو دوو دیلەی لەبەردەمی (تاردۆنی) دا دەبینرین بە شیوەیەکی ساکار لە قەوارەیەکی بچووکدا درووست کراون ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە دیلن و دوژمنیشن ، لە هەمان کاتدا سەیرکردنی پیاوی سەرکەوتووە بەرامبەر گەلانی ژیر دەستەو وای دادەنیت لە تەمەندا مندالن و لە لاشەدا لاوازن ، خۆیشی بەهیزە هەروەکو لە میلەکەدا دەبینریَ . ئەم دیاردەیە نەریتیکی کۆنەو دەتوانین لەسەر میبلە بەردینەکانی ئەکەدی بە تایبەتی میلی بەردینی سەرکەوتن ببینین کە بۆ نەرام سین پادشا دەگەریتەوە . هەروەها لەمیللە بەردینەکانی پیش ئەوانیشدا رەچاویان بکەین کە بۆ چاخە جیا جیاکانی سۆمەری دەگەرینەوە . چیچکەکردنی دیلی دووەمی پشتەوە لە میلەکەی (تاردۆنی) دا لە چیچکەکردنی ئەو کەسە دەچیت کە چەماوەتەوە بەرامبەر ئەو خوایەی کە لەسەر تەختەکەی دانیشتوە[٢٦] ئەو لەیەکچوونە ئەوە ئەگەیەننت کە هونەرمەندی نەناسراو بە تەواویتی شیوازی هەلکۆلینی هونەری چاخی بابلی کۆنی زانیبیت . بەمە هونەرمەندەکە توانیویەتی نەخشە هەلکەندراوەکەی لە بابەتیکدا دەربهینیت کە زۆر پەلهاویژ بیت و مانایەکی دیاری کراویش بە دەستەوە بدات.

رای ئیمە بەرامبەر نەخشە هەلکەنراوەکە : لەگەلَ ئەو هەموو زانیاریانەی کە لە سەرەوە باسم کردن ، سیمای ئەو کەسانەی کە لەسەر میلە بەردینەکە نەخشینراون بە (تاردۆنی) جەنگاوەری سەرکەوتوشەوە تیشك دەخەنە سەر رەسەنایەتی ئەو رەگەزانەی کە لە ناوچەی زاگرۆس دا ژیاون.

هەر ئەوەش پالی ناوە بە زانای رەگەز ناسی فەرەنسایی A.T. AME بەراوردیکی لە نیوانی وینەکانی سەر نەخشەی ناوبراوو ئەو وینانەی کە لە ریگەی نیوان ئازەربایجان و ناوچەی (شوش) دا بکات کە بینیونی وای بۆ چووە کە وینەکانی گشتیان بۆ بنەچەیەك لە ناوچەی زاگرۆس دەگەریتەوە [٢٧] . شوینەوارناسی قەوقازی ب . ب . پیوتروسکی لەو رووەوە دەلیَ: ئەو وینانەی کە تەمسیلی لۆلۆییەکان [٢٨] دەکەن لەسەر حەوجۆشەکانیان لە هەزارەی دووەمی پیش زایین لەو جۆرانەی کە هۆرییەکانیان (خوری) [٢٩] بۆ دیلیتی بردووە [٣٠] .

ئەنجامی باسەکە : ئەوەی دەربارەی نەخشە هەلکەنراوەکە باسمان کرد دوای بەراورد کردنی بە وینەو نەخشە هەلکەنراوە جیاجیاکانی هەروەها دوای گۆرینی نووسینە بزمارییەکەو ناسینی ناسنامەی پیاوی

سەرکەوتوو و مەبەست لە نەخشاندنی میلەکەو دەقانی ، ئەگەینە ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١-ئەم نەخشە هەڵکەندراوە لەوە دەچێت سەردەمەکەی بۆ دوا دوای چاخی نۆزدەی پێش زایین بگەڕێتەوە یان تۆزێ دواتر بۆیە دەبێت خاوەنی نەخشەکە هاوتەمەنی فەرمانڕەوایەتی پادشا شەمشی ئەدەدی یەکەمی ئاشووری بێت (١٨١٤ - ١٧٨٤ پ ز).

٢- هەروەکو باسمان لێوە کردو گەیشتینە ئەو ڕاستییە بە هۆی خوێندنەوەی نووسینە بزمارییەکە کە (تاردۆنی) لۆلۆییەو کەسێکە زۆرینەی زاناکانیش بەو شێوەیە ناویان لە نوسینەکانیاندا هێناوە ، بەڵام نازناوی پادشایەتی نەبوە لەوانەیە میرێک بو بێت یان فەرمان ڕەوایەک یان گەورەی عەشیرەتێک کە لە پایتەخت جودا بوبێتەوەو بەناوی خۆیەوە فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردبێت . وەکو زانراویشە لەو چاخەدا واتە سەردەمی فەرمان ڕەوایەتی بابلی یەکەم زۆر لە میرەکان یان دەسەڵاتدارەکان لە پایتەخت جیا بوونەتەوە بە تایبەتی ئەوانەی ناوچە شاخاوییەکان و سەر بە کەس نەبوون ، ڕێی تێدەچێت هەڵنەگرتنی نازناوی پادشایەتی لە لایەن خاوەنی نەخشە هەڵکەنراوەکەوە لەبەر ئەوە بووبێت ؛ خۆی وا دەرنەخات کە بەرپرسەرەکانی پادشا دەست ڕۆیشتووەکان ئەکات هەروەکو ئەمرۆمان لە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایەتی کوردستانی باشووردا دەردەکەوێ بۆیە پێی دەچێت بە هەڵنەگرتنی نازناوی پادشا ، جەنگاوەرەکە کۆتایی بەو کێشەیە هێنابێت.

٣- ئەو دروشمە بازنەییەی بە ملی (تاردۆنی) دا هەڵواسراوە لەوانەیە دروشمێکی تایبەت بێت بە میرەکان یان فەرمان ڕەواکان یان چینی سەرەوەی کۆمەڵ.

٤- ئەو دوو دیلەی لەسەر میلەکەن دوور نییە خوری بن ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێت مانای وایە میری لۆلۆیی ناوچەی خورییەکان لە سەرووی ناوچەکەی خۆی گرتووە کە دەشتی شارەزوورە . وەکو ئاشکرایە خورییەکان لەو چاخەدا لە زۆر شوێنی کوردستاندا ژیاون لە نزیک دیاربەکرو دەشتی ڕانیەو ناوچەی کەرکووك و هتد . لەوانەشە بەشێك لەو خورییانە لەو سەردەمەدا لە ناوچەی هەڵکەنراوەکەدا ژیابن.

## پەراوێزەکان:

١-د. محمود الأمين . استكشافات اثرية جديده في شمال العراق . سومر الجزء الثاني . المجلد الرابع ايلول ١٩٤٨ . ص ١٨٠.

٢-د. محمود الأمين . استكشافات اثرية جديدة في شمال العراق . نفس المصدر السابق ص١٨٠.

٣- لەوانەیە جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ناوی هۆزێن ی گوندو هۆزی (خوری - حوری) قەوم هەبێت و یەکەم لە دووەمییەوە وەرگرتبێت و تیایدا ڕەنگی دابێتەوە . هۆزی یان خوری بە مانا خۆر دێت واتە دانیشتوانی ناوچەکە خۆرپەرست بوون.

٤-ئەم نەخشە هەڵکەنراوە قەڵایەکی کۆن کە پاشماوەی شارێکی کۆنی تێدایەو بە بەردو گەچ دروسکراوە دەکەونە سەر شاخێك لە دەربەندی سەروو . مامۆستا (تیری دالتران) ی فەرەنسایی لە کتێبەکەیدا کە بەناوی هێرشی هەشتەمی سەرجۆنی دووەمەوەیە

(٧٢١ - ٧٠٥ پ . ز) دەڵێت : پاشماوەی ئەو شارە هەر ئەو شارەیە کە سەرجۆنی دووەم لە هێرشەکەیدا لە باکوورەوە بۆ عیلام ناوی بردووەو پێدا تێپەڕیوە کە لە زابی گەورەوە تا خۆرهەڵاتی دیجلەی گرتۆتەوە لەویشەوە بۆ بەرەو باشوور .. گەڕانەوەیشی بە هەمان ڕێگەدا لە خۆرهەڵاتەوە کە ڕێگەی شاخاوییەو ئەکەوێتە نێوان سنووری عێراق و ئێران . سەرجۆن پادشاش خۆی دەڵێت : بە شاری لۆلادا تێپەڕیم . مامۆستا (سەدنی سمیپ) ڕای وایە شاری ناوبراو هەر ئەو شارە بێت کە ئەکەوێتە دەربەندی شێخان.

بروانە : اضبارة هورین - شیخان المرقمة ٤١/٢٧ المحفوظة في مديرية الأثار العامة - قسم التحريات.

بەڕای منیش پێی دەچێت پاشماوەی ئەو شارە ئەو شوێنەوارە بێت کە ناسراوە بە (ناوبەردی هەوە) دەکەوێتە سەرووی خۆرهەڵاتی گوندی(قسڵان) ی نزیکی دەربەندەکە . لێرەدا پاشماوەیەکی زۆر لە شوێنەواری خانوو و ئاشتی کۆنی ناو دەبینرێن کە بەڵگەی بوونی شارێك نیشتن دەدات . جگە لەویش پاشماوە سوالەتییەکانی شوێنەوارەکە بەڵگەیەکی ترە بۆ جیماوەکانی شوێنەوارەکە.

بروانە : اضبارة هورین / شیخان المرقمة ٤١/٢٧ المحفوظة في مديرية الاثار العامة / قسم التحريات .

٥- اضبارة هورين - شيخان .

٦- الدكتور طارق مظلوم تاريخ اكتشاف المنحوتات في شمال العراق . نشرة الأثاري العدد ٣. ص١٠.

٧- طه باقر و فؤاد سفر . المرشد الى مواطن الأثار والحضارة ، الرحلة السادسة. بغداد حلبجة ١٩٦٦ ص ٢٤.

٨- انطوان مورتكات . الفن في العراق القديم . ترجمه و تعليق : الدكتور عيسى سلمان وسليم طه التكريتي اللوحه ١٦٦ ص ٢٠٨. بەڕای منیش پێی دەچێت پاشماوەی ئەو شوێنەوارە بێت کە ناسراوە بە ( ناو بەردی هەوا ) و دەکەوێتە سەرووی خۆر هەڵاتی گوندی ( قەسڵان )ی نزیك دەربەندەکە لێرەدا پاشماوەیەکی زۆر لە شوێنەواری ئاشی ئاوی کۆن دەبینرێت

٩- اندري بارو . بلاد اشور . ترجمة وتعليق دكتور عيسى سلمان وطه التكريتي ١٩٨٠ بغداد ص ٣٦٠.

لە سەرەتای مانگی ٦ ی ئەمساڵدا هەواڵمان پێگەیشت کە دزو جەردەکان بە تەمان ئەو نەخشە هەڵکەندراوە ببرنەوەو ئاودیوی بکەن بۆیە سەردانم کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە نەخشەکە ببینم . دیم لە چەند لایەکەوە پیاوە جەنگاوەرەکە دراوەتە بەرگوللەی تفەنگ و شکێنراوە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە گرنگی دان بە شوێنەوار لە وڵاتی کوردەواریدا کەم بایەخە ئەو شوێنەوارانەی کە ناسنامەی کوردی تیا دەخوێنرێتەوە.

١٠- بۆ شیکردنەوەی ئەو نووسینە بزمارییە سوود لەم دوو سەرچاوەیە بینراوە .

ا-گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٢٦ ، ئابی ١٩٩٨ ، ل ١٨٤ - ١٨٦

ب-گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٢٥ ، وەرزی بەهاری ١٩٩٠ ، ل ٤٩ - ٥٠ لێرەدا سوپاسی برای نووسەر فازیل قەرەداغی دەکەم کە لە سەرچاوەی ترەوە توانیویە نووسینە بزمارییەکە بگۆڕێ.

١١- الدكتور هاري ساكز . عظمة بابل . ترجمة وتعليق الدكتور عامر لسيمان ١٩٧٩ ص ٧١.

١٢- دەستووری ئەکەدی کۆن بۆ پیاوی سەرکەوتو بۆ جاری دووەم لەسەر نەخشێکی هەڵکەندراوی میلیکی بەردین لە چاخی ژیانەوە دا دەرکەوت کە ، بۆ سەردەمی فەرمان ڕەوایەتی شوسن دەگەڕێتەوە لەم نەخشەدا سەرۆکی ئەرکانی سوپا دەبینین قاچی خستۆتە سەر یەکێ لە دوژمنە بەزیوەکانی کە ، ئەنداسۆی میری زابشالیە . ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ بەهێزی ژیانەوەی هونەری ئەکەدی لەسەردەمی بنەماڵەی سۆمەرو ئەکەددا .

بروانە : انطوان مورتكات . المصدر السابق . ص ٢٣٣.

١٣- انطوان مورتكات . المصدر السابق . ص ٢٨٨

١٤- انطوان مورتكات . المصدر السابق ص١٦٤ ، ١٧٩

١٥- انطوان مورتكات . المصدر السابق ص ٢٣٧

١٦- انطوان مورتكات . المصدر السابق ص ٢١٧

١٧- انطان مورتكات . المصدر اتلسابق . ص ٢٣٩

١٨-انطوان مورتكات . المصدر السابق . ص٢٤٠.

١٩-ارنولد هاوزر . فلسفة تاريخ الفن . ترجمة رمزي عبدة جرجيس كراجعة د. زكي نجيب محمود . مطبعة جامعة القاهرة . القاهرة ١٩٦٨ ، ص ٣٢٨.

٢٠- انطوان مورتكات . المصدر السابق ص٢٣٩

٢١- انطوان مورتكات . المصدر السابق. ص٢٤٠

٢٢- ئـەم نەخشـە هەڵكـەندراوە دەكەوێتـە باشـوری ناحیەی قەرەداغ لە پارێزگای سلێمانی ، پێكهاتووە لە پیـاوێكی جـەنگاوەری ڕیشـدار لەسـەر لا وەسـتاوەو سـەیری لای چـەپی دەكـات درێژییەكـەی (١٠) پێ یـەو كڵاوێكـی خـڕی لیوارپـانی لەسـەردایە .. ئـەو بەشـەی ڕیشی لە چەناگەیەوە نزیكە تاشراوە لە دوای ئـەوەوە تاڵەكانی ڕیشی پێچاو پێچ هاتوونەتە خوارەوەو درێژ بوونەتـەوە تاگەیشـتۆتە لای باسـكی چـەپی كـە چەماوەتەوە بەلای لاشەكەدا كە چەمانەوەیەكی شێوە وەستاوی لەسەر پشتینەی دروست كردوە. كەوانیكی بە دەستەوەیە پۆشاكەكەی بۆ سەرەوە كراوەتەوە. ئەو پشتینەی بەستوێەتی چوار قەفەو بەلاشەكەوە پێچراوەو لـە تەنوورەیـەك دەچێت . دەسـتی ڕاسـتی بـۆ دواوە بردووە تەوەو كوتەكێكی پێگرتووە . قاچی ڕاستی باش دەرنەكـەوتووە بـەڵام چـەپی بـەرز كردۆتـەوە بـۆ لای ئەژنۆی ، وەكو خاوەنەكەی بیەوێت سەر بكەوێت بەسەر شاخەكەدا . ئەو بەردەی نەكەوێتە ژێـر تەنوورەكـەوەو هەڵكۆڵراوە لەبەر هەر هۆیەك بێت تێكچووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر هەر قاچێكیدا وێنەی كەسێك دەبینرێت كەوتۆتـە سـەر زەوی ، قەوارەكـەی چوارێـەكی وێنـەی كابرای جەنگاوەرەو قاچ و پرچیان لە سەریانەوە بەرەو خوار بوونەتـەوەو لـە شێوەی كەوتنـەخوارەوەدان . بـۆ ئەمـە بڕوانـە : ادمونـدس ، كردوتـرك و عـرب . ترجمـە جرجس فتح الله . بغداد ١٩٧١ . ص ٣٢٢.

بۆ سەرنجی ئەم نەخشەو ناسنامەی خاوەنەكەی چەند ڕایەكی جیاواز هەیە بڕوانە : كـەمال نـوری مـەعروف . تیشكێك بۆ سەر نەخشە هەڵكەنراوەكەی دەربەندگاوڕ . گۆڤاری هەزار مێرد . ژمارە (٤) ساڵی یەكەم حوزەیرانی ١٩٩٨ . لاپەرە ٤- ١٤.

٢٣- انطوان مورتكات . المصدر السابق . ص ٢٦٣.

٢٤- انطوان مورتكات المصدر السابق . ص٢٦٩.

٢٥- انطوان مورتكات . المصدر السابق ٢٤١.

٢٦-انطوان مورتكات . المصدر السابق . ص ٢٧٧.

٢٧- ئی . م . دیاكۆنۆف .میدیا . گۆڕینی بۆ كـوردی بورهـان قـانیع دەزگـای ڕۆشـنبیری و بڵاوكردنـەوەی كوردی ١٩٧٨ . چاپی یەكەم . ل١٧٨.

٢٨- لۆلۆ .. گـەلێكن لـە گەلەكانی زاگرۆسـی و ناویان بە چەند جۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەكاندا هاتووە كە چند مانایـەك دەبەخشـێت .. ئـەرام سـین ی پادشـای ئەكـەدی باسـی سـەركەوتنی بـە سـەریاندا لـە مێلـی بەردینی سەركەوتندا دەكات كە ئیستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس . گەلی كوردیـش لـە پاشمـاوەی ئـەو گەلـەو گەلاكانی دی زاگرۆسە لەگـەڵ كۆمەڵـەی گـەلانی هیندو ئەوروپی.

بۆ زیاتر زانیاری : بروانە : طە باقر ، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة . الجزء الأول ١٩٨٦ .

دار الشؤون الثقافية العامة . زارة الثقافة والأعلام . ص٣٧١.

٢٩- خـوری .. یـەكێكن لـەو گەلانـەی لـە كۆنـەوە لـە كوردستانی عیراق ژیاون و زمانەكەیان نزیكە لە زمانی ئۆراراتی بە ماناز مانی ناوچەی ئەرمینیای كۆن هـەتا ئیسـتا چـەند جۆرێـك لـە پاشمـاوەی هونـەرییان دۆزراوەتەوە كە بۆ ناوەراستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەرێتەوە .. وەكو پەیكەری شێری حەوجۆش لە نیساریی و پەیكەری پادشای ئوركیش .

بڕوانە : اندری بارو.. المصدر السابق ص٣٢٨.

٣٠- ئی . م . دیاكۆنۆف . هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٦٨٣-٦٨٤.

٣١- ئـەم ڕایـەم تەواوكـەری ڕاكـانی پێـش خۆمەكـە پسپۆرانی زمان و مێژووی كۆن بۆ چوون و ناسنامەی جەنگاوەرەكەیان ساخ كردۆتەوە.

# زمانی ئاشووری لە ئیمپراتۆریەتی میتانیدا

نووسینی / فولفرام ڤۆن زودن
وەرگێڕانی / هاشم حەمە عەبدوڵڵا

نووسین لەسەر ئەو فەرهەنگە گەورەیەی (Akkadisches Hand worterbuck)ئامادەم کردووە کارێکی هەروا ئاسان نییە ، چونکە هەندێ ڕستە زۆر بە کەمێ دەردەکەون و هەندێ وشەی تر زۆر دووبارە دەبنەوە . ئەمەش کارەکەی گران کردو وای کرد ڕێکخستن و تێگەیشتنی ئاسان نەبێت . بەڵام ئەم کارە چەند تێبینییەکی خستە ڕوو کە تیشك ئەخاتە سەر هەندێ بابەتی مێژوویی کە پەیوەندی بە ئایین و زانست و ئابووری و چەندبابەتی ترەوە هەیە . ئەم تێبینییانەم بابەتی باسەکەمە.

زۆرجار سەرسام دەبووم کاتێك لە نامەو بەڵگەنامەکانی ئۆگاریت و عەمارنەدا نامەی باکوری سوریام بەرچاو دەکەوت بە نووسینی ئاشووری لە جیاتی بابلی نووسرابوون . زانراویشە زمانی بابلی دیالیکتی ئەکەدی زمانی ئاخاوتن بووە لە فەلەستینەوە تاکو ئەنادول و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لە سەدەی پانزەوە تا سیانزەی پێش زایین .

سەرسامییەکەم زیاتر بوو کاتێك زانیم کە وشەی ئاشووری لە بەڵگەنامەکانی (نوزی ) نزیك سنووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوور کەمتر بەکار هێنراوە لەچاو بەڵگەنامەکانی باکووری سوریا ، هەر چەندە دەبوا بە پێچەوانەوە بێت . لیستی هێما مێخییەکانی ئۆگاریت هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە . بەڵام هێما مێخییەکانی عەمارنە لە (vsxll ) لەلایەن (ئوتوشرەیدەر) ەوە بڵاو بۆتەوە . لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی لیستی هێما مێخییەکانی عەمارنەو بەڵگە نامەکانی ئۆگاریت کە بە زمانی بابلی نووسراوە دەردەکەوێت کە شێوەی هەندێك هێما لەو هێمایانە دەچێت لە سەردەمی کاشییەکاندا بەکار هێنراون . بەڵام هەندێ هێما بەرچاو دەکەون کە شێوەیان لەوانە دەچێت کە لە ئاشوور دۆزراونەتەوەو بۆ سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست دەگەڕێتەوە : وادیارە سەرەڕای بەکارهێنانی زمانی بابلی ئاسایی ، پێ دەچێت لە نوسیندا سوودیان لە هێما ئاشوورییەکان وەرگرتبێت ولە هەندێ قوتابخانەی ئۆگارتیدا نووسینی ئاشووری هاوشان لەگەڵ بابلیدا خوێندرابێت وەکو

بەکارهێنانی ئەم هێمایانەی خوارەوە لە هەردوو نووسینی ئاشووری و بابلیدا .

(gar , ta , ra , ki , I , tak , šul , ak , šar) .

هاوشان لەگەڵ هێمای ئاشووریدا . هەندێ برگەی بەربڵاو دەدۆزرێتەوە کە لە ولاتی بابلدا نییە . لەم برگانەش qi کە بە شێوەی ( ti,kin ) دەنووسرێت و لە هێمای (tin) ی بابلی وەرگیراوەو kil , kúl , nis بە تایبەتی بۆ ناوی شوێن و dan - niš و šum کورت کراوەی sum sam, و زۆر لەم برگانە لە لەوحەکانی خاتوشا و نوزی دا دەدۆزرێتەوە .

ئەوەی تایبەتە بە زانستی فۆنەتیکی دەنگ ، ژمارەیەکی زۆر هێمای ئاشووری دەبینین کە پاش و پێش و جێگۆڕکییان پێ کراوە وەکو maḫšlu کە بە مانای ( دەسکە دۆڵ) دێت لە جیاتی meḫšalu بابلی نووسراوە išaṭṭurn لە جیاتی išattanū وiqtebi , aqtebi (ئەو قسەی کرد) (من قسەم کرد) لە جیاتی ittesi ,ilaqtabi (دەرچوو) لەجیاتی ittasi .سەبارەت بەزانستی زمانەوانی پێویستە هەندێ لەسەر شێوەی جێ ناوی ئاشووری لە ئۆگاریت بدوێین وەکو ana kuăša بە مانای (بۆتۆ) لە جیاتی ana kāša ana kuīnašunu بە مانای (بۆ ئێوە) لە جیاتی ana kāšunu لە بابلیداو جێ ناوی šit , šut (ئەو – بۆنێر ، ئەو بۆ مێ) لە جیاتی si,su بابلی . و هێمای (ئاماژە پێکردن) (اسم اشارە) ammiu (ئەو) تەنیا لە زمانی میتانیدا بەدی دەکرێت لە ئۆگاریت جارجار allâ لە جیاتی ullû بابلی دەنووسرێت . ئەوەی سەبارەت بەناوە ، زۆر جار پاشگری (e) لە جیاتی ( i ) بابلی بەکاردەهێنرێت و پاشگری (tt) وەکو (ittu) لە جیاتی (itu ) و (ūttu) لە جیاتی (utu) ی بابلی وەکو (هەتاهەتایە) (ana dāratti) لەجیاتی (anadarati) بابلی و (annuti) ( تلك) لە جیاتی (annuti) و (tamkarutta-šunu) ( کاری بازرگانیان) لە جیاتی ( tamkarssun) ی بابلی .

هەروەها زۆرجار شێوازی فەرمانی ئاشووری بەدی دەکرێت بە کەسی سێهەمی مێ دەست پێدەکات لە جیاتی کەسی سێهەمی نێر لە زمانی بابلیدا . لەم حاڵەتەدا کاریگەری ئاشووری بە سەرەوە دەردەکەوێت وەکو(tittadin)بە مانای (پێدان) لەجیاتی (tattadin)ی ئاشووری و(ittadin) ی بابلی بەکار دێت . هەروەها حاڵەتی زۆری پاشگری ئاشووری بەکار دێت وەکو حاڵەتی مەرج (الشرط) (ni ) لە ( ša–iddinnu-ni ) (ئەوەی دای) سەبارەت بە حاڵەتی فەرمان زۆرجار( lā lū) لە جیاتی (ohny-la )ی بەکار دێت وەکو لە حاڵەتی ئێستاو داهاتوودا ( lūlā tezeme) (توورە مەبە) لە جیاتی( lāte zenni)ی بابلی ، لە شێوازە بەربڵاوەکانی تری ئاشووری ( ḫabbulāta )(تۆ قەرزاری) لە جیاتی ( ḫubbulāta) ی بابلی و( eppaš )(ئەو ئەیکا) لە جیاتی (ippuš )و (tetapasi) (تۆ کردت) لە جیاتی ( tetapus )ی بابلی و چەندین شێوازی تر وەکو ( ušebbal ) (ئەو ناردی) لە جیاتی ( uššbbil )ی بابلی، (ušezzabnni) بە مانای (رزگارم کرد) لە جیاتی( ušezzebnni )ی بابلی و (ū"ēlli) (زاڵ ئەبێ بەسەر) لە جیاتی ( taṣamme)ی بابلی.( tešemme) (تۆ گوێت لێیە )

لە جیاتی (tešemme) ی ئاشووری و ( tadin )ی ئاشووری لە جیاتی( nadin )ی بابلی.

پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر سەبارەت بە وشەی ئاشووری بکرێت ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە فەرهەنگی ئەکەدی ئۆگاریتییەوە هەیە.

زۆرجار پاشگری ئاشووری(ma)لەگەڵ پاشگری(umma)ی بابلی بەکار دێت . هەر لەو وشانەی بەکار دێت (namāšu ) (ئەڕوات) ، (sarpu )یان (sorpu )(زیو).

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین بۆچی ئۆگاریت و شارەکانی تر وشەی ئاشووریان بەکار دەهێنا ؟ دووری نێوان وڵاتی ئاشوورو سوریاو سستی فراوانخوازی ئاشووری لە ١٣٥٠ پ . ز لەو ناوچەیەدا و کاریگەری شارستانێتی ئاشووری لە سەرەتای ئیمپراتۆریەتی میتانیدا رۆڵێکی ئەو تۆی نەبووە . هەروەها زانیاریمان لەسەر شارستانێتی مێژووی دوای روخاندنی ئیمپراتۆریەتی حاموراپی و شانشینی حیسیەکان کەمە ، بۆیە دەبێ خۆمان لە بۆچوونە سەرەتاییەکان دوور بگرین . بەڵام ئێمە پێمان وایە کە ئیمپراتۆریەتی میتانی لە پاڵ زمانی بابلی زمانی ئاشوریشی بەکار دەهێناو چەندین هۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەمانە . ئەگەر زمانی خوری زمانی رەسمی ئیمبراتۆریەتی میتانی بوایە ئەوا چەندین بەڵگەنامەو نامەی خوریمان دەدۆزییەوە.

ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمدایە رێگامان نادات هیچ بۆچونێکی تر بە پەسەند بزانین جگە لەوەی کە زمانی ئەکەدی زمانی ئیداری ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە . یەکێ لەو هۆکارانەی ئەم راستیە دەردەخات ئەوەیە کە زمانێکی خوری ئەدەبی نەبووە و ئەو دەقە خورییانەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە بە دیالیکتی جیا جیا نووسراوە . بە پێی تێبینییەکانی (لاڕۆش) لەسەر دەقە خورییەکانی ئیمار لە سوریا کە لەم ماوەیەدا دۆزراونەتەوەو هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە .

زانیاری و سەرچاوەمان لەسەر زمانی خوری کە لە (واشوکانی ) پایتەختی ئیمپراتۆریەت بەکار دەهات کەمە. چونکە تەنیا یەك نامە لە ئەرشیفی عەمارنە هەیە ئەویش راوبۆچوونی زۆری لە سەرە . هەروەها چەند وشەیەکی تریش لە نامەکانی (توشراتا) دا هەیە . نازانین ئایا نووسەرە خورییەکانی سوریا لە شێوەزاری خوری وڵاتی نێوان دوو رووبار دەگەیشتن یان نا؟ ژمارەی ئەو کەسانە چەند بوون کە زمانی خوریان دەخوێندەوەو لێی تێدەگەیشتن ؟ بەهەرحاڵ زمانی ئیداری ئیمپراتۆریەتی میتا نی لە نوزییەوە تاکو دەریای ناوەراست زمانی ئەکەدی بووەو زمانی بابلی لە زۆر شوێن بەکار نەدەهات سەرەرای ئەوەی لە هەزارەی سێهەمی پێش زاینیەوە لە وڵاتی نێوان دوو رووبار بەکار دەهێنراو بە زمانی ئەدەبی دادەنرا .لەچاو زمانی ئاشووریدا .

بۆیە (توشراتا) ی پاشای میتانی لە سەدەی چوارەمی پێش زایین دا نامەی بە زمانی بابلی بۆ فیرعەونی میسر دەنووسی و پاشاکانی

ئاشوور کە ناویان بە (ئاشوور ئوبالیت) دەست پێ دەکات زمانی بابلیان پێ باشتر بوو بۆ نووسینی دەقە ئەدەبییەکان وەکو داستانی (توکولتی ننورتا) سەرەڕای ئەوەی نووسینەکانی تر بە زمانی ئاشووری دەنووسرا ، بەڵام نازانرێ پاشاکانی تری پێش (توشراتا) زمانی بابلیان بەو شێوەیە بەکار دەهێنا یا نا؟

بۆ زانینی رۆڵی زمانی ئاشووری لە باکووری سوریا وای بۆ دەچین هەر لە زۆر کۆنەوە ململانێی سیاسی نێوان وڵاتانی دراوسێی خۆرهەڵاتی ناوەراست ئەنجامەکەی هەرشەر نەبووە زۆر جار توانای جەنگی ئابووری بەهێزتر بووە لە جەنگی سەربازی هەرچەندە زۆربەی پاشاکان گرنگیان بە پێشبرکێی شارستانی و (فکر) هزر ئەدا تاوەکو توانای دەسەڵات و ناوبانگی خۆیان دەربخەن.

پاشا کاشییەکان سوودێکی زۆریان لە کەلتووری شارستانیەتی وڵاتی بابل وەرگرتووە. ململانێی شارستانیەتی رۆڵێکی گرنگی لە بواری سیاسەتدا بینیوە ، لە دەقەکانی عەمارنەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی سیاسی بابل بە هێزو توانا بووە سەرەڕای لاوازی سەربازییان ، بۆیە میسر هەردوو وڵاتی بابل و میتانی لە یەك پارسەنگی هێزدا دادەنا ، هەرچەندە بۆ ئیمپراتۆریەتی میتانی کارێکی گران بوو بتوانێ دەسەڵاتی لە ناوچەکە بسەپێنێ لەبەر ئەوەی باکووری وڵاتی نێوان دوو رووبار لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینـدا گرنگیەکی ئەو تۆی نەبووە . دەسەڵاتی ناوەندی لەچاو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکووری سوریاو ماری‌دا کەمتر بوو ، ئەمەش لە نامەکانی (کە بە دۆکیا) و (ماری) دەردەکەوێت.

لە دوای ١٥٠٠ پ.ز میتانیەکان لە توانایاندا بوو دەست بگرن بەسەر وڵاتی نێوان دوو رووبار و وڵاتانی دراوسێدا لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆریەتی حیسی وەکو وڵاتی بابل و ئاشوور بێ هێز بوو هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەکمان لەسەر ئەم سەردەمە تاریکە لەبەردەستدا نییە ، وەکو زانراویشە بنەمای پێکهێنانی ئیمپراتۆریەت تەنیا بە سوپایەکی بەهێزو بازرگانی کردن و گواستنەوە بنیات نانرێ ئەگەر ئیدارەیەکی پتەوو بەهێزی لەگەڵدا نەبێ.

بێگومان لە باشوورو خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی میتانیدا زمانی بابلی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردە هێنراو هەر هەمان زمانیش لەسەردەمی کاشییەکاندا بەکار دەهات. چونکە کاشییەکان هیچ هەوڵێکیان نەدا بۆ سەپاندنی زمانی خۆیان بەسەر خەڵکیدا.

بەڵام شێوازێکی نوێ لە نووسین هاتە کایەوە ئەویش زمانی ئاشووری بوو هەرچەندە ناکرێت زمانی ئاشووری و بابلی لە یەك ئاستدا دابنرێت چونکە زمانی ئاشووری نەگەیشتبووە ئەو پلەیەی ببێتە زمانی ئەدەب وەکو زمانی بابلی ، بەڵام چەند وشەیەکی ئاشوری نوێ هاتە ناو زمانی

ئیمپراتۆریەتی میتانیەوە لە بواری دادو ئیدارەو بازرگانیەوە کە پڕ بە پێستی خۆی نەبوون بەڵام ماناى خۆی دەدابە دەستەوە.

لە دوای فراوانبوونی دەسەڵاتی (شەمشی ئەدەد) و (حامورابی) بازرگانی کردنیان لەگەڵ ناوچە داگیرکراوەکاندا زمانی ئاشوری هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا هات ئەوەش لە نووسینی پاشاو میرەکانی ئاشوور لە دوای ١٥٠٠ پ . ز دەردەکەوێت . لە سەرەتای دروست بوونی ئیمپراتۆریەتی میتانیدا ، میتانیەکان زمانی ئاشوری ناوەراستیان بەکار دەهێنا ، هەرچەندە زمانێکی هێندە بەهێز نەبوو لەبەر ئەوەی شارە ئاشورییەکان پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئاشووری بەرەو سستی دەرۆیشت . بەڵام لە وڵاتی بابل زمانی بابلی هەندێ گۆڕانکاریی بە خۆوە بینی ، ئەتوانین ئەوەش بەوە لێک بدەینەوە کە میرو پاشاکانی ئاشوور هانی بابلیان دەدا کە داوای سەربەخۆیی بکەن و لە دژی ئیمپراتۆریەتی میتانی بجەنگن . پێدەچێت لەم هاندانەدا هەندێ سەرکەوتنیان بە دەست هێنابێ.

سەرەتا ئەوەمان دەست نیشان کرد کە زاراوەی ئاشووری لە نامەکانی باکووری سوریا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میتانی لەمەوە ئەتوانین پێشنیاری ئەوە بکەین کە پاشا میتانیەکانی پێش (توشراتا) زمانی ئاشووریان وەك زمانی ئیداری لە ئیمپراتۆریەتەکە بەکار دەهێنا . بەمەش مەبەستیان بوو ناوەندیکی شارستانی لە (واشۆکانی) پایتەخت دابمەزرێنن و ململانێی لەگەڵ بابل و ئەنادۆڵ و سوریا و میسر بێ بکەن . میتانیەکان بیریان لە دامەزراندنی ناوەندێکی شارستانی کردەوە بۆ ئیمپراتۆریەتەکەیان و لەوەی تەنیا پایتەختێکی ئیداریان هەبێ . ئەو گەل و هۆزانەی لە وڵاتی نێوان دوو رووباردا دەژیان شارستانیەت و زمانی بابلیان فەرامۆش نەدەکرد ، لەبەر ئەوەی زمانی بابلی زمانێکی نێو دەوڵەتی ودبلوماسی بوو بەڵگەشمان ئەرشیفی (عەمارنە) و (خاتوشاو) و ( ئۆگاریت)؟ سەرەرای کاریگەری زمانی خوری و کەنعانی و حیسی لەسەر زمانی بابلی ، بەڵام توانی ببێتە نووسینی رەسمی نوسەرەکان . هەرچەندە نووسەرەکان زاراوەو هێمای بابلی و ئاشورییان تێکەڵ ئەکرد.

لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستی ، بەکاری کنەو پشکنینی زیاترە بە تایبەتی لە شاری ئاشووری پایتەختی ئاشوورییەکاندا . هەرچەندە پێدەچێت پاشماوەی سەردەمی ئاشووری ناوەراست بە زەحمەت دەستگیر بێت چونکە پاشا ئاشوورییەکان لە کاتی دروستکردنی پەرستگاو کۆشك و بیناکانیان سوودیان لە کەرەسەی بینای پێش خۆیان وەردەگرت بێگومان ئەمەش بۆ کاری کنەو پشکنین کارێکی گرانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی پاشماوەیان یارمەتیمان ئەدات بۆ زانینی بارودۆخی ئاشوور لەژێر فەرمانرەوایەتی میتانیەکانداپێش (ئاشورئۆبالیتی یەکەم) ی پاشای ئاشوورییەکان.

---

گۆڤاری سۆمەر سالی ١٩٨٦
لاپەرە ( ٤١ – ٤٣ )

# مادەکان و ڕوو بە ڕوو بوونەوەیان لەگەڵ ئاشوورو عیلام دا

حەسەن عەبدولکەریم

شێوەی باسکردنی مادەکان وەك لە نووسینی شاکانی ئاشوورەوە دەرئەکەوێ هەر لە شەلمانەسری سێهەمەوە تا ئاشور بانیبال ، ئەوە ئاشکرادەکەن کەهەر لەسەرەتاوە ئەم خێڵ وتیرانەی ماد مایەی نیگەرانی و دەردی سەری بوون بۆ ئاشوورییەکان . لەنەخش و نوسینی سەربەردو خشتەگڵینەکانی ئاشووردا ئەم مادانە بەچەند جۆرێکی وەك :"مادە دووردەستەکان ، مادە گەورەکانی خۆرهەلات ، ئەو مادانەی کە خاکەکەیان کەوتۆتە شوێنێکی دوورەوە ، ئەو مادە دووردەستانەی کەلەدەوروبەری شاخی بیکنی(-دەماوەند)ن ،ئەومادانەی کەلەنزیکی بیابانی خوێوەن" باسیان کراوە ، لەم باس کردنەوە ئەتوانین ئەوە تێبگەین کەشوێنی نیشتەجێ بوونی ئەم خێلانەی ماد لەوسەردەمەدا هەرلەسنووری ئاشوورەوە لەناوچەکانی زاگرۆس تا دەوروبەری دەماوەندو بیابانی خوێ لەئێرانی ئەمرۆدا درێژ بووەتەوە . بەهۆی ئەوەشەوە کەیەکەم جار لەنووسینەکانی سەردەمی شەلمەنسەری سێهەمدا (٨٢٤ تا٨٥٩) ی پێش عیسا باسێکی خێڵی مادەکان کراوەو تا تیگلات پلا سەری یەکەم کەلەدەوروبەری ساڵەکانی (١١٠٠)ی پێش عیسادا لەشکرکێشی کردووە بۆ ئەم ناوچانەو لە نوسینەکانی ئەم ماوەیەدا هیچ ئاماژەیەکی تیا نەکراوە بۆ مادەکان، بۆمان دەرئەکەوێ کە هاتنی ئەم مادانە بۆ ئەم ناوچەیە ئەو پەڕەکەی ئەبێ لە سەرەتای هەزارەی یەکەمدا روویدابێ . دوور نیە کە ناوهێنانی پارسەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٨٤٤) و باسکردنی یەکەمجاری خێڵە مادەکان لە ساڵی ٨٣٦ دا لە نوسینی ئاشوورییەکاندا هاتووە، بەڵگەو نیشانەی ئەوەبێ کە پارسەکان پێش مادەکان کۆچ یا هێرشیان کردبێ بۆ ناوچەی باکووری زاگروس و سنووری نێوان دەریاچەی ورمێ و ناوچەی نیشتەجێ بوونی عیلامییەکان .لە بەراوردکردنی ناوەڕۆکی نووسینەکانی شیلمەنسەری سێهەم وسەرگۆنی دووەم دا لەگەڵ نوسینەکانی سەردەمی سەنحاریب و ئاشووری بانیبال بۆمان دەرئەکەوێ کە خێڵە پارسەکان لە مەودای نێوان ناوەڕاستی سەدەی

نۆهەم تا سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش عیسا لە ناوچەی باکووری خۆرئاوای زاگروسەوە ڕوویان کردبێتە سنووری دەشتی مایدەشت و شاخەکانی بەختیاری و پاشتر وردە وردە گەیشتبنە سنووری شوشتەر .

لەگەڵ ئەو هەموو دژواری و کۆسپانەی کە ڕوو بەڕووی ئەم خێڵە کوچکردووانە بووەتەوەو ئەو بەرەنگاربوونەوانەیان لەگەڵ دانیشتوانی پێشووی ئەم ناوچەیەداو ، گرفتاری ئاشوورییەکان بەدەس گێرەو کێشە جۆراو جۆرەکانی خۆیانەوەو ، ناکۆکی عیلامییەکان لەناوخۆیاندا ، بێگومان یەکێك بووە لەو هۆیانەی کە یارمەتی خێڵە پارسەکانی داوە لە پێشرەوی کردنیاندا بەرەو ناوچەی باشوور .

ئاشکرایە کە خێڵەکانی مادو پارس لە هەموو ماوەی کوچکردنیاندا بە تایبەتی کە گەیشتوونەتە بیابانی ئێران پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەبوە ، سەربەخۆیی ناوخۆیان و بوونی چەند سەرکردەیەکی بەرهەڵستکار لە نێوانیاندا نەبوەتە کۆسپ لە ڕێگای گەشەکردن و پایەداری ئەو پەیوەندییە . ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لەو سەردەمەدا جگە لە یەکیتیی زمان کە تەنیا جیاوازییەکی کەم لە شێوە زارلەیەکی جیا کردوونەتەوە ، یەکیتیی ئاینیشی گرتووەتەوە . ئەوەتایەك تیرە لە مادەکان - موغەکان - لای هەردوو نەتەوەکە بە درێژایی مێژووی مادو پارس هەستاون بە جێبەجێکردنی ڕێو ڕەسمی کاروباری ئاینیی هەردوولا ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە جیاوازیەکی زۆر ئەو دوو نەتەوەیەی لە شوێنی پەیدابوون و سەرهەڵدانی سەرەکی جیا نەکردوتەوە .

خێڵەکانی ماد کە لە سەردەمی هیرودوت ، یا سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەو، بەشەش خێڵ دانراون ، بە زۆری خەریکی ئاژەڵداری ، بەخێوکردنی ئەسپ و ، کشتوکاڵ بوون ، ئەم مادانە لەسەرەتای کۆچکردنیان بۆ شوێنی تازەی نیشەجێ بوونیان شوانکارەیەکی دلیرو جەنگاوەر بوون و بەبێ ئەو جەنگاوەرییە نەئەو کۆچەریە درێژخایەنەیان بۆ ئەکرا و نە ئەو دەسەڵاتەشیان بۆ دابین ئەبوو لە نیوان دانیشتوانی پیش خۆیان لەناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری زاگروسدا [ ئەو وینانەی کە پەیکەرسازی ئاشوورییەکان کردوویانە بۆ ئەم مادانە کە بە ریشیکی لولو کەولیکی پیستە مەرو رمیکی دریژیان بە دەستەوەیە شیوەی جەنگاوەریکی ساکارو لە هەمان کاتدا بە سام دەخەنەپیش چاو . ئەمانە وا دیارە کە لەو چەند سەدەیەدا دوای هاتنیان بۆ شوینی تازەیان لە دراوسێی ئاشوورییەکاندا باج و سەرانەیان داوە بە شاکانی ئاشوورو جارجاریکیش وەك بەکرێ گیراویکی جەنگی لەگەڵ خیلە نیشتەجیبووەکانی پیش خۆیاندا ، یا لەگەڵ فەرمانرەوایەکانی ئاشوورو ئورارتۆدا هاوکارییان کردووە.]

[ ناوچە شاخاوییەکانی ولاتی ماد وەك قەڵاو قوڵلەی سروشتی وا بوون و لە کاتی پیویست و ناچاریدا وەك پەناگەیەك لە دەستدریژی دوژمنان پاراستوونی .

دەستدرێژی و هێرشەکانی ئاشوور کە هەموو کاتێک کوشت و بڕ و تاڵان و بڕۆی بە دواوە بوو نەیئەتوانی گیانی جەنگاوەری ئەم خێڵە نیوە کۆچەری و لە دەسەمۆکردن نەهاتووە لاواز بکا ، بە تایبەت ئەمانە لەگەڵ ئەوەدا کە لە چەند شاخ و شیویکی جیا جیادا بڵاو بوبوونەوەو لەگەڵ ئەو ژیانە سادەو ساکارەیاندا ئەو چەکەکەم و بێ کەلکەی هەیانبووە ، بە هۆی ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی نیوانیان ، وەك تیرەیەك وابوون و گوێ رایەڵی سەرکردەی گەورەی خۆیان بوون و تا دوا هەناسە لەگەڵ دوژمندا ئەجەنگان و ئەو جەنگانەش کاتێ بو ئازادی و رزگار بوون ، بوایی لە تەوق و نیڵەی ئاشوورییەکان لە دلیری و ئازایە تیدا دەنگی ئەدایەوە . ئەم خێڵانە کە لە سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکانی خۆراوای ئیران ، بەشێوو تەپۆلکەکاندا بڵاو بوبوونەوە ؛ هەر لە کەناری دەریاچەی ورمێوە تا سنووری شاری رەیو هەمەدان و ناوچەی بەختیارییان وردە وردە کردە جێگای ئەم سەروئەوسەرکردنی خۆیان هەر خێلێك لەمانە بە هۆی سەرکردەکەی خۆیەوە کە بە زۆری باجیان ئەدا بە ئاشوورییەکان ئەبران بەریوە . هەندێ جاریش چەند ناوچەیەکی جیا جیا کە شوین نیشتەجێبوونی چەند خێلیکی ماد بوون وەك ناوچەیەکی بچوك قەوارەیەکی پەیدا ئەکردو لە نێوان سەرکردەکانی ئەو چەند خێلەدا یەکیەتییەکیان ئەهینایە ئاراوە ، کە ژیانی نیوە کۆچەری دانیشتوانی ئەو ناوچەیەو چۆنیەتی پەیوەندی نیوان سەرکردەکان و ئەندامانی خێلەکە هەرکات جۆرە گۆ ڕانیکی بەخۆوە ئەبینی ، دیارە ئەم جۆرە ژیانە نیوە کۆچەرییە لەگەڵ ئەوەدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی خەریکی ئاژەلداری و شوانکارەیی بوون ، بەلام دووریش نەبوون لە کشتووکاڵ کردن، بەخیوکردنی ولاغی بەرزە بە تایبەتی ئەسپ بۆ ئەوان بوو بوە هۆی ناوبانگ بە شێوەیەك (ئاشوورییەکان لە بری باج و سەرانەی سالانە ئەسپیان لێ وەرئەگرتن ، چونکە بۆ کاروباری جەنگ و هەموو کاتیك پێویستیان پێی هەبوو) جگە لەمە پەروەردەکردنی گاوگوێرەکە کە هۆی سەرەکی ژیانیان بوو ، هەروەها پەروەردەکردنی سەگی پاسی ئاژەڵ نیشانەی پێشکەوتنیان بوولە بواری ئاژەلداریدا . هۆی هاتوچۆ کردنیشیان لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە زۆری جۆرە گالیسکەیەك بووە کە پیچکەکانی لەدار دروستکراوە کە گوزارشت لە ژیانی سادەو ناهەمواری ئەو مرۆڤانەی ئەو سەردەمە دەکا ، ژیانی کشتوکالیشیان کە شێوەیەکی تر بۆ لەو جۆرە ژیانە ، وردە وردە بەستنیەوە بە زەویەوەو پیکدا هەلبژان و روو بە روو بوونەوە لەگەڵ دانیشتوانی پیشتری ناوچەکەدا بۆ بە هۆی پەیدابوون و بەدەرکەوتنی تویژیکی جەنگاوەرو تویژەکانی تری ناو خێلەکانی ماد وەك هەر خێلیکی تر لە تویژە جەنگاوەرەکە جیا بوونەوە.

کۆی خێلەکانی ماد لە کۆندا بریتی بوون لە شەش خێلی گەورە ، هیرودوت میژونووسی

یۆنانی ناوی ئەو شەش خێڵەی بەم شێوەیەی خوارەوە هێناوە ، دیارە کە هەندێ گۆڕان هاتووە بەسەر ئەو ناوانەدا کە هیرودوت بۆی نەکراوە وەك خۆیان بیان نوسیتەوە.

یەکەم ، بوزائی (BOUSAi) ، بریتە کینوئی (=Paritakinoi) ، ئستروخاتس (Strawxates) ، ئەریز انتوئی (Ari zantoi) ، بودیوئی =Boudioui و ماگویی( Maogoi)) . دەربارەی شوێنی نیشتەجیبوونی پریتە کینویی دوورنییەکە لە دەوروبەری ئەسفەهان _ فریدن - ابووبن ، هەروەها ئەریزانتویی یەکان دوور نیە کە ئەوانیش لە دەوروبەری رەی (-راگا) و ناوچەی خۆرهەلاتی ماددا ژیابن ، بەلام دەربارەی خێلەکانی تر زانیارییەکی تەواو لەبەردەستدا نییەو بە مەزەنەش ناتوانرێ هیچ بوترێ ، هەرچەندە هەندیك لەو ناوانە لە ناوی هەندێ ناوچەدا مابنەوە . دیارە نابێ بە تەمای ئەوە بین کە لەناو ئەو هەموو گۆڕانەی مێژوویەکی سێ هەزار سالەدا نیشانەی تەواوی ئەو ناوانە لە خاك و زەوی ئیستای مادەکاندا سۆراخ بکەین.

هیرودوت لەگەڵ ناوی خێلەکانی ماددا ناوی مووغەکانی (-ماگویی) هێناوە بەلام هەندێ لە لیکۆلەرەوان گومانیان هەیە لەم بۆچوونەداو دیارە شێوەی باسکردنی موغەکان لە نووسینەکەی داریوش دا ، ئەویش هەر بەشیوەیەکە گۆیا ئەمانە لە رەگەزیکی جیاوازن لە رەگەزی مادو فارسەکان(؟) بەلام ئەم خالە ناکرێ بە بەلگەیەك دابنرێ لەسەر ئەوەی کە ئەمانە ناچنەوە سەر هیچ خێلیك لە خێلە ئێرانییەکان . ئەم جۆرە ناوبردنەیان تەنیا ئەوە ئەگەیەنێ کە موغەکان نە لەگەڵ خانەوادەی شاکانی پارس دا پەیوەندییان هەبووەو نە لەگەڵ خانەدانی پاشاکانی ماددا ، هەر لەم روەشەوە کاتیك کە (گئوماتە) ی زۆردار داوای پاشایەتی کردووە کە بدرێ بە مانە ، ئەم موغانە وەك خێلیکی بیگانە هاتوونەتە پیش چاو . دیارە ئەوەش کە ئەوان ماف ئەوەیان نەبێ داوای پاشایەتی بکەن ناکرێ بە بەلگەیەك دابنریت لەسەر ئەوەی کە ئەم تیرەی موغانە ناچنەوە سەر خێلی ماد یاهەرخێلیکی تری ئیرانی و ئەو رۆلە گەورەیەی کە ئەم موغانە گێراویانە لە جێبەجێکردنی ری و رەسمی ئاینیی لە نیوان مادو فارسەکاندا هیچ گومانیك ناهیلیتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە ئیرانین .بەهەرحاڵ لەناو خێلەکانی ماددا یا لە دەروبەریاندا هیندێ رگەزی تری لەوان کۆنتر یا ئاریایی بوون کە هەر چەند دەسەلات و سەربەخۆیی یەکیان نەبووە ، بەلام کەسایەتی خێلەکانی خۆیان هەر پاراستووە وەك خێلەکانی گیلانە ( =Gilae) ، تەپووری (=tapuri) کادوسی (Sadusi) ، ئەماردی (=Amardi) کە توانیویاتە لەگەڵ ئەوەدا کە دراوسیی مادەکان بوون کەسایەتی خۆیان بپاریزن .

تەنانەت خێلەکانی پارسەوا کە دراوسیی مادەکان بوون ، هەروەها بۆ پاراستنی کەسایەتی و یەکیەتی خۆیان بەردەوام کاریان کردووە ، ئەم خێلانە کە لە سنووری دەریاچەی ورمێ وە بلاوبوونەوە بۆ ناوچەکانی باشووری

خـۆرلوا ، ئـەمانیش وەك مادەكـان گـیرۆدەی دەستدرێژی بەردەوام و سەرەمڕی ئاشووری و عیلامییەكان بوون ، جگە لەوەش ئەم خێڵانە وەك خێڵـەكانی مـاد بەشـی زۆری خـەریكی شوانكارەیی بوون ، بەڵام لە شوێنی نیشتەجێ بوونیاندا دووبارە وەك مادەكان لەگەڵ خاك و زەوی ناهـەموارو ئـاوو هـەوای سـەخت و نالەباردا خەریكی كشتوكاڵ دەبوون ، ئەمانیش وەك مادەكان چـەند خێـڵ و تـیرەی جیاوازیـان هەبوو كە گەزەنفون ی مێژوونووسی یۆنانی بە دوانزە خێڵ دایناون ، و هیرودوتیش كە ناوی دەخێڵ لەوانی هێناوە ، وا دیارە چەندناوێكی باس كردووە كە ئاڵوگۆڕو تێكەڵ و پێكەڵێ و شێواندنی زۆری تێدایە وەك :

پاسـارگادائی Psargadai ، مـارافیوئی Maraphioi ، ماسـپییوئی Maspioi ، پـانتی ئـەلایوئی Panthialoi ، دروسـیایوئی Derousiaoi گرمانیوئی Germanioi كە ئەمانە هەمو خەریكی كشـتوكاڵ بـوون دائوییـی ، دروكیكوییـی ، سـاگارنیوییی ، كـە ئەمانـە بـە كۆچـەری و دەوارنشینی ماونەتەوە.

گومان لەوەدانیە كـە لـە سـەرەتای هـاتنی ئـەم خێڵانـەدا بـۆ ئـەم ناوچەیـە بـە هـۆی كۆچكردنیانەوە لەملا بۆ ئـەولا بـە بـەردەوامی وەك دەوارنشـین و كۆچـەری ژیانیـان بەسـەر بردووە، بەڵام ئەتوانین بلێین كـە هـەندیك لـەو خێڵانـە زووتـر لـەوانی‌تر رییـان كەوتووەتـە گوندنشـینی و كشـتوكاڵ كـردن . لەگـەڵ ئەوەشدا لـەو لیستەیەدا كە هـیردوت ئامـادەی كـردووە لەوانەیـە كـە رەگـەزی (سـكا) یـی یـا هەندی رەگەزی تر كە كۆنتر نیشتەجێ بووبن لـەو ناوچانـەداو لـە شـەرە ناوخۆیی‌یـەكاندا لەگـەڵ عیـلام یـا ئاشـوورییەكان یـا لەگـەڵ مادەكـاندا ، یارمـەتی پارسـەكانیان داوە ، هـەبووبن و نـاتوانرێ هـەموو ئـەو خیڵانـە بـە پارسی و ئیرانی دابنرین.

بە گویرەی باسكردن و گیرانەوەی هیردۆت ، خیلەكانی پاسارگاد ،مارافی ، ماسپیان لەنیو خیلەكاندا دەسترۆیشتووتر بوون لە هـەموان و، هەخامەنشـییەكانیش لـەنیو ئـەو خیلـەدا پـەیدابوون ، لەوانەیـە (هەخامـەنش) ی سەركردەی پارسەكان لە جەنگی (خولولە) دا لە دژی ئاشـوورییەكان شـەری كردبـێ كاتـێ كـە سـەنحاریب لـە سـالی(٦٩٢) ی پیـش عیسـادا لەلای چەپی رووباری سیروانەوە لە لایەن چەند سـەركردەی هاوپەیمانـەوە چاوی بـە سـەختی بریندار بوو ،وەك هاوكارییەك لەگـەڵ عیلامـی و بابلییەكاندا . هـەندێ لـەو خیلانەی كـە لەگـەڵ پارسەكاندا بەشداریان كردبوو لەو شەرەدا ، وا دیارە چەند خیلە وردەی كۆنەنیشتەجێ بـووی ئیران یاسـكایی بـوون و بـە هـۆی ئـەوەوە كـە هاوپـەیمان بـوون لەگـەڵ پارسـدا لەسـەرچاوە ئاشـوورییەكاندا ، وەك هـیرودوتیش دەلـی بـە پـارس دانرابـن ، وادیـارە پارسـەكان هاوشـان لەگـەڵ دەسـەلات و توانـایی خیلـە مادەكـاندا وردە وردە لـە باشـوور لـە سـنووری عیـلام و ناوچـەی پـارس دەسـەلاتیكیان بـۆ خۆیـان بەدەست هینابێ و بالادەستی خۆیان سەپاندبێ بەسـەر هـەندێ خیلـی كـۆن نیشـتەجێ بـووی دەوروبەریان .

بیرەوەری ژیانی کۆچەرایەتی و داب و نەریتەکانی ، بووە هۆی ئەوەی کە پارسەکان پابەندی سەربەخۆیی و سەربەستی و ئازادی خۆیان بن و لەم رووەوە دواتر کە دەولەتێکی خاوەن توان و دەسەلات لەنیو مادەکاندا پەیدا بوو ، لەبەربوونی ئەو پەیوەندییە دێرینەو ئەو خزمایەتییەی کە هەبوو لە نێوانیاندا ،ئەو سەربەخۆییەی پارسەکان وەك خۆی مایەوەو تا کۆتایی پاشایەتی ماد پارسەکان ، تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کە سەرکردەکانیان باج و سەرانەیان ئەدا بە پاشاکانی ماد ، لە دەرباری پاشاکانی مادا هەر وەك کاتی کۆچەرایەتی و ژیانە ساکارەکەیان سەیریان ئەکرا.

(هەخامەنش ) ی سەرکردەی بەناوبانگی پارسەکان هەر لەو کاتەوە کە دیائوکۆ (-دیوکس) دەسەلاتی گرتە دەست ، ئەمیش پێی نایە ناو گۆرەپانی رووداوەکانەوە ، بەلام باروذۆخی ئەو سەردەمە زیاتر هاندەرو یارمەتیدەری مادەکان بوو و بنەمالەی دیائوکۆ - بیت دیائوکۆ - بە سوود وەرگرتن لە لاوازی ئاشوورییەکان توانی خیلەکانی ماد زوتر یەك بخات و دەولەتی تازە بنیات نراوی ماد "مادە بە هێزەکان" بەرامبەر بە ئیمپراتۆرەکۆن و رزیوەکانی نیوان دوو رووبار (ئاشوورو بابل) درووست بکات .

لەگەل ئەوەشدا تا ئەوکاتەی هەگمەتانە (-ئەگباتان ، هەمەدان) ی دژو قەلای دێرینی خیلەکانی ئامادای (-ماد) لەبناری شاخی ئەلوەند ، لەسەدەی حەوتەمی پێش عیسادا ، بوو بە پایتەختێك خیلە مادەکان لەبەر پاکردنی دەولەتێکی پایەدەو بەردەوام کە شانی ئەدا لە شانی دەولەتە بەهێزەکانی نیوان دوورو بارەکەو ئاسیای بچووك و کەوتنە پێش خیلەکانی فارسەوە ،

ئەم دوو نەتەوەیە میژووییکی هاوبەشی پر لە ناخۆشی و ئاژاوەیان خستە پشت خۆیانەوەو ئەو پەیوەندییە کە تێکەل بوو لە هیرش بردنە سەر یەك و بە یەکەوە بە ئاشتی ژیان و وا دیارە کە لە دەوروبەری سەرەتای هەزاری پێش عیساوە ئەو ئارییایی یە کۆچەرییانەی گەیاندبووە سنووری دەریاچەی ورمی و بنارەکانی شاخی زاگرۆس ، ئەم دوو نەتەوەی لە هەموو شوێنیکدا بە تەنیشتی یەکەوە تێکەل بە خیل و نەتەوە ئارییەکانی وەك قەوقازی ، سامییەکانی ئەم ناوچەیە بووبوون ، هەروا هەردوو نەتەوە بە هۆی پەیوەندی دێرینی نیوانیان لە باری رەگەزو زمان و ئایینەوە بەیەکەوە بەستراببوون و بە هۆی ئەو ئەسپە چالاك و گالیسکە جەنگییانەوە کە هەیانبوو توانیکی سەربازی بەرچاویان هەبوو لە کاتی بەرەنگاربوونەوە لەگەل نەتەوە کۆنەنیشتەجێبوو دراوسێکانیاندا ، جگە لەوەی کە یەك خیلی مووغ (- مگو) بۆ هەردوو نەتەوەکە داب و نەریت و رێو رەسمی ئاینییان ئەنجام ئەداو سرووده ئاینییەکانیشیان هەر هەمان سرووده کۆنەکان بوون کە پیش کۆچکردنیان لەناو هەموو خیلەکاندا وتراون . ئەم سروودانە دیارە بە زمانیکی تا رادەیەك کۆن بووە ، بەلام خیلە مادو فارسەکان لە سەرەتادا زمانیان

لەگەڵ زمانی ئەم سروودانەدا جیاوازییەکی وەهای نەبوو ، مێژوونووسی یونانی ئیسترابۆن باسی ئەوە ئەکا کە ئەمانە بە زمانێك قسەیان ئەکرد کە خەڵکی خۆراواو هێراتییە خۆرهەڵاتییەکان قسەیان پێ ئەکرد ، بەڵام بەهۆی بردنەسەری ژیانێکی دوورو درێژ لەگەڵ نەتەوە کۆنەکانی نیشتەجێی دەروبەری زاگروس و گفتوگۆی رۆژانەیان وردە وردە دوورکەوتنەوە لە زمانی سروودە ئاینییەکان لەگەڵ ئەوەشدا زمانی ئەو دوو نەتەوەیە جگە لە لایەنی شێوە زاراوە نەبێ جیاوازی‌یەکی وایان نەبوو و ئەوەش کە پاشتر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی پارسەکاندا نەخش و نوسینی هەخامەنشییەکان لەسەر خاك و زەوی مادەکان - بۆ نموونە بیستون لە نزیکی کرماشان - بەزمانی پارسی نووسراون نیشانەی ئەوەبوو کە زمانی خەلکی ناوچەکانی ئامادای لە گەڵ زمانی خێلە پارسەکاندا جیاوازی نەبوە ، ئەگەر جیاوازی هەبوایە ، ئەوا بەشێك لەم نوسینانە کە پێویست بوو بە زمانی نەتەوەکانی ئەو دەوروبەرە وەك بابلی و عیلامی بە زمانی مادەکانیش بنوسرایەتەوە.

بەهەرحاڵ سەرکردەکانی ماد زووتر لە خێلەکانی پارس توانییان دەولەتێکی بەهێز بێننە ئاراوەو لە خۆرهەڵاتی نزیکدا ببنە جێگرو خاوەن میراتی دەسەڵاتی ئاشورو نورارتوو لودیە ( لیدی) یەکان .

سەرەتای دەولەتی ماد کە پێش کورۆش ی گەورە بە ماوەیەك گەیشتە ئەو پەری دەسەڵات کەوتووەتە گێژاوی چەند ئەفسانەیە کەوەو وا دیارە تا کاتێك کە بەلگەوسەرچاوەی روون وریك و پەیوەندیدار بەوسەردەمانەو بە تایبەت لە خودی مادەکانەوە نەکەونە بەردەست ناتوانرێ بە تەمای ئەوەبێن پەردە لەسەر ئەو رووداوانەو ئەوسەردەمە لابدەین ، لە راستیدا سەرچاوەی نزیك بەو سەردەمە جگە لە نووسینی ئاشوورییەکان هیچی تر لەبەردەستا نییەو تەنانەت یەك بەلگەش لە خودی مادەکانەوە تا ئیستا بەردەست نەکەوتووە ، دیارە کە تەنیا بە پشت بەستن بە چەند ئامارەیەکی پەرت و بلاوی ناو تابلیت و نووسینی ئاشوورییەکان ، ناتوانری مێژوویەکی ریك و پیك لەسەر فەرمانرەوایی ماد ئامادە بکرێت ، لەگەڵ ئەوشدا لە کۆی هەمووئەو بەلگانەی کە لەبەر دەستدان ئەتوانین ئەوەندە هەلکرینین کە تا چەند ماوەیەك دوای سەردەمی دیائوکۆ و خێلەکانی ماد هەر بە هۆی سەرکردەکانی خۆیانەوە ئەبران بەرێوەو یەك دەولەت کە هەموو گوێرایەلی بن لە ئارادا نەبوو ، بەو شێوەیەی کە لە بەلگەنامەکان سوود وەرئەگیرێن پاش کۆتایی هێنان بە کارەساتی (سکا) کان و داگیرکردنی شاری نەینەوا سەرکردەکانی ماد توانیان بە هۆی یەکیەتی پارسەکان لەگەلیاندا ، یا ناچار کردنی سەرۆکی خێلەکانیان دەولەتێکی سەربەخۆ دابمەزرینن . لە باسکردنی مێژوو نووسەکانی یونانندا ، ئەوەی کە لە (کەتزیاس) ە وە ئەگێردرێتەوە لەوانە بە تەنیا لەو خالەدا کە ئەمان و تیاچوونی دەولەتی ئاشوورییەکانی داناوە بە سەرەتایەك بۆ دروستکردن و

بنیادنانی دەولەتی مادەکان راستی کردبی ، ئیتر بیگومان لەوەدا کە ژمارەی پاشاکانی مادی بە نۆکەس دا ناوەو هەروەها ماوەی فەرمانرەواییەکانیانی گەیاندووەتە سێ سەد ساڵ بە تەواوی نەپێیکاوەو جێی بروا نیە .

باسکردنەکەی هیرودوتیش لەوەدا کە ( دیوکس) ی داناوە بە بنیاتنەری پاشایەتی مادەکان کە لە گەڵ نووسینی ئاشوورییەکاندا دەربارەی (دیائوکو) شتێکی راستەوخۆی باوەرە ، بەڵام ئەوەی کە باسی کردووە دەربارەی پاشایەتی سەربەخۆی دیوکس و دروستکردن و گەورە کردنی پایتەختەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەرچاوە ئاشوورییەکاندا هاتووە کە تا چەند سالیك دوای ئەو لە خاکی ماددا باس لە بوونی چەند سەرکردەیەکی جیاواز دەکەن ناگونجێ ، بە گوێرەی گێرانەوەوباسکردنەکانی ئەو دەربارەی فرا ارتس)(- فرەوەرتیش) و هەلویست و هەلپەکردنی ئەوو کورەکەی هوخشترە (-کواکسار) بۆ دەسەلات و خۆشگوزەرانی و رابواردن و ، هیرشی (سکا) کان و (گیمری)یەکان بۆ ناوچەی زاگروس و سەرکەوتنی (سکا) کان و گرتنە دەستیدەسەلات بۆ ماوەی بیست و هەشت ساڵ و جرت و فرتیان لەسەر خاکی مادەکاندا بووە هۆی سەرەکی دواکەوتن لە یەکگرتنەوەی سەر لە نویی خیلە مادەکان و سەرهەلدان و پەیدابوونی سەردەمیکی دوورو درێژی دواکەوتووی و بێ سەروبەری لەو ناوچانەدا ، ئەم بۆچوونە تا رادەیەك لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا کە لە بەلگەنامە ئاشوورییەکاندا هاتووە چون یەکن ، لەگەڵ ئەوەشدا بنەمالەی شاکانی ماد کە دوای سەرکەوتنی تەواوی بەسەر (سکا) کانداو خۆرزگارکردن ولابردنی باری گرانی ئەوانە لەسەرشانیان دەسەلاتی تەواویان کەوتە دەست و ئەمەش دراوەتە پاڵ دیوکس (- دیائوکو) وادیارە نەوەکانی پاش ئەو کە دواتر میژووی مادیان گێراوەتەوە ، سەرەتای پاشایەتی دیائوکوییەکان (- بیت دیائوکو) لە خودی ئەودا بەرجەستەکردووەو سەردەمی کەشتەریتی (- فرائیرتس ، فرەورتیش) یان هەم بە بەشیك لە سەردەمە رابوردووەکانی پاشایەتی ماد داناوە.

بەم شێوەیە ئەوەی هیرودوت لە بارەی دیوکس و فرائیرتس ە وە باسی ئەکا میژووی بنەمالەی دیائوکوییەکانە کە لە بەشیکی خاکی ماددا فەرمانرەواییان کردوەو تا ماوەیەکیش هیشتا لە ریزی سەرکردەکانی تری ماددا باج و سەرانەیان داوە بە ئاشوورییەکان

بە گوێرەی ئەم گێرانەوەیە کە "باوکی میژوو" باسی ئەکا ، دیوکس لای هەندیك لە خیلەکانی ماد لە ناوچەیەکی تەواودا وەك دادوەریك بووەتە جیگای رووتیکردنی خەلك لە کاروبارو راویژکردنیاندا . بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەریکبوونی بەم ئەرکەوە ریگای لە ئەنجامدانی کاری بژیوی رۆژانەی خۆی گرتبوو بۆ ماوەیەك وازی لەو کارە هیناو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ناوچەکەدا ئاژاوەو دزی و بەرەلایی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات ؛ لە بەرە ئەوە خەلك ناچاربوون جاریکی تر داوای

لێبکەن بگەڕێتەوە سەر کارەکەی لەم بارەیەوە لەگەڵ هەندێ خۆ ئامادەکردندا کە خۆی لە ژێرەوە خەریکی بوو بە پاشا هەڵیان بژارد .

بەم شێوەیە پیشەی داوەری و ناوبژیوانی بوو بە پەیژەیەك کە دواتر نەوەو جێنشینەکانی دیوکس ی لەناو نەتەوەی مادو پارس دا گەیاندە پلەی خواکان - خوا نەمرەکان - .

دیارە ئەم گێڕانەوەو باسکردنەی هیرودوت بابەتە وردەکانی زیادە ڕەوی تیدایە بەڵام بە گشتی باس لە گۆڕانی حالی کویخای ناوچەیەك دەکات بۆ فەرمانرەوایەکی ناوچەکەو هەروەها دیارە ئەگەر بە پێکەوەنان و دروستکردنی دەزگایەکی پاشایەتی سەربەخۆ هەرچەند بچووك و سنووردار بوایە ، بەو شێوەیە کە هیرودوت ئەیگێڕێتەوە لەگەڵ دروستکردنی چەند کۆشك و قەلایەکی وەك ئەوانەی لە ئاشوورو بابل دا لە ئاوابووە ، ڕاست بوایە ئاشوور ئەوەی پێ قووت نەئەدرا ، لەم بارەیەوە ، وا دیتە پێش چاو هەموو ئەو قسانەی هیرودوت گێڕاونیەتەوە دەربارەی شوورەو دیواری ئەکباتان و کۆشکە حەوت چینەکەی ، یا زیادەڕەوی حکایەت خوانە یۆنانیەکان خۆیانە ، یا وێنەکێشانێکی ئارایشتکراوی سەردەمەکانی پاش دیائوکویە ، ئەرکی داوەری یا کویخایەتی ناوچەیەك ، کە بە گوێرەی قسەکردنەکانی هیرودوت بووە بناغەی پاشایەتی یەکی تەواو بۆ دیوکس ، وا دیارە کە سەرکردەکانی تریش کەم و زۆر بەم شێوەیە لە کویخایەتی یەوە گۆڕدراوە بۆ دەولەت و فەرمانرەوایەتی یەکی ناوچەیی و لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە حکومەت و فەرمانرەوایەتی یانە هەر مل کەچی ئاشوورییەکان بوون و باج و سەرانەی خۆیان هەر داوە پێیان و نەبوونەتە هۆیەك بۆ نیگەرانی و هەرەشە لە ئاشوورییەکان و بۆ سەر ئارامی و هێمنی ناوچەکە ، لە لایەن شاکانی ئاشوورەوە پشتگیرییان لێکراوە و ئەوسەربەخۆیی یە ناوخۆییە بەلای ئاشوورەوە زۆرتر لەو ڕووەوە بووە کە ئەو سەرکردە ناوچەییانە یاسای تایبەتی خێلەکانی خۆیان کە وەك میراتیکی ئاریایی سەردەمی کۆن بۆیان ماوویەوە لەناو خۆیاندا جێبەجێ ئەکردو لەبەر ئەوەی ئەم یاساو نەریتە هیچ زیانێکی نەبوو بۆ دەسەلاتی ئاشوورییەکان ئەوانیش چاوپۆشی یان ئەکرد لییان .

بەهەر حاڵ ئەو باسکردن و گێرانەوەی هیرودوت کەوا دیارە لەو زانیاریانەی ناو سەرچاوە مادەکانەوە ، وەرگیراوە ، ماوەی فەرمانرەوایی دیوکس یان ، بە ٥٣ ساڵ داناوە لەم حالەتەدا ئەگەر ئەو (کشتریتە) ی مادییە کە سەرچاوە ئاشوورییەکان لە دەوروبەری ساڵی ٦٧٤ پێش عیسا ئەوەیان خستوتە ڕوو کە (ئەسەر حەدون) نیگەران بووە لە هەلسوکەوتەکانی . وەك هەندێك لە لێکۆلەرەوەکان بۆی چوون ، هەر ئەو (فرا ئەرتس) ەی جێنشینی دیوکس بێت ، نەك یەکێکی تر ، ئەوا ئەتوانین ئەوە بینینە پێش چاو کە لە نزیکی ساڵی ٦٧٤ ی پێش عیسادا فەرمانرەوایی دیوکسی کۆتایی هاتووە . لەم حالەتەدا سەرەتای سەردەمی فەرمانرەوایی

پەنجاو سێ ساڵەی ئەو - کە لە ڕاستیدا جگە لە فەرمانڕەواییەکی ناوخۆی سەرکردەکان نەبێ شتێکی تر نییە دەبێ لە دەوروبەری ٧٢٨ ی پێش عیساوە دابنرێت و لەگەڵ ئەم بارودۆخە سەیرەدا نابێ ئەو لە ساڵی ٧١٥ ی پێش عیسادا دەسەڵات و توانیکی وای هەبووبێ کە بتوانێ لەگەڵ ئورارتودا دژی ئاشوور هاوکاری بکات و ماوەیەک شاکانی ئاشوور دووری بخەنەوە بۆ سوریا . دیارە لە باسکردنەکانی هیرودوت دا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەم سەردەم و کاتەی دوورخستنەوەی دیوکس ، بەڵام ئەم خاڵە ئەوە ئەخاتەروو کە دەبێ سەرچاوەی باسەکانی هیرودوت هەر باسکردنی تێکەڵ بە زیادەڕەوی مادەکان خۆیان بێت ، چونکە مادەکان هەولیان داوە تا ڕووداوی دوورخستنەوەی بنیاتنەری بنەماڵەی دیائوکوییەکان پەردە پۆش بکەن و ئەبێ هەر بە هۆی ئەمەشەوە بێت داستانی کەنارەگیری کاتی دیوکس یش کە ئەنجامەکەی بلاو بوونەوەی ئاژاوەو بێ سەروبەری یەک بۆ ماوەیەکی کورت ، دروستکراو بێ بۆ شاردنەوەی داستانی دوورخستنەوەکەی ، دیارە ئەم بۆچوونە تەنیا بە مەزەنەیەو لە شوێنێکدا کە بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو نەبێت بە دەستەوە ناتوانرێ هەر مەزەنەو بۆچونێک کە بەڵگەی تر پشتگیری لێ بکەن ڕەت بکرێتەوە.

هیرودوت فرا ئەرتس بە کوڕوجێ نشینی دیوکس دائەنێ ، بەڵام ئەمە ناچێ بە عەقڵەوە کە یەکەم پاشای ماد - دیوکس کە خۆی لە لایەن خەلکەوە هەلبژێردرابێ - توانیبێتی بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ جۆرە بەرەنگارییەک ببێتەوە ، فەرمانڕەوایی وەک میراتێک بگوێزێتەوە بۆ کوڕەکەی . دیارە ئەو ناوبردنەی کەشترینی ( - کەشتەریتو) کە لە نووسینی ئاشوورییەکاندا هاتووە کە دیارە کوڕی دیائوکۆیە بەڵگەیەکی تەواو نیە ، چونکە لەو سەرچاوانەدا ئەو وەک فەرمانڕەوای کاسییەکان ناوبراوە دوورنییە ئەو وەک لە قسەکانی هیرودوتەوە دەر ئەکەوێ ، هەر لە بنەماڵەی دیائوکوبێت.

بەهەرحاڵ هەلبژاردنی دیائوکۆ وەک ( کەسێک کە ناکۆکی ناو خەڵک نەهێلێت) دەری دەخا کە پاشا وەک دادوەرێک بووە لەناو خێلە ئێرانییەکاندا . تا ڕادەیەک وەک چاولێگەری یەک لە داب و نەریتی عیلام و ئاشوورییەکان لەناو چین و توێژە جەنگاوەرەکاندا هەلبژێردراوە بەم شێوەیە فرائەرتس بە هۆی ئەوەوە کە سەرکردەیەکی سەربازی بووە توانیویەتی لە جێی دیوکس وەک داوەرو لە هەمان کاتیشدا وەک فەرماندەیەکی سەربازی ، ئەو دوو پۆستە لە ئەرکی "پاشایەتی" دا کۆبکاتەوە .

لە ڕاستیدا ئەم دوو پۆستە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند ، تا بە هۆی یەکخستنی ناحەزانی ئاشوور لە دەوروبەری ٦٧٤ ی پێش عیسا ، ببێتە مایەی هەڕەشەو نیگەرانی و سەریشە بۆ ئەسەرحەدوون و وەک هیرودوت باسی ئەکا تەنانەت دەستی دایە هەڕەشە لە خودی ئاشوور . بێگومان ئەگەر فرائەرتیس وەک هیرودوت ئەیگێرێتەوە خۆی بۆ هێرش و پەلامارێکی تەواو ئامادە کردبێ ، پێش ئەوەی

دەست بکا بەم کارە ترسناکە ئەبوا ملکەچیی یا بەلای کەمەوە یەکیەتی سەرکردەی خیلە پارسەکانی مسۆگەر بکردایە ، ئەمەش کاریکە کە هیرودوت دەلی کردویەتی ، دیارە کە ریکخستنی سوپایەکی تارادەیەك ریك و پیك ئەبێ کارە پیشەکییەکانی بە هۆی ئەوەوە ئەنجام دابێ ، بەلام ئەم کارە ئەوە ناگەیەنێ کە دەولەتیکی یەکگرتوو لە ئارادا بووبێ و وەك لە تابلیتیکی ئاشووریدا هاتووە کە پەیوەندی هەیە بە پەیماننامەیەکی نیوان ئەسەر حەدون و یەك سەرکردەی مادەوە کە ناوی "رامائتیا" یە ، تەنانەت لەسەرەتای سەردەمی (کشتریتە) لە دەوروبەری سالی ٦٧٢ ی پیش عیسادا بنەمالەی دیائوکوییەکان هیشتا دەولەتی یەکگرتووی مادیان دروست نەکردووە ، لەگەل ئەوەشدا بنەمالەی دیائوکو وردە وردە توانی سوود وەربگرێ لە کیشەو ناکۆکی نیوان عیلام و ئاشوورییەکان و بە یارمەتی و هاوکاری تاقمیك لە (سکا) کان کە لە گەل فرائەرتس دا یەکیان گرتبوو ( چیش پیش)ی کوری هەخامەنش و سەرکردەی خیلەکانی فارس ناچارکرا ببیتە پاشکۆی مادەکان و یەك بگرێ لەگەلیاندا (دەوروبەری ٦٧٠ ی پیش عیسا) .

جگە لەوە یەکگرتن لەگەل تاقمیك لە سکاکان هەلی ئەوەی بۆ رەخساند تا هەندیك لە شارەکانی مانا لەدەست ئاشوورییەکان دەربکاو خیلەکانی ماناو سکا کە ماوەیەك پیشتر لە ئاسۆی زاگروس پەیدا بوو بوون لە دژی ئاشوورییەکان بەکاریان بینێ و بیانجولینێ - بەلام ئاشووری پانیپال دوای یاخیبوون وکوژرانی ئەخشەری - کە سەرکردەیەکی مانای بوو ، توانی لەشکرکیشی بکات بۆ سەر سنووری ماناو هەندیك لەسەر کردەکانی مانای سەرکوت کردو سەر لەنوێ دەسەلاتی ئاشووری گەراندەوە بۆ ئەو ناوچانە (دەورو بەری (٦٥٩) پیش عیسا).

چەند سالیك پاش ئەوەو هاوکات لەگەل گیرەو کیشەو ناکۆکی نیوان ئاشوور بانیپال و براکەیدا (٦٥٢ ی پیش عیسا) ، کەشتەریتی جاریکی تر بارودۆخەکەی بەهەل زانی بۆ هیرش کردنە سەر ئاشوور ، بەلام لە هیرشەکەدا لە شاریکی سەر سنووردا کوژراوە رەنگە بتوانرێ لەناو ئەو گۆرانەی کەلەناوچەی شارەزووردا لە گا بەردی کیوەکان هەلکەنراون بگەریی بەدوای گۆرەکەی ئەودا. ( ئەشکەوتەکەی قزقاپان لە ناوچەی سورداش . وەرگیر .) ئاشوورییەکان لەگەل ئەو کیشەو گیروگرفتەی کە هەیانبووە لەناو خۆیانداو لەگەل ئەوەدا کە لەو رۆژانەدا هەستیان ئەکرد بەوەی بەرەو لاوازی و نەمان و پووکانەوەئەچن ، هیشتا ئەوەندە توان و هیزیان هەبوو کە بتوانن دوژمنیکی تازە پیگەیشتوو ، لە یەکەم تاقیکردنەوەی جەنگی خۆیاندا بشکینن . جگە لەوە شتیکی ئاسایی بوو ئەو ناوچە سنوورییە لە شەرو شۆر قالبووی ئاشوورییەکان و قەلا قایمەکانیان بتوانن هیرشی چەند خیلیکی نیوە کۆچەری مادو چەکدارە لاسارو بێ سەرو بەرەکانی سکارەت بکەنەوە ، بەلام ئەم خالە کە راستەوخۆیا بە ماوەیەکی کەم دوای کوژرانی فرا ئەرتس

سکاییەکان دەسەڵاتیان پەیدا کرد بەسەر هەموو ناوچەکانی مادو مانای داو بەشێکی زۆر لە جەنگاوەرانی فرائەرتس پاش شکست و کوژرانی خۆی نابوود بوون و لە ناو چوون ؛ نیشانەی ئەوەیە جۆرە ناکۆکییەک لە نیوان مادو سکاییەکاندا لە دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەو رووداوەدا کاریگەری خۆی هەبووە راستە کەهیرۆدوت لای وایە سەرکەوتنی سکاکان پاش لەشکرکیشییەکی تری کواکساری (- هۆخشترە) کوری فرائەرتس بووە دژی ئاشوورییەکان ، بەلام تەنانەت ئەم بۆچون و گیرانەوەیەی هیرودوت کە خۆی لە خۆیدا لە ناتەواوی خالی نیە نیشانەی ئەوەیە کە هیرشی سکاییەکان لەگەڵ شکستی فرائەرتس دا ئەوەندە لەیەک دوور نەبوون.

ئەم خیلە سکاییانە (ئەوانەی کە لە تەوراتدا بە ئەشکەناز ناوبراون) کەوا دیارە هاوڕێ و هاوشان لەگەڵ تاقمیک لەگەڵ (گیمری) یەکان لەسەردەمی ئەسەرحەدون دا هاتبوونە سەر سنوری ئاشوور ئۆردۆیەکی تالانچی بوون لە سوارە جەنگاوەرە ئارییەکان و لە زەمانیکی کۆنەوە لە خۆرهەلات و خوراوادا لەچەند ناوچەیەکی بێ دەسەلاتی دراوسییان دا خەریکی ئەم سەرو ئەو سەرو جرت و فرت بوون . ئەسەر حەدون لەسەردەمیکدا کە یەکگرتنی چەند خیلیکی ئەمانەی لەگەڵمادەکاندا بە هەرەشەیەک و مەترسییەک دائەنا بۆ سەر ناوچەی ژیر دەسەلاتی خۆی و بۆ ئەوەی ئەو مەترسیە لە ولاتەکەی دوور بخاتەوە ، ناچار بوو کچیکی خۆی نیشان بکا

بۆ شایەکی سکایی کە ناوی (پارتاتوا) بووە لیرەدا هیچ جیگای سەرسورمان نیە کەلەگەل هەلمەتو هیرشی نویی کەشتریتی دا بۆ سەر ئاشوور سکایی یەکان لەسەر داوای ئاشوور بانیپال هیرش بەرنە سەر ولاتی مادو ببنە کۆسپ لەبەردەم پیشرەوی کردنیاندا لە خاکی ئاشوور . ئەم خالەش کە لەم کەین و بەینەدا سەرکردەی سکاییەکان مادۆیس ی کوری هەمان سەرکردە بووە کە ئەسەرحەدون کچەکەی خۆی بۆ دانابوو نیشانەی ئەوەیە کە دوور نیە ئەم هیرشەی سکاییەکان بە دەسیسەی ئاشوورییەکان بووبێ بە مەبەستی پاراستنی خۆیان.

لەگەڵ کوژرانی کشتریتی و ئەو کیشەو گرفتارییانەی کە ئاشوور بانیپال لە شوینەکانی تردا تووشی هاتبوو ، ئەم جارەیان سکاییەکان لەسەر سنووری ئازربایجان و زاگروسدا ماوەیەکی دوورو دریژ مانەوەو لەم ماوەیەدا لە هەموو خاکی مادستاندا جرت و فرتیکی زۆریان کردو تەنانەت هاوپەیمانی خۆیان ئاشووریشیان ئازارداو رەنجاوو دلگرانیان کردو لەگەڵ گیمرییەکاندا بۆ ماوەیەک لە ناوچەی ژیر دەسەلاتی ئاشوور تا سوریاو فەلەستین دەستیان دا یە کوشت و برو تالان کردن.

هەندێ شتوومەکی کۆنی ئەو سەردەمانە کە بە "گەنجینەی زیویە" ناوی دەرکردووە بەم دواییە لە نزیک شاری سەقز دۆزرایەوە ، وەك ناوی خودی شارەکە شتیکی لە یادگاری دەست بەسەراگرتنی دوورو دریژی سکاییەکان

ئەخاتە روو ، هەروەك بابەتە "برونزییەکانی لورستان" - هەرچەند گومان هەیە لەوەدا کە هەندێکیان بەراستی درابنە پاڵ ئەوان - دووبارە .جۆری چەك و جلو بەرگ و بابەتی جوانی و ئارایشتکردنی ئەم خێلە وەحشی و ترسناکە لە ناوچەکانی خۆراوای ئێراندا دەخاتە روو . بەم جۆرە لە ماوەیەکی دوورو درێژ دا سکاییەکان هەموو ناوچەی ژێر دەسەلاتی خێلەکانی مادیان بەباداو تالآنیان کردوچی ئاوەدانی وقەلایان هەبوو هەموویان وێران کرد ، خێلە مانایییەکانیان سەر شۆری خۆیان کردو وەك "لەناوبەری میللەتان"ئەرمیا ٤و١٣" لە هەموو شوێنیکدا بە مایەی ترس و وەحشەت خۆیان خستە روو.

لە ئەنجامدا سەرکردەیەکی مادی بەناوی کواکسار ( هوخشترە) کە بە گوێرەی قسەکانی هیرودوت کوری فرائەرتس بوو هەر لە سەرەتای فەرمانرەوایییەکەیەوە روو بە رووی کارەساتی سکاییەکان بوویەوە توانی کۆتایی بەو بەلآیە بێنێ ، ئەو کە لە لای مادەکان وەك سەرکردەو پاشا سەیر ئەکرا ، مادویس ی پاشای سکاکانی بانگ کرد بۆ میوانی لەگەڵ هەموو سەرکردەکانیان و هەموویانی سەرخۆش کردو کوشتنێ ، ئەم فێلەی ئەو بە قسەی هەندێ لە لێکۆلەرەوەکان "شێوەیەکی رەسەنی خۆرهەلآتییەکانە) و تەنانەت دواتریش لە خۆرهەلآت و هەروا خۆراواشدا ئەم کردەوەیە دووبارە بووەتەوە .

گێرانەوەو باسکردنی هیرودوت لەم بارەیەوە لای خۆراوایییەکان رەنگ و روخساریکی ناوچەیی و خۆرهەلآت نشینییانەی داوە بە بابەتەکە - دووبارە بەقسەی ئەو کە کواکسار بێ وچان پاش فرائەرتس پاشایەتی خۆی دەست پێکردووەو بەدوای شکستەکەیدا ماوەی بیست و هەشت ساڵ داگیرکردنی ولآتەکەی لە لایەنی سکاییەکانەوە قبووڵ کردووە ، ئەمە ناتوانرێ پشتگیری لێ بکرێ ، چونکە لەم حالەتەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مردنی ئەو ماوەیەکی کەم پاش راگرتنی شەر لەگەڵ لودیە (- لیدیە) و بە دوای خۆرگیرانەکەی سالی ٥٨٥ ی پێش عیسا دا رووی دابێ ، ئەگەر کاتی مردنی فرائەرتس(٦٥٢ پێش ع) تەنیابیست و سێ سال تەمەنی بووبێ -چونکەئەگەر لەوە منالٌ تربووبێ ناکرێ ببێ بە سەرکردەیەکی لێهاتوو بۆ جەنگیك لەتۆلەسەندنەوەدا – ئەوە ئەبێ سالی ٦٥٧ لە دایك بووبێ ئەو کاتەی کە شەری کردووە لەگەڵ لیدییەکاندا لەدوا سالەکانی تەمەنیدا بووەو پیریکی ئەوت سالە بووەو ئەمەش بە ئاسانی ناچێ بە عەقلەوەو پەسەند ناکرێ ، جگە لەمە هیرودوت لەو ماوەی چل سالەی پاشایەتیەیدا کە بۆی داناوە بیست و هەشت سالی داناوە بۆ ئەو سەردەمەی کە سکاکان ولآتەکەیان داگیر کردووە ، ناکرێ ئەمە بەراست بزانرێ ، چونکە ئەو پاش ئەوەی کە خۆی لە دەستی سکاکان رزگار کرد ،وەك لە تابلێتەبابلییەکاندا هاتووە ،هێرشی کردووەتە سەر ئاشوورییەکان بە یارمەتی فەرمانرەوایەکانی بابل ٦١٤ پ . ع ( لە کۆتایی پاشایەتیەکەیدا کەوتووەتە شەر

لەگەڵ لیدییەکانداو (٥٨٥) ، ماوەی نێوان ئەم دوو جەنگە بیستو نۆ ساڵ ئەکاو بەم شێوەیە ئەگەر لەگەڵ ماوەی سکاییەکاندا کە بیست و هەشت سالی خایاندووەو لەگەڵ ئەو چەند سالەی پێش هێرشی سکاکان کە خەریکی خۆ ئامادە کردن بووە بۆ هێرش بردنە سەر ئاشوور ، دەبێ ماوەی فەرمانڕەوایی ئەو لە پەنجاو حەوت ساڵ تێپەری کردبێ بەم حالە قسەکانی هیرودوت دەربارەی ماوەی پاشایەتی ئەو ناچێ بە عەقڵەوە .

ئەکرێ بڵێین ئەو ماوەی بیست و هەشت سالەی ژێردەستی سکاکان زیادەرەوی تیا کرابێ‌و لەوە کەمتر بێ بەڵام ئەو جۆرە دیاریکردنەی هیرودوت بۆ ئەو ساڵانە نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا لەسەر مەزەنەو خەیاڵ بنیات نراوە بۆ چارەکردنی ئەم ئاڵۆزییە ئەبێ وا دابنێین هوخشترە (- کواکسار) لە کاتی کوژرانی باوکیا منالیکی بچووك بووەو دوای ئەوەی تەمەنی گەیشتووەتە بیست سالی کەوتووەتە سەر خەیالی ئەوەی دەست بداتە کاریك بۆ رزگار بوون لە سکاکان . لە راستیشدا هەر ئەم منداڵییەی ئەو بیانووی داوە بە دەستی سکاکانەوە بۆ ئەوەی بەهەر جۆریك بیت ماوەی مانەوەیان لەسەر خاکی ماد کە لەسەر دەمی فرائەرتیس ەوە پەیوەندی بەبنەمالەی دیائوکوییەکانەوە بوو ، دریژتر بکا ، ئەوە لەم حالەتەدا دەبێ وا دابنێین کە پاشایەتی ئەو دوای ماوەی بیست و هەشت سالەی سکاکان (٦٢٤- ٦٥٢) دەستی پێکردووە . سەیر لەوەدایە کە کاتی هوخشترە توانی سەرکردەی سکاییەکان لە کاتی میوانداریەکەیدا سەرخۆش بکاو سەریان ببڕێ ، پاشماوەی ئەو سکاییانە بە بێ هیچ بیزاری دەربرینێك ، هەموو بوونە خزمەت گوزاری پاشای ماد . بەڵام ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە ئەم جۆرە خێڵانە هەستی نەتەوایەتییان ئەوەندە بە هێز نەبوو و هەر فەرمانڕەوایەك بەکریی بگرتنایە ئەیتوانی بیانکا بە ژێر دەستەی خۆی ، بەلکو لەبەر ئەوە بوو کە ئەم سکاییانە پاش ئەوەی کە ماوەیەکی دوورو درێژ لەناو خێلە .. مادەکاندا مابوونەوە ، خوویان گرتبوو لەگەڵ بارودۆخی ناو مادەکانداو یەك نەژادی و بوونی گەلیك داب و نەریتی هاوبەشی ئاریایی ، ئەو ناکۆکی و نەگونجانەی کە هەبوو لە نێوان ئەوان و خێلە ئێرانییەکانی ترداکەم کردبووەوە .

هوخشترە (٥٨٥ - ٦٢٤) پێش . ع ئەبێ دابنێین بە بنیاتنەری راستی دەولەتی یەکگرتووی مادو پاش وەستاودامەزرینەری ئیمپراتوریەت لە ئێرانی کۆندا . ئەو پاش رزگاربوون لە سکاکان هاتە سەر خەیالی ئەوەی سوپایەکی تازە دابمەزرێنێ کە پابەندی رێ و رەسم و یاسایەکی تازە بن ، هەر لەبەر ئەوە پاشماوەی سوپای سکاکانی لەناو سوپای تازەی خۆیدا دانان بۆ ئەوەی سود لە ئەزموون و هونەری سەربازی و جەنگی ئەوان وەربگرێ ، بەتایبەت کە ئەوان باڵادەستیەکی باشیان هەبوو لەو جەنگانەدا کە پێویستی بە جوڵان و رۆیشتن و شوێناو شوێن کردن بوو . لەگەڵ

کۆتایی هاتنی سەردەمی سکاکان هەلیکی باشی بۆ رەخسا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەیالە بەرزە فرمکانی خۆی .

خێلەکانی مانای کە پێشتر دەروازەی دۆستایەتیان کردبوومەوە لەگەڵ باوکیدا پاش نەمانی سکاکان بی چەن و چۆن سەریان بۆ دانەواند .خێلەکانی مادو مانای کرد بەیەك بەبێ ئەوەی کاتی خۆی بە فیرۆ بباتە سەرو فەرمانرەوایی لەخۆ بایی بکا ، خێرا دەستی کرد بە فراوانکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و سیستمیکی تازەی دانا بۆ سوپاکەی بە جۆرێك توان و هەیبەت و هێزی پەیدا کردو لەپاش خۆی بەجیی هیشت کە تەنانەت شەست ساڵ دوای مردنیشی ئەوانەی کە دژی داریوش شۆرشیان دەکرد چ لە ماد چ لە نەتەوەکانی تر ، بۆ ئەوەی خەلك رابکیشن بەلای خۆیان داو دوایان بکەون ، خۆیان ئەدایە پاڵ ئەو بەناوی ئەوەوە شۆرشیان ئەکرد.

یەکەم کاریکی سەرەکی کە هوخشترە دەستی پیکرد فراوان و گەورەکردنی پایتەختی ماد بوو هەگمەتانە یا ئەکباتان کە هوخشترە دەیویست بۆ بەرانبەری کردنی لەگەڵ نەینەوای پایتەختی ئاشووریەکاندا دروستی بکات وەك لە ناوەرۆکی نووسینەکەی هیرودوت دەرئەکەوێ بۆ فراوانکردنی ئەو پایتەختە پایتەختی ئاشوورییەکان کرابوو بە نموونەو سەرمەشق .

بێگومان بەشیك لە باسکردنەکەی هیرودۆت دەربارەی کۆشك و قەڵای حەوت شوورەی ئەکباتان ، ئەبێ پەیوەندی بە سەردەمی هوخشترەوە بیت، ئەگەر بەهی سەردەمی دیائوکو دانرابی دیارە لەبەر ئەوە بووە کە ئەوانەی گیراویانەتەوە ویستوویانە ئەو شکۆمەندیەی هەگمەتانە بگیرنەوە بۆ سەردەمیکی کۆنتر بەهەر حاڵ هەگمەتانە پیش دیائوکو و تەنانەت لەسەردەمی تیگلات پلاسەری یەکەمدا هەبووەو دیائوکو بەهۆی پەیوەندی خاوەن مولکی بنەماڵەکەیەوە لەویدا جۆرە دەسەڵاتیکی ناوخویی و ناوچەیی بووە . بە هۆی دیائوکووە کۆشك و قەڵایەکی ناسك و دەگمەنی تیا درووست کراوە کە حەوت شوورەی یەك لەناو یەك بە دەوریا کراوە بە شیوەیەك هەر شوورەیەك بەرزتر بووە لەوەی بە دەوریدا بووە دوایین شووراکە لە ناوەوە بووە گەنجینەو کۆشکەکەی پاشای لێ بووەو روانیوبەتی بەسەر هەموو شوورەکانی تردا، نووکی ستارەی شوورەکەی دەوری کۆشکەکەی شا لە زیر درووستکراوەو ئەوانی تر نووکەکانیان هەریەك لە رەنگیکی تر بوون ، ئەرخەوانی ، شین ، سوور ،رەش و سپی لەوەوە کە باسکردنی ئەم کۆشکە لە گیرانەوەی (پولی بیوس) یشدا هاتووە دەرئەکەوێ کە ئەوەی هیرودوت گیراویەتەوە تەنیا خەیالی شاعیرانەی حیکایەت خوانە زیادە رەوەکانە .

داب و نەریت و رێ و رەسمی دەربارێش هەروەك درووست کردنی کۆشکەکە خۆی چاو لیکەرییەك بوو لە رێو رەسمی دەرباری ئاشوورییەکان و ئەبێ هەر لەم سەردەمی دەسەڵاتی تاکر ەوی هوخوشترەدا پەیدا •

بوو بیت ، نەك لە سەردەمی دیائۆکودا کە خەڵك هــەلیان بژاردبـــوو بـــۆ ئـــەوەی ببــن بـــە فەرمانڕەوایان . بە گوێرەی ئەو ڕێ و ڕەسمە تازەیە نەئەبوا ڕەشە خەلکەکە یەکسەر بچێتە لای پاشاو کە سکالایەکیان ئەبوو ، بە هـۆی دەرگاوانەوە ئەنێردرا بۆ پاشا .

جگـە لـەو تـاقمێك پاسـەوان دانرابـوو بـۆ پاراستنی شاو جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی . ئەم جۆرە ڕێ و ڕەسمەو هـی کەسانی تریش بۆ ئەوە دانراوە کە پاشا ڕێـزو هەیبەتی هـەبێ لـەلای خـەلك و دابـین کردنـی داد بـۆ هـەموو کەسێك زۆرترو چاکتر مسۆگەر بکرێ.

هووخشـتره بـۆ ئـەوەی لـە ڕوو بـەڕوو بوونـەوەی داهـاتوویدا لەگـەڵ ئاشـوورییەکان وەك ســـەردەمی فرائـــــرتس ی بـــاوکی ئەنجامەکەی بە شکست خواردن تەواو نەبێ . بـە پێویسـتی ئـەزانی سـوپایەکی تـازە لەسـەر شێوەی سوپای ئاشـوور دابمـەزرێنێ و پشت نەبەستی بە جەنگاوەری خێلەکانی ترەوە کە لە گـەڵ سـەرکردەکانیاندا لـە کـاتی ڕوودانــی جەنگدا پەیوەندیان ئەکرد بە ئوردوگاکانەوە . لەم ڕووەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی سوپاو وەك هـیرودوت دەیگێرێتـەوە تـاقمی سـوارە ، تاقمی تیروکەوان بەدەست و تاقمی ڕم و نـیزە بە دەستی جیا کردەوەو قەوارەیەکی تازەی بۆ سـوپا پێکـەوە نـا. کـارێکی تـر کـە ڕێگـای خۆشکرد بۆی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێ ئەوەبوو کە توانی سەرکردەکانی پـارس ناچـار بکـا کـە ملکـەچی بـن و لـە دژی ئاشوورییەکان لە گەلیدابن .

ئەم خێلە پارسانەش هەر لەو کاتەوەی کە مادەکان بە سەرکردایەتی دیائۆکو هەولیان ئەدا بـۆ ڕزگـاربوون لــە تــەوقی ئاشــوورییەکان و تەنانەت پێش ئەوەش شەڕیان کردووە لە پێناو سەربەسـتی خۆیـاندا . شەلمەنسـەری سـێیەم ( ٨٩٥-٨٢٤) ی پاشای ئاشوور لە سالی ٨٣٨ پێش عیسا لە خاکی پارسەکاندا کـەوا دیـارە لـەو کاتـەدا لە باشـووری خۆرهـەلاتی ورمـێ دا بـووە بیسـت و حـەوت کەسـی لەسـەرکردەی پارسـواکان سـزا داوە . لـەنێو ئـەو هـەزارو دووسـەد شارەشدا ( باوەڕی پـێ نـاکرێ ) کـە (شەمشی ئەدەد) ی پێنجەم (٨٢٤ - ٨١) پێش ع لـە خـاکی مـادو ناوچـەکانی دراوسـێی بـە گوێـرەی لاف لێدانـی خـۆی تـالانی کـردوون ، بێگومان چەند ئاوایی و گوندێکیان هـی ئـەم پارســـانە بـــوون هـــەروەها لــــە ســــەردەمی شەلمەنســـەری چوارەمـــدا (٧٨٢-٧٧٢) ی پێش عیسا دووبارە لەو لەشکرکێشییانەی کە (ئـەرگیتس) ی شـای ئورارتـۆ ئـەیکردە سـەر ناوچــەکانی دەوروبـــەری ورمـــێ خێلـــە پارســـەکانیش وەك خێلـــەکانی مـــاد تووشـــی زەرەرو زیـانێکی زۆر بـووون. کێشـەی نێـوان ئاشووروو ئورارتـو ، لاواز بـوون و پووکانـەوەی بــەرە بــەرەی عیـــلام و ڕیبـــازی تیگلـــەت پیلەســـەری ســـێیەم (٧٤٥- ٧٢٧) ی پێـــش عیسا) لە کۆچ پێکردنی خێلەکان و نیشتەجێ کردنیـان لەچـەند ناوچەیـەکی دوور دەسـتدا ، یەکێك بووە لەو هۆیانەی کە خێلە پارسەکانی بـــەرەو ناوچـــەکانی باشـــووروو عیـــلام گواستووەتەوە ، ئەوەتا لە سەردەمی سەرگۆنی

دووهەمدا (٧٢٢ - ٧٠٥) لە (ئەلیپی) دراوسێی عیلام یەک کەس داوای تەختی پاشایەتی ئەکا بەناوی (ئەسپابرە) کەوا دیارە لە دایکەوە رەگەزی ئێرانی بووە ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خێلە پارسەکان پێشرەوییان کردووە تا ناوچەکانی دراوسێی عیلام . ئەوەش کە سەرگون " ویلایەتی پارسوا" ی وەک مەلبەندی والی نشینی ئاشووری داناوە نیشانەی ئەوەیە کە خێلە پارسەکان بۆ ئەوەی وردە وردە لەناو عیلامەوە بەرەو باشوور برۆن ناچار بوون کە پشت ببەستن بە کۆمەک و یارمەتی ئاشوورییەکانەوە . لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی سەنحاریبدا (٧٠٥ - ٦٨١) پێش ع) لە شەری خویناوی (خلولیا) دا کە هاوپەیمانانی عیلام پیلانیکی ترسناکیان ریک خست دژی ئاشوورییەکان جەنگاوەرانی پارسیش هاوشان لەگەڵ ئەلیپی و ئەنشان لە جەنگدا بوون دژی ئاشوورییەکان (٦٩١ پ . ن) . ئەوەش کە لە سەرچاوەکاندا هیچ باسێک لە سەرکردەی پارسەکان نەکراوە بێگومان لەبەر ئەوەیە کە رۆڵی ئەمان لای ئاشوورییەکان مەترسییەکی وای نەبووە کە لەچاوەمەترسی هاوپەیمانەکانی تردا. بەڵام هەندێ بەڵگە ئەوە ئەخەنە روو کە سەرکردەی پارسەکان لەو جەنگەدا ئەبێ هەخامەنش بووبێ کە دواتر پاشاکانی پارس خۆیان بردووەتە سەر ئەو.

ئەو خێڵانە لە کۆچکردنیاندا بەرەو باشوور لەسەر خاکی عیلام لە ناوچەی خۆرهەڵاتی (شوش) و دەوروبەری شاری (ئەنشان) ی عیلامی شارێکی تازەیان دروست کردووە بە یادی شوێنی رابووردووی خۆیانەوە (پارسەوا) کە لە نزیک ورمێ وە بەجێیان هێشتبوو ناویان نا (پارسوماش) کە ئەکەوێتە دەوروبەری (مەسجید سلیمان) ی ئەمرۆوە .

هەخامەنش کە بە سەرکردەی تیرەی (پاسارگاد) دائەنرێ دواتر کاتێ کە خێلەکەی ئەو شاری (پاسارگاد) یان درستکرد ، وەک بنیاتنەری دەولەتی پارس لەو شوێنەدا بیرەوەرییەکی بۆ پاش خۆی بەجێ هێشتووە . ئەوەی کە هەندێ لە لیکۆڵەرەوەکان لایان وایە هەخامەنش کەسێکی ئەفسانەییەو بوونی راستی نییە ، بە تەواوی راست نیە چونکە باسی ئەو لە نووسراوەکانی پارسیدا بە شێوەییکە کە هیچ گومانیک نامێنێ لەوەدا کە بوونیکی راستی هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو داستانەی کە دەیگێرنەوە و دەڵێن گۆیا هەلویەک بەخێوی کردووە ئەوە ئەفسانەیەکی درووست کراوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ئەو لەناو سەرکردەکاندا.

لە سەردەمی ئەسەرحەدونداو (٦٨٠- ٦٦٩) پێش ع ) بەدوای ئەو هێرش و لەشکرکێشییەی کردیە سەر خێلەکانی پارس لەساڵی ٦٧٦ ی پێش عیساداو هەندێ لە سەرکردەکانیانی تەمی کردن ، ئارامییەک باڵی کێشا بەسەر ناوچەکەدا و ماوەیەک بواری رەخساند بۆ ئەو خێڵانە کە بەردەوام بن لە چوونیاندا بەرەو باشوور . عیلامیەکانیش کەلە هێزی ئەمان سوودی وەر ئەگرت لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانیدا چاوپۆشی ئەکرد

لە بڵاوبوونەوەی لەسەرخۆی دەسەڵاتی ئەمانە لەو ناوچانەدا . (چیش پیش) کە سەرکردەیەك بوو لە بنەماڵەی هەخامەنش و دوور نیە کوری ئەویش بووبێ بە سوود وەرگرتن و هەڵ قۆستنەوە لە لاواز بوون و بەرەو نەمان چوونی عیلام شاری ئەنشان ی نزیك (شوش) ی خستە ژێر دەستی خۆی و خۆی کردە پاشای گەورە و پاشای شاری ٠(ئەنشان) لە ٦٧٥-٦٤٠ پیش . ع دا هۆی ئەمەیش کە چیش پیش خۆی بە شای ئەنشان دانا نەك بە شای پارسوماش ، ئەوەبوو کە ئەنشان ناوبانگیکی وای هەبوو کە هەستی خۆ بە گەورە زانینی ئەو تیریکا.

بەهەرحاڵ چیش پیش کە ئاگاداری ئەوە بوو وردە وردە توانای خیلە ئیرانییەکان لە دەرکەوتندایەو ئیمبراتۆرییەتەکانی ئاشوورو عیلام بەرەو لاوازی و نەمان ئەچن وای بە باش ئەزانی کە لەو پەیمانانەدا کە لەنیو خیلەکاندا هەرکات ئەبەستراو هەڵ ئەوەشینرایەوە بەرانبەر بە پاشای ماد خۆی بە پاشکۆ و ملکەچ دابنێ ، تا خۆی تەرخان بکا بۆ یەکخستنی خیلەکانی پارس ، بەڵام لە ناکۆکی نیوان ئاشورپانیباڵ و براکەیدا کە پاشای عیلام پشتگیری لە دووهەمیان ئەکرد، ئەم پاشا تازەیەی پارس ، وای بە باش ئەزانی کە بەبێ لایەن بمینیتەوە ، بەم هەلویستەی خۆی هەم پاشای عیلام دەستی بۆ دریژ نەکردو هەم ئاشوور پانیباڵ خۆشحاڵ بوو ، ئەبێ هەر بە هۆی ئەم هەلویستەوە بوبێ کە لەبەرەو لاوازی عیلامییەکاندا بواری ئەوەی بۆ رەخسا بێ تا لە ناوچەی ویلایەتی پارسدا ریشەی خۆی داکوتی و ناوی خیلەکانی پاسارگاد لەوی بەرز بکاتەوە.

لەو ماوەیەدا کە سکاکان دەستیان گرتبو بەسەر خاکی ماددا (٦٥٢-٦٢٤) پ.ع) چیش پیش خۆی و دوو کورەکەی کۆرۆش ی یەکەم و (٦٠٠-٦٤٠) ، (ئەریارمەند (٥٩٠-٦٤٠) بە هۆی ئەوەوە کە لەگەڵ ئاشوورییەکاندا هەر کاتیك کە لە بەرژەوەندیاندا بوایە ،دۆستایەتی خۆیان پیشان ئەدا ، ناوچەی ژیر دەسەڵاتی خیلە پارسەکانیان لە ویلایەتی پارس کە ئاریامنە فەرمانرەوای ئەکردو ناوچەی ئەنشان و پارسوماش کە لە ژیر دەسەڵاتی کۆرۆش ی یەکەمدابوو تا رادەیەك لە دەست دریژی ئاشورییەکان و هاوپەیمانییەکانی سکا پاریزرابوون . لە ماوەی ئەو شەرو شۆرانەدا کە رووی ئەدا لە نیوان ئاشوورو عیلام داو بە فەوتان و لەناوچوونی عیلام کۆتایی هات (٦٣٩ پیش ع) کۆرۆشی یەکەم ، پاشای ئەنشان و پارسوماش بە ناردنی دیاری و سەوقات . خۆی لە ئاشوورییەکان نزیك کردەوەو تەنانەت بۆ ئەوەی کە لیی دلنیا بن (ئەرۆکۆ)ی کوری وەك بارمتە نارد بۆ لای ئاشووری بانیپاڵ . لەماوەی دەسەڵاتداریەتی سکاکاندا پادشای هەخامەنشی نەك لە پاشکۆیەتی دیائوکویی یەکان رزگاری بوو بەلکە پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئاشوورییەکان دووری خستەوە لە زەرەرو زیان و دەسدریژی سکاکان ، نەك هەر ئەوە بەلکە هەلی بۆ رەخساندن کە لە کاتی خۆیدا بەشیك

لە خاکی عیلامیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سکاکان، کۆرۆشی یەکەم ناچار بوو سەر شۆڕ بکا بۆ پاشای ماد، چونکە دەسەڵاتی مادەکان لە پەرەسەندن دابوو.

دیارە کە مل کەچ بوونی کۆرۆشی یەکەم بۆ هوخشترەی پاشای ماد مانای ئەوە نەبوو کە هەموو خێلە پارسەکان وەك ئەو مل کەچی پاشای ماد بن بەڵام پەیوەندی خزمایەتی کە پاشتر (کەمبوجیە) ی یەکەم ی ٥٥٩ - ٦ـــپ. ع کوری کۆرۆشی یەکەم لەگەڵ بنەماڵەی هوخشترەدا بە هۆی خواستنی کچی (ئاستیاگ) ەوە بوو بە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نیوان بنەماڵەی هەخامەنشی ودیائۆکۆییەکان. ئەم مل کەچ بوونەی کۆروشی یەکەم بۆ هۆخشترە بوو بە هەلیکی گونجاو تا بە دلنیا بوونەوە خۆی ئامادە بکات بەشیوەیەکی زۆر چاك بۆ روو بە رووبونەوە لەگەڵ ئاشووردا.

لە میانەی مردنی ئاشووری بانیپاڵ و (٦٢٦ پ. ع) پاشایەتی‌یەك لە دوای یەکی ماوە کورتی دوو کورەکەی کە لەگەڵ دوژمنان و ناحەزەکانیاندا گیرەو کیشەیەکی توندو تیژیان بۆ پەیدابوو ئاشوور کەوتنە گیژاویکی خویناوییەوەو هەندێ لە ناوچەکانی سەر بە ئاشوور لە نیوانیاندا فەلەستین و فینیقیە بە دوای ئەم رووداوا نەدا لیی جیا بوونەوە.

"نەبوپولسەر" فەرمانرەوای ناوخۆی بابل، کە خۆی خەلکی بابل بوو بە سووکایەتی ئەزانی کە ئاشوورییەکان وڵاتەکەیان داگیر کردووەو وای دادەنا کە سوکایەتی کردنە بە خواکانیشیان، هەر لەو کاتەوە کە لە لایەنی کورەکەی ئاشووری بانیپالەوە دانرا بە فەرمانرەوای وڵاتەکەی خۆی کەوتە بیرکردنەوە لەبەرپاکردنی شۆرشیك دژی ئاشوورییەکان. کوری دووهەمی ئاشووربانیپاڵ کە ناوی (سین شارشکین) بوو دوای براکەی بوو بە پاشا، وا دیاربوو کەبێ بە هرە نەبوو لە بەریوەبردنی کاروباری وڵاتدا، بەڵام ناکوکی قووڵ و دووردریژی ناوخویی ئاشور بواری ئەوەی نەدا کە روو بەرووی رووداوەکان بیتەوە کە بە خیرایی ئەبوونە هۆی گۆرانی بارودۆخەکە. ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە میسرو تاقمیك لە جەنگاوەرانی سکایی پشتیوانیان لێ ئەکرد، بەرانبەربەریك کەوتنی نیوان نەبو پولسەرو هوخشترە دژی ئاشوورییەکان سەری لێ شیواو دەست و پیی خۆی گوم کرد، هوخشترە پاش ئەوەی سکاکانی لە کۆڵ بوویەوەو دلنیا بوو لە وەفاداری بنەماڵەی هەخامەنشی، ریگا کویستانی و شاخاوییەکانی زاگروس خرابوونە سەر پشت و لەبەر ئەوەی کە کاتەکەی بە هەل زانی بۆ یەکلایی کردنەوەی حیسابی خۆی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا لەگەل نەبوو پولسەری شای بابل کە شۆرشکردنی دژی ئاشوورییەکانی بەئەرکیکی ئایینی و خوایی دەزانی، پەیمانیکی هاوکاری مۆر کرد، لەگەڵ ئەوەدا کە فەرمانرەوای بابل لە هیرشەکەیدا بۆ سەر سنووری وڵاتی ئاشور هیچ سەرکەوتنیکی دەست نەکەوت، بەڵام هیرشی خیرای فەرمانرەوای ماد گەیشتە فریای و لە دوو

بەرەوە ئاشور غافلگیر کراو (٦١٤ ە ی پ . ع) لە ئەنجامدا لە زنجیرە شەڕێکی خویناویدا ئاشوور چەك کراو لە کۆتایی ئابلۆقەیەکی دوور و درێژدا شاری نەینەوای پایتەختی ئاشوور خۆیدا بە دەستەوە (٦١٢ پ . ع) . وەك لە کنەو پشکنینی شوێنەوارەکەوە دەردەکەوێ ، ئەو ئاگربەربوونەوەو لافاوەی بە هۆی رق و کینەی جەنگاوەران و خراپەکارو ویرانکارانەوە روویداوەو ئەو تالآن کردن و کوشتارەی ئەو پایتەختە گەورەیەی جیهان ئەبێ چ دیمەنیکی زۆر سامناکی بوو بێ .، بە گوێرەی سەرچاوەیەکیش کە گومان هەیە لەوەدا راست بێ ، دەلێشای ئاشوور لە ترس و نائومێدی خۆیدا خۆی فڕیدایە ناو ئاگرەوەو بەم شێوەیە ئەو ئیمپراتۆریە تە کۆنەسال و دێرینەی ئاشوور لەناو گڕو خویندا ، کە لە ماوەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژدا جگە لە دوو شت هیچی تری پیشکەش بە جیهان نەکرد ، نابووت بوو و تیاچوو . ئەگەر هەندێ کەس لایان وابێ کە توندو تیژی و هێز بە هۆیەك دائەنرێ بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی ، ئەوا ئەنجامی ئیمبراتۆریەتی ئاشوور بەسە بۆ ئەوەی ئەو بە هەلەچوونەیان بۆ راست بکاتەوە،

لەگەڵ رووخانی نەینەوا دا ئیمبراتۆریەتی ئاشوور کۆتایی هات و ئەو پەلەقاژە بێ سوودەی کە پاش ماوەیەك (حەران) کە پایتەختێکی تری ئاشوورییەکان بوو ، بەرانبەر سوپای هاوپەیمانان پیشانی دا ، نەیتوانی ژیانی لەدەست چوو بگێڕیتەوە بۆ ئاشوور. ئەو میللەتانەش بە کۆمەك و یارمەتی ماد و بابل لەژێر باری قورس و دیلییەتی ئاشور هاتنە دەر هەرچەند کەوتنە ژێر باری یەکێکی ترەوە ، دەربارەی کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەم (شاژنی خۆرهەلآت) ەوە ئەیانتوانی هەمان فەرموودەی ناحوم پێغەمبەر بلێنەوە کە لە یەهودا دا دەیگووت "هەرکەس دەنگ و ئاوازی تۆ ببیستی چەپلەت بۆ لێدەدا ، چونکە کێیە ئەو کەسەی کە هەمیشە زیان و پریشکی تۆی بەر نەکەوتبێ ؟).ئەو وێنە کیشانەش کە ناحوم پێغەمبەر کیشاویەتی بۆ ویرانبوونی ئەو خاکەی "گالیسکەو گەردوونەی تیژرەو" "سۆزانیە جوانییەکان" وێنە کیشانی دیمەنیکە پەندی لێ وەربگیرێ بۆئەنجامی کارو کردەوەی ئەو خاوەن دەسەلآتانەی کە پشت ئەبەستن بە نیزەی جەنگاوەرەکانیانەوە بۆ پاراستنی شارەکانیان ئەوشارەی کە پڕە لە کوشت بڕو درۆ ، ئەبێ بزانێن کە لە کۆتاییدا ئەبێ بە ویرانەیەکی لە ئاگرو خوێن هەلکیشراو.

لەناو ئەم ویرانانەی ئاشووردا دوو داگیرکەری تازە پەیدابوو ، چاویان بە یەکتر کەوت ، هوخشترە کە بابلییەکان پێیان دەگووت پاشای (ئوماندا) و نەبووپولسر کە لەو کاتەدا پاشای بابل بوو ، لە چاوپێکەوتنێکی نیوانیاندا لەگەڵ بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتی ، کە هەردوولا دلیان لە یەك کرمێ بوو ، بڕیاریاندا بۆ پتەوکردنی دوستایەتی و هاوکاریی کچێکی (ئامیتیس) ناو لە بنەمالەی هوخشترە بدرێ بە (نەبوکەد نەسر - بەختەنەسر) ی کوری (نەبوپولسر) ە گەنجینەو

بابەتی بە نرخ و گران بەهای ئەینەوایش بریکی کەوتە لای مادەکان و دیارە بەشی زۆری بەر بابل کەوت .

دەربارەی ئەو خالەش کە لە داگیرکردن و ویرانکردنی ئەینەوا و رووخاندنی ئاشووردا رولی هوخشترەو نەبوپولسر یەکسان دانراوە لەو رۆژگارەدا ، نەك هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئاشوور وەك یەك دابەش کرا بەسەریاندا ؛ بەلکو تابلیتەکانی سەردەمی (نەبونید) کە پەیوەندی هەیە بەم رووداوەوە لەم بارەیەوە تا رادەیەك ئاشکرا تر ئەمەی باس کردووە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو دەسەلاتدارە تازەیە هەر یەك بە جۆریك و بەچاویك سەیری ئەم رووداوەیان ئەکرد ، بابل هەولی ئەدا کە ئەو سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی مەردۆخی خوای خۆیان لیك بداتەوە بەسەر خوای ئاشوورییەکاندا ، مادیش وەك هەولیك بۆ رێ گرتن لە دەستیوەردانی بیگانە لە خاکی وڵاتەکەیدا . لەم رووەوە نابێ بەلامانەوە سەیر بێ کە سەرچاوەکانی هەر کام لەم دوانە لەناوبردنی ئەم دیوە زەبەلاحەی نیوان دوو رووبارەکەی بە هی خۆی دائەنا ، لە راستیشدا لەو رۆژگارەدا نەبۆپۆلسر لە باری هیزو توانای سەربازییەوە نەئەگەیشتە قولە پێی هوخشترە ، هەر چەند لە باری سەروەت و دارایی و سامانەوە بابلییەکان لە سەرەوە بوون ، هەولدانی نەبوپولسر بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەل بنەمالەی دیائوکویی یەکاندا، دوور نیە بە زۆری بۆ ئەوە بووبێ ، بۆ دلنیابوون ئەیویست لەگەڵ هاوپەیمانی پیشووی خۆیدا هەروەك جاران پەیوەندییەکی باشی هەبێ ، بەلام لە هەمان کاتدا هەستی بەوە ئەکرد بۆ دابین کردنی ئارامی زیاتر پیویستە لەسەر سنوری نیوان مادو بابل سەنگەرو قەلای تازە دروست بکات.

لەوناوچانەی کە پیشتر لەژیر دەسەلاتی ئاشووردا بوون ، ئەوەی لە نیوان دوو رووباری خوارووو و فەلەستین مابوویەوە بەر بابل کەوت و ئەو شوینانەش کە پەیوەست بوون بە سنووری شاخەکانی زاگرۆس و دەریاچەی وان و ئاسیای بچووکەوە بوون بە بەشی وڵاتی ماد لەگەڵ خاکی وڵاتی ئاشوور خۆیدا. هەر لەبەر ئەمەش ئەو ترسەی نەبوپولسر کە جاران لە ئاشوور هەیبوو، وردە وردە بوو بە ترس لە ماد . هووخشترە لەو خاك و شوینانەی نیوان زاگروس و وان کە جاران بە دەست سکایی و گیمرییەکانەوە تووشی ئازارو دەردی سەری بوو بوون ، بە خیرایی کەوتە پیشرەوی کردن . لە ئەلبورزیشەوە تا ویلایەتی بەرسوە پارتیە - پارت) و تەنانەت تا ناوچەی باختەر (- بەلخ) چووە پیشەوە.

وا دیارە تاقمیك لە سکاکانی خۆرهەلات کە یەکەمجار بۆ یارمەتیدانی ئاشوور لە ناوچەی باختەرەوە هاتبوون بۆ ئەینەواو پاشان کە بۆنی تالانیان کرد لە ئاشوور هەلگەرانەوەو پەیوەندیان کرد بە هوخشترەوەو هەروەها ئەو سکایانەی کە پاش کوشتنی سەرکردەکانیان بووبوونە دەست و پیوەندی شاکانی ماد ، پاش داگیرکردنی ئەینەواو گەرانەوەیان بۆ سەر خاکی خۆیان بەرەو

سنووری خۆرهەلات و باکووری خۆرهەلات رۆیشتبوون ئەنجا وا دیارە هوخشترە دوای ئەمانە کەوتبێ و بەو هۆیەوە ریی کەوتبێتە ئەو ناوچەیە ، لەوەشەوە کە پاشتر گۆرانکاری و کودتاکانی سەرەتای پادشایەتی داریوشەوە دانیشتوانی پارت پشتیوانی یەکیکیان ئەکرد کە دژی داریوش راوە ستابوو و خۆی بە یەکیك لە بنەمالەی شاکانی ماد دائەنا دەرئەکەوێ کە ئەو لەشکرکیشی یانەی هووخشترە بۆ ناوچەی خۆرهەلاتی ئیران جیگای رەزامەندی ئەوان بووبێ.

بە هەرحاڵ لەگەڵ ئەو پی ناخۆش بوون و بیزارییانەی بابل دا کە لە کتیبەکانی حەزەقیاو ئەرمیای پیغەمبەرانی جوولەکەدا هاتووە ، دەرئەکەوێ کە پاشای ماد لە ناوو دەرەوەی ولاتەکەیدا دەستی دایە فراوانکردنی ناوچەی ژیر دەسەلاتی خۆی و هەر ئەم فراوانکردنە خوازییە بوو ، کە لە ناوچەی خۆرهەلاتی ئاسیای بچووکدا لە کەناری رووباری (هالیس) کە ئەمرۆ پیی ئەوترێ (قزل ئیرماق) لە تورکیادا تووشی بەرەنگاربوونەوە بوو لە گەڵ دەولەتیکی تازە پەیدابووا، ، ئەویش : لودیە (- لیدیە) یە کە بە یەکەم ئۆردوگای جیهانی خۆراوا دائەنرێ لە ناوچەکەدا.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دەولەتەدا بۆ ماد کە خۆی بە میراتگری هیزو توانی ئاشوورییەکان دادەنا شتیك نەبوو کە خۆی لێ بپاریزێ . بیانووی بەرپاکردنی ئەم شەرەش ، وەك هیردووت ئەیگیریتەوە ، ئەوەبوو چەند تاوانباریك لە دەزگای خزمەتگوزاری مادەکان پەنایان بردبوە بەر ئالواتس - ئەلیات) پاشای لودیە و ئەویش ئامادە نەبوو بیانگیریتەوە بۆ مادەکان ، خەلکی ولاتی لودیە هەر خەریکی بازرگانی و رابواردن بوون ، بەلام لە چالاکی و گورج و گۆلیدا لە یۆنانییەکان ئەچوون و خۆیان بە میراتگری نەتەوەکانی (فروگیە) و (ختی) دائەنا، لودیە لە نیوەی سەدەی حەوتەمی پیش عیسادا بە هۆی ئەو خەلکانەوە کە تیکەڵ بوون لە ئارییایی و دانیشتوانی کۆنی ولاتەکە وردە وردە هیزو دەسەلاتیان پەیدا کردو لای خۆرهەلاتەوە کە کەناری رووباری هالیسیان گرتە دەست . گوگس (- گیگس) ٦٥٧ - ٦٨٥ پاشایەکی ناسراوی ئەم نەتەوەیە بوو کە بە هۆی کوشتارو توندو تیژییەوە گەیشتبوە سەر تەخت ، لە میژوو و ویژەو ئەدەبی یۆنانیدا ناوبانگیکی بۆ خۆی بەجێ هیشتوەوە بەدەست گیمری و سکاییەکانەوە ئازاری زۆری بینی ، نەوەکانیشی ئەردووس (- ئەردیس) و سادواتس (-سادیاتس) هیزی خۆیان لەگەل یۆنانیەکانی دەریای ئیجەدا بەبێ سوود بە فیرۆدا ، ئەلواتس (٥٦٠ -٦١١) پ . ع) کە لە جیی سادواتس لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت لە ماوەی ٤٩ سالی فەرمانرەوایی خۆیدا ، پایتەختی ولاتەکەی سەردیس (- سارد) کە بە سەردیسی زیرین ناوبانگی دەرکردبوو پر کرد لە نازو نیعمەت و شکۆمەندی . لەگەڵ ئەوەدا ئەو گورزەی کە هوخشترە تیی سرەواند ، هەرچەندە کۆتایی

ئـەمینا بـەو پاشـایەتیە دوورو دریـژە بـەڵام زیانیکی باشـی پیگـەیاند کـەچی بەرامبـەر بە مادەکان هـەر خۆی راگرت و بە تـوان و لـووت بەرزییەکی بەرچاوەوە بەرەنگاریان بویـەوە ، لە جەنگی نیوانیاندا لەگـەل ئـەوەدا کـە سـوپای هوخشترە لـە باری ژمارەوە زۆر زۆرتـر بـوون ، بەڵام سەربازی سوارەی ئەزموونداری ئـەلواتس پیشرەوی مادەکانی راگرت.

ئەو شەرە ماوەی پینج ساڵ یا تۆزێ زیاتر دریژەی کیشا ، لەم ماوەیەدا سەرکەوتن لەمەوە ئەکەوتـە دەست ئـەو بـەبێ ئـەوەی کۆتـایی بـە جەنگەکـە بیـنی . لـە ئـەنجامدا خۆرگـیرانیکی تـەواوی (کسـوف کلـی) رویـدا کـە بـووە مایـەی ترس و نیگـەرانی هـەردوولا . وەك دەگیرنـەوە فەیلەسوفی یۆنانی (تالس مـەلتی) ٥٤٥ - ٦٢٤) پیشـــبینی ئـــەو خۆرگیرانـــەی کردبـــوو . لیکۆلینـــەوەی ئـــەمرۆش وا دەرئـــەخا کـــە خۆرگیرانیکی وا لە ناوچەی شەری نیوان مادو لودیـا تـەنیا لـە سـالی ٥٨٨ ی پیـش عیسـادا ئەبێ روویدابێ ، بـەڵام پیـدە چـێ گیرانـەوەی هـیرودوت کـە بـە گویـرەی ئـەو ئـەبێ شـەرەکە پیش رووخانی نەینەواو تەنانەت پیش هیرشی سکاکان و مانەوەیان لە وڵاتی ماددا بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ ، روویدابێ شتیکە ناچیتە عەقلەوەو نـاکرێ . جگـە لەمـەش نـاوبژیوانی کردنـی پاشای بابل لە نیوان هەردوو لایەنی شەرکەردا، ئەوەمان بۆ دەرئەخا کـە ئـەبێ شـەرەکە پـاش رووخانی نەینەوا بووبێ ، چونکە پیشتر بابل سـەربەخۆ نـەبوە تـا پاشـایەکی سـەربەخۆی هەبووبێ و ناوبژیوانی کردبیت.

بەهـەرحاڵ ئـەو خۆرگیرانـە لای هـەردوولا بەنیشـانەی نیگـەرانی و بـیزاری خواکـان لـەو شەرە دریژخایەنە دائەنراو هەردوولا ئامادەیی خۆیانیان پیشاندا بۆ ئەوەی داوەر دابنین ، بە گویرەی ئەم داوەرییە ، کە ئەلین پاشای بابل و فەرمانرەوای کلیکیە هەردووکیان بەشدار بوون تیایدا، رووباری هـالیس دانـرا وەك سـنووریك لـە نیـوان ئـەودوو وڵاتـەداو بۆمسـۆگەرکردنی ئاشتی لە نیوانیاندا بریار درا (ئارو ئەتیس) ی کچـی پاشـای لودیـە بـدرێ بـە (ئاسـتیاگ) ی کوری هووخشترە.

هاوکات لەگەڵ ئەم گفتوگۆیانەی ئاشتیدا وپیـش ئـەوەی کۆتـایی بیـت هووخشـترە لـە تەمەنی پیریدا لە دونیا دەرچوو و ئاستیاگ ( - ئەشتـەواگ ، ئـەژدەهاك) لە جیـی ئـەو بـوو بـە پاشـا . فـەرمانرەوایی ٣٥ سـالەی ئاسـتیاگ ( ٥٨٥ -٥٥٠ ع ) بـــە پیچەوانـــەی ســـەردەمی پاشایەتی باوکی بە زۆری لە ئاشتی و ئارامی و رابواردندا تیپەری کرد ، خۆیشی زیاتر حەزی لە راوکردن و رابواردن بـوو تـا شـەرو شـۆر، بۆ ئـەم مەبەسـتەش چـەند شـکارگایەکی گـەورەو فراوان و سەرنج راکیشی دروست کرد کە لەبەر خۆشی و دەسکەوتنی هەموو شتیك لەم باخ و شکارگایانەدا ناوەکانیان مایەوە بۆ بەهەشتی خواکـان : پـەردیس فـیردەوس . دەربـاری ئاستیاگ کە گوایا نموونـەی دەرباری ئاشوور بووە، لـە لایـەنی جوانـی و گەورەییـەوە لـە رادە بەدەر بوو ، پیاوانی دەرباریشی بە جل و بـەرگی رەنگـاو رەنگـی سـوورو ئەرخـەوانی و ملوانکەو زنجیری ملـی زیرینـەوە کـەوا دیـارە

نیشانەی کۆیلەتی بووە لەبەردەم پاشادا دەرئەکەوتن. ژیانی لەم جۆرەش هەموو کەسیکی تریش بەرەو خۆبایی بوون و دلرەقی دەبات . وەك چۆن ئاستیاگ ی بەرەو ئەو دلرەقی و درندەیەتیە برد ، ئاستیاگ لەبەر لەخۆبایی بوون و خۆ بە گەورەزانینی خۆی تەنانەت (هارپاگوس) ی وەزیری خۆی ، وەك هیرودوت دەیگێریتەوە بێ بەش نەکرد لەسزایەك کەهیچ مرۆڤیك شتی واپەسەندناکات :وەك دەلین ئاستیاگ فەرمان ئەدا بە وەزیرەکەی کۆرپەیەکی تازە پەیدابووی نەوەی خۆی و لە دواشدا دەرکەوت کە ئەو کۆرپەیە کۆرشی دووهەمی هەخامەنشی بووە ، سەر ببڕێ و وەزیرەکەشی فەرمانەکەی جێ بەجێ نەکردووە ، لە سزای ئەو سەرپێچی‌یەدا ئاستیاگ فەرمان ئەدا بە سەربڕینی کوریکی منالی وەزیرەکەو بۆی ئەکا بە چیشت و میوانداری ئەکا تا لە گوشتی کورەکەی خۆی بخوا بەبێ ئەوەی ئاگای لێ بێ کە ئەمە گوشتی کورپەکەی خۆیەتی تا لێ ئەبیتەوە .
لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم گیرانەوەیەی هیرودوت لەم بارەیەوە دوور نیە لە هەندێ بابەتە وردەکانیا زیادە رەویی تیابێ ، بەڵام ئەو دلرەقی و رەفتارە توندو تیژانەی داویانەتە پاڵ ئاستیاگ لەوە ئەچێ کە راست بێ ، نەك لەبەر ئەوەی کە ری و رەسمی دەربارێ ئاشوورییەکانی کردبووە سەر مەشق لە فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ، بەلکو بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە لەو جەنگەدا کە لەگەڵ کورشی دووهەمی هەخامەنشیدا کە نەوەی خۆی بوو تەنانەت پیاوانی دەربارەکەشی لیی تەکینەوەو پەیوەندییان کرد بە سوپای پارسەکانەوە . دوور نیە کە هەر ئەم داستانە بیت کە ناوی ئاستیاگ ی تیکەڵ کردبیت لەگەڵ ئەو ئەفسانەیەی پەیوەندی هەیە بە ئەژدەهاگ (-زوحاك) وەو ئەو ئاماژەیەی لە داستانی زوحاك دا هەیە کە گۆیا فەرمانی داوە بە کوشتنی گەنجەکان بۆ ئەوەی میشکیان بکرێ بە خۆراك بۆ ئەو دوومارەی لەسەر هەردوو شانی روواوە : وینەیەك بێ لەو داستانی میوانداری کردنەی ئاستیاگ بۆ وەزیرەکەی و دەرخواردنی گۆشتی کورەکەی .

بیگومان جگە لە دلرەقی و بێ رەحمی توندو تیژی لە رادە بەدەری ئاستیاك کە ناوی لەسەرچاوە بابلییەکاندا بە "ئیشتیوگو" گوردراوە ، لە ماوەی فەرمانڕەوایی دوورو دریژی خویدا هەولی ئەدا تا لە هەموو ئەم خۆشیانەی کە کاتی ئاشتی و ئارامی بۆ فەرمانڕەواییەکی دەست رۆیشتووبێ بەزەیی دابینی ئەکات ، سوودو وەربگرێ . جگە لەمەش کەلکەلەی فراوانکردنی ناوچەی ژیردەسەلاتی ماد کە بەرەو شەرکردن و لەشکرکیشی رای بکیشایێ لەو سەردەمەدا نە لەلای (لودیا) کانەوە ئەهاتە دی و نە لەسەر سنووری بابلدا ، هەرچی (لودیە) کانن دوای ئەوەی کە شەری پینج سالە برایەوە ، ئارامی بالی کیشا بە سەر وڵاتەکەدا ، (ئەلواتس) و (کرزوس) ی کوری پایتەختیان وردە وردە کرد بە قەلایەکی قایم و سەخت و لەگرتن نەهاتوو ، جگە لەوەش شاژنی وڵاتی ماد کچی پادشای

وڵاتی لودیە بوو هەولی ئەدا کە لە نێوان ئەو دوو لایەنە خزمەدا شەڕو شۆڕ پەیدا نەبێ ، ئەلواتس و کرزوس ی (٥٤٥ - ٥٦٠ع) لەبەر ئەوەی لە ئاسیای بچووکدا هەموو کاتێك لەگەڵ یۆنانییەکاندا لە بگرەو بەردەو دە رگیریدا بوون هەولیان ئەدا تا لەوبەری رووباری (هالیس)ەوە لەگەڵ مادەکاندا کیشەی تازە بۆ خۆیان دروست نەکەن ، لە بابلیشدا نەپوسەرو نەبوکەد نەسری کوری (٥٦٢ - ٦٠٤ پیش ع) لەو رۆژگارەدا لە بەرەی فەلەستین و سوریاوەو بە هاندانی بەردەوامی میسرو جوولەکە روو بە روو بووبونەوە، لە هەمان کاتیشدا زاواو خزمی ئاستیاک بوون ، لە سەروو ئەمانەشەوە ئاستیاک بە جۆری نوقمی رابواردن و خۆرازاندنەوە بوو بوو فراوانکردنی وڵاتەکەی بە خەیالدا نەدەهات و تەنانەت لە دوای نەبوکەد نەسر کە چەند سالێك لە بێ سەروبەری و ئاژاوە زیاتر هیچ دەسەڵاتێك نەبوو لەو وڵاتەدا ، پاشای ماد وا دیارە جگە لە تەنیا جارێك خەیالی ئەوەی نەبوە کە سوود وەربگرێ لەو بارودۆخە شیواوەی بابل . لەم تەنیا جارەشدا کاری ئەو بریتی بوو لە داگیرکردنی بەشێکی خاکی عیلام کە سەر بە بابل بوو . جگە لەو کارە لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەموو ئەو سەردەمەدا ترس لە ماد باڵی کیشابوو بەسەر بابلدا ئاستیاک خۆی ئەپاراست لە روو بەروو بوونەوە لەگەڵ بابلداو تەنانەت کاتی کە (نەبونید) (٥٩٣ - ٥٥٥ پیش ع) چاوەڕوانی ئەوەبوو کە بە هۆی داگیرکردنی (حەران) ەوە پەیوەندی نێوان بابل و سوریا بپچڕێ ، لەم حالەتەشدا ماد هیچ جۆرە نیگەرانییەکی بۆ بابلییەکان فەراهەم نەکرد . ئەو هەر خەیالی لای کۆکردنەوەی سامان بوو لەناو وڵاتەکەی خۆیدا ئاشتی و ئارامی پر لە توندو تیژی بۆ ئەو هەلێك بوو بۆ ئەوەی سەروەت و سامان و شکۆمەندی خۆی رۆژ لە رۆژ بەرەو زیادی بروات ، لەگەڵ هەموو ئەوەدا خڕبوونەوەی بەشێك لەو سامان و سەروەتەی کە لە فراوانکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مادەوە پەیدا ئەبوو ئەکەوتنە دەست سەرکردەی خێلەکانی مادو خاوەن زەوی و زارە گەورەکان ، ئەم بڵاونەوەو فراوانبوونە کە سەرکردەی خێلەکانی مادی گەیاندە رادەیەکی بەرز لە پلەی ژیاندا بووە هۆی زیادبوونی هەژاری و داماوی چینە کەم دەستەکان ، لە کێلگەو لەوەرگاکاندا جوتیاری ئاسایی ئەرك و ئازاری زیاتر بوو و شوان و ئاژەلداری بێ سەرمایە باریان گرانترو سوودیان کەمتر ئەبوویەوە . لە شارەکاندا لە کاتێکدا کە کۆشکەکان روویان لە زیادیدا بوو کەلاوە شرەکانی هەژاران زیاتر تارێك ئەبوون ، لە سەروو هەموو ئەمانەوە جوانپەرستی و هەوەسبازی و دڵ رەقی ئاستیاک سەرکردەی خێلەکانیشی بێزارو نیگەران کردبوو لەگەڵ ئەوەشدا کە بە هۆی ئەوەوە گەیشتبوونە ئەو پلەو سەروەت و سامانە ، ئەم سامانە زۆرو خۆرازانەوەیەی ئاستیاک کە بوو بوە هۆی نەفرەتکردنی خەلك لە ژیانی ئەو بێگومان جۆرێك نەبوو لە ئەفسانەی ناراست و بێ بنەما ، چونکە گیرانەوەکانی هیرودوت و گەزەنفون

لەم بارەیەوەو ئەو ئاماژانەی کە لە چەند شوێنێکی تەورات دا هاتووە ، پشتگیری راستی ئەم قسانە دەکەن. دەربارەی ئاستیاگ کە وێنەی جیهانی فەرمانرەوایانی ئاشوورو بابل بوو وەك لە تەورات و باسکردن و گێرانەوەی خۆیانەوە دەرئەکەوێ شتێك نەبوو زیاتر لە دەسەڵات و شکۆمەندی‌یەکی ئەفسانە ئامێز . بە گوێرەی قسەی (ئەتنائوس) و (دیون) وا دەرئەکەوێ کە گۆرانی بێژێك ( ئانگارس) لە دەرگای کۆشکی ئاستیاگ دا گۆرانی و شیعری ئەخوێندەوە . بوونی گۆرانی بێژێك (لۆتی) ی زمان لووس لە دەرباری ئەودا ، ئەگەر بتوانرێ باوەر بەم قسەیە بکرێ ، ئەوە ئەگەیەنێ کە دەرباری ئاستیاگ یەکەمین بنکەی ماستاوکردن و زمان لووسی و چەنەبازی بووە ، کە بۆ پاشتر بە شێوەیەکی بەردەوام بووەتە مایەی گەندەڵی و خراپی و بەرەو نەمان چوونی دەزگاو دایرەی فەرمانرەوایان .

لەم بارەیەوە کوروشی هەخامەنشی - کورشی دووەم - کە لە (ئەنشان) لە جێگای (کەمبوجیەی یەکەمی) باوکی لەسەر تەخت دانیشت هەولی ئەدا لەناو خێلەکانی دەروبەریا دەسەڵات پەیدا بکات و سەرکردەکان بگاتە هاورازو هاوداستانی خۆی و بنەماڵەی هەخامەنشی لەژێر فەرمانبەرداری دیائوکویەکان رزگار بکات ، لەناو هەمو ئەو کارانەدا کە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامی ئەدا ، وەك هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان لە بەڵگەو سەرچاوە بابلییەکانەوە وەریان گرتووە ، لەگەڵ نەبوتێر پاشای بابلدا جۆرە پەیمانێکی پارێزگاری لەیەك کردن یا بێ لایەنی مۆرکرد .
کاتێ شای ماد لەم کارەی کۆرۆش ئاگادار بور بە هۆی (ماندانە) ی کچیەوە ، کۆرۆشی بانگ کرد بۆ دەرباری خۆی بۆ لێپرسینەوەو ، لەبەر ئەوەی کۆرۆش سەرپێچی کرد لەو بانگ کردنە ، شای ماد ئەم گوێ پێنەدانەی وەك یاخیبوونێك لە قەڵەم دا .

وا دیارە لەم بارودۆخەدا (نەبونید) ی شای بابل بۆ ئەوەی ئاستیاگ لەسەر خەیالی هێرش بردنە سەر کوروش پەشیمان بکاتەوە ، دەستی کرد بە جموجۆڵێك لە دەوروبەری (حەران) بۆ ئەوەی مادەکان خەریك بکا بە بیرکردنەوە لەو کارانەی ئەو ، کەچی ئەو جموجووڵانە هیچ سودێکی نەبوو لە پەشیمان کردنەوەی ئاستیاگ داو بە خێرایی دەست بەکار بوو بۆ تەمی کردن و کۆژاندنەوەی یاخی بوونەکەی کۆروش ، بە گوێرەی ئەو قسانەی کە لە (کتزیاس) وە ئەگێرنەوە لەو سێ جەنگەدا کە روویان دا لە نێوان ئاستیاگ و کۆروش دا ، لەگەڵ ئەوەدا کە ئاستیاگ لەسەرەتادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، بەڵام لە ئەنجامدا شکاو ، پاش ماوەیەك بەدیلییەتی کەوتە دەست کورۆش . باسکردنی (هیرودوت) یش کە زیاتر جێی بروایە لەم بارەیەوە دەڵی : ئەو لەشکرەی کە ئاستیاگ بەرێی کرد بۆ سەرکوت کردنی کوروش بە فیتی هارپاگوس کە سەرکردەی لەشکرەکە بوو و رق و کینەی کۆنی لەدڵابوو بەرامبەر ئاستیاك خۆی دا بە دەستی سوپاکەی کوروشەوە پاشتریش کە ئاستیاگ لەشکرێکی تری ئامادە کرد بە سەرکردایەتی

خۆی ، هەم شکاو خۆیشی بەدیل گیرا ، یەکێک لە تابلیتەکانی بابل ئەم بابەتەی لەسەر نووسراوەتەوە پشتگیری قسەکانی هیرۆدۆت ی (باوکی مێژوو) دەکات ، چونکە بە ئاشکرا تیایدا هاتووە دەڵێ : ئیشتوویگو (= ئاستیاگ) دەستی کرد بە لەشکرکێشی دژی کورووش لەشکرەکەی ماد لە دژی ئاستیاگ راپەری و پاشاکەی خۆی دا بە دەست کورشەوە بەم شێوەیە هەخامەنشییەکان بە سووک و ئاسانی جێگای دیائۆکوییەکانی مادیان گرتەوە.

بێگومان توندو تیژی و زوڵم و زۆری ئاستیاك هۆی سەرەکی بوون لە روخانی ئەم بنەماڵەیەدا ، بە درێژایی ماوەی سی و پێنج ساڵی فەرمانڕەوایی ئاستیاگ وردە وردە هەموو ئەوڕێزلێگرتن و خۆشەویستییەی کە لە سەردەمی دیائۆکۆوە (= دیوکس) بە دەستی هێنابوو لەناو خێڵەکانی مادا هەمووی لە کیس چوو . دیائۆکوی یەکەم پادشای ماد بە هۆی راست پەروەری و داوەری خۆیەوە گەیشتبووە پاشایەتی ، بەڵام ئەم پاشایە دادپەروەری ، لە رادەیەکدا بوو کە بە هۆی ئەوەوە باوکێکی خۆشی نەئەویست فەرمانی دەرکرد کورەکەی بکوژن و گۆشتەکەی دەرخوارد بدەن. لە لایەکی ترەوە خۆ خەریك کردن بە رابواردنەوە وای لە ئاستیاگ کرد کە هەموو ئەو شتانەی بە هۆیانەوە دیائۆکۆ گەیشتبوە ئەو پلەو پایەیە لەبیر بچێتەوە ، لەگەڵ ئەو ناخۆشییەی سەروەت و سامانی تازە چنگ کەوتوو تاڵانی شەرەکان بوو بوە هۆی دو بەرەکی و رقە بەرایەتی هێنابووە ئاراوە لەناو سەرکردەکانی خێڵەکاندا . ئەو سەروەت و سامانە لە ناکاو هاتووە بە جۆرێك کەوتبوە دەستی ئەم سەرکردانە کە بواری ئەوەی نەدانێ بە شێوەیەکی ژیرانە سوودی لێ وەربگرن و ئەو هەمو بە فیڕۆدان و زیادە رەوییە لە خەرج کردندا جگە لە بێزاری خەلك ، هیچ سوودێکی تری نەبوو . بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەر دوژمنێکدا بەس بوو بۆ ئەوەی دەوڵەتی بنەماڵەی دیائۆکویی یەکان لە رەگو ریشەوە هەلکەنێ ، کاتێکیش ئەو بەرەنگاربوونەوەیە هاتە پێشەوە لە راپەرینەکەی کورشدا ، هیچ کەسێ ئامادە نەبوو بۆ بەرگری کردن لەو دەوڵەتە خۆی لە مەترسی نزیك بکاتەوە ، بەم شێوەیە بوو کە لەگەڵ دەرکەوتنی هێزو توانی کورووش و بە هۆی بێزاری خەلکەوە لە کارە توندو تیژەکانی ئاستیاگەوە ، دەوڵەتی دیائۆکوییەیان دوای ماوەی سەدو پەنجا ساڵ کە بەسەر دامەزراندنیدا تێ دەپەری لە ساڵی ٥٥٠ پێش ع لەژێر گورزی سەرکردەی هەخامەنشی لە بن و بیخ دەرهێنرا.

راستە کە ماوەی سەربەخۆیی و یەکگرتنی ماد زیاتر لە نیوەی ئەو ماوەیەدا درێژەی نەکێشاو لە نێوان بەرزبوونەوەو دابەزینی ئەو دەوڵەتەدا لە رووخانی شاری نەینەواوەتا رووخانی شاری هەمەدان ، زیاتر لە شەست ساڵی نەخایاند بەڵام ئەو رووخانە پێش ئەوەی رووخانی دەوڵەتێك بێت ، رووخانی زنجیرەیەك پاشایەتی بوو . فەرمانڕەوایی

ئاستیاگ گوازرایەوە بۆ کوروشی کچەزای خۆی ، بەڵام ئەو دەوڵەتە خاوەن هێزو توانایە کە خێڵە ئێرانیەکانی سنووری زاگرۆس ، واتە مادو پارس هێنایانە دی مایەوەو بەرەو گەشەکردن و کامڵ بوون ڕۆیشت بە هۆی هەوڵ و کۆششی کوروشەوە . خاکی مادیش بوو بە ناوچەیەکی حاکم نشینی سەر بە ئیمبراتوورییە تازەکەو خێڵەکانی مادیش وەك جاران بە ناو و ناوبانگی دێرینی خۆیانەوە مانەوەو دواتریش هەموو کاتی بە تایبەت لای یۆنانییەکان نەتەوەی مادو پارس وەك یەك نەتەوە ناو ئەبران و لە ڕاستیشدا لەگەڵ ئەو گۆڕانەی کە هات بەسەر بنەماڵەی پادشایەتیدا ، جیاوازی ئەوان وەك جیاوازی ئەمرۆی کوردو لور زیاتر نەبوو.

بەهەرحاڵ کورشی دووهەم ، پاشای هەخامەنشی شاری (ئەنشان) هەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مادی پێشو ، کە بەشی زۆری خاکی ئاشووریش بەبەشێك لە خاکی ئەوان دادەنرا خستە سەر میراتی هەخامەنشی خۆی و یانزە سالیش دوای ئەوە ، بابل بە هەموو خاکەکەی خۆی و میراتی ئاشووریشەوە خرایە سەر ئەو ناوچە پان و بەرینەی هەخامەنشیەکانەوەو بە داگیرکردنی بابلیش لە سالی ٥٣٩ پێش عیسادا گەورەترین ئیمپراتوری ئێرانی لەم ناوچانەدا بە هۆی پارسەکانەوە هاتە ئاراوە.

میرات و کەلتووری گرنگ و سەرەکی کە بە هۆی رووخانی هەگمەتانەوە ، لە مادو بنەماڵەی دیائۆکوییەکانەوە بۆ ئێران بەجێ مابێ گومان هەر ئەو میراتبەرەی ئەم بنەماڵەیە بوو : کوریشی دووهەم . کۆروشی گەورە ، بۆ ؟ چونکە ئەم پاشایەی هەخامەنشی نەك تەنیا بەشێك لە فەرهەنگ و پەروەردەی دەرباری مادەکان لە ڕێگای دایکیەوە بە میرات بۆ مابووەوە ، بەلکو لە هەمان کاتدا تەواوی ڕێو ڕەسم و داب و نەریتی دەولەتی دیائۆکییەکان لەگەڵ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئاستیاگ ی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە . جگە لەم خالە سەرەنج راکێشەکە مۆغەکانی ماد لەگەڵ پیاوە ئاینییەکاندا ، لای پارسەکانیش بە هەمان شێوە وەك جێبەجێ کەرو بەجێ هێنەری داب و ری و رەسمی ئایینی مانەوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خێلەکانی مادو پارس لەگەڵ ئەوەدا کە بە درێژایی چەندین سەدە لە خێلەکانی تر جیا بوبوونەوە ، هەروەها ئەورێ و رەسمە ئایینییەی خۆیان پاراستبوو داب و نەریتی هەردوو نەتەوەکە بە شێوەیەك چوون یەك بوون ، کە بە جێ هێنانی ڕێ و ڕەسمی ئایینی پارسەکانیش بە هۆی پیاوە ئایینییەکانی مادەوە جێ بەجێ ئەکرا. دیارە کە لە نێو هەردوو نەتەوەکە دا هەمو پیاوە ئایینییەکان لە زومرەی موغەکان بوون ، بەلام بە هیچ جۆرێك هەموو موغەکان پیاوی رۆحانی نەبوون . بۆ نموونە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کوری کوروش دا سەرپەرشتیاری کۆشکی پاشایەتی یەکێك بوو لە موغەکان و بە هیچ جۆرێك بەلای رۆحانی و کاهنی و کاروباری ئایینیدا نەئەچوو هەر چۆنێ بێت هیرودت مۆغەکانی لە تیرەیەك لە شەش تیرەکەی ماد

دانـاوەو لـە نوسـینەکەی بیسـتونی داریوشـی گەورەدا بە جۆرێك باسی مۆغەکان کـراوە کـە ئەمانـە نەتـەوەو تیرەیـەکی تایبـەتن و بـەم شـێوەیەش نـاتوانرێ لەسـەرەتاوە وەك چـین و توێژێکی کۆمەڵایەتی تایبەت دابنرێن ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، لەبەر ئـەوەی لـە دەربـاری پاشاکانی مادو دواتریش لە دەرباری پاشاکانی پارسـدا رۆڵـی ئـەم موغانـە بـە زۆری لایـەنی ئایینی بووە ، دوورنیە پاشتر بوونە چینێکی تایبەت ، کە خۆیان تەرخان کردبێ بۆ بەئەنجام گەیاندنی کاروباری ئـایینی لـەناویاندا . ئـەو مەسەلەیەش کـە ئـەوان خۆیـان پاراسـتووە لـە ناشتنی مردوو و لە بارەی ژن و ژنخوازی لەگەڵ کەسانی نزیکـدا هـەروەها دەربـارەی کوشـتنی گیانەوەری زیانـەخرۆ (زیان بەخش) و هـەندێ رێ و رەسمـی تـری ئـەوان کـە لای ئیرانیـە خۆرهەڵاتییەکان باو بووە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە موغەکان دوور نیە بە تایبەت بە هۆی ئەو رۆڵەوە کە بینیویانە لە جێبەجێکردنی رێ و رەسمـی ئـایینیدا ، بیروبـاوەڕو داب و نـەریتی کۆنـی سـەردەمانی پێشـوویان پاراسـتبێ لـە تێکەڵ بوونی لەگەڵ بیروباوەڕو داب و نەریتی نەتەوە کۆنەکانی ئیران و بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ ئیرانیـە خۆرهەڵاتیـەکاندا ، ئیرانییـەکانی سـەردەمانی کـۆن زیـاتر لـە خێلـەکانی مـادو پارسـەوە نزیـك بـوون .ئـەوەش کـە ئـایینی زەردەشـت و سـروودو رێنماییـەکانی بـە هـۆی ئەوانـەوە لـەناو نەتـەوەکانی خـۆراوای ئـێراندا بڵاوبووەتەو دیارە ئەبێ هەر بەم هۆیەوە بوبێ.

ئەمـە هـەموو نیشـانەی ئەوەیـە کـە بـیرو بـاوەڕو رێ و رەسمـی ئـایینی خێلـەکانی مـاد لەگەڵ ئەوەی کە لای خێلەکانی تری ئیراندا باو بـووە پێـش پـەیدابوونی زەردەشـت جیـاوازی نەبووە نابێ بۆ خێلەکانی ماد بە دوای ئاینێکی تردا بگـەڕێن جگـە لـەوەی کـە لای پارسـەکان هـەبووە. لەمـە گـەڕێن ئـەم خالـەش کـە لـە سەرەتای سەردەمی هەخامەنشی و لە کاتێکدا کە هێشتا ماوەیەکی زۆر تێنەپـەڕیبوو بەسـەر لـەناوچوونی ئاسـتیاکداو تەنانـەت هـەندێ لەناحـەزانی هەخامەنشـییەکان خۆیـان ئەدایـە پاڵ بنەماڵەی دیائوکوییەکان و لە نووسینەکەی داریوش بۆ باسکردنی کارەکانی خۆی لەسەر بەردەکان کـە نـەهاتووە زمـانێکی تـر جگـە لـە زمانی پارسەکان بەکار بینێت ، ئەمە نیشانەی ئەوەیـە کـە خێلـەکانی مـاد لـەو سـەردەمەدا زمـانێکی جیاوازیـان نـەبووە ئەگـەر جـۆرە جیاوازییـەکی کـەم لـە شـێوەزاری ئاخـاوتندا شێوەی دەربڕینی ئەو دوو نەتەوەیەی لەیەکتر جیا کردبێتەوەو ئەوە ئەو جیاوازیە بە رادەیەك نـەبووە کـە داریـوش ناچـار بکـا بـۆ ئـەوەی کارەکـانی خـۆی بـە زمـانی ئـەوانیش بنوسیتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شارستانیتی ماد . کـە لەسـەردەمی پارسـەکاندا هـەروەها لـە گەشـەکردندا بـوو ، دیـارە جگـە لـە رەگـەزە ئیرانیـەکان ، هـەندێ شـتیان لـە نەتـەوەکانی دانیشـتووی کۆنـی زاگـرۆس و نەتـەوەی ئورارتۆو و ئاشوور عیلام وەرگرتبوو.

تێکەڵ بوونی ئەم فەرهەنگ و کەلتوورو ئاسەوارە تەنانەت لە ناو گەنجینەی زیویەو بابەتە برونزییەکانی لورستاندا کەوتوونەتە بەردەست و هەرچەند ئەم شتە ئەنتیکانە لە حالیکی وادانین کە بەتەماشاکردنیان بتوانری بەشێوەیەکی وردو تەواو بەشی هەرکام لەنەتەوەکانی ماد ، سکایی ، ئاشووری ، عیلامی و ئورارتویی لەیەك جیابکرێنەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەو بابەتانە ئەتوانی رووناکی بخاتە سەر شێوەی ژیان و چێژ و سرووشتی خێلەکانی ماد و ئەو نەتەوانەی لە دەورو بەریاندا ژیاون .

ئەوەش کە هێرودت باسی ئەکاو ئەڵی : پارسەکان تەنانەت لە جۆری جلو بەرگیشیاندا چاولێکەری و لاسایی مادەکانیان کردۆتەوە نیشانەی ئەوەیە کە بە زۆری لە وڵاتی بابل و لودیە دا خەلك کوروشیان وەك میراتگریکی دەولەتی مادیان لەقەلەم داوە و بەدرێژەی ئەو دەولەتەیان داناوە .

---

ئەم نووسینە بەشیکی کتیبەکەی دوکتۆر عبدالحسینی زرین کوبە دەربارەی مێژووی میللەتانی کۆنی ئیران .

لە کتێبی ( تاریخ مردم ایران قبل از اسلام ) لاپەرە ( ٨١ - ١٠٧ )

# بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی

لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێرانی :
شێرزاد کەریم
ئامادەو پەراوێز بۆکردنی :
سدیق سالح

**بەرچاو رۆشنکردنەوەیەک :**

کاتی خۆی کە دەستخەتی کوردیی کۆمەلێک بیرەوەریی خوالیخۆشبوو "عەبدولعەزیز یامولکی" مان بە هۆی خالە غەفووری میرزا کەریمەوە کەوتە دەست ، نەمانزانی کێ کردوویە بە کوردی ، ئەوەندە نەبێ کە دەقە تورکیە بنەرەتەکەی لە لای کاک جەمالی حەمە سەعیدی خەیاتە . ئەوەبوو خۆی چۆن بوو ئاوا نووسرایەوەو هەر ناو نیشانی "بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی" مان خستە سەرو، لە جووتە ژمارەی ٢٧و٢٨ ی گۆڤاری (مامۆستای کورد) دا بە کۆمەلێک پەراوێزی مامۆستا محەمەد رەسووڵ هاوارەوە بلاو بووەوە . پاشتر ساخ بووەوە کە دەقە تورکیەکەی پیش راپەرین دراوەتە مامۆستا ع.ع . شەونم و ، ئەویش داویە بە کاک شێرزادی کەریم شالوومی تورکیی عوسمانیزان و سەروبەندی راپەرینی ١٩٩١ بەچوار مانگێک لە وەرگێرانی بووەتەوە . ئەو راستییەش بۆ میژوو لە ژمارە ٣٠-٣١ ی هەمان گۆڤاردا بلاو کرایەوە.

کوردیەکەی کاک شێرزاد لەو دەقە بلاوکراوەدا ، هەم عەرەبی ئامیزو هەم دارشتنەکەی نا پوخت و بێ داروبار و لیرەو لەوێ لە ریزمانی کوردی بەدەرە. ئەمە هانی دام لە دەستبەتالییەکمدا بەپیی شارەزایی و سەلیقەی خۆم لەگەڵ دەقە تورکیەکەدا بەراوردی بکەمەوە . سەرەنجام بۆم دەرکەوت پتر لە دوو لاپەرەو گەلێک برگەو دیرو وشەی نەکراونە کوردی و چەند ناوو ساڵ و شوینیکی هەلەیان تیدا کراوە . جگە لەوە ، هەوڵ نەدراوە بیرەوەریەکان بەپیی زنجیرەی میژوویی ریك بخرینەوەو ، بابەتەکانی وەکوو خۆیان ریز کراونەوە . سەرباسی (یاخیبوونی

قوتابخانەی جەنگ) پەڕیوەو ، دوا بەدوای باسی (لە ئیمپراتۆرییەتی عوثمانلیدا بانگەوازی (مەشروطییەت) هاتووەو تێکەڵی کراوە . باسی ئەو موجەوهەراتەی کە لە سەرای ییلدز تالآن کراوە) نیوەی زیاتری قرتاوەو تێکەڵی باسەکەی دوای خۆی کراوە . ئەوە یەکەم وەرگێرانی کاك شێرزاد بووە ، بۆیە ڕەنگە زۆر جێی گلەیی نەبێ.

جا بۆ پوختەکردنەوەی دەقە کوردیەکەو ، لەبەر ئەوەی لە کوردستان بڵاو نەبووەتەوەو گۆڤاری (مامۆستای کورد) یش تاکو تەرا دانەی لێ گەیشتووەتە ئێرەو ، بابەتەکەیش دیوێکی ژیانی عەبدولعەزیز یامولکی و مستەفا پاشای باوکی و گەورەکانی بنەماڵەی خەندان و دوا دواییەکانی حوکمی عوسمانی لە زمانی کەسێکی لە نیزیکەوە ئاگاداری هەل ومەرجی ئەو سەروبەندەوە دەخاتە ڕوو ، بە پێویست و بە سوودم بینی ئامادەی بکەمەوە . پێشەکی زنجیرەی مێژوویی باسەکانم ڕێکخستەوەو هەڵە ناوبراوەکانم ڕاست کردەوەو ، کاك شێرزادیش لاپەڕەو برگەو دێرە وەرنەگێردراوەکانی کردنەوە بە کوردی و ، پاشان هەموویم دارشتەوەو چەند پەراوێزێکیشم بۆ ڕاست و ڕوونکردنەوەی چەند شوێنێکی بیرەوەریەکان کرد.

پێویستە بڵێم: دەقە تورکیەکە ( ٣٩ ) پەڕەی تایپ کراوەو ، هەر پەڕەیەکی تەواوی تێکرا ( ٣٠) دێر کەمتر نییە . ( ١٦ ) پەڕەی سەرەتای بە دەستخەت لە یەکەوە تا (١٦) ژمارەیان لێ دراوە . لەوە بەدوا پەڕەکانی دیکە بە تایپ ژمارەیان لێ دراوەو لە (ص١) ەوە دەست پێدەکەن تا (ص١٨ ) . ( ٥ ) پەڕەی دواییش کە بۆ ژیاننامەی مستەفا پاشا یامولکی تەرخان کراون ، بە تایپ لە یەکەوە تا ( ٥ ) ژمارەیان لەسەرە .عەبدولعەزیز یامولکی لە باسی (بنەماڵەی یامولکی) شدا ژیاننامەی باوکیی بە کوردی هیناوەتەوە .بەڵام لیرەیشدا وەك ئەمانەت وەرگێردراوی کوردیی دەقی تورکیی ژیاننامەکەم دووپات کردەوە .

بابەتەکە بریتییە لە ژیاننامەو بیرەوەریی عەبدولعەزیز یامولکی ، بۆیە بە دروستم زانی ئەو( ١٨) پەڕەیەی دوایی لە (ص١-ص١٨) بهێنمە پێشەوەو بیکەم بە سەرەتای بیرەوەریەکان کە گومانم نیە لە بنەڕەتدا خویشی وەها بووە . لەبەر ئەوەیش کە جگە لە وردە سەر باسەکان ، ( ص١ ) ناونیشانێکی دیاری لەسەرە و ، هیچ گومانی تێدانییە کە سەرەتای بیرەوەریەکانە . (١٦) پەڕەی پێشەوەی دەقە تورکیەکەیشم خستە دواوەو ، بەپێی بەروداوکەوتنی بەسەرهاتەکان ڕێکمخستنەوە .

عەبدولعەزیز یامولکی لە پێشەکیی یەکەم بەشی بیرەوەریە بە عەربی نووسراوەکانیدا (كشف القناع عن بعض الوقائع العراقية ،ص٥ ) کە ساڵی ١٩٢٤ بەرەو ژوور دەگریتەوە ، گوتوویە :- "بیرەوەریەکانی خۆمم بە دوو کتێب نووسیوە ؛ یەکەمیان بیرەوەریەکانمە لەسەر ڕوداوو کودەتاو شەڕەکانی سەردەمی عوسمانی و خیانەتی دەوری دەرباری سولتان و چۆنایەتیی سەرهەڵدانی ئیتیحادو تەرەقی و

حورییەت و ئینتیلاف و پاشان پەیدابوونی جوولانەوەی کەمال و راستی و رووداوە نهێنییەکانی و کۆچ پێکردن و کوشتنی ئەرمەن و کورد تا هەڵاتنی خەلیفەی موسولمانان و دوورکەوتنەوەم لە تورکیاو پەنابردنم بەر ئەلمانیا . ئەمە بە زمانی تورکی بڵاودەبێتەوە"

. هیچ گومانی تێدا نییە کە مەبەستی ئەم بیرەوەرییە بە تورکی نووسراوانەی بەردەستە . جێی باسە ، عەبدولعەزیز یامولکی بەپێی (هەمان سەرچاوە ، ل ١١،١٠) یاوەری تایبەتی سولتان وەحیدەددین (محەمەدی شەشەم) بووە ، کە سولتان سالی (١٩٢٢) هەڵاتووە ، ئەویش پەنای بردووەتە بەر فەرەنسەو ئەلمانیاو ، پێدەچێ کۆتایی ١٩٢٣ یا سەرەتای ١٩٢٤ هاتبێتەوە بۆ عیراق.

بەڵام بە خوێندنەوەی سەر لەبەری ئەم بیرەوەریانەدا دەردەکەوێ تا سالی ١٩٠٩ ی هێناوە، ئەوە نەبێ کە باسێکی بۆ کۆچی دوایی سولتان محەمەد رەشاد لە ١٩١٨ دا تەرخانکردووە . واتە ماوەدای نێوان ١٩٠٩ – ١٩٢٢ و بگرە تا هاتنەوەی بۆ عیراقیشی تێدا نییە . بۆیە زۆر پێدەچێ ئەو بەشە لەم دانەیەی لای ئێمە کەوتبێ یان ون بووبێ . دەنا هیچ ریی تێناچێ کابرایەکی بە سەلیقەی وەك عەبدولعەزیز یامولکی ئاوا بە کەموکورتی هێشتبێتیەوە . دیارە هەر دەبێ ئەم بیرەوەریانە دانەی دیکەیشی هەبن و کەوتبنە ئەملاو ئەولا . ویرای ئەوە ، ئەو بەشە نادیارەی بیرەوەرییەکانی ، بە تایبەت پاش مەشرووتییەت و ئاگر بەستی یەکەمین جەنگی جیهانی ، لە رووی سەرهەلدانی کێشەی کوردەوە زۆر گرنگەو ، هیچ دوور نییە لای لێ کردبێتەوە ، چونکە ئەوی بزانم دواتر ئەندامێکی (کۆمەلەی تەعالیی کوردستان) بووەو لە گۆڤاری (ژین) ی ئەستەمولیشدا نووسینی بلاو کردووەتەوە.

من چەند سالێکە لە هەولی پەیداکردنی نەك هەر پاشماوەی ئەو بیرەوەریانە ، بەلکە بەرهەمەکانی دیکەی ناوبراویشدام و ، دلنیام گەلێك نووسینی تا ئێستا بلاو نەکراوەی هەن و بەردەست نەکەوتوون . هەر لەم بیرەوەریانەی خۆیدا گوتوویە : بیرەوەریی تایبەتی لەسەر شەری بالکان (١٩١٢) تۆمار کردووەو ، کتێبێکی تایبەتیشی لەسەر بیرەوەریی خۆی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا داناوە.

لەم رووەوە کەس و کارو نیزیکانی عەبدولعەزیز یامولکی و ئەو رۆشنبیرانەی کوردیش کە لە نیزیکەوە ناسیویانە ، گلەییان لە سەرە کە نە بە خوێندەواری کوردیان ناساندووە و نە بەرهەمەکانیشیان لە فەوتان رزگار کردووە. ئومێدم وایە چاپکردنەوەی ئەم بیرەوەریانە ، ئەگەر چی ناتەواویشە ، سەرەتایەکی دیکە بێ بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی بەرهەمەکانی یامولکی . جێی باسە ، هەردوو وێنەی (حسێن پاشای خەندان؟) و سەعید پاشای کوری ، کاك کەمالی مەجید بەگ بۆی هێنام ، سوپاسی دەکەم .

۱ ... ـــ يدى حكمدار واوچ جمهوريت حكمى آلتنده كردیكلرم ـــ

ابونم وتولدم :

ياملكى وخندان طائفه لرى شجره لرنده اولدينى كبى والده م صفيه خانم خندان
زاده حسين پاشانك قزى اولرب ظفرخانمدن تولد ايتمشدر .
پدرم مصطفى پاشا ياملكى ... يشديه سندن صكره بغداد مكتب اعدادى عسكريسنى بيتيروب
استانبول مكتب حربيه سنه ... صكره ده ا... تاريق ايدبلديكنده جدم حسين پاشانك
بركورد ... أوى ديه طانيلمش ايسندن زيارت ... برلنمش وتيزه م حبيبه خانمك زوجى عسكرى قائمقامى
سليمانيه لى عبد القادر بك دلالتيله دواى زياده لشمش ونهايت هنوز اركان حربيه مكتبنده ايكن
۲٥/آغستوس/ ۱۳۰۲ رومى ــ ۱۸۸٦ ميلادى تاريخنده عقدلرى اجرا قلنمش ومكتبى ختامده
۱۳۰٤ سنه روميسنه مصادف ۳ مايس ۱۸۸۸ تاريخنده اسكدارده صالاجق اسكله سى ياننده كى
خانه ده زفافلرى اجرا قلنمشدر .
والده م ابتدائى تحصيلنى بيترمش ايسه ده بك چوق عقللى ويوكسك تحصيل كورنلركبى
هردرلو معلوماتدن بهره دار بولنيوردى .
۲/تموز/ ۱۳۰۳ روميده حسين پاشانك وفاتى مناسبتيله تأثرلرينى تسليه مقصديله جون
بيوك والده لرم ظفرخانمله سرافرازخانم واوچ تيزه م ووالده مه سلطان عبد الحميدخان ثانى طرفندن
بهرينه ٥٠٠ غروش صاغ قيد حيات معاش تخصيص بيورلمش وبرفرمان موجبنجه معاشلر توركيا آهلان
جمهوريتنه قدر حياتده قالانلرجه استلام ايديلمكده بولنلمشدى .
پدرم مكتبنك ختامنده برسنه قدر اركان حربيه عمرميه دائره سنه دوام ايتمش وصكره
بيوك والده م ظفرخانمك حج آرزوسنه تبعا حجاز فرقه سى اركان حربيه سنه نقل ايديلمشدر . ايشته
بن اووقت مكهٔ مكرمه ده ٨/كانون الاول ١٣٠٦ رومى و ٨/جماذى الاول/ ١٢٠٨ هجريه تقابل
ايدن ٢١/كانون الاول/ ١٨٩٠ تاريخنده برجمعه ايرتسى صباح اذانى وقتنده جبل ابو قبيس
اوزرنده كائن خانه ده تولد ايتمشم . ايرتسى كونى پدرم بنى كعبهٔ شريفه كوتوره رك ايجرى ادخال
ايديلمشم .. كعبه شريفه ايچندن چيقاريلديغمده محافظلر بنى تبرك ايدرك اوپمكه باشلامشلر و
بيوك والده م برمناسبتله حيلتنك صونته قدر صرتنى اوپر وتبرك ايدر بولنوردى .
تصادفاتدندركه تولد تاريخم بغدادده فرات اوزرنه يابيلان بيوك سده هنديه لك
تاريخ افتتاحنه ومشهور برعالم اولان محمد فيضى الزهاويننك ۲/جماذى الاول/ ۲۰۸ هجريه تاريخنده
طقسان ياشنده وفاتنه تصادف ايدر .
مكهٔ مكرمه ده بولنديغمز بربوچوق سنه ظرفنده جده بجه حج ايديلمش وطائفده
اقامت ايديلمش وظهور ايدن قرارده والده مده طوتولمش ايسه ده برهندلى دا ... همتيله قورتولمشدر
مكهٔ مكرمه ده بولنديغمزده ابونم برسودانلى جاريه العش وبزى ( قدم ) تسميه
ايدرك وآزادلايارق بكا دادى تعيين ايتمشلردر ، بودادیم طقوز ياشمه قدر بزمله برابر بولنمش و
صكره بغدادده برلنديغمزده برپوليس قوميسريله ازدواج ايدرك بزدن آيريلمشدر .

ص ۹

## سلیمانیه ده :

ایلك اوقومه مه سلیمانیه ده باشلادم . معلم پاپامه ده معلملك ایتمش اولان عرفان افندی‌ایدی . عرفان افندی اسمی کبی تماماً صاحب عرفان بر ذات ایدی . بونك ۱۹۰۶ تاریخنده مکتب حربیه ده‌ن سواری ضابطلکیله چیقان جمال عرفان اسمنده بر اوغلو واردی . بو ۱۹۲۱ تارخلرنده سلیمانیه شیخ محمود اداره سنده ایکن کندیسنك جاهل مللر علیهنده سرپن کلمه لر حرف ایله مسندن بر کیجه قتل ایدیلمشدر . قاتل حالا طوتولمامشدر . مرحومك کوجك یاشده قالان اوغلو عادل خاله زاده‌م محمد امینك قزی کمیله ایله ازدواج ایتمش و بر چوق چوجقلری میدانه کلمشدر .

هیچ اونوتمام بز سلیمانیه‌یه واردیغمزده اقربالر بر چوق هدیه لر کتیرمشلردی ، بونلرك آره‌سنده والده ملك عموجه زاده لرندن سعید بكك کتیردیکی کوکرجینلر له بر قورد یاورسیده واردی بن بونی حوض باشنه باغلامش بر کون (الفجر) سوره سنی درس آلیرکن کوزم بر درلو قورد یاورسنك اوزرلرندن آیریله مدیغندن معلمدن بر ... تقات یدم . بیوك آننه‌م معلمك اوردیغی طرف جهتنده یانما دیه رك بنی تسلیه ایتمشدی .

هرجمعه نمازندن صکره بیوك والده‌ی حسین پاشانك بیوك حرمی صفتیله زیارت ایچون خانه‌ته هر طرفی اقربالرله طولار و بر طاقی کلیر و بر طاقی کیدر ایدی ... زدانلر اقربالق تمامیله بربرینه مربوط اقربالق ایدی . والده‌م ملك بیوك موتحلر ... ریان وسیاتده قالمش اولان معروف بك و عبدالرحمن بك کبی عموجه لریله بونلرك اولادلری و متعلقات ایکی یوز کشی‌یی کچر ایدی .

معروف بك طقسان یاشنی کچدیکده اوغلنك دایه سنك قیزینی ۱۳ یاشنده نكاح ایتمش و بوندن ارسلان کبی محمد بك تولد ایتمشدر .

تام یدی یاشنده ایدم ۱۳۱۲ سنه‌سی نیسانده مصادف بر کون قشله اوکنده عسکری موزیقه ولوله انداز اولیوردی ، مکر اوکون عثمانلی اردوسنك دوکه محاربه سنده موفقیتنه تصادف ایدیورمش .

پدرمك ۱۳۱۴ رومیده قارص قونسلوسلغندن بغداد آلتنجی اردو ارکان حربیه سنه نقلی اوزرینه تبریز طریقیله سلیمانیه‌یه کلدی و بزلری بغداده کتوردی . سلیمانیه ده کوچه وکان آسکان محله لری آره‌سنده اکثریتله وقوعبولان محله جوجقلری (شره کرك) غاغالری بنده اونودولماز بر خاطره براقمشدر . سلیمانیه دن آتلر اوزرنده سکیرمه طریقیله یوله دوزولمشدك چونکه او زمانلریکانه یول بو ایدی .

## بغداده :

بغدادده اولا کلیسا باشنده بر خانه ده اقامت ایتدك که شیمدی اورالر هب کسیلمش و جاده اولمشدر . اوراده پاپام قائمقام رتبه سیله آلتنجی اردو ارکان حربیه ریاستنه ۱۰/مایس/۳۱۲ رومیده تعیین وبنده ۸/ ایلول /۱۸۹۸ ده مکتب اعدادی ملکی برنجی صنفنه ادخال ایدیلدم .

او تارخلرده استانبولده بولنان عمه‌م حبیبه خانمك زوجی عسکری سبزه قومسیونی رئیسی قائمقام عبد القادر بکدن انفصال ایتدیکی بری کلمسی اوزرینه بیوك والده‌م استانبوله حرکت ایتدی . برمدت ... بزده میدان ... سنده شیمدی ... ح کوشه‌سی باشنده ... رتل اولان بیوك بر خانه‌یی صاتون آلارق ... اورایه طاشی ... ری نامق پاشانك خانه سی بزه آرقادن بیتیشیك.

ص١٨

فرانسزجه يي مرسيرده پروا وروسجه يي غوسيبوديني فاصيرتسكي كبي متخصصين ويرلردي . بونلرك بعضيسنك مشهور مؤلف احمد رفيق و ميرآلاى سداد بك كبي معاونلري واردي .

عسكري مكتبلرده بش وقت نماز مجبوري ايدي . قصور ايدنلر شدتلي جزا كوريرلردي .

طلبه مشهور نامق كمالك جزمي وطن سلسترهسي اثرلريني ويا شريف پاشانك پاريسده نشر ايتديكي غزته لري الده ايدرك اوقومق ايچون زياده سيله تهالك كوسترولر و بوكبي نشريات الدن اله گيزليجه طولاشيردي .

بر كون تدقيقات جيقدقده عموميتله يولدنكوري جوريلدك ومكتبه وارنجه عموميتله تنفسخانه لره طولديريلدق . بر مدتده بتون كتاب والبيسه طولابلري خابجللريمز دلرندن آرانمش و اوزمان منور دنيالي اثرلردن كنديلرنده ظهور ايدنلر حبس و بر ى ايديلمشدي . ايشته بونلر آراسنده قسمت دارنده ايله بكربوسنه كبي ايكي بك قيمتدار اثرلر واردي .

ديكر بيرك والدهم سرافراز خانم اوزمان دايمك بولنديغي ننار يواندهكي خانه سنده اجليله ۲۲/مارت/ ۱۹۰۹/ ۳۲۵ صالي كوني وفات ايتمش و ايوب سلطانده دفن ايديلدي .

حربيه اوچونجي صنفنده بشر مجيديه معاش آليردق بوزانده ديا كتابلر توزيعنده صاجلريمز معاينه اولنور كسيليردي . سنه ده اوچ خصوصي امتحان واردي . موفق اولاميانلر هفته اذنلرندن منع ايديلير و بر ممنوعيت بعضا هفته لرجه سروردي .

هركون هر صنفدن بر طلبه مطبخده نوبتجي بولنور و او ماصه سني بك سرسلي حاضرلاردي . وهر كون يمكلرك بر نمونه سي بر تابله ايله و نوبتجي طلبه اله سرايه كوتورولور ايدي .

هر رمضانك ۱۹ نجي كوني بتون حربيه طلبهسي ييلديز سراينه كوتورولور و افطار نصكره بيوك صينيلر اوزرنده كومهلرله بولنديريلان آلتونلردن بر دانه كديش كراسي استيله هر طلبه يه ويريليردي . هر آقشام يمكدن نصكره بتون طلبه حوربا شنده طولانير و اوامر يوميه اوقونديقدن نصكره اوچ دفعه پادشاهه دعا ايديليردي .

٩

## ث  یوسف عزالدین افندی :

سلطان رشادك جلوسیله آل عثمان قانونی موجبنجه سلطان عبدالعزیزخان مرحومك اكبر اولادی ینمسندن ولیعهد اولمشدی .

مشارالیه زنجیرلی قیوده بیوك آقتتلی بر كوشكده اقامت ایدردی . ۱۹۱۲۰ تاریخنده منسوب اولدیغم سواری آلایك دردنجی بلوكیله بن بو كوشكك تام قارشیسنده اقامت ایتدیكمزده بو سرایله و بالذات كندیسیله ارتباطمز زیاده اولمشدی .

بوشهزاده اتحادجیلرله مغایر افكارده اولدیغی حس اولنوردی . داماد صالح پاشا ایچون قوروولان ترتیباتدن نصكره اعدام ایدیلمك ایستندیكده بالذات كندیسی پادشاهه مراجعت ایتمش و لكن قورتاراماديغندن چوق متأثر قالمشدر .

حرب عمومی باشلادیغنده اتحادجیلرك بولغاندالرینه قارشی ( بن نه ماكدونیا ایسترم ونه ده مصری .. حدودمزی توسیع ایتمكسزین داخلی وضعیتنی اصلاح ایتملی یز .. ) دیه سویلر و حتی او زمانلر استانبولده منتشر ( مونیتور اوریانتال ) غزته سنه وقوعبولان بر بیاناتنده ده بونی تكرار ایتمسی اتحادجیلری غضب حالنه كتیرمشدی .

~~یوسف~~ یوسف عزالدین افندی پدری سلطان عبدالعزیز خانك وقوعبولان خلعندن نصكره طمارلرینی كسمك صورتیله حیاته خاتمه ویردیكی و بو وقعهٔ فجیعه نك اسبابنی اكثریتله سویلر و بعض اتحادجی رؤساسنه ( بن سلطان عزیز اوغلیم .. سویلدیكی یاپارم .. ) دیه تهدیداته بولنمشدر .

حرب عمومی باشلانغجنده چناق قلعه جبهه سنی زیارت ایتدیرمشلر و بونك بو زیارتدن عودتنده صحتنك مختل اولدیغی بیان ایدرك اسوجره یه تبدیل هوایه كیتمسی ایسته مش ایسه ده منع ~~ایتلمش~~ ایدیله رك اوستریایه كیتمسی موافقت اولنمش ویرده حیثیت شخصیه سنك بو صورتله جریحه لنمسندن پك متأثر اولمشدر .

نهایت اوستریایه كیتمسی مجبوریتنده قالدیغنده حركتندن بر كون اول آنسزایده مدفون والده سنك مرقدینی زیارت ایدرك كوشكه عودتنده استراحت ایچون اوطه سنه چكیلمش و هیچ راحتسز ایدیلمه مسنی امر ایتمش و ایرتسی صباح اوطه سنه كیره ن نوبتجی قالفه مرحومی قانلر ایچنده كورونجه استمداده باشلامش و شیشلی اطفال خسته خانه سندن كتیریلمك ایسته نن طبیبدن اول سرای اركانی جرحی صارمغه قالقیشدقلرنده ( براقكز بنی .. كوره جككز عاقبتلره شاهد اولمامق ایچون حیاتده قالمه مي ایستیورسیكز .. ) دیه صارغیلری قوپارر و طبیبك ورودندن اول ترك حیات ایتمشدر كه مشارالیه بر اوستره ایله قولنك طمارلرینی كسمشدر .

~~حفظه~~ مشارالیهك بو صورتله وفاتی اوزرینه ولی العهدلك وحیدالدین افندی یه انتقال ایتمشدر .

٤

<u>مكتب حربيه عصيانى :</u>

مشروطيتك اعلانى حركتى نشئه دار ايتمشدى . سالنامه لرده مدرج وصفره لغو ايديلمش شمائلى انسان حقوقى يكيدن استحصال الله بولنيوردى .

حربيه طلبه سندن مختلف رتبلرده ترفيع اولنوب دكره آتيلديه رق طوبخانه عسكرى حبسخانه لرنده قالان بر چوق طلبه تكرار مكتبه اعاده اولنديلر . خرستيانلر آرتيق قورقميورلر وارمنيلر هر عسكرى كوردكجه قوجاقلايورلردى . حتى بغدادلى بر طلبه بك اوغلو جاده سنده ارزمان استانبول كوزلى ديه ميلادن بر خرستيان قيزينه صاريلازاق اوپمشدى . لكن بو حادثه قارداشلق حسيله يابيلدى ديه كه ارتلرجه اوتيلمشدى .

مملكتده اتحاد وترقى وحريت وائتلاف وصلاح الدين فرقه لرى هر طرفده كندى منفعتلرى ايچون فعاليته قويولمشلردى . سياسى جريانلر حقنده كى معلوماتى آرو بر بحثه ترك ايديرم . بوراده خلاصه وقائعدن بحثه كچه جكم .

اتحاد وترقينك ايلك اجراآتندن اولاراق ماكدونيادن بر قاچ آوچى طابورلرى استانبوله كتيريلمش وعليم نمايشلرله قارشولانمشدى . بونلر استانبول طرفلرنده يرلشديريلدى .

تدريسات باشلاديغى زمان مكتب ناظرلغنه اسماعيل پاشا تعيين ايديلمش وكتابلرده كى پادشاهه عائد دعالر حذف ايديلمش واقشام يوقلمه لرنده اجراسى عادت اولان اوچ دفعه ( پادشاهم چوق ياشا ) دعاسى لغو ايديلمشدى . بر احوالدن قورتولانان سلطان بتون طلبه يى ييلديز سراينده برجاى ضيافتنه دعوت ايتمش ايسه ده كيديلمدى . حتى سرايدن كوندريلان باسطه وشكرلمه لرده قبول ايديلمدى .

استانبول محافظه سنده برلنان وضابطلانى اوقته قدر الايدن يتشمش جاهل ضابطلان اداره سنده كى ايكنجى فرقه قطعاتى بر احوالك فنا نظرلرله قارشيلاديقلرى ايشيديليوردى .

مكتب حربيه طلبه سى وقتيله سلطان عبد العزيز خانك خلعنده بيوك بر رول اوينامش بولنمسندن شيمديده موجودينك اوچ بيك كسرى متجاوز بولنديغندن سراى طرفدارلرنجه وسياسى فرقه لرجه هر برى آيرى شكلده مطالعه ده بولنيليوردى .

كرنك برنده بتون طابه حوريتجمعند باشنده طوپلانديرى . وهيئت اداره يه قارشى عصيان ايتديلر . بو حركتك باشنده اك زياده آياق اولانلر طوپخانه حبسخانه لرندن كلان طلبه لر ايدى .

عصيان بيوردكجه بيوردى . داخليه ضابطانى ديكله يان قالدى . درسخانه لره كيروب چيقمق طلبه نك كيفنه تابع قالدى . اقشاملرى طلبه ايستديكى زمان طيشارى چيقار واكثريه يرلرينه كيدر وصكره نصف الليلده كلير وياتارلردى . هيچ بر داخليه ضابطى بر شى سويليه مز ايدى . صباحلرى عادت اولان جايه علاوه اولاراق سرت وقايماق واوكله يمكلرنده باقلاوه ورياضى ايستمكى وتعليق ايتديريلدى . مكتبده آنارشى تماما جارى اولمشدى .

ارمنى قتالى سببيله اولان اولانلرك شهيدلرده كى مقبره لرنده يابيلان بر بيوك مراسمه بتون طلبه دعوت اولوندى . بونله حرارتلى نمايشلرك اولديغى هفته ارك بر كوننده بيوك بر ارمنى قيز مكتبى طالباتى مكتبك اوكندن كچه رك شيشلى قبرستاننه كيدرلركن سرتاتى طلبه تجاوز وبونلره التفات ديه كنديلرى مكتبه آلندى وبونلر عزت وا اولوردى . اما بر چوق قيز طالبه ليلمه مكتبده طلبه صاقلى قالدى حتى بونلردن بر قسم آنجق اوچ كون صكره مكتبى ترك ايتديكلرى روايت ايديلدى .

١٢

<u>سلطان محمد رشاد خانك جلوسى و حياتى :</u>

١٤/نيسان/١٩٠٩ — ٧ ربيع الثانى ١٢٢٧ هجريده محمد رشاد خان نامیله تخته جلوس ايدن پادشاه ٢٠/شوال / ١٢٦١ هجريده تولد ايتمش ايدى . ٣ سنه سوره ن وليعهدلك مدتنده بشكطاش سراينده قاپالى بولنديريلمش و كيمسه ايله كوروشه مه مش ، حياتنى راقى ايچمكله كچيرمه يوزندن لوما بر بلاهته ده اوغرادشدى .

جلوسى اثناسنده شامده مدفون مشهور محى الدين عربينك بر كتابنده ( جلس الرشاد هلك العباد .. ) ديه بر عباره نك موجود اولديغى شايع اولمش و بو يوزدن خلق بو جلوسى انواع افكارله قارشيلامشدى .

جلوسندن وفاتنه قدر ( ٣ تموز ٩١٨ — ٢٤ رمضان ١٣٣٦ ) جه رشنبه كوننه قدر طقوز كسور سنه دوام ايدن سلطنتنده وقايع عظيمه حصول بولمشدر .

جلوسك ايرتسى كونى سلطان مخلوع تحت الحفظ سلانيكه نقل ايدلرك اوراده آلاطينى كوشكنده اقامت ايتديريلمشدر . سلطانك نقلنده دائما يانينده بولنديرديغى جاريه سى محافظلرى طرفندن جالنمشدر . بو جاريه محترياتى استانبولده اتحاد جيلر و حركت اردوسى رؤساسى طرفندن آرالرنده تقسيم ايديلمشدر . بو خصوصده كى تفصيلات آيريجه درج ايديلمشد .

سلطان عبد الحميد خان بالقان حربى اعلاننده سلانيكدن استانبوله نقل ايدلرك بكلربكى سراينده اقامت ايتديريلمش و ١٠/ شباط/ ١٩١٨ تاريخنده وفات ايتديجه جنازه سى استانبول خلقى طرفندن بك عظيم بر غلبلك و احترامله بر غايه لك و احترام ايله يوكسك جى ديوان يوليله تربه ده سلطان محمود تربه سنه دفن ايديلمشدر . ولكن بوتون يولده هر كس آغلايور و آه سنى غايب ايتدك ديه فرياد ايديوردى

سلطان محمد رشاد خانك جلوسى دولت عثمانيه نك مطلق بر اداره دن مشروطيته تحولى اثناسنده داخلى انقلابك عظيم بر فوراننى و بوسنه هرسك قطعه سنك اوستريا مجارستانه التحاقى و او زمانه قدر مستقل بر ايالت حالنده بولنان بلغارستانك اعلان استقلالى ، كريد آطه سنك يونانيلر طرفندن اغتصابى وارنا ورد لق ايله يمن قطعه سنك اغتشاشاتى و ٣١ مارت ٣٢٥ حادثه سنك نتايجى اولاراق عرفى مأمورين تضييقاتى كبى مملكتك داخلا" و خارجا" مشكل بر وضعيتده بولنديغى بر زمانده جلوس وقوعبولمشدى .

پادشاه اوردونك يابديغى ٣٢٦ سنه سى بيوك مانوره سنى تراكياده سير ايتمش و بيوك رسم كچيدده حاضر بولنمشدى . بالاخره ادرنه سلانيك ، قوصوه ، مناستر ولايتلرينى كزمش و صكره لطف ايطاليانلرك طرابلس غرب و بنغازى يى اشغال ايتديكلرنده وقوعبولان اعلان حرب ، عثمانلى دوننماسنك بك زياده ايطاليانلرك جزائر بحر سفيد دكى رودوس و سائر آطه لرى ادعاللرى وقوع بولمش وعقد ايديلان مصالحه دن صكره بالقان دولتلرى عثمانلى بيوك مانوره سنده كورديكلرى اغاشبه نقصانلغى و انتظامسزلقدن جرأت آلاراق آرالرنده اتفاق ايدرك ١٣٢٨ روميده بلغار ، صرب ، يونان قره طاغ كبى دورت دولت ايله حرب باشلامشدى . نتيجه ده مناستر يانيه ، قوصوه ، اشقودره ولايتلرى تاما" و ادرنه ولايتك بر قسمى ضياعه اوغراديغى كبى بلغار اوردوسى چتالجه خطنه قدر واصل اولمشدى .

بالقان حربى حقنده بك مفصل اطراتم آيريجه يازيلمشدر .

١٤

ييلديز سرايندن يغما اولنان مجوهرات

سلطان عبد الحميد خان ثانينك ١٤/نيسان/ ١٣٢٥ رومیده وقوعبولان خلعی اثناسنده يابيلان يغمايه اشتراك ايدن اشخاص وبونلرك انواع ومقداری ١٣٣٦ سنه‌سنده متشكل ديوان حرب عرفیده تثبيت ايدلديكی صره ده خاقان مغفورك ييلديز سرايندن آلنه بسالانيكده‌كی آلاطيني كوشكنه ارسالنده يانلنده برلنديرديني خصوصی جانطه الندن آلنمش وبو جانطه بايزيد جوارنده برخانه ده آچيلمش ومحتوياتی حركت اردوسی اركاننك حصه لرينه كچمش وبو تقسيماتك مفردات برجمله سی اوزمان كديلری ايله برلنان استانبول شهرامينی سابق توفيق بك ايله استانبول ... مديری حسن عزت بك اراقنده الده ايديلمشدر ٠

بوجمله يه نظره جانطه ده ذكر ايدن طقوزيوز بيك آلتون ... حاضرون آره سنده تقسيم ايديلدكدنصكره مجوهرات شو صورتله طاغلمشدر :

حركت اردوسی قوماندانی محمود شوكت باشا : متعدد باند انتيف ... بوزوك بيوك آلتون مانغال ٠

حركت اردوسی قوماندانلرندن حسنی باشا : مرصع ترتون طبقه كردنلك يوزوكلر ٠

» » اركان حربيه رئيسی ميرلوا علی باشا : متعدد كوبه لر ، زوكلر ٠

» » قوماندانلرندن ... ناظری حسن عزت باشا : ايكی تاج ، ... لانطه يوزوك وايكنه لر ٠

انور و جمال باشالرله داماد اسماعيل حقی باشالر : ... قيمتدار برلانطه لر ، زمرد پارچه لری ٠

احمد رضا بك : مرصع ساعتلر وبرلانطه كوبه لر ٠

بروسه واليلكنده وفات ايدن اسماعيل حقی بك : غايت قيمتدار بيوك بر يوزوك

امنيت مديری وحجاز والی سابقی غالب باشا : مختلف مرصع قادين مزيناتی ٠

جعفر طيار وحمدی بكلر : انجی كوبه لر برلانطه يوزوكلر ... لر ٠

مصطفی كمال باشا ( آتاتورك ) : الماسلی واينجيلی كردنلكلر برلانطه ... يله زيكلر مرصع ساعتلر ٠

ميرآلای عزيز سامح بك : اوچ بيك آلتون قيمتنده برتاج ٠

يعقوب جميل بك : مهم مقدارده بربوغچه تحريلات ٠

قره سی مبعوث سابقی حسين قدری بك : زمرد قبضه لی خنجرلر ٠

جركس كمال بك : متعدد قيمتدار حليلات ٠

حسن جاهد بك : مرصع حقه طاقی متعدد مرصع ساعتلر ٠

جاويد بك ايله قره صو افندی : مهم مقدارده برطوربه الماس وبرلانط پارچه لری ٠

برلی مبعوثی حبيب بك : برطوربه تحريلات مرصع يوزوكلر ٠

وهيب باشا : بركومه جمعه سنداتی مرصع ايكنه ويوزوكلر ٠

ابوبكر حازم بك : برطوربه اسكی آلتون كولجه لری يوزوكلر ٠ (**) ...

حركت اردوسيله كلان فدائيلردن اون آلتی كشی يه متعدد برلانطه يوزوك ساعتلر ويريلمشدر ٠ بونلردن اعدا ميهايك ... قيمتدار خالی و سجاده لری حسن عزت بك وانور وجمال وسائر آدملر طرفندن يغما ايديلمشدر ٠

(**) حازم بك : بغدادده متولد ١٨٦٤ ده ووالیلکده ٢محرم ١٣٢٥ ده ... بولنمش واصلا" نيكده لی مراد باشا احفادندن اولوب كرفه ... ترامرای خطی بوند زماننده عبد الرحمن باجه جي ايله محمد صالح شهبندره ويرلمشدر ٠ ناظم باشانك ... وصولنده كدبسی نقلی ايستمشدر ٠

ایدرك بتون فجایع واعداملرك سببی خاقان مخلوع اولدیغندن محاکمه سنی طلب ایتمشلردی •

ضبطه یی امضا ایدنلر شونلردی :

برنجی دیوان حرب عرفی رئیسی طوپخانه ناظری فریق خورشید
ایکنجی دیوان حرب عرفی رئیسی طوپجی مفتشی میرلوا حسن رضا
برنجی دیوان حرب عرفی اعضاسندن میرلوا ضیا
ارکان حربیه ۲ شعبه مدیری ~~لطیف~~ میرلوا لطیف
طوپجی رئیس ثانیسی میرالای فرید

دیوان حرب اعضالرندن : میرالای حسین حسنی ، طوپجی قائمقامی محمد امین ، پیاده میرالای خلیل ، بیکباشی حقی ، بیکباشی احمد مختار ، سواری بیکباشیلرندن عاکف ، یوسف ضیا ، بحریه لی اسماعیل ، سواری قول اغاسی جلال ، صادق ، پیاده قول اغاسی حسین حسنی ، طوپجی قول اغاسی رجب عرفان ، پیاده قول اغاسی جمال ، دیوان حرب اعضالرندن ممتاز یوزباشی محمد لطفی ، سیلی ، طوپجی یوزباشی احسان ، پیاده یوزباشی علی ، بونلرکی دها آلتی یوزباشی و ملازم واردیکه اسملرینه و وظیفه لرینه باقیلرسه هر برسنك خورشید پاشایه منسوب ویا دیوان حربلردن اولدیغی کورولورکه بونلرك لصل بر الجاآتله ولصل بر تعلق سببی ایله بو ضبطه یی امضا ایتدیکری معلوم اولور • ولکن نتیجه ده بونك بر تأثیری اولمامش ایدی •

١

[illegible] ترجمه حیاتی محمدی پاشا بابانك

بیاره ملا زاده سی عزیز پاشانك رجال سیاسی [illegible] محمد [illegible] آغانك قزی پاشانك
خانه سنده محمدی پاشا ١٢٨١ ده و ١٢٨١ هجریه [illegible] ٢٥/کانون ثانی/١٨٦٦
ولادیده سلیمانیه [illegible] کی پارسمانلرخانه سنده
ترك ایتمش و ١٢٠٥ هجریده [illegible] و ١٢٠٥ ده ١٨ یاشنده [illegible] مشهور کاکه احمد
الشیخ طرفندن [illegible] .

ایالك قرآن [illegible] خانه سی [illegible] که سید [illegible] ملا [illegible] وملا [illegible]
[illegible] ارکانحربیه صنفیه ده داخل اولمش و
[illegible] سلیمانیه ده یکی [illegible] مکتبیه [illegible] اولمش و اورادن
اورادن [illegible] تحصیلدن صکره بغدادده کی صنفلری [illegible] بغداد [illegible] مکتبنه داخل اولمشدر .
٢١/مایس/١٢١٥ تاریخنده [illegible] الالای بغداد [illegible]

ایالت سته ختامنده ١٤ یاشنده ایکن [illegible] ٦٦ .٣ هجریده سلیمانیه
[illegible] سوار ایدی .

بغدادده [illegible] عسکری [illegible] ٢٨٥ [illegible] ٢٨٥
[illegible] ٨/ [illegible] / ١٢١٨ تاریخنده مکتب حربیه شاهانه یه
داخل اولمشدر . [illegible] ٨/تموز/٣٠١
[illegible] ١٨٦ [illegible] ارکان حربیه
صنفنه تحویل ایدیلمشدر .

١٥/حزیران/٣٠٢ ده ملازم [illegible] ٢٥/ [illegible] / ٣٠٢ [illegible]
حسین پاشانك قزی [illegible] محمد [illegible] پاشانك [illegible] ایله عقد [illegible]
اجرا قلنمش و ٣٠٤ [illegible] ٣/مایس/١٨٨٨ تاریخنده [illegible] اجرا قلنمشدر

٣١٢ سنه سی [illegible] سلطان عبد الحمید خان ثانی
طرفندن [illegible] ٥٠٠ غروش [illegible] حیات معاش تخصیص
ایدیلمشدر .

١٨/مایس/٣٠٤ تاریخنده ارکان حربیه [illegible] ارکان حربیه [illegible] ایله
[illegible] ارکان حربیه [illegible] تعیین ایدیلمش و
ادرنه [illegible] ارکان حربیه سیاحتنه اشتراك [illegible] .

٢٦/تشرین اول/٣٠٥ [illegible] حجاز [illegible]
ارکان حربیه [illegible] حجاز [illegible] احمد [illegible] طرفندن [illegible]
[illegible] بیوك قشله
[illegible] استانبوله یازلمشدر
[illegible] ٨/کانون اول/٣٠٦ [illegible] ٢٢ کانون اول ١٨٦٠ تاریخنده [illegible] عبد العزیز طرفندن

٣٠٦ [illegible]
[illegible] قریه جیقان
[illegible]
[illegible] ایدیلمشدر . بو وقتده [illegible]
[illegible]

[illegible] ٣٠ تاریخنده [illegible] حجاز [illegible] ١.١/٢

مصطفى پاشانك بروسه محكمه‌سنه قوماننده ترك ايتديكى اشياى ذاتيه سى كاالجيلر طرفندن يغما ايديلمش وبونك مفرداتيله قيمتلرى هيئت تحقيقيه جه تثبيت ايديلمش وبونك دفترى ٢/ايلول/٣٣٦ تاريخلده محكمه قراريله تصديق [illegible] .

٣/مارت/١٣٢٠ ده على رضا پاشا قابينه سنك استعفاسى اوزرينه تكرار فريد پاشا قابينه سى تشكيل اولنمش و ١٣/نيسان/٣٣٦ - ١٩٢٠ تاريخنده صادر اولان اراده سنيه اوزرينه مصطفى پاشا برنجى فريق العاده ديوان حربينك رياستنه تعيين ايديلمشدر . بو صيراده پادشاهك حكومتيله يلديز سراينده تشكل ايدن شوراى سلطنته اشتراك ايتمش و خلافته قارشى و خيانتده بولنانلرايله حركاته قاتيلانلر حقنده ابراز ايتمش و ١١ نيسان ١٩٢٠ ده صادر اولان فتواى شريفه موجبنجه حرب و قتلى مجبوريته آناطوليده پادشاهه قارشى عصيانده بولنان مصطفى كمال پاشا و همالرى حقنده كى محاكماته دوام و [illegible] قرارى اصدار ايتمش و [illegible] اوساطنك دول ائتلافيه تأثيراتيله رقعه كتيرديكلرى [illegible] اوليده كى كماليجيلره تطهير اولارق ترفيق پاشا صدر اعظم اولمش و ٢١/تشرين اول/١٩٢٠ ده تشكل ايتديكى قابينه ده ميرلوا [illegible] پاشا حربيه نظارتنه كچمشدر .

[illegible] بو قابينه دورنده ديوان حرب هيئتى كاملاً تبديل ايله رياسته فريق محمد خورشيد پاشا تعيين [illegible] وعموميه قادلرو امريله ديوان حرب رئيس واعضالرى توقيف ايديلمش و دروزى پاشا رياستنده كى ديوان حربده محاكمه لرينه باشلانمشدر .

[illegible] بو محاكمه ده [illegible] پاشانك بياناتى و نهايت محكمه لك عدم صلاحيتى اوده له يه كلمش و هيئت منيره كاظم پاشا [illegible] ده كى [illegible] ن ديوان حربنه حواله ايديلمش و نهايت ٦/شباط/٩٢١ تاريخنده با اراده سنيه تخليه لرى اجرا قلنمش و استانبول احوالنك الديغى رسميت قارشيسنده پاشا عسكرلكدن استعفا سنى [illegible] ١٧/حزيران/١٩٢١ ده انا وطنى عراقه متوجهاً استانبولى ترك ايتمشدر .

بغداده مواصلتده/ [illegible] سليمانيه يه كيتمش [illegible] اراده تشكل ايدن شيخ محمود حكومتنده نظير المعارف اولمش و بو صيره ده (سمكو) طرفندن روسيه كرلى حواليسنده باشلايان حركتده بوبلوك ايران طرفنه قارشى بركزنا مخاصمتده [illegible] توصيه ده بولنمق اوزره ايرانه كيتمش و عسكره سليمانيه يه عودتنده ١٦/١١/١٩٢٢ تاريخنده پانك كردستان [illegible] برغزته چيقارمغه باشلامش و بالاخره شيخ محمود حكومتنك [illegible] سياست و [illegible] [illegible] اولامديغى كوروجه اوراى ترك ايله بغداده كلمش و [illegible] ايديلمشدر .

[illegible]

مصطفى پاشا بغدادده ٦/كانون ثانى/٩٢٦ تاريخنده داخليه وزارتنده الديغى امتيازله تكرار پانك كردستان غزته سنى عربجه وكوردجه نشره باشلامشدر . بر مدت صكره بغداد وكردستان لرلرينك آلديغى رسميت قارشوسنده غزته نك نشرى مرتفع اولمش و انكليزلرك [illegible] تارشيسنده مقرريتندن خماله لنمش و نهايت ٢٥/كانون ثانى/١٩٢٦ تاريخلده بغدادده عيراقيه محله سنده وفات ايتمش و وصيتى و طوريتى اولان بعض شعرلرنده آرزو ايتديكى سليمانيه ده (كردسيران) تبرستاننده بابلسنك قبرى اتصالنده دفن ايديلمشدر . مقبره سنى تشكيل ايدن تپه نك تپه سنده كى طاش اوزرينه وصيتى اوزرينه شو يازى يازيلمشدر :

فاتحه بو روح مصطفى پاشا يادلكى

اترسم اى وطن . . . بيلم بختيارى تو — [illegible] ١٩٢٦ .

پاشا حياتنده تصرك تلقيننك كوردجه ويرلمسنى وصيت ايتمش [illegible] بو صيرتله ويرديريلمشدر .

**وێنەی چەند لاپەڕەیەکی دەقی ئەسڵی ( تورکی) ی بیرەوەریەکانی عەبدولعەزیز یامولکی**

# ئەوی لەسایەی حوکمی حەوت حوکمدارو سێ کۆماردا دیومە

### دایک و باوکم و لە دایکبوونم:

دایکم ، وەکوو لە شەجەرەی "یامولکی و خەندان" دا [1] دیاریکراوە ، خاتوو سەفییە (صفیة) ی کچی حسین پاشای خەندانە کە ژنەکەی ناوی زەفەر (ظفر) خانم بووە . مستەفا پاشای یامولکیی باوکم ، پاش تەواوکردنی روشدیەی سلیمانی و ئامادەیی عەسکەریی بەغدا، چووە قوتابخانەی جەنگی ئەستەموڵ و ؛ پاشان جیا بووەوە بۆ پۆلی ئەرکانی جەنگ . حسین پاشای باپیرم بە خانەدانیکی کورد ناسرا بوو و ؛ "حەبیبەخانم" ی پوورم میردەکەی ناوی عەبدولقادر بەگ و قایمقامی عەسکەری و خەلکی سلیمانی بوو . باوکم هیشتا لە قوتابخانەی ئەرکانی جەنگ بووە کە سەفییەخانمی دایکمی لە ٢٥ ی ئابی ١٣٠٢ ی رۆمی ( ١٨٨٦ ی ز ) دا مارەکردووە و ، سالی ١٣٠٤ ی رۆمیی ریکەوتی ٣ ی مایسی ١٨٨٨ ی ز بە تەواوکردنی خویندنی ئەرکان ، ئاهەنگی ژن گواستنەوەی لە ئەسکەلەی (صلاجق) ی ئەسکیدار گیراوە.

دایکم ئەگەرچی خویندنی سەرەتاییی تەواوکردبوو ، بەلام زۆر ژیرو لە ریزی ئەوانەدا بوو کە خویندنی بەرزیان بەدەست هینابوو و



عەبدولعەزیز یامولکی

شارەزاییی لە هەموو شتیکدا هەبوو . ٢ ی تەمووزی ١٣٠٣ ی رۆمی [2] بە بۆنەی کۆچی دواییی حسین پاشای باپیرمەوە ، سولتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ دلدانەوەی نەنکم و زەفەر خانم و سەرافراز خانم و سێ پوورەکەم و دایکم هەر یەکە پینجسەد قرۆشی ساغ مووچەی بۆ برینەوەو ؛ ئەو مووچانە بەپیی ئەو فەرمانە کە دەرچووبوو ، تا راگەیاندنی کۆمار لە تورکیا بەردەوام بوو.

باوکم لە کۆتاییی خویندندا نیزیکەی سالیک لە دائیرەی ئەرکانی گشتیی جەنگدا دەوامی کردووەو ؛ دوایی زەفەر خانمی دایە گەورە (دایکی دایک) م ویستوویە بچێ بۆ حەج

، لەبەر خاتری ئەو وەزیفەکەیی گواستووەتەوە بۆ فیرقەی ئەرکانی جەنگی حیجاز . من ئەو کاتە بانگی بەیانیی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٨ ی کانوونی یەکەمی ١٣٠٦ ی ڕۆمی و ٨ ی (جمادي الاولی) ی ١٣٠٨ ی کۆچی و ٢١ ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ لە خانوویەکی سەر چیای (ئەبوو قوبەیس) ی (مەککە) ی پیرۆز لە دایک بووم . باوکم ڕۆژی دوایی بردوومیە نێو کەعبەی شەریف و ، کە لەوێ هێنراومەتە دەرێ پاسەوانەکانی باوکم بۆ تەبەرروک کەوتوونە ماچکردنم . نەنکیشم بەو بۆنەیەوە تا دوا ڕۆژی ژیانی بۆ تەبەرروک هەموو گیانمی ماچ دەکرد.

لە دایکبوونی من ڕێکەوتی مێژووی هەم کردنەوەی (سدة الهندية) ی بەغدا لەسەر فورات و هەم کۆچی دوایی محەمەد فەیزیی زەهاویی زانای بەناوبانگ لە تەمەنی نەوەد ساڵی و ٣ ی (جمادي الاولی) ی ١٣٠٨ ی ک [٣] دا دەکات.

ئەو ساڵ و نیوە کە لە (مەککە) ی پیرۆز ماینەوە ، لە تایف (طائف) دانیشتبووین و هەموومان حەجمان کرد . ئەوکاتە نەخۆشیی کۆلێرا لەوێ بڵاوبووەوە ، دایکیشم تووشی بوو ، بەڵام بە هیممەتی دلسۆزیکی هیندی ڕزگاری بوو . ئەو ماوەیە کە لە مەککە بووین ، دایکم و باوکم کەنیزەکیکی سودانییان کڕی و ناویان نا "قەدەم" ، خزمەتی منی دەکردو تا تەمەنی ٩ ساڵیم لە لامان بوو . پاش ئەوەی هاتینە بەغدا ، شووی بە قۆمیسەریکی پۆلیس کردو لێمان جیا بووەوە.

ئەو سەردەمانە باوکم حیکایەتی حوشتری بۆ دەکردم و خەوم لێدەکەوت . تا تەواوبوونی ئەو بینا گەورەیە کە کرابوو بە قشلەی باوکم ، لە حیجاز ماینەوە . دوای تەواوبوونی بیناکە ، ئیمەی گەڕاندەوە بۆ ئەستەمووڵ . کاتێک خەریک بووین سواری پاپۆڕیک بین ، چووینە بەلەمێکەوەو سەعاتەکەی باوکم بە گوێمەوە نا ؛ پاش تاوێک فڕێم دایە نێو ئاوەکە . تا ئێستا ئەم کردەوەیەم لەبیرە.

لەماڵی سەعید پاشای خالە گەورەمدا کە بەرانبەر بە مزگەوتی تەشویقییەو لە ناوچەی نیشانتاش ی ئەستەمووڵ بوو ، نیشتەجێ بووین . لێرەدا عەبدولقادری مامم کە لە تەمەنێکی لاویدا بوو ، لە سلێمانییەوە گەیشت و هاتە لامان . وەختێک تەمەنم گەیشتە چوار ساڵی ، باوکم ئارەزووی دەکرد بچێتەوە (عێراق) ی زێدی لە دایکبوونی خۆی . ساڵی ١٣١٠ ی ڕۆمی [٤] کرا بە قونسلی (خۆی و سەلماس) ، ئیمەیش لەگەڵ ئەنکمدا بە زەریای ڕەشدا کە ڕێگایەکی ئەمین بوو ، بەسەر سامسون – ئەرزڕۆمدا پەڕینەوە بۆ ئێران.



سەعید پاشای خەندان

لەســەر ســنوور لــە مــاڵی قونســڵێکی عوسمانی میوان بووین . مامم لە گەڵماندا بوو . بــاوکم پێــش ئێمــە ڕۆیشــتبوو وەزیفەکــەی وەربگرێ . خانــە خوێکــەمان زۆر دەوڵەمــەندو موڵکدار و بە کەش و فش بوو ، بەڵام یــەکجار دەست قووچاو بــوو . ئــەو خواردنــە کــە بــۆی دەهێنــاین بەشــی نــەدەکردین ، بــە برســێتی دەماینــەوە . هــەموو هــەوڵێکی دایکم و مامم بــۆ خواردن کڕین لە دەرەوە بێهوودە بوو ، چونکە خاوەنماڵ لــە هــەموو شــتێك ئاگــادار بــوو و ، خەنجەرەکەیی بەبەر سنگیەوە دەناو دەیگوت : ئەم موڵك و ماڵ و ناز و نیعمەتەم بۆ ئێوە نەبێ ، بــۆ کێیــە ؟ لــەخۆبوردووییی دەنوانــد ، بــەڵام خواردنەکــە هــەروەك خــۆی بــوو ، هــەمووومان بەبرسێتی دەماینــەوە . پــاش ماوەیــەك بــاوکم چەند پیاوێکی ناردبوو بمانبەنە ئەو شارەی کە بۆی دەچین بەمە لــە برســیتی ڕزگارمــان بــوو . قســەی کــابرای دەوڵەمــەندی خانــەخوێمان کــە دەیگوت : ئەم دەوڵەمەندی و دەبدەبەیە بۆ ئێوە نەبی بۆکێیە ؟ لە نێو خێزانەکــەماندا بووبــووە حیکایەتێکی پێکەنیناوی و ، هــەموو کاتێك بۆ پێکەنین باسمان دەکرد .

## لە ئێران :

کاتێــك لــە شــاری (خــۆی) بوویــن کــە لــە باکووری ئێران ونیزیکی سنووری عوسمانییە ،(زەهــرا زەرینتــاج)ی خوشــکم شــەوی بــەراتی ڕێکەوتی ١٥ی شەعبانی ١٣١٢ی ك هاتەدنیا[٥] . یەکەم قونسلخانەی خۆی ، باوکم بنیــاتی نــاوەو دایمــەزراندووە . دوای ئــەوەی کرایــە ســەرۆکی قونسلخانەی سنە (سەنەندەج) ، بیناکــەی بــە هەموو شتەکانیەوە بە دیاری دایە حکوومەتی ئێران.

لــە ناوچــەی (ئامانییــە) ی شــاری ســنە نیشــتەجێ بوویــن . گردێکــی بــەرزی جــوان نیزیك بە ئامانییە بوو ، ئێمە لەسەر لوتکەکەی بوویــن . بارەگای حــاکمی ویلایــەت لــەنێو قــەدی گردەکە بوو . حوســامولمولك (حسام الملك) [٦] حاکم و ، کوڕەکەی کە نــاوی ئیحتیشــامولدەولە (احتشــام الدولــة) بــوو ؛ قەمەرولســەلتەنە (قمر السلطنة) ی کچی موزەفەرەددینی شای ئێران هاوســەری و ناســناوی (ئــەمیر تومــان) ی پــێ بەخشــرابوو .خــەلکی ســنە ســەرجەم کــوردی ئــەردەلان و ســوننە مــەزەبن و . ئــەو زەمانــە زۆربــەیان لایــەنگری عوسمانییــان دەکــردو گوییان نەدەدایە حکوومەتی ئێران و ملکەچی قونسلخانەی عوسمانی بوون.

چاك لە بیرمە ڕۆژێکیان کوردێك ویستی ئەسپەکەی لە حەوزی نێو باخی حاکم ئاو بدات ، خزمەتکارەکانی نەیانهێشت . کابرای کــوردە هەلیکیشایە خەنجەرو یەکیکیانی بریندار کرد. بەو هۆیــەوە بوو بە شــەڕو هــەراو خــەلك هــەموو هەستان و ئابلووقەی دائیرەی حکوومەتیان داو کەوتنە کوشتنی عەسکەری ئێرانی و هێندیــك گەورە پیاو و کۆشکی حاکمیان تالان کرد.

لەبەر ئەوەی ڕێگای ڕاستیان گرتبوو ، بە تایبــەت قەمەرولســەلتەنە داوای کــرد بــاوکم فریای بکەوێ . ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو و ڕۆیشت ئــاژاوەکــەی وەســتانــــدو

قەمەرولسەلتەنەو پیاوەکانیی هێنایە مالی خۆمان و دائیرەی حکوومەتی لە ئابلووقە رزگار کرد [٧] .

ئەو سەرو بەندە، بۆ دیاریکردنی ژنە شازادەکانی قاجار ، لیوی سەرەوەی ژنەکانیان وەك سمێڵ بە بۆیە رەش دەکرد . کە لە نێو ژنە میوانەکاندا چاوم بەو کەوت ، زۆر ریزم لیگرت . ماوەی مانگێك لە مالی ئێمە مانەوە.ئەو ماوەیە منی زۆر خۆشویست . وەختیك مالی ئێمەی بەجێهێشت ، تووتییەکی قسەکەری بۆ دانام . باوکم بە پێی فەرمانی ئەستەموولّ لەگەلّ قەمەرولسەلتەنە و مێردەکەیدا چووە تاران . بۆیە هەردوو حکوومەتی عوسمانی و ئێرانیش ریزیان لە باوکم ناو چەند نیشانیکیان پێ بەخشی ، چونکە ئەوانی بە سەلامەتی گەیاندبووە تاران.

ریکەوتیکی سەیرە ، بیست سالیك زیاتر پاش ئەم بەسەرهاتەی سەرەوە ، سالی ١٩١٥ لە یەکەم جەنگی جیهانیدا من بوومە یاوەری لیوای سوارەی سەربەخۆ لە ئێران . شاری هەمەدان و دەوروبەریمان داگیر کرد. کۆشکی قەمەرولسەلتەنەمان لە ناوچەی شیوەرین کرد بە بارەگای لیوا . شازادەو مێردەکەی بۆ دوور رۆیشتبوون . منیش بە هۆی وەکیلەکانیەوە کە خۆمم پێ ناساندبوون ، هەوالم بۆ ناردن کە کۆشکەکەیان باش دەپاریزم و دلیان هیچ نەکات ، لەو بارەیەوە خەمیان نەبێ و دلنیا بن. شازادە رۆژانی رابردووی بیر کەوتبووەوەو ، بە چاوی فرمیسکاوییەوە زۆر سوپاسی کردبووم و فەرمانی بە وەکیلەکانی دابوو کە هەر چییەکمان پێویست بێ بۆمانی جیبەجێ بکەن

لەوە بەدوا سالی ١٩٤٧ کە چوومە تاران ، شازادەم دۆزییەوەو زۆر سوپاسی کردم . لە کاتیکدا نە ئەوان تاج و تەخت و دەبدەبەو نە سوپای عوسمانی و خەلیفەی ئیسلامیش مەزنایەتیەکەیان مابوو !! ئەو مولکانە ئیستا بە دەست ئەمیر ئەفخەمی کوریەوەیەتی.

ئێمە کە لە سنە بووین یا پیرۆزخانی نەنکم (دایکی باوکم) لە سلیمانییەوە هاتە لامان . تا لەوێ بووین ، لە گەلماندا مایەوە . لەوە دەستەپاچەترم بتوانم تاریفی خۆشەویستیی نێوان من و ئەو و ریزگرتنی دایکم لەو بکەم . ئافرەتیکی زۆر دیندار بوو ، بەیانیان زۆر زوو لەخەو هەلدەستا ، لەگەلمدا پێکەوە بە دەشتاییی دەورووپشتی گردەکەدا دەگەراین ، گولّ و گیای رووەوی سەر گردەکەمان کۆدەکردەوە . بۆی باس دەکردم هەر گولّ و گیایەك بۆ چ دەردو نەخۆشییەك دەشێت . پاش ئەوە لەگەلّ دایکمدا بەردەوام قورئانیان دەخوێند و نوێژیان دەکرد.

کاتیك لە سنە بووین ئەنجوم ئەسما ((انجم أسماء) ی خوشکم لە دایك بوو . دوا بە دوای ئەوە باوکم لە ٥ی (جمادي الاولى) ی ١٣١٣ دا [٨] گواسترایەوە بۆ قونسلخانەی موستەحکەمی ناوچەی قارس لە قەفقاسیای سەر بە رووسیا . خۆی لەگەلّ ماممدا بە رێگای ئێراندا چووە قەفقاسیا و ، ئێمەیشی لەگەلّ هێندیك لە خزماندا کە هاتبوونە لامان ، بە سواریی ئەسپ و ئیستر ناردەوە بۆ سلیمانی.

کاتێك لە بەرزاییی شاخی ئەزمری نیزیکی شاری سلێمانی هاتینە خوارەوە ، نیزیکەی حەفتا هەشتا کەسێکی خزمی دایکم و باوکم کە قەرەباڵغییان دروست کردبوو ، پێشوازییان کردین و ، ئێمەیان بردە ئەو خانووەی پشت مزگەوتی گەورە لە گەڕەکی کانیسکان کە کاتی خۆی حسین پاشای باپیرم ساڵی ١٨٥١ بەجێی هێشتبوو . خانوویەکی زۆر گەورە بوو ؛ بەشی حەرەم و دیوەخانەکەی گەورە بوو . ئەم خانوە پاش ئەوەی باپیرم بە جێی هێشتووە ، دراوە بە عوسمان پاشای ئامۆزای و ، دوای ئەویش دراوە بە موتەسەریفی خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ . خانوەکانی نیزیکی (مزگەوتی گەورە) لە بنەرەتدا بەشێکی گرنگیان تا ئێستایش بەدەست خزمەکانی دایکمەوەن. خانوەکەی باوکیشم بەرانبەر بە حەمامی موفتی و لە گەڕەکی گوێژەیە.



حسین پاشای خەندان ؟

## لە سلێمانی :

خوێندنم یەکەمجار لە سلێمانی دەستی پێکرد . مامۆستاکەم کە مامۆستای باوکیشم بووە ، عیرفان ئەفەندی بوو . ناوبراو پڕبەپێستی ناوەکەی خۆی ، زاتێکی خاوەن عیرفان بوو ؛ کوڕێکی هەبوو بەناوی جەمال عیرفانەوە ، ساڵی ١٩٠٦ قوتابخانەی جەنگی ئەستەمووڵی تەواو کردبوو و بوو بوو بە ئەفسەری سوارە ، ساڵی ١٩٢١ لە سایەی ئیدارەی شێخ مەحمووددا لەبەر ئەوەی چەند قسەیەکی دژی مەلا نەزانەکان کردبوو ، کوژرا (٩) . بکوژەکە نەناسراو نەگیرا. خوالێخۆشبوو کوڕێکی چکۆلەی (عادل) ناوی لەپاش بەجێ ما کە (کەمیلە) ی کچی محەمەد ئەمینی پوورزامی هێناوەو منداڵێکی زۆریان بووە.

هەرگیز بیرم ناچێتەوە کە گەیشتینە شاری سلێمانی ، خزمان دیارییەکی زۆریان بۆ هێناین ، لەوانە چەند کۆترێك و بێچووە گورگێك کە سەعید بەگی ئامۆزای دایکم بۆی هێنابووم . من بێچووە گورگەکەم لەسەر حەوزەکەی ماڵمان بەستبووەوە . ڕۆژێك کاتی دەرس خوێندن ، دەرسەکەمان سوورەتی (ئەلفەجر) بوو . بێچوە گورگەکە یاریی دەکردو ، منیش چاوم تێبریبوو . مامۆستاکەم شەقازللەیەکی لێدام ، ئەنکم ژیری کردمەوەو گوتی : ئەو لایەی کە مامۆستا شەقازللەی لێداوە ، بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێ.

خزمان پاش نوێژی هەموو جومعەیەك پۆل پۆل دەهاتنە دیدەنیی ئەنکم بەو پێیە کە

ژنە گەورەی حسین پاشایە . هەموو لایەکی مالەکە پڕ دەبوو لە خزم و خویش ، پۆلێک دەهات و پۆلێک دەرۆیشت . ئەو رۆژگارە خزمایەتی زۆر توندو تۆڵ بوو . مەعرووف بەگ و عەبدولرەحمان بەگی جووتە مامی دایکم ، پلەو پایەیەکی بەرزیان هەبوو و لە ژیاندا مابوون و خۆیان و مندالەکانیان لە دووسەد کەس پتر بوون . مەعروف بەگ کە تەمەنی نەوەد ساڵ زیاتر بوو ، کچێکی سیازدە ساڵانەی دایەنی کورەکەیی مارە کردبوو ، کوڕێکی وەك شێری محەمەد بەگ ناوی لێ بوو بوو .

تەمەنم حەوت ساڵان بوو کە رۆژێکی مانگی نیسانی ساڵی ١٣١٣[١٠] دەست کرا بە مۆسیقای عەسکەری لێدان و بوو بە بەزم و ئاهەنگ . تومەز ئەو رۆژە یادی ساڵانەی سەرکەوتنی سوپای عوسمانی بوو لە شەری (دومکە)دا.

باوکم ساڵی ١٣١٤ ی رۆمی[١١] لە قونسلیتیی (قارس) ەوە گواسترایەوە بۆ ئەرکانی ئۆردووی شەشەم لە بەغدا . بە ریگای تەوریزدا هاتە سلیمانی و ئیمەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ بەغدا . منداڵانی گوێژە و کانیسکان لە سلیمانی زۆرجار دەبوو بە شەریان (شەرە گەرەك) . ئەمە یادگارێکی لەبیر نەچووەی لەلای من بەجێ هێشتووە . بە سواریی ئەسپ لە سلیمانییەوە بە ریگای (سەگرمە) دا بەرێ کەوتین ، چونکە ئەو دەمە تەنیا ئەو ریگایە هەبوو بۆ هاتوچوو.

## لە بەغدا:

لە بەغدا سەرەتا خانوویەکمان لە سەری کلیسەکە بەکرێ گرت . ئێستا ئەو شوینە بردراوەو کراوە بە شەقام . باوکم لەوێ ١٠ ی مایسی ١٣١٧ ی رۆمی[١٢] بە پلەی قایمقام لە سەرۆکایەتیی ئەرکانی جەنگی ئۆردووی شەشەم دامەزرابوو . منیش لە ٨ ی ئەیلوولی ١٨٩٨ دا چوومە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ئامادەییی مولکی.

حەبیبە خانمی پوورم لەو مێژوەدا لە ئەستەموول بوو و ، لەگەڵ عەبدولقادر بەگی مێردیدا کە سەرۆکی کۆمسیۆنی سەبزەی عەسکەری بوو بە پلەی قایمقام ، لەیەك جیا بووبوونەوە . کە ئەم هەواڵەمان پێ گەیشت ، ئەنکم چوو بۆ ئەستەموول . پاش ماوەیەك خانوویەکی گەورەمان لە گەرەکی مەیدان لەسەر سووچی ئیستای (سوق الهرج) کە ئوتێلە ، کرێ و گواستمانەوە بۆ ئەوێ . ماڵی نامیق پاشای والیی بەغدا لە پشتمانەوە بوو ، سەری ئەو کۆڵانەیش کە دەچێ بۆ سابوونچییەکان ، ماڵی موشیری ئۆردوو ئەحمەد فەیزی پاشا بوو . مەیدان ئەو سەردەمە گەرەکێکی بەناوبانگی بەغدا بوو . چواردەوری شار لە باکوورەوە دەرگاکانی (باب المعظم) و شووڕا دەوری دابوو و ، لە باشووریشەوە گەرەکی (راس القریة) کۆتاییی بوو.

شوێنی ئیستای وەزارەتی بەرگری قەڵایەکی کۆن و قشلەی تۆپخانە بوو . شوێنی

سەعاتەکەیش قشلەی پیادە بوو . ئەم شوێنانە خوالیخۆشبوو مەدحەت پاشا ئاوای کردبوونەوە. ئەو جیگایەی کە ناوی (الثكنة الشمالية) یە ، بینای کەرەنتینەی قشلەی سوارە بوو و دەورو پشتی بە تەواوی چۆڵ بوو . کە خۆرئاوا دەبوو ؛ کەس نەیدەتوانی لە (باب المعظم) بیتە دەرێ ، چونکە بێ سێودوو رووت دەکرایەوە . قشلەی کەرەنتینە لە بنەرەتدا جیی کەرەنتینەی ئەوانە بوو کە لە ئیرانەوە بۆ زیارەتی شوینە ئاینیەکانی کەربەلا دەهاتن . دوایی کەرەنتینە برایە خانەقین و بیناکە کرا بە قشلەی سوارە.

دەوروبەری (الصرافية) و (العيواضية) سەرتاسەر کیلگەی پاقلە بوو . ئەوناوە پاش سالی ١٩٢٩ دەستی تیدا کرا بە دروستکردنی بینا لە باشووری شاری بەغدا . لە دوای (راس القرية) وە هیچ جۆرە خانوو وبەرەیەك نەبوو ؛ تەنیا قونسلخانەی ئینگلیز لە شوینی دائیرەی ئیستای گوومرگی بەغدادا هەبوو و ، باخی گەورەو بیستانی لە دەور بوون بیناکەیش عەسکەری هیندی دەیانپاراست .

لە لافاویکی سالی ١٣١٦ ی رۆمی (١٩٠٠) ز دا ، ئاوی لافاو دەوروپشتی کەرەنتینەی داپۆشی و ، لەگەڵ (الأعظمية) دا لە یەکدی پچران . بەڵام لە لافاوی سالی ١٩٢٦ دا ئاو گەیشتبووە سەربانی قشلەی کەرەنتینەو ، زیانیکی زۆری لە هەموو شتیك دابوو.

سالی ١٣١٦ ی رۆمی بوو ، لە گۆرستانی (باب المعظم) مردوویەکیان دەناشت . عەسکەرەکەی کە خزمەتکارمان بوو ، منی بۆ سەیر کردن بردە نیو خەلکەکەو تەماشای ناشتنیم کرد . یەکەمجار بوو ئەو دیمەنە ببینم ، هەرگیز لەبیرم ناچیتەوە.

## مەسەلەی خەزینەکە:

ئەو کاتە کە لە بەغدا بووین ، باوکم بە تەمای کرینی خانوویەك بوو . لە قەراغی دیجلە نیزیك بە خدر ئەلیاس (خضر الياس) . لەبەر کۆنی و لارووخاویی خانووەکە ، وازی لە کرینی هینا . پاش ماوەیەکی کورت رۆژی ١٤ ی شەعبان قوفەچییەك ویستوویە قوفەکەی (١٣) بەو دارە بخاتە ئاوەکەوە کە لە قەراغی رووبار چەقاندوویەو پالی داوە بە دیواری ئەو خانوە لا رووخاوە کە باوکم نیازی کرینیی هەبوو .قوفەکە بەر کووپەیەکی گەورە دەکەوی و دەشکیت ، تومەز پر دەبی لە زیر ، هەمووی دەرژیتە قەراغی ئاوەکە . کابرای قوفەچی دەکەویتە زیر کۆکردنەوە . ئەو کاتە چەند ئافرەتیك دین بۆ ئاو . کە ئەوە دەبینن ، ئەوانیش هیندیك زیر کۆدەکەنەوە . حکوومەت بەمە دەزانێ ، پۆلیس دین سێ هەزار پارچە لیرەی عەباسیی مۆری (المعتصم) لیدراو داگیر دەکەن . دوایی زانرا خاوەن قوفەکە لە خیلاتی (المشاهدة) و ناوی (صالح المشهداني) بوو و ، بە هۆی ئەو زیرەوە زۆر دەولەمەند بوو و خانوەکەی ناونرا مالی موعتەسەم (بيت المعتصم) .

## لیدرانی دەفتەرداری ویلایەت:

ئەو رۆژگارە مووچەی عەسکەری و مولکی بەمانگ دوا دەکەوت . مەفرەزەی

عەسکەری هەموو مانگێك بۆ مووچە دابینکردن دەچوو بۆ بەروبوومی کشتوکاڵ کۆکردنەوە . جاروبار ، لە بریی پارە ، مەر یا بزنیان دەدا بە فەرمانبەران .

رۆژێـك چـەند خـێزانیکی خانەنشـینان هاتنە لای باوکم و پێیانگوت: مووچەی چەند مانگێکیان وەرنەگرتووە . ئـەویش هـەوالی بـۆ عەبدولوەهاب ئەفـەندیی دەفتـەرداری ویلایـەت نـارد تـا هاوکـاریی ئـەو زۆرلێکراوانـە بکـات و تکای لێکرد بەشێکی ئەو مووچانەیان بداتێ . بەلام لە باتیی یارمەتی ، هەموویانی دابووە بەر جنێـو و قسـەی زۆر ناشـیرین و بێئەدەبانـە ، چونکە هـەر ئـەوەی دەزانـی پـارە بـۆ سـوودی خـۆی کۆبکاتـەوە . بـاوکم ئەمـەی بیسـتەوە ، زۆری پـێ نـاخۆش و تـەواو بێتاقـەت بـوو . رۆژێك لە ریگا تووشی دەفتـەردار دەبێ کە بە سـواریی کـەرە سـپیەکەیەوە لـە سـەرای حکوومـەت دێتە دەرێ و بەرەو ماڵ دەبێتـەوەو دوو زەبتیە لـەملاو ئـەو لایـەوە دەرۆن . کـاتێك خۆ دەکات بە بازاری مەیداندا کە سەری کۆلانی ئێستای (سوق الهرج) ـە ، باوکم شـەری پـێ دەفرۆشـێ‌و پێـی دەلێـت : تـۆ بـە کەرەکەتـەوە خـۆت لێـداوم . لەسـەر کەرەکـە دایدەبـەزێنێ و تێرو پڕی لێدەدات . پاشان سواری کەرەکـەی دەکاتەوە.

هـەموو خـەلکی بـەغدا بـەم بەسـەرهاتەیان زانـی و خێزانـە خانەنشـینەکان تێکـرا هاتنـە مالمان و زۆر سوپاسی باوکمیـان کـرد لەسـەر ئەو کارەو نەفرەتیان لە والی و دەفتـەردار کـرد . موشیر ئەحمەد فـەیزی پاشا لـەم مەسـەلەیەدا لایەنی باوکمی گرت و ، نێوانی هـەردوو لایـەنی عەسـکەری و مولکـی تێکچـوو . هێندێـك سـەربازی تۆپچـی کەوتنـە تـالانکردنی بـازار . ئەمجا دەفتـەرداریتی لـە ترسـاندا دەسـتی بـە دابەشکردنی مووچە چـەند مـانگ راگیراوەکـان کرد.

ئـەو سـەردەمە ولات نـە تەلـەفۆن و نـە رادیـۆی تێـدا نـەبوو . تاکـە هـۆی پێوەنـدی تەلگراف بوو ، بەلام ئەویش سەربەست بوو و هـەموو کەسێك دەیتوانـی بـۆ هـەر کوییـەکی دەوێ تـەلگراف بنێرێ . بەم شێوەیە نـە والی و نـە قومـاندانی سـوپا دەسـتیان تێوەرنـەدەدا . تەنانەت بچووکترین کەس بۆی هـەبوو پاشا بە تەلگراف لە سکالاو بەشخوراویی خۆی ئاگادار بکاتـەوە . ئـەم ئازادییـە ، لـە پـاش دەورانـی سەلتەنەت ، سـەروبەندی حکوومـەتانی عێـراق نەبینرایەوە . هەتا لە رووداوەکەی نێوان باوکم و دەفتەرداردا ، دەستەیەکی لێکۆلینەوە بە پەلە لە ئەستەموولەوە هاتنە بـەغدا . دەسـتەکە لـە سێ پاشا پێکهاتبوو . لە ئەنجامدا دەفتـەردار لابـرا . رێگـای ئەسـتەموول گـیرابوو ، بـەلام دەفتـــەرداری دزو بـــەرتیلخۆری نـــێزیکی ئـــەبوغریب لـــە لایـــەن عەشـــایەرەوە رووت کرایـەوەو ، چ پـارەو ئـالتوونیکی لـە بـەغدا کۆکردبـــووەوە ، هـــەمووی کەوتـــە دەســـت عەشایەر.

## نامیق پاشای والی:

ماوەیـــــەك پـــــاش رووداوە باسکراوەکەی پێشوو ، ئێوارەیەك ژووری

سەرەوەی ماڵەکەمان ئاگری گرت . بەڵام بە هیممەتی دانیشتوانی خانوەکەی پشتمان کوژێنرایەوە . باوکم بە ڕیکەوت ئەو ئیوارەیە چووبووە لای محەمەد فازڵ پاشای داغستانی ، ماڵەکەی دەکەوتە قەراغی شوورای شارو شێرو پلنگی تیدا بەخیو دەکرد . باوکم لەوێ هەواڵی سووتانی ژووری سەرەوەمان دەبیستێ . ئەوانەی لە ماڵەکەدا دەبن لەگەڵ گەلیک ئەفسەرو خودی محەمەد فازڵ پاشادا هاتن و چوونە سەربانی ماڵەکەمان و دەستیان بە لیکۆلینەوە کرد . دەرکەوت دیواری نیوان ماڵی ئیمەو هیی والی شوینەواری نەوتی پیوەیە ، لەوریوە نەوت هینراوە بۆ ژوورەکەو ئاگری پیوە نراوە. هەموان کە ئەمەیان دی ، دەنگی نەفرەتیان بەرز کردەوە . من بە چاوی خۆم بینیم مووی سمیلی ئەو پیاوە پیرە ؛ واتە محەمەد فازڵ پاشا ، لە تووڕەییدا دەلەرزی . تا ئیستا لە بیرمە ئەو ئاگر کەوتنەوەیە لە ژووری سەربانی ماڵەکەمان زۆر کاری تیکردبووم ، چونکە هیلانەی کۆترەکانی من لەوێ بوو.

ئەم والییە ناوی نرابوو نامیق پاشای بچووک ؛ ساڵی ١٣١٧ ی ک [١٤] لە تەرابولسی خۆراواوە هینرابووە ویلایەتی بەغدا ، مرۆڤیکی زۆر دزو بەرتیلخۆر بوو . ماوەیەکی کورتی پاش هاتنە بەغدا کچیکی گەنجی عەتووکە (عتوکە) ناوی مارە کرد . خیزانی ئەو کچە بە (نا ........) ناودیر کرابوو و ، گۆرانییان لەو بارەیەوە بەسەردا هەلدابوو.

## یەکەم چوونە ئەستەمووڵم:

بارودۆخی بەغدا زۆر بیبەسەرەوبەرە بوو . منیش تەمەنم گەیشتبووە نۆ ساڵ . باوکم خەتەنە سوورانیکی گەورەی بۆ کردم . پاشان ئیمەی ئامادە کرد بماننیری بۆ ئەستەمووڵ . ڕاستیەکەی ئەوەبوو سەعید پاشای خالم سەرۆکی شووڕای دەولەت و وەزیری دەرەوە بوو لە ئەستەمووڵ و ، داوای کردبوو ئیمە بچینە ئەوێ. بۆیە مارتی ١٣١٧ [١٥] لەگەڵ کاروانیکی گەورەی ئامادەکراودا بەرێ کەوتین.

من بروانامەی پۆلی دووەمی ئامادەیی مولکیم وەرگرتبوو . کەل و پەلیکی زۆری بازرگانی بە کاروانەکە بوو .دایکی میرلیوا عارف بەگ و سەبیح نەشئەت بەگ و گەلیک خیزانی دیکەیشمان لەگەلدا بوون .سریەیەکی ئیسترسواریش لیپرسراوی پاراستنی کاروانەکە بوو . بەشیکی خیزانەکان لە (تەختە رەوان) و بەشیکی دیکەشیان لە کەژاوەدا بوون و ، بارگیرە بارکراوەکانیش یەکی زەنگولەیەکی گەورەیان لە ملدا بوو . دەنگی ئەم زەنگولانە بوو بووە شین و شەپۆر . بەم شیوەیە ڕیمان گرتبوە بەر.

یەکەم قۆناغ (ئەبوو غریب) ی گەرەکیکی بەغدا بوو . دووەم قۆناغمان فەللوجە بوو . هەر قۆناغیک خیوەتی تیدا هەلدەدراو هەر سەردەبردراو ، بەیانیان بە مۆسیقای عەسکەری خەبەرمان دەبووەوەو ملی ڕیمان دەگرتەبەر . ڕیگاکەمان زۆر ترسناک بوو ،

مەترسیی پەلاماری چەتەو ڕێگری لەسەر بوو . بەم پێیە بە چل و یەك ڕۆژی ڕەبەق بەسەر (دیر الزور) دا چووینە شاری حەلەب.

تەختە ڕەوانەکەی ئێمە من و دایکم و زەهراو ئەنجومی جووتە خوشکمی تێدا بوو . کابرای تەختەرەوان ئاژۆ جاشوولکەیەکی چکۆلەی هەبوو . دەمویست سواری ئەم جاشولکەیە ببم . بۆیە کەوتمە سەخلەتکردنی زەهرای خوشکم و ، هەولم دەدا دایکم ڕازی بکەم تا بهێلێ سواری ئەو کەرە بم . لە ئەنجامدا لە تەختەرەوانەکە هاتمە دەرێ و ، کەرێکیان بۆ بەکرێ گرتم و سواری بووم . هەموو ڕێگاکەم بە سواریی ئەو کەرە تەواو کرد ، لەم ڕووەوە زۆر شادمان بووم .

پاش شاری حەلەب بە سواری عەرەبانەی یایلی بە سێ ڕۆژ گەیشتینە ئەسکەلەی ئەسکەندەروون . زۆر دیمەنی جوانمان لە نێوان شاری حەلەب و ئەسکەندەرووندا بینی . بە ڕێگای پێچاوپێچی شاخی (بیلان) دا سەرکەوتین.

باوکم بە مەبەستی خزمەت مەعرووف چاوەشی لەگەڵدا ناردبووین . ئەم مەعرووف چاوەشە کە زەریاکەو پاپۆڕەکانی نیویی دی ، دەیگوت : سواربوونی پاپۆڕ لەنێو ئەم زەریایەدا بیعەقلییە . دایکمی بەم قسانە خستبووە گێژاوەوە . دوو ڕۆژ لە شاری ئەسکەندروون ماینەوە.

لەوێوە لەگەڵ عیززەت و ئیکرامی جووتە فەرماندەرانی ناوچەکەدا بەسواریی پاپۆڕی ئەمسایی ( ڤینۆس) کەوتینە ڕێ و ، پاش ٥٣ ڕۆژ گەیشتینە ئەستەموول .

## لە ئەستەمووڵ:

لەوێ چووینە خانوویەکی بەرانبەر مزگەوتی ڕائیف ئاغا لە نیشانتاش (نشانطاش) . خانوەکە لە بەرد دروست کرابوو و ، نەنکم و حەبیبە خانمی پوورمی تێدا دانیشتبوون . سووتانی ئەستەموولم بیستبوو. شەوێك بیستم لە گەڕەکی (قوم قبو) کە لە ئێمەوە دوور بوو ، ئاگر کەوتووەتەوە. کەوتمە هاوارو دەمگوت ئێمەیش دەسووتێین . بەمە خێزانی ماڵەکەم خستبووە سەخلەتییەوە .



ئەحمەد عیززەت بەگی خەندان

سەعید پاشای خالم خانوەکەی لە گەڕەکی تەشویقییە بوو . خالەکانی دیکەیشم ، عیززەت بەگ و سلیمان بەگ و سلیمان بەگ ، لە کۆشکی (مونجیم باشی) ی دیی (ئەرن) لەگەڵ

(سەرافرازخانم) ی دایکیاندا دادەنیشتن . عیززەت بەگی خالم (ئامینە) ی کچی خدیو محەمەد پاشای بابان ژنی بوو . ئەم خالۆژنەم بە دەگمەن لە وینەی هەبوو؛ خوو و رەوشتیکی جوانی هەبوو . ئیمە زوو زوو دەچووینە لای . ئەو کاتە عیززەت بەگی خالم پلەی ئالآ ساحیبی (الا صاحبی) ی هەبوو و ، یاریدەدەری یەکەمی وەرگیری دیوانی هومایۆن بوو . بەلأم سلیمان بەگ ژنی نەهینابوو ، پلەی میر لیوای یاوەرانی پاشایی (یاوران پادشاهی) ی هەبوو و ، تاکە مەراقی خویندنەوەی میژوو و یاریی شەترەنج بوو.

من لە بریی ئەوەی بلیم (خاین) ،دەمگوت (خیر) و ، خالۆزاکانم و منالەکانی دیکە پیم پیدەکەنین . رۆژیك لەگەل ئەواندا چوومە نیو باخەکەیان . دیم نەمامی بامیەی نیو باخەکەیان زۆر کورتەو بامیەیشی گرتووە . سەرسام بووم و پیمگوتن : نەمامی بامیە لە عیراق میندەی بالآی زەلامیك بەرزە . ئەوانیش گوتیان : ئای لەو درۆیەو ، کەوتنە گالتە پیکردنم . زۆر پەست و توورە بووم و ، پەلاماری (بەلقیس) ی خالۆزامم دا . لیدانی باشی لە دەستم خوارد . کە هەوالّ بە نەنکم و دایکم گەیشتەوە ، بە قسەی زۆر رەق ئامۆژگارییان کردم . ئەوانیش سزایەکی باش دران . قسەی هەرە خۆش و ئاوازەی ئەو رۆژانە ئەوەبوو کە وا بلأو بوو ئەم بەلقیسە دەزگیرانی منە.

مایسی ١٩٠١ چوومە پۆلی دووەمی روشدیەی عەسکەریی بەشکتاش (بشکطاس) . ئەو زەمانە زۆر بایەخ بە خویندنی قوتابخانە عەسکەرییەکان دەدرا . ئەسپیکی بچووکیان بۆ کریبووم ، لەگەلّ خزمەتکاریکدا بەو ئەسپە دەچوومە قوتابخانەو دەهاتمەوە . بەشەو لە تاولەکەی سەعید پاشای خالمدا کە نیزیکمان بوو ، خزمەت دەکرا . ئەسپەکە هەموو رۆژیك فریی دەدامە خوارەوە و خۆیشی بە چوارنالە رایدەکردە بەردەم دەرگای حەوشەی مالی خالم. منیش تا ئەویّ بە راکردن شوینی دەکەوتم . خالم دەهاتە لای دەرگای دەرەوەو چاوەریی دەکردم . رەحمەتی سەعید پاشای خالم بە کەوتنە خوارەوەم لەسەر پشتی ئەسپەکەم زۆر پیدەکەنی . لە لایەکی دیکەوە بە سواریی ئەم ئەسپە بە شیوەیەکی زۆر باش فیری سوارچاکی بووم.



فوئاد پاشای خەندان

لیرەدا برادەرانم هیدایەت و عوسمان شەفیق و هەردوو کوری (ئەتواپچی باشی) حیکمەت بەگ

و حەلیم بەگ بوون . ئەو سەردەمە فوئاد پاشای خالۆزام لە یاوەرانی حەزرەتی پاشایی ، خوێندنی لە ئەلمانیا تەواو کردووەو ، لە (کۆنکوردوب ؟[16] ) . تکیا کە کراوە بە یەکەم دەرچووە . ئیمپراتۆر ڤیلهیلم بە هۆی ئەوەوە پەرۆزباییی لە پاشا کردووەو ، لە پاداشتی ئەو یەکەمیەدا لە پلەی قایمقامەوە بەرزیان کردووەتەوە بۆ میرلیوا (میر ئالای) و بەو شێوەیە گەڕاوەتەوە . هەر کە فەرید پاشای ئەرناوود بووە بە سەر وەزیر (صدر أعظم) ، سەعد خانمی[17] برازای خۆیی لێ مارە کردووە . ئەو شاییەی کە بۆیان کراوە بە دەبدەبەی ئەو زەمانە ناوبراوە.

## تیرەی کوریچ :

کە دەوامی پۆلی سێیەمی روشدیەی بەشکتاشم دەکرد ، کاتی پشوو شت کرین لە حانووت لەبەر قەرەباڵغی زۆر زەحمەت بوو . نازانم بە بیرو بۆچوونی کێ حیزبێك بەناوی (کوریچ)ـەوە پێکهاتبوو . ئەندامێکی ئەو حیزبە هاتبوو بۆ حانووتەکە بۆ شت کرین . کە دیبووی زۆر قەرەباڵغە ، پەنجەکانی هەردوو دەستیی تێکپەڕاندبوو و دەستیی بەرز کردبووەوەو هاواری کردبوو (کوریچ) . بەم پێیە ڕێگایان بۆ چۆڵ کردبوو . هەموو کوریچێك بەم شێوەیە یاریدەی ئەوی دیکەی دەدا بۆ شت کرین . ئەم ناوی (کوریچ)ـە مانای چییەو لە چییەوە هاتووە ؟ تا ئێستا بۆم ساخ نەبووتەوە . منیش تێکەڵی ئەمانە بووم.

ئەو ڕۆژانە من بلیتی رەنگاورەنگی ترامواییم کۆدەکردەوەو ، دەوری قوتوەکانم بە بۆیەی زەرکەفت رەنگ دەکرد . ڕۆژێك ناوی کەسانی سەر بە سەرۆکی ئەم تیرەیەم لە دەفتەرێکدا نووسی و داوام کرد چەند نمرەیەکیان بدرێتێ ، داواکەم پەسند کرا . عەلی غالب قەندەلیی سەرۆکی پۆل و گەورەمان و یەنگی بوغچەل تەحسینی یاریدەدری ، ناوی ئەمیندار دەفتەریان دامێ . ئەم تیرەیە بە ماوەیەکی زۆر کورت وای لیهات خەلك لە دەست خراپەکارییان هەلدەهات و ، بوو بووە تاقمیکی زۆر گرنگ . قوتابییەکان کە ئەمانەیان دەبینی ، دەستبەجێ ڕێگای حانووتیان بۆ چۆڵ دەکردن و ، ئەوی سەرکیشیی بکردبایە تیهەلدانێکی باشی دەخوارد.

ڕۆژێکی قوتابییەکی (کەمال یەنگی مەحەللە) ناو بە دەستی ئەوان جەزرەبە درا. بە هۆی بە جەرگیی خۆیەوە ، لە بەشی ناوخۆ شکاتی کرد . ڕۆژی دوایی کاتی چوونە پۆل ، کەمال یەنگی مەحەللە لەگەڵ ئەفسەرانی بەشی ناوخۆدا ڕاوەستابوو . کێ سەر بەو تیرەیە بوو، بەیەك ئیشارەتی کەمال ڕاگیر (توقیف) کرا . منیش لەنێو ئەوانەدا بووم.

سێ پاشا لە کۆشکی هومایۆنەوە هاتبوون و لەگەل چەند ئەفسەرێکدا لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتبوون ، قسەی دەمی هەموان دەنووسرایەوە . نۆرە هاتە سەر من ، گوتیان : تۆ کێیت و بۆچی چوویتە ڕیزی ئەم تیرەیە و مانای ناوەکەی چییە ؟ ئەو کاتەی تۆو

هاوڕێکانت پێکهێنانی ئەم تیرەیەتان بەشتێکی ئایەخ زانیوە ، گەورەکانی کۆشکی پاشا زۆر بەلایانەوە گرنگ بووە . ئەمجا بۆ دۆزینەوەی ناوی تیرەکەو بنچینەو نیشانەکانی ، شەش حەوت فەرهەنگی گەورەیان هێناو خەریك بوون ، هیچ مانایەکیان بۆ بنچینەی تیرەکە دەست نەکەوت . دواجار بۆیان دەرکەوت لەناوی مۆزیکی سویدی دەچێ .

ئەو ڕۆژە لێکۆڵینەوەکە تا ئێوارە بەردەوام بوو . ئێوارە لەبەر ئەوەی من پاش سەرۆك و یاریدەدەرەکەی ئەمینداری دەفتەر بووم ، واتە سێیەمین کەس بووم ،ئەمە لە لێکۆڵینەوەکەدا نووسراو جێگیر کرا. بۆیە من و نۆ قوتابیی هاوڕێم فەرمانی دەرکردنمان لە قوتابخانە بۆ دەرچوو . بەلام نەمانزانی سەرۆك و یاریدەدەرەکەی چییان لێ بەسەر هات.

لەبەر کەم تەمەنیم و ، بەلکە لەبەر شوێن و پایەی دیاری خالم لە حکوومەتدا بەوە وازیان لێ هێنام کە لە قوتابخانە دەریانکردم . من ئەو دەمە حسێبی ئەوەم کردبوو کە چۆن لە سایەی حکوومەتێکی وەها دەسەلات ڕەهادا ئەو کارەم کردبوو و چووبوومە نێو ئەم تاقمە .

بەلام پاشتر لە هەموو ژیانمدا فێربووم چۆن ئیمزای خۆم بەکار بهێنم . کەمال یەنگی مەحەللەی شکاتکەرو ئەفسەرانی ناوخۆ بە هۆی ئەم ڕووداوەوە مەدالیای مەجیدیی پلە پێنجیان پێ بەخشرا.

دەمەوی بەم بۆنەیەوە ئەمەیشی بخەمە سەر : ئەو زەمانە دەگوترا ئیدارەی دەسەلات ڕەها مایەی سەرسامی و نەهامەتییە . ئەوی بەم ئیدارەیەوە یاد دەکرێتەوە و لەوانەی پاش نیوچەرخ بە ناوو شێوەی جیاجیاوە لە مەملەکەتە کۆنەکانی عوسمانیدا دەرکەوتن و ، حال وباری بێنراوی بەڕیوەبردنی دەولەتیش ، ئەگەر لەگەل یاساکانی پۆلیس و دەست تێوەردانیاندا بەراورد بکرێن ، ویژدانم ناچارم دەکات بلێم ئازادی و داد پەروەری لە دەورانی پێشوودا بەرقەرار بوون .

سەرەنجام کە گەرامەوە بۆ مالەوە ، بیرم دەکردەوە سبەینێ چ بیانوویەك بدۆزمەوە نەچوونەوەی قوتابخانەمی پێ پووش بەسەر بکەم . بەیانی بە ئەنقەست دەستی خۆم بەو ئیسپرتۆیە کە شیری لەسەر گەرم دەکرا ، سووتاندو کردم بە هەراو زەنا . ئەو ڕۆژە بەو بۆنەیەوە لە چوونە قوتابخانە ڕزگار بووم. ڕۆژی دوایی ڕێکەوتی عارفەی دەکردو پاشان جێژنی قوربانی بە دوادا دەهات . بەم شێوەیە چەند ڕۆژێك تێپەرین و دایکم نەیزانی . بەلام پاش جێژن بۆ بەهانەیەکی دیکە دەگەرام . حەبیبە خانمی پوورم لێم کەوتە گومان و ، بە زۆری دایکم دانم بە مەسەلەکەدا نا . دایکم بە پەلە چووە لای سەعید پاشای کاکی . پاش سەعاتێکیش لە خزمان ماجید بەگی یاوەریکی پاشا هاتە مالمان و ، منی بردە لای ڕەزا پاشای بەڕیوەبەری قوتابخانە عەسکەریەکان . کە چوومە ژوورەکەی ، بە یاوەرەکەیی گوت بزمارو چەکوش بێنە بۆ ئەوەی گوێچکەی بە دیوارەکەوە دابکوتین . کاتێك بزمارو چەکوشەکە هات ، بروام بە هەموو شتێك کرد . دەستم بە گوێمەوە گرت و کەوتمە هاوار

کردن . یاوەر کە ئەمەی دی بۆم تێکەوت و داوای لە پاشا کرد لێم خۆش ببێ . پاشا لە ئەنجامدا ئامۆژگارییەکی زۆری کردم و فەرمانی بۆ دەرکردم بچمەوە قوتابخانە . لەوانەی کە لە قوتابخانە دەرکرابوون ، تەنیا سێ هاوڕێی دیکەم هاتنەوە بۆ خوێندن.

## ڕێکەوتێکی سەیر:

سی و نۆ ساڵ پاش ئەم بەسەرهاتە ، من بووم بە بەڕێوەبەری (نقليات الاليـة) لە سوپای عێراقدا . داوام لێکرا سزای شۆفیرێکی ئۆتومبیلی فریاکەوتن (اسعاف) بدەم . کاتێک شوفیرەکەیان هێناو هۆی سەرپێچیکردنەکەیم لێ پرسی ، پێمگوت : بۆچی کە ماوەیەکی درێژە عەسکەرە ، تا ئێستا پلەی عەسکەریی بەرز نەبوەتەوە ؛ لە وەڵامدا گوتی : من نەگبەتم ، لەبەر بیبەختیمە کەوتوومە ئێرە . داوای کرد ئەمجارە لێی ببوورم و جارێکی دیکە ئاگای لە خۆی دەبێ و سەرپێچی ناکات . پێی گوتم دانیشتووی گەرەکی بەشکتاش و لە تیرەی کوریچە ؛ لەبەر ئەوەی لە خوێندنی قوتابخانەدا سەرکەوتوو نەبوە ، لە جەنگی گشتیدا کراوە بە سەرباز و نێردراوە بۆ دەوروبەری بەغداو لێرە ژنی هێناوە . لە یەکەم ڕۆژیشەوە کە لێرە دامەزراوم . منی ناسیوەتەوە . منیش ئامۆژگاریم کردو دلخۆشیم دایەوەو ، دوایی پلەی عەسکەریم بەرزکردەوەو وەزیفەیەکی گونجاوم لە قوتابخانەی ((الالية)) پێ سپارد . بەڵام ئەم بەدبەختە ماوەیەک لەوە بەدوا بە نەخۆشیی سنگ کۆچی دوایی کرد.

## ڕووداوەکانی بەغدا کاتێک لە ئەستەمووڵ بووین:

باسی مانەوەی باوکمم کرد لە بەغدا . ئەوێ لە کۆنەوە پردێکی لەسەر(دوبە) تێدا دروست کرابوو ، هەردوو بەری بەغدای بە یەکەوە دەبەستەوە . تەنیا ئەم پردە هەبوو ، لەبەر کۆنی خراپ بوو بوو و دیسان تازە کرابووەوە . ئاهەنگی کردنەوەکەی لە ١٩ ی ئابی ١٩٠٤ - ٢٦ ی (جمـادي الاولى) ی ١٣٢٠ دا ، ڕێکەوتی لەسەر تەخت دانیشتنی پاشای کرد . بەڵام خوتبەخوێنی مزگەوتی مەیدان حەفتەیەک پێش کردنەوەی ، دوای خوتبەی جومعەو پاش دووعا کردن بۆ پاشا ، بە شێوەیەکی زۆر ڕیاکارانە ناوی نامیق پاشای والیی بردووە . ئەو ڕۆژگارە ئەمە بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرا . قول ئاغاسی (رائيد) حەسوون فەرید بە برووسکە خوتبەکەی بۆ (مابەینی هومایۆن) ناردووە . ئەویش دەم و دەست فەرمانی لابردنی والیی دەرکردووەو ناردوویە بۆ موشیر ئەحمەد فەیزی پاشا تا جێبەجێی بکات .

ئەنجامی وتوویژی نێوان موشیرو کۆشکی هومایۆن بە والی ڕانەگەیەندراوە . بڕیار دراوە کە ئامادەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی پردەکە بوو ، ئاگادار بکرێتەوە . ڕۆژی ناوبراو لەکاتێکدا والی و عەتووکە خانمی ژنە تازە بەغدادییەکەی و گەلێک ژن و پیاوی دیکە ئامادە دەبن تا بەمۆسیقاوە بکرێتەوە برووسکەی لابردنەکەی دراوەتێ . یەکسەر بەنێو قاقاو تریقانەوەی خەلکەکەدا ئەو ناوەی بەجێهیشتووە و

گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی . ڕیوڕەسمی ئاهەنگەکە لەلایەن موفتی ئەفەندییەوە کە کرابوو بە وەکیلی والی ، بەڕیوەبراوە . دوومانگ لەوەبەدوا موشیر فەیزی پاشا بەوەکیلی والی دامەزرا . ئەو سەردەمە گەلیك شیعرو چامە بەبۆنەی لابردنی والییەوە لە دژی ئەو والییە بەرتیلخۆرە بڵاوکرایەوە .

ئەم پردە ناوی (الجسر العتیق) ەو ؛ سەرەرای پارەی حکوومەت ، گەلیك دارو ئامراز بۆ دروستکردنی بە زۆر و بەکارتیکردن لە خاوەن موڵك و بیستانەکان سەندراوە. والی بەم شیوەیە بریکی زۆر پارەی لە لا زیاد بووەو خستوویەتیە نیو کیسەی خۆی.ئەم والییە لە یەکەم ژنی کوریکی حەسەن رەزا پاشا ناوی هەبوە . کە نازم پاشا بووە لە والیی بەغدا ، ئەویش بە وەزیفەی سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئۆردوو هاتووەتە بەغداو ، ماوەیەك پاش ئەوە لە (ئەشقودەرە) بە دەستی ئەسعەد پاشای ناسراو بە ئەلبانیایی کوژراوە.

کاتیك ئەحمەد فەیزی پاشا بریکاری والی بوو ، دەستی بە رووتاندنەوەی گەورەکان کرد . ئەم هەواڵە گەیشتەوە ئەستەمووڵ . ئەویش ٢١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٤ لابرا [١٨] . باوکم دەیگوت ئەم زاتە لەو وەختەوە کە لە یەمەن بووە ، کەوتووەتە بەرتیلخۆری . ساڵانی ١٩١٠ – ١٩١١ ئەم زاتە بە لیخراوی لە ئەستەمووڵ بوو ، من و باوکیشم لەوێ بووین . رۆژیك بۆ سەردانی لەگەڵ باوکمدا چووینە ماڵیان لە گەرەکی ( یشیل طلومبە). بەڵام چەند مانگیك لەوە بەدوا ئاگر بەربووە ماڵەکەی ، سووتاو ، چ کەل و پەل و پارەیەکی تیدا بوو بۆی دەرنەچوو . تەنانەت کورەکەی کە ناوی رەزا بەگ بوو ، لەبەر دەستکورتی لە دەرمانخانەی حەلەبی ناوچەی سرکەچی دامەزرابوو تا خۆی بژیەنێ.

## گواسترانەوەی باوکم بۆ سیواس :

باوکم لە ٣ ی کانوونی یەکەمی ١٣١٨ دا [١٩] لە بەغداوە گواسترایەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی جەنگی فیرقەی سیواس . ریگای حەلەب- ئەسکەندەروونی لەبەر بینینی ئیمە هەلبژاردووە . کە پاپۆرەکەی لە ئزمیر وەستاوە ، چووە سەر لە تۆفیق پاشای قوماندانی شوینەکە (موقع) بدات . بەڵام ئەم تۆفیق پاشایە بروسکەیەکی بۆ ئەستەمووڵ لیداوەو ئاگاداری کردووەتەوە کە مستەفا بەگ یەکەو راست نەچوە بۆ سیواس و ریگای ئەستەمووڵی گرتووەتە بەر . کاتیك باوکم دەگاتە لەنگەرگای(غەلەتە) بە فەرمانی رەزا پاشای سەرعەسکەر دەبریتە سەرعەسکەرییەو ، دوو رۆژ لەوێ راگیر دەکریت .

ئیمە پیمان زانی و سەرمان لیدا لەو ژوورە کە لە ریگای مزگەوتی (سلیمانییە) وە بۆی دەچووی . ئەو سەردەمە بارەگای سەرعەسکەرییە لە بینایەکی گەورەدا بوو ، قوڵەی ئاگر کوژاندنەوە بوو ؛ زۆربەی بیناکە پاش حکوومەتی کۆماری کرا بە زانکۆ.

باوکم کە بەرێ کەوت بۆ سیواس ، ئیمەیش دوا بەدوای ئەو بە ریگای زەریای رەشدا بەسەر (سامسوون) دا چووینە سیواس . سەعید پاشای خالم بە هۆی ئەوراگیرکردنەی باوکمەوە

، تا دەمات نیوانی لەگەڵ سەرعەسکەردا تێکدەچوو . بە عەرەبانەی پایلی لە سامسوونەوە چووینە سیواس . ئەسپەکەی خۆم و ئەو ماینەی کە باوکم لە عیراقەوە ناردبووی ، لەگەڵ خۆماندا بردبوومانن.

## لە سیواس :

ئەو خانوە کە لە سیواس تێیدا بووین ، روشدیەی عەسکەری بەرانبەری بوو . چوومە دوا پۆلی ئەوێ . زۆرجار لەگەڵ باوکمدا غارغارێنمان دەکردو ، هەموو هەینییەک بە سواری ئەسپ دەچووینە باخی (سەید بەتاڵ غازی) . قوتابخانەکەمان قاتی سەرەوەی روشدیەی کوران و قاتی خوارەوەی هیی کچان بوو . من ئەو کاتە لە قوتابخانەکەی خوارەوە دەوامم دەکرد . لەوێ ئاگری عەشقی کچە چەرکەسێکی جەربەزەی نەسیمە ناو سووتاندمی . کە پێی زانرا ، برای کچە بە قەمە هەولی کوشتنمی دا . بەڵام لێدانەکەی دەستی دایکم و ، زەردەخەنەی باوکم کە پەرەی نێو کتێبەکانم دەگەراو ، ئاگر خۆشکردنی زەهرای خوشکیشم کە بەردەوام دایکمی لێ تێژ دەکردم ، هەرگیز لە بیرم ناچنەوە . بەزۆری بە هۆی ئەو رووداوەوە بوو کە قوتابخانەکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ شوێنێك ناوی (جفتە منارە) و پاشماوەی سەردەمی سەلجووقیەکان بوو .

٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٣١٩ [٢٠] ی رۆمی بە وەرگرتنی دیپلۆم روشدیەی سیواسم تەواو کرد. دیسانەوە لەگەڵ دایکم و خوشکەکانمدا بە عەرەبانەیەکی پایلی بەسەر (ئاماسیە - تۆقات - سامسوون) دا گەراینەوە بۆ ئەستەموول . ئەم رێگایە پرە لە دیمەنی زۆر جوان . لە رێگا کاریزێکی بچووك لە دەوروبەری (جاملی بیل) هەبوو ، پێیان دەگوت (ترس ئاقان) . نازانم بۆچی ئەنجومی خوشکم رقی بەم ناوە هەلدەستاو نەیدەویست دووپاتی بکەینەوە . من و زەهرای خوشکیشم دەمانگوت (ترس ئاقان ... ترس ئاقان) . ئەویش توورە دەبوو و دەیقیژاند . دایکم لەسەر ئەوە لێی دەداو ، ئێمەیش پێی پێدەکەنین . بەم پێیە خۆشترین کاتمان لەنێو عەرەبانەکەدا بەسەر دەبرد.

سامسوون شارێکی زۆر جوان و خۆشی کەناری زەریای رەشەو ، دانیشتوانی (لان) یان پێدەلێن و زۆر ئازاو بە جەرگن . لیوایەکی پیادەی ئەو شارە لە شەری (بالکان) دا هاتبوە ناوچەی ( چەتالجە) ، بەچاوی خۆم دیم مەردایەتی و فیداکارییەکی شایانی رێز لێنانیان نواند ؛ مەردایەتییان بێ وێنەبوو ، قەمە بەدەم پەلاماری دوژمنیان دەدا . پاشەکشەیان بە بولغارەکان کرد. ئەو جموجووڵانەیان لە بیرناچنەوە .

## دیسان ئەستەمووڵ:

باوکم حەزی نەدەکرد ببمە عەسکەر . هەر کە گەیشتینە ئەستەمووڵ ، منی خستە قوتابخانەیەکی فەرەنسی (لە (بەگ ئۆغلوو) . هاورێکانم گوتیان : ئەوی لەم قوتابخانەیە دەربچێ ، دەبێتە قەشە یا بازرگان یا کاتب . کە

ئەمەم زانی ، هانام بردە بەر نەنکم. جلوبەرگی سورمەو بریقەداری خالوانم و خزمانی دیکەم ، عەقلی لێ سەندبوومەوە . نەنکم بۆم تێکەوت و لەوێ هێنامیانە دەرێ.



سلیمان بەگی خەندان

سەعید پاشای خالم لە قەلەمی (تابعییەت) ی بابی عالی بە مانگانەی ٨٠٠ قرۆش دایمەزراندم . ئەو وەختە ئەو برە پارەیە زۆر بوو . هەموو بەیانییەك بە عەرەبانەکەی خالم لە گەلیدا دەڕۆیشتم و بەرانبەربە بەڕێوەبەری قەلەم دادەنیشتم و فێری راپەراندنی ئیش و کارم دەبوو.

میرلیوا سلیمان بەگی یاوەر و خالی چکۆلەم ، رۆژێك هاتە مالی خۆمان ، لە قسەکانیدا گوتی: عەسکەر لانابریت . بەلام تۆ هەوڵ بدە ئیشەکە بە باشی فێر ببی . ئەگەر لابریی ، چەکمەجەکەت لێ باردەکەن . کە گویم لەم قسەیە بوو ، رۆژی دوایی کاتیك چوومە دائیرەکەم ، میزەکەمم پشکنی ، ئەوەندە قورس بوو ، نەمدەتوانی بیجولێنم . لە دلی خۆمدا گوتم : ئەگەر لابرام چۆن دەتوانم ئەم میزە لە خۆم باربکەم . بەڕیوەبەرەکەم لە پلەی (خولەفا) دا بوو ، کە ئەوەی بیست هێندە پێکەنی خەریك بوو شەق بەرێ . ئەم بەسەرهاتە رادەی مندالیم دەردەخات.

لە دایکم دەترسام ، نەمدەتوانی هیچ بلێم . بەلام زەفەرخانمی نەنکی رەحمەتیم بە فریای دەردم دەگەیشت . عیززەت بەگی خالم لە دەوامی دائیرەم زیاتر ، حەزی دەکرد بە باشی بخوێنم . نەنکم قەناعەتی بە سەعید پاشا کردبوو ، بمخاتە ئامادەییی نۆشداری (طبیة) ی عەسکەری . لەگەڵ میرلیوا لوتفی پاشای یەکیك لە پزیشکانی ئەندامی دەستەی مامۆستایاندا سەرمان لە قوتابخانەکە دا . دەرکەوت بە تەمەن بچووکم و ، دەبێ سالیك چاوەروان بم . بەو هۆیەوە بریار درا بۆ دەمەزەردکردنەوەی زمانی فەرەنسیم ، ماوەیەك لە قوتابخانەی (سولتانییە) ی سەرای غەلەتە (غلطە سرای) دەوام بکەم . بەرگی سووری ئەم قوتابخانەیەو بریق و باقی ناوەکەی ئارەزووی دەوامیان لە لا زیاد کردم . لەولایشەوە کچەکەی خالم زۆر هانی دەدام .

بەم شێوەیە دەستم بە دەوام کرد . بەلام کە لیم روون بووەوە ئەوی لەم قوتابخانەیە دەربچێ ، نابێتە عەسکەرو دەبیتە کاتب یا بازرگان ،

پەرژیوانی سەری تیکردم . کەچی ئەمجارە نەنکم فریام نەکەوت وە دەیگوت خالە گەورەکەم کاتی دامەزراندنی قوتابخانەکە لە یەکەمین قوتابییەکانی بووە . ئەو خالەم کە لە هەرەتی لاویدا لە سلیمانییەوە لە گەڵ باوکیدا هاتووەتە ئەستەمووڵ ، خراوەتە ئەم قوتابخانەیەو ، دوایی لە زۆر بالوێزخانەی گرنگ و وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردووە . ئەمانەی سەرجەم لەبەر ئەوە بووە کە ئەو قوتابخانەیەی تەواو کردووە.

## رزگارکەرم :

من بیچارە دەچوومە قوتابخانەو دەهاتمەوە . ماجید بەگی عوسمان پاشا لە یاوەران و خزمانی خۆمان ، رۆژێکی پشوو هاتە لامان . لە دەردم حالی بوو و بردمیە پەنایەکەوەو گوتی : خۆم دیمە قوتابخانەکەت و چارت دەکەم . رۆژی دوایی هات و ، منی لە (سولتانییە) وە بردە لای بەرێوەبەری قوتابخانە عەسکەرییەکان و ، گوتی : ئەمە یەکێکە لە کورە عەسکەرو کەس و کاری شەهیدانی شەری (دومکە) و خزمی خۆمە . ئەو داواکاریە کە ئامادەم کردبوو ، دای بە بەرێوەبەر و ، ئەویش ناردی . بەم شێوەیە تشرینی دووەمی سالی ١٣٢٠ [٢١] بە تایبەت لە ئامادەیی عەسکەریی (قولەلی) قبووڵ کرام . جل وبەرگ و پێداویستەکانی بە یەك دوو رۆژ بۆ ئامادە کردم و ، گواستمیەوە بۆ ئامادەیی عەسکەریی (قولەلی) لە (چنگل کۆی).

کە سەری حەفتە لە ئامادەییی (قولەلی) یەوە هاتمەوە بۆ ماڵەوە و دایکم جلەکانی دیم ، پەشۆکا . کە لیی پرسیم ئەمە چییە ؟ لە وەڵامدا گوتم : چی بکەم ، لەبەر ئەوەی کورە عەسکەرم لە قوتابخانەوە گواستمیانەوە بۆ (قولەلی) . پوورم و نەنکم واقیان ور مابوو . دایکم سەری داپۆشی و ، چووە ماڵی سەعید پاشاو مەسەلەکەی بۆ گێرابووەوە . خالم پێی سەیر بووە . رۆژی هەینی لە ری و رەسمی سلاوکردندا بۆ ئالا ، رەزا پاشای بەرێوەبەری قوتابخانە عەسکەرییەکانی دیوەو مەسەلەی ئەو گواستنەوەیەی منی لێ پرسیوە . ئەویش گوتوویە یاوەرێك منداڵیکی بۆ هێنام و گوتی ئەمە منداڵی شەهیدیکە . ئەگەرچی کاتی وەرگرتنی بەسەر چوو بوو ، ویرای ئەوە یارمەتیم داو قبوولم کرد . خالم لەسەر ئەمە زۆر لە ماجید بەگ تووڕە بوو . دایکیشم چینیکی باشی لیدام . بەڵام سلیمان بەگی خالی چکۆلەم لەو کاتەدا هات و ، بە تێکەوتنی نەنکم ئەو کارە جێبەجێ کرا و توانیم لە (قولەلی) دەوام بکەم . کە مەسەلەکەیان بۆ باوکم نووسیبوو ، دووعای خیری بۆ کردبووم.

ئەو سەردەمە عیززەت بەگی خالم وەرگێری یەکەم بوو لە دیوانی هومایۆن . لە خانوویەکی گەورەی سەرجادەی ترامەوای لە بیشکتاش دەژیا . من کە هەموو سەری حەفتەیەك دادەبەزیم ، دەچوومە ئەوێ بۆ سەردانی (سەرافراز خانم ) ی نەنکم و ئامینە خانمی خالۆژنم کە زۆرم خۆشدەویست .

ئەو رۆژانە سەرافراز خانمی نەنکمان داوای لە بەلقیس کردبوو کە سەری حەفتان چوومە ئەوێ ، خۆیم لێ بشاریتەوە ، ئەمجا من بچمە ژوورەوە. بەڵام ئەم نەریتە نەبوە کۆسپی بەردەم یەکتربینینمان لە درزی دەرگاوە . من بە چاوساخیی ئەو دەچوومە بەر دەرگای ژوورەکەی سەرافراز خانمی نەنکم و ، ئەویش لە جیی خۆی هەڵدەستاو هەر لەوێوە فەرمانی دەردەکرد . دوای ئەوە دەچوومە لای خالۆژنم .

ئێمە لە ئەستەموول و ماوەیەکیش لە سیواس بووین . کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ ئیرادەی سولتان بۆ پێکهێنانی دەستەی لێکۆڵینەوەی سنووری ئێران بە سەرۆکایەتیی واجید پاشا دەرچوو . باوکم لە سیواسەوە بە رێگای مووسلدا کەوتەرێ و ، ئەم ئیشەی بە درێژاییی سنوور بەردەوام بوو و تا راگەیاندنی مەشرووتییەت درێژەی کێشا.

هەموو ئێوارەیەك لە سێ شوێنی گەورەی مەشق و فێرکردنی نێو قوتابخانەدا یاریی جمناستیك بێوچان دەکرا . هەموو ساڵێکیش یاریی جەنگ لە ئاستێکی بەرزدا لە خدر ئەلیاس بەرێوە دەچوو و ، دوایی خواردن دەخورا.

میرلیوا سالح پاشا مامۆستای مێژوومان بوو ؛ زۆر پیرو جەنگاوەرێکی کۆن بوو و ، بە فەرمانی پاشا خانەنشین نەکرابوو . یاریدەدەرەکانی دەچوونە ژێر باڵی و دەهات بۆ دەرسگوتنەوە . ئەم زاتە زۆر جار باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە چۆن محەمەد پاشا پەیوەندیی بە ( کاترین ) ی ژنە ئیمپراتۆرەوە هەبوە . دەرسەکەی کاتێکی زۆری دەخایاند و ، قوتابییەکان بە رێز و ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێیان لێدەگرت . مامۆستای باوەڕە ئاینییەکان (العقائد الدينية) مان ، هەر چەندە زۆر زانا بوو ، بەڵام ناویان نابوو (خواجە گیلاس) . ئەم مامۆستایە سافیلکەبوو . قوتابیان بۆ زانینی وردەکاریی مردنی باوکی یا دایکی فلان کەس ، تکایان لێدەکرد کە رۆژنامەی سبەینێیان پێویستە . ئەویش هەڵدەخەڵەتا . بەم شێوەیە دەیانتوانی زۆربەی رۆژنامەکانی حەفتە بخوێننەوە . بەڵام کاتێك هەواڵی ئەم مەسەلەیە بە بەرێوەبەر گەیشتەوە ، کابرا سزای دوورخستنەوەی درا .

مامۆستای هونەری میکانیکمان محەمەد عەلی بەگ ناوی قایمقامی ئەرکانی جەنگ بوو . ئەم پیاوە حەزی لە قوتابیی جوان دەکرد . بەرانبەر هێندێك لەو قوتابیانە رادەوەستاو لێیان دوور نەدەکەوتەوەو ، بۆ هەل دەگەڕا قسەیان لەگەڵدا بکات . لەبەر ئەوەی تووشی ئەم بەدرەوشتییە بوو بوو ، ئەویشیان لەسەر ئەوە دوور خستەوە.

لاساری لە دوا پۆلەکانی قوتابخانەی ئامادەییدا بە قارەمانەتی دەژمێردرا . ئەمانە لە پشووی دوای دەرسەکاندا یەخەیان دەکردەوەو قەدیفەی سووریان لە مەچەکیان دەئاڵاند . ئێمە خۆمان لێیان دەپاراست . ئەمانە زۆرجار کە کەتنیان دەکرد ، سزای لێدانیان بەسەردا دەدرا . قوتابیان تێکرا لە کۆتایی حەفتەدا بۆ لێدان لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا کۆدەکرانەوە . ئەفسەری ناوخۆ

سزای گوناهبارەکەی دەخوێندەوەو ، فەرمانی پێ دەدرا لەسەر بەرەی ڕاخراوی سەر ئەرزەکە ڕابکشێت . ئەویش لە پڕێکا قۆپچەکانی چاکەتەکەی دەکردەوەو لە پەرووو پاڵ دەکەوت . بەدار دەکەوتنە لێدانی و ، بە هیچ جۆرێك نقەی لێوەنەدەهات . پاشان ئەگەر بە پەلە هەستایە ، زۆر ڕێزی لێدەنرا . ئەگەر لە هەستاندا خاوەخاوی بکردایە ، هەموان پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد . قوتابخانە هەرچەندە ڕێکوپێکی و دیسپلینی تێدا هەبوایەو ، لێدانیش هەرچەندە توندو تیژ بوایە ، سەرباری ئەوە جۆرەها ڕووداوی تێدا دەردەکەوت.

## ڕووداوی بۆمباکە :

وەختی نیوەڕۆی ٢١ ی تەمووزی ١٩٠٥ کە ڕێکەوتی ڕۆژی هەینیی دەکرد ، هەموومان لە هۆڵەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبووین . ناکاو لەبەردەم مزگەوتی (یلدز) دا ناڵەیەکی توندی تەقینەوە بوو و ، دووکەڵ و تەپ و تۆزێکی زۆر بەرز بووەوەو ، بوو بە هاوارو قیژو هوور . ئێمە لە پەنجەرەکانەوە سەیرمان دەکرد . خەڵك سەرجەم ترسیان لێ نیشتبوو . ئێوارە کاتێك چووم بیشکتاش و سواری پاپۆری (چنگل کۆی) بووم ،بێدەنگی خەلکی داگرتبوو. ئەو بێدەنگی و پەستییە لە قوتابخانەکەیشدا دیار بوو . دوایی وەکوو زانراو لە خوارەوە باسی دەکەم ، ئەمە ڕووی دابوو:

تومەز چەند کەسێکی سەر بە حیزبی ئەرمەنی (تاشناقیسۆن) ئەو ڕۆژی جومعەیە بۆمبایەکی (دینامیت) ی تەقیتکراوی بەهۆی سەعاتەوە تەقیویان لەنێو عەرەبانەیەکی پیچکە لاستیکی لای سەرادا داناوە ( ئەستەموول تا ئەو کاتە ئوتومبیلی پیچکە لاستیکی تێدا نەبوو ) . بۆمباکە وا تەوقیت کرابوو کاتێك بتەقێت کە سولتان لە نوێژی جومعە دێتە دەرێ. ئیتر ئەوانە چوونەتە نێو قەرەباڵغییەکە بۆ تەماشاکردنی ڕێ وڕەسمەکە . هەرچەندە دووری و کاتی نێوان سەراو مزگەوتەکە بە ئوتومبیل زۆر باش بە کرۆنۆمیتەر حسیبکرابوو و کاتی ئاسایی هاتنە دەرەوەی هەموو حەفتەیەکی سولتان ڕێکخرابوو ، بەڵام سولتان عەبدولحەمیدخان ئەوڕۆژە کاتێك لە نوێژ هاتووەتە دەرێ ، (شێخولئیسلام) ی دیوە کە چەند حەفتەیەك بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیوە بچێتە نوێژی جومعە . ئیدی لە گەڵیدا ڕاوەستاوەو چاك و چۆنیی لە گەڵدا کردووەو هەواڵی نەخۆشیەکەیی لێ پرسیوە . بەم هۆیەوە پاشا لە هاتنە دەرەوە بۆ بەردەرگای مزگەوتەکە دواکەوتووەو ، ئەوە بووەتە مایەی ڕزگاربوونی لە مردنێکی مسۆگەر . هێشتا لەنێو مزگەوتەکەدا بووە کە بۆمباکە تەقیوەتەوە . چارەنووسی خوایی تەگبیری ئەم کۆمەڵەی بەتاڵ کردووەتەوە.

بێگومان خەڵکێکی زۆر لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا ڕاگیر کراون ، بەشێکیان دوور خراونەتەوەو بەشێکی دیکەشیان خراونەتە نێو زەریا . گەلێك ئامادەی ڕێ وڕەسمەکە لە سەربازو کەس و خەڵك و ئاژاڵ لەوناوە لە نێو

چوون و پارچەکانیان تا مەودایەکی دوور بە ئاسماندا پەرین و بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە .

سەرووبەندی ئەم بەسەرهاتە ، رووداویکی سەیر قەماوە . وا لە خوارەوە بۆتانی باس دەکەم :

قوتابییەکی (شەوقی قیرشەهر) ناو کە لە (قیر شەهر) ەوە هاتبوو ، لە پۆلەکەماندا بوو . ئەمە زۆر بیعەقڵ بوو ، هەموو کاتیک گاڵتەمان پێدەکرد ، لەبەر ئەوەی خۆهەڵکیش بوو و قسەی زلی دەکرد . ئەو رۆژێ جومعەیە ، بەیانی زوو هاتووە دەستیک جلی یاوەرانی پاشای پۆشیوەو قۆردوون و شمشیریکی چەماوەی بە خۆدا کردووەو کاتێ نوێژی جومعە چووەتە ریزی نوێژکەران و ئەو شوینە کە بە سەدان یاوەری ئەسلزادەی لێ وەستاوە . ئەم کورە چونکە لە خۆی بە گومان بووە ، بە حەپەساوی تەماشای ئەملاو ئەولای خۆیی کردووە . فەرمانبەرانی خەفیەی ئەو ناوە لیی دردۆنگ بوون ، دەست و برد گرتوویانەو راگیریان کردووە.

بەڵام لە لیکۆڵینەوەی پاش رووداوی بۆمباکەدا ، کەوتبوونە لیپیچانەوەی (شەوقی قیر شەهر . ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی : من لە بەشکتاش بووم کە هەواڵی رووداوەکەم بیست ، گومانم لە عەرەبانەیەك کردو ، ئەم جلانەم بۆ تاقیبکردنی لە بازار کری و لەبەرم کرد . بەڵام لەبەر ئەوەی زوو گیرام ، نەمتوانی حکوومەت لە مەبەستم ئاگادار بکەمەوە . بەم ساختەکارییە خۆیی پەراندبووەوە . ئەو تاقمە خەفیەیە کە گرتبوویان هەموو سزا دران . خۆیشی ئیرادەی سولتانی بۆ دەرچوو و ، یەکسەر لە قوتابیتییەوە پلەی قایمقامی پیدراو خرایە ریزی یاوەرانی پاشا.

شەوقیی هاوریی پۆلمان بەم شیوەیە بە پلەی قایمقامی دەوامی قوتابخانەی دەکرد . زۆر زەحمەتە بتوانم پەسنی مەزنی و لووتبەرزیی ئەم کورە بدەم ؛ بیزی نەدەهات قسە لەگەڵ کەسدا بکات . کە مامۆستاکان دەهاتنە پۆلەوە ، تا مۆڵەتیان لەو وەرنەگرتایە نەیاندەتوانی دەست بە دەرسگوتنەوە بکەن . ئەم قولەلییە کاتی تاقیکردنەوەی پۆلی دووەم بە بەخت و مەزنایەتیی خۆی گواسترایەوە بۆ قوتابخانەی جەنگ . تا راگەیاندنی مەشرووتییەت لە ٢٣ ی تەمووزی ١٩٠٨ دا ( بە میژووی کۆنی عوسمانی ١٠ ی تەمووزی ١٣٣٠) بەردەوام بوو و ، دوایی بیستم لە گیژلوولی ئەو دەورانەدا تیکە تیکە کراوە . کاتیک لە دوا پۆلی قولەلیدا بووم ، رۆژیک کە هاتمە ماڵەوە ، دیم مەلیحەخانمی خوشکم لەدایك بووە.

## گواسترانەوەم بۆ قوتابخانەی جەنگ:

رۆژی ١ ی تشرینی دووەمی ١٣٢٢[٢٢]– ١٩٠٦ گواسترامەوە بۆ قوتابخانەی جەنگی شاهانەی بانغالی . ئیدی ماف هەڵگرتنی شمشیر (قلیچ) مان پیدرا . من زۆر بە شادمانییەوە یادی ئەو رۆژە دەکەمەوە . ئیمە ژمارەمان ٨٦٠ قوتابی بوو ، پیویستیمان بە پەنجا قوتابی بوو بۆ پۆلی سوارە . بۆیە کردیان بە قورعە.

ئەو زەمانە دەولەتی عوسمانی سەرجەم زیاتر لە چل فەوجی سوارەی نیزامیی لە تەراکیاو

ڕۆم ئیلی و ئەرزرۆم و عێراق و تەرابولسی خۆرئاوا هەبوو.چەند فیرقەیەکی تەشکیلاتی فەوجی سوارەی کوردی حەمیدیشی لە کوردستان هەبوو ، سولتان عەبدولحەمیدخانی دووەم پێکی هێنابوون و بەرانبەر بە قازاقەکانی رووس دایانابوون . جگە لەمانە ، پاشا چەند فەوجێکی عەرەب و ئارناوودی لەبەر دەستدا بوو ، بەرگی میللیی خۆیانیان دەپۆشی . ڕۆژی جیاکردنەوەمان بۆ بەشی سوارە ، زۆر دەترساین و خەفەتمان دەخوارد.لە قورعەکەدا دەرچووم . هێندە دڵخۆش بووم ، هەرگیز ئەو بیرەوەرییەم لەبیر ناچێتەوە.

## بەزمی گاڵتەپێکردن لە قوتابخانە:

کە لە ئامادەییەوە گواسترابینەوە بۆ قوتابخانەی جەنگ ، ئەو قوتابیانە کە لە پۆلی یەك و دوودا دەرنەچووبوون ،دەستیان دەکردبەگاڵتەپێکردن وئازاردانی قوتابییە تازەکان .ئەم بەزمە بەردەوام بوو . بۆیە ئەو حاڵ و بارە ئێمەیشی گرتەوە.

یەکەم ڕۆژ لە پۆل دانیشتین، پێش هاتنی ئەفسەری ناوخۆر، یەکێك لەوانە کە پێیان دەگوترا (دۆنك) چووە لای تەختەکەو نووسیی (السلام علیکم) و وەستا . ئێمە هەموومان بێدەنگ بووین . بەڵام ئەو لە پڕێکدا هاواری کرد : ئێمە سڵاوتان لێدەکەین ، بۆچی وەڵاممان نادەنەوە؟ بە جۆرێك کەوتە جنێو پێدانمان ، ناتوانم باسی بکەم . کەسمان وەڵاممان نەدایەوە ، چونکە تەنیا پۆلەکەی ئێمە شەست کەس زیاتری لەمانە تێدابوو . هەمان کات پۆلی دووەمیش زۆری لەمانە لەنێودا بوو . ئەگەر ئێمە بە گژ ئەوانەی پۆلی خۆماندا بچووینایە ، ئەوانەی پۆلەکەی دیکەیش بە دەنگیانەوە دەهاتن و سەرو گوێلاکی هەموومانیان دەشکاند. وەك قوتابخانەی ئامادەیی ، ئەوانەیش کە لێرە بە لاسار ناسرابوون ، هەرپشوویەکی هەموو ڕۆژێك دەگێران و بۆ تەمیکردن لێیاندەدرا .

ئەگەر برادەرێکی پۆلە بەرزەکانمان لەگەڵدا نەبوایە ، لە ترسی ئەمانە نەماندەتوانی بچینە ئاودەستخانەی قوتابخانە ، چونکە ڕێیان پێدەگرتین و لێیان دەداین. بە گەسکەوە دەوەستان ، ئەوی بە بەردەمیاندا بڕۆیشتایە و سڵاوی بکردایە ، دەیانگوت ئای کە بێشەرمە سڵاو دەکات ! ئەگەر سڵاوی نەکردایە دەیانگوت بۆچی سڵاو ناکەی ؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە گەسکە پیسەکەی دەستیان بێ‌سێ ودوو بەسەر چاویاندا دەکێشا.

مەحاڵ بوو بتوانی بەتەنیا لە ساڵۆنەکەدا هاتوچوو بکەی ، چونکە تووشی جۆرەها گاڵتەو لێدان دەبووی . ئەم بەزمە بەم پێیە لە ساڵی ١٢٥٠ ی ڕۆمییەوە [٢٣] لە قوتابخانەی جەنگ بەردەوام بووە. ڕێزگرتنی وەها لە کۆنەکان بووبووە نەریتێك .

## ڕێوڕەسمی جیابوونەوەمان بۆ سوارە :

ڕێ و ڕەسمێکی عەسکەریی تایبەت لە ڕۆژانی جیاکردنەوەی بەشی سوارەدا دەکرا . ئەو قوتابیانەی کە پیادە کە دەرچووبوون بۆ پۆلی

دووەم ، هەر یەکێکیان لە قورعەکە دەرنەچوایە و لە هۆڵەکە بهاتایە دەرەوە ، پیادە کەوتووە بە کۆمەڵ راوەستاوەکان دەوریان دەداو پێیان دەگوت: ئەو چاتر ؛ بە پیادە رازی نەبووی ویستت ببی بە سوارە. بە لیدان دەیانگەیاندەوە پۆلەکەی . بەلام ئەوانە کە دەردەچوون و دەکران بە سوارە ، کاتێك دەهاتنە دەرێ ، سوارە کۆنەکان دەوریان دەدان و بە ریزەوە قۆلیان بە قۆلی هەر یەکەیاندا دەکردو دەیانخستە سەر دارێك و فیرپاچیکیان [٢٤] دەدایە دەست و قالپاغیکی ئاوینەداریان دەکردە سەرو چەند هێلکەیەکی پیسیان دەنایە نێو قالپاغەکەی [٢٥] . هێلکەکان لە نێویدا دەشکان و بە دەموچاویدا دەهاتنە خوارێ . ئەمجا بە مارشی تەنتاراتات تەنتاراتات لەگەڵ گەلێك قوتابیی سوارەدا بە دەوری حەوزیکی گەورەی باخچەی قوتابخانەکەدا پیاسەیان پێدەکرد . دوایی دەیانبردە حەمام و ، بەمە دەچوە بەر پاریزگاریی سوارەکان.

### مەشقەکان :

سوارە و پیاوە هەموو پێکەوە دەرسمان دەخویند . تەنیا لە دەرسەکانی پۆل ، بەیتالی (بیطرة) و (سەفەریە ؟) و ، هێندیك مەشق و دەرسی دیکەدا جیا دەبووینەوە. سادق بەگی مامۆستامان لە یەکەم رۆژانی مەشقی سوارچاکیدا ، کاتێك منی دی چۆن سواریکم ، ئەویش بە هۆی ئەسپەکەی خۆمەوە بوو کە بۆ هاتوچووی قوتابخانە سواری دەبووم ، سواریەکەمی زۆر بە دڵ بوو و ریزی لینام .

پاشان بازدانی سەر لەمپەر (موانع) دەستی پیکرد . لەویشدا زۆر باش بووم و ، پاداشتی ئەوە ئەسپیکی عەرەبیی بۆ تەرخان کردم.

ئەم مامۆستا بەریزەم لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا قوماندانی فیرقەی سییەمی سوارە بوو ، لە شەرەکانی بەرەی خۆرهەڵاتدا شەهید کرا . خوا رەحمەتی خۆیی بەسەردا ببارینێ . ریکەوتیکی سەیرە ، سالی ١٩٤٣ کە قونسلی عیراق بووم لە کەراچی ، کچی ئەو مامۆستا رەحمەتیەو یووزباشیی بەیتالی ( نقیب البیطرة) نووری بەگی میردیم دی کاتێك بەسەر کەراچیدا دەچوونە ئەفغانستان . زۆر شادمان بووم.

### لە پۆلەکانی قوتابخانەی جەنگدا:

ژمارەمان لە پۆلی یەکەمدا بە پیادەو سوارەوە پتر لە ٨٦٠ قوتابی بوو . ئەم ژمارەیە کرابوو بە شەش بەشەوە . ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەی جەنگ بە پیی سیاسەتی سەرا بۆ ریگرتن لە هێندیك رووداوی چاوەروانکراوی مایەی تالووکە کەم کرایەوە . ناوەندەکانی سوپای ئەدرنەو مناستر و ئەرزرۆم و شام و بەغدا لە سالی ١٣٢١ [٢٦] بە دواوە قوتابخانەی جەنگیان تیدا کرایەوە . بەلام بە راگەیاندنی مەشرووتییەت داخران و ، گشت قوتابیەکانیان گەرانەوە بۆ ئەستەمووڵ . بەم پییە تەنیا ئەو پۆلەی کە پۆلی ١٣٢٤ [٢٧] ی پێ دەگوترا ، سالی ١٩٠٩ لە قوتابخانە جیاجیاکانی جەنگدا بە ئەفسەری دەرچوون.

ئەو کاتەی ئێمە دەرچووین بۆ دوا پۆل ، هەموو قوتابخانەکانی جەنگ یەکخران و هاتنەوە بۆ ئەستەمووڵ . بە باندی مۆسیقاوە پێشوازیی قوتابییەکانی هەموو وڵاتەکانمان کرد و میوانداریمان کردن . قوتابخانەی جەنگ جگە لە دەرسی فەرەنسی ، ئەڵمانی و رووسیشیان دەخوێند . ئینگلیزی تەنیا لە قوتابخانەی زەریاوانی (بحریة) دەخوێنرا. هەموو پۆلێك جگەلە دەرسەکانی مەشقی عەسکەریو جۆرەکانی ( تەعبیەی ثلثە ؟ ) و خزمەتی سەفەری و مێژووی جەنگ و جوگرافیای عەسکەری وهونەری پالیستیك و هونەری چەك و چۆڵ و قایمکاری (استحکامات) و تۆپۆگرافیاو (استکشافات) و کارتۆگراف و تەرامە و تەشکیلاتی ئۆردووەکانی عوسمانی و بیانی و زانستی فیقهـ و لۆجیك و هونەری تەلارسازی (معماری) و بیناکاری (انشاءات) ی عەسکەری و مەکینەو کۆزمۆگرافیاو جۆرەکانی ئەندازەو یاسا عەسکەریەکان و پاراستنی لەشساخی و بەیتالی و ( مج و اسکریم ؟) و جمناستیك و وۆلتەمز دەخوێنران و ، دەرس و مەشقەکان زۆر بە ریکوپیکی جیبەجێ دەکران.

ئەو مامۆستایانەی کە ئەم دەرسانەیان پێ دەگوتینەوە ، ساڵ بە ساڵ شارەزاییان پەیدا کردبوو . چەند کەسیکیان بە پلەی جەنەراڵ و زەعیم لەنیودا بوو . لەبەر ئەوە هەر ئەفسەریك لە قوتابخانەی جەنگی ئەستەمووڵ دەربچوایە ، پیویست بوایە دەیتوانی ئیشی ئەندازیاری و تەلارسازی بکات. تا دەورانی مەشرووتییەت ، پۆلی ئەرکانی جەنگ لە یەکەمەوە تا پازدەهەمی تیدا وەردەگیرا . بەڵام لە پۆلی ئیمەوە ، واتە لە راگەیاندنی مەشرووتییەتەوە ، ئەوەی ساڵانی خزمەتی لەنیو هیزەکانی سوپادا زۆر بوایە وەردەگیرا.

موشیر ئەحمەد موختار پاشا کە قوماندانیتی و سەرداریی ئۆردووی گەورەی کردبوو ، دەرسی میژووی جەنگی پێ دەگوتین . میرلیوای ئەرکانی جەنگ سوبحی بەگ بەوپەری نەرم و نیانییەوە دەرسی تەشکیلاتی ئۆردووی پێ دەگوتین . ئەم زاتە پاشتر کاتیك والیی بەسرە بوو ، راپۆرتی داوە کە ئینگلیزەکان خۆیان سازداوە پەلاماری عیراق بدەن و داوای کردووە هیزە عەسکەریەکانی عیراق بەهیز بکرین و بەملاو ئەولادا بلاو نەکرینەوە . سەرەنجام لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بە خەفەتەوە لە بەسرە کۆچی دوایی کردووە.

من کاتیك راپۆرتە گرنگەکانیم خویندووەتەوە ، کە لە لقی شازدەیەمی میژووی دائیرەی ئەرکانی گشتیی جەنگدا ئیشم دەکرد . ئەم دوو زاتە لە زۆربەی دەرسەکاندا باسی پیشکەوتنی سوپاکانی بیانییان بۆ دەکردین و لەگەڵ هیی عوسمانیدا بەراوردیان دەکردن . دەرگای پۆلەکەیان پیوە دەداو ، مشتومریکی کراوەیان دەکردو بیرو زەینی قوتابییان دەکردەوە وهۆشیاریان دەکردنەوەو کاتیان بە ستایشی پیاوەکانی ئەو رۆژگارە بە فیرۆ نەدەدا.

مسیۆ دۆبوا دەرسی فەرەنسی و گۆسپۆدین گاسبرنسکی هیی رووسیی پیدەگوتین . هەر یەکەیان یاریدەریکی وەك ئەحمەد رەفیقی

میژوونووسی بەناوبانگ و میر لیوا سوداد بەگی هەبوو . نویژکردن لە قوتابخانە عەسکەریەکاندا بە زۆر بوو . ئەوەی نویژی نەکردایە ، بە توندی سزا دەدرا . قوتابیان ئەو رۆژنامانەیان بۆ خویندنەوە پەیدا دەکرد کە نامیق کەمال و شەریف پاشا گوتاریان تیدا دەنووسین و ، لەنیو خۆیاندا دەستاو دەستیان پێ دەکرد . ئەمە مەترسییەکی زۆر گەورەی دروست دەکرد.

رۆژیکیان کە دەرچووین بۆ پراکتیزەکردن (تطبیقات) ، لە ریگا هەموومانیان گەراندەوە ، کە گەیشتینە قوتابخانە ، خراینە هۆلی پشوودان . ئەو دەمە چاپکراوی زیانبەخش لەلای هەر کەسیك بدۆزرایەتەوە ، یا دوور دەخرایەوە یا دەپەسترایە نیو زیندان.ئەفسەرەکان ئەو ماوەیە هەموو کتیب و دۆلابەکانی جلوبەرگمانیان پشکنیبوو .

سەرافراز خانمی نەنکم ئەو کاتە لە مالی خالم لە (فەنار یۆلی) . ٢٤ ی مارتی ١٩٠٩ -١٣٢٥ ریکەوتی رۆژی سیشەممە کۆچی دوایی کردو لە گۆرستانی (ئەییووب سولتان) نیژرا.

مووچەمان لە پۆلی سییەمی قوتابخانەی جەنگ یەکی پینج مەجیدی بوو . کاتی مووچە وەرگرتن یا کتیب دابەشکردن قژمان دەپشکنرا . ئەگەر دریژ بوایە ، بۆیان دەتاشین . سێ تاقیکردنەوەی تایبەت لە سالیکدا هەبوون . ئەوەی دەرنەچوایە ، مۆلەتی حەفتانەی نەدەدرایە و نەدەچوە مالەوە . جاری وا هەبوو چەند حەفتەیەك چوونە مالەوەی لێ قەدەغە دەکرا.

هەموو رۆژیك قوتابییەك دەبوە پاسەوانی چیشتخانەو میزی خواردنی دەرازاندەوە . نموونەی خواردنەکە رۆژانە بە سینییەك لەگەل قوتابییە پاسەوانەکاندا دەبرایە سەرا . نۆزدەیەمین رۆژی گشت رەمەزانیك قوتابیانی قوتابخانەی جەنگ دەبرانە سەرای (یلدن) . پاش رۆژوو شکاندن کۆمەلە زیریان لەسەر سینییەکی گەورە دەمیناو ، هەر قوتابییەك یەك پارچەی پێ دەدرا . قوتابییەکان هەموو ئیوارەیەك دوای نانخواردن لەسەر حەوزەکە کۆدەبوونەوە . پاش خویندنەوەی فەرمانی رۆژانە ، سێ جار دووعا بۆ پاشا دەکرا.

## راگەیاندنی مەشرووتییەت لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا:

من لە قوتابخانەی جەنگ سەرقالی تاقیکردنەوەی پۆلی دووەم بووم تا دەربچم بۆ پۆلی سییەم ، رۆژی ١٠ ی تەمووزی ١٣٣٠ ی رۆمی – ٢٣ ی تەمووزی١٩٠٨ کاتیك سەفوەت پاشا (عوا) تاقیکردنەوەی دەرسی تەلارسازی (معماری) ی پێ دەکردین ، مەشرووتییەت راگەیاندرا . ئەوانەی لە سالی ١٨٧٦ بە دواوە لە فەرەنسەو سویسرەو ئینگلتەرە ژیاون و پیشکەوتنی ئەورووپایان دیوە ، دواکەوتنی ولاتەکەیان بەلاوە زۆر ناخۆش بووەو بە حال و بارو بەریوەبردنی دلگران بوون . بۆیە کۆبوونەوەیەکیان بەناوی لاوانی تورکەوە کردووەو ، بە کۆشش و کاریگەریی ئەوان ئیدارەی دەسەلات رەهای ولات ناچار بووە مەشرووتییەت قبوول بکات.

ئەو بەشەیان کە لە فەرەنسە بوو ، بڵاوکراوەو چالاکییان بە هۆی یارمەتیی ماددیی شەریف پاشاوە بە شێوەیەکی بەرچاوو بەهێز دەرکەوتوون . ئەگەرچی سوڵتان عەبدولحەمیدخان ئەمەی دەزانی ، بەڵام لەبەر خاتری هەم سەعید پاشای باوکی و هەم شازادە ئەمینەخانمی هاوسەری شەریف پاشاو کچی خدیوی عەباس حەلیم پاشاو ؛ لەبەر ئەوەیش کە شەریف پاشا بە سامانی شەخسیی خۆی زۆر بە باشی نوێنەرایەتیی دەولەتی عوسمانیی دەکرد لە ئەورووپا ، لای نەدەبرد.



شەریف پاشای خەندان

حاڵ و باری ماکدۆنیاو بە تایبەت ڕووداوەکانی ئەرمەن کاریگەری زۆریان کردبوە سەر لاوانی تورک . ڕاگەیاندنی ئیدارەی مەشرووتییەت لەم دۆخەی ئیمپراتۆریدا زۆر بە پێویست بینرابوو ، چوونکە نەتەوەکانی سرب و بولغارو یۆنان لەنێو ماکدۆنیادا جموجوولێکی فراوانیان هەبوو و هەموو لایەکیان نوقمی خوێن کردبوو . ساڵانی ١٨٧٨ - ١٨٨٣ هەستی ژیانەوەی نەتەوەیی لەنێو ئەرمەنەکانی ئەنادۆڵدا پەرەی سەندبوو. پاش ڕێککەوتننامەی بەرلین ، بە سەرکردەیی ( ئاوادیس نازاریك ) ناوێك لە جنیڤ و پاریس و تفلیس و شوێنانی دیکە دەست بەکار بوون . فەوجەکانی سوارەی حەمیدی ساڵی ١٨٨٣ چالاکیەکانی ئەوانیان لە کوردستانی بەشی تورکیادا بەشێوەیەکی زۆر خوێناوی دامرکاندووەتەوە [٢٨] .

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرمەنەکان بە هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆیی گۆش کرابوون ، دیسان بە ناوی (ئاری) یەوە کەوتنە چالاکی و جموجووڵ . ساڵی ١٨٩٥ لە ئەستەمووڵ دەستدرێژییان کردە سەر بابی عالی و بانقی شاهانەی عوسمانی . لە ئەنجامدا بە فەرمانی سولتان عەبدولحەمیدخان لە هەموو لایەکەوە دووچاری قەتلوعام بوون . ئەم حالەتە لە ئەورووپا کاردانەوەیەکی توندی دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی لێ کەوتەوە ؛ گەلەکەشتییەکی ئینگلیز نیزیکی دەردەنیل بووەوەو ، ماوەیەك لەوەبەدوایش بە دابەزینی هێزێکی ڕووسی لە بۆسفۆر کەوتنە هەرەشەلیکردنی .

کاتێك دۆخەکە بەم شێوەیە بوو ، یۆنانیەکان ساڵی ١٨٩٧ ڕێکخراوێکیان بەناوی (ئەتنیکا هەتەریا) وە لە ماکدۆنیا پێکهێناو ، کەوتە چالاکییەکی فراوان . ١٧ ی نیسانی ١٨٩٧

یۆنان کە بەشێکی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، شەڕێکی گەورەی لەگەڵدا دەست پێکردو نیزیکەی ساڵیکی خایاند . پاش ئەوەی عوسمانیەکان سەرکەوتنیان لەم شەڕەدا بەدەست هینا ، دەوڵەتانی ئەورووپا هێزەکانی ئۆردووی عوسمانییان وەستاندو ناچاریان کردن بگەڕێنەوە بۆ سنووری کۆنی (ئەستاتۆقۆس).

حکوومەتی عوسمانی ساڵانی ١٩٠٠ - ١٩٠٨ ڕیگای ئاسنی حیجازی دروست کردبوو و ، ئەمە خزمەتیکی گەورەی حاجیەکان بوو. دانوستانیکی نیوان حکوومەت و دەوڵەتانی گەورەی بیانی بە هەرەشەو گورەشە گەرم کرا .هیزیکی زەریاوانی بیگانە نیزیکی دەردەنیل لە دوورگەی لیمۆس دابەزینرا . چەندەرمەکانی ماکدۆنیاو بۆسنەو هەرسك بەرەو ڕووی ئیدارەی نەمسا کرانەوە . ئینگلتەرەیش لەو نیوانەدا داوای کرد فەلەستین و میسرو عەقەبە بخرینە بەر چاودیریی خۆی . لاوانی تورك کانوونی یەکەمی ١٩٠٧ کۆبوونەوەیەکیان کردبوو . ساڵیك لەوەو بەریش لە (سلانیك) لەگەڵ کۆمەلەکانی ماسۆنیدا یەکیانگرتبوو.

ئیدواردی قراڵی ئینگلیزو چارنیکۆلا حوزەیرانی ١٩٠٨ لە ناوچەی ( رەواڵ) کۆبوونەوە بۆ پیکهاتن لەسەر بەشکردنی حکوومەتی عوسمانی کە ناویان نابوو پیاوی نەخۆش . لە کاتیکدا گفتوگۆی نیوانیان لەو بارەیەوە بەردەوام بوو ، لاوانی تورك بە ناوی (ئیتیحادو تەرەقی) یەوە هاتنە مەیدان . لەمانە نیازی بەگ بە ١٦٠ کەسەوە لە مەکدۆنیاوە

ڕوویکردە چیاکان و ئاڵای یاخیبوونی هەلکرد . سولتان لەسەر ئەوە فەرمانی دا چەندەها ئەفسەر لە سلانیك بخەنە زیندانەوە . سەرەرای ئەوە ، زۆر لەو ئەفسەرانە بەشداریی یاخیبوونەکەیان کرد . (ئەنوەر بەگ) یش ٨ ی تەمووزی هەمان ساڵ چووە پاڵ نیازی بەگ و ، لە ناوچەی ئارناوود کەوتە یاریدەدانی ئەو یاخییانە . بەم پییە ئەو جووڵانەوەیە تاوی سەندو ، پاشا بۆ بەجیهینانی ئارەزوەکانی سوپای سییەم کە لە ماکدۆنیا بوو ، فەرمانی دا دیسان ئەو یاسا بنچینەییە رابگەیەندریتەوە کە لە ساڵنامەی ١٨٧٦ دا هەبوو . بەم شیوەیە ئارەزووی لاوانی تورکی بەدیهیناو ، خامۆشی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کیشا .

بولغارستان کە تا ئەودەمە بەناو میرنشینیکی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و قراڵەکەیان ناوی (فردیناند) بوو ، ئەفسەریکی فەوجی یەکەمی رمهاویژ (مزراقلی) بە سوود وەرگرتن لەو بارودۆخە ٦ ی تشرینی یەکەم سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی راگەیاندو ، بڵاویشی کردەوە کە ویلایەتی بۆسنەو هەرسك خراونەتە ژیر سایەی پاریزگاریی نەمسا .

کامیل پاشا کە بە ئازادیپەروەر بەناوبانگ بوو ، لەگەڵ بانگەوازی مەشرووتییەتدا بوو بە سەر وەزیر (صدراعظم) و کابینەی حکوومەتی پیکهینا و دەستکرا بە هەڵبژاردن . یەکەم پارلەمان لە ١٧ ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٨ دا نیزیك بە مزگەوتی (ئایا سۆفیا) لەو بینایەدا کە وەزارەتی دادی تیدا بوو ، کۆبووەوە . ئیمەی قوتابیانی قوتابخانەی جەنگ و هەموو

میزەکانی سوپا بەشداری ئاهەنگی کردنەوەی پارلەمان بوویـن . مـن سـولتانم دی لـەنیو عەرەبانەیـەکی داپۆشـراودا بـە بـەردەممدا ڕۆیشت . تا ئەو ڕۆژە نە خۆیو نە وینـەیم نەدیبوو . ئەو ڕۆژە هەموو خەلکی ئەستەمووڵ هاتبوونە سەر جادەو نیو کۆڵانەکان . تیکرا بە ڕوویەکی گەش و دلیکی خۆشەوە بەشـداریی ئەم ئاهەنگەیان کرد . لەسەر منارە مزگەوتـەکان هـاواری (الله اکبر) دەکـرا و ، لـە لایـەکی دیکەیشەوە مۆسیقا لیدەدرا.

حـیزبی (حوورییـەت و ئیئتیـلاف) لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی پارلـەماندا بەرانبـەر بـە حـیزبی (ئیتیحـادو تـەرەقی) قـوت بـووەوە. شـازادە سەباحەدین بەگ لەگەڵ ئەم حیزبەدا داوایـان کرد کۆبوونەوەکە بلاوەی پی بکریـت . لەبـەر ئـەوەی کـامیل پاشـای سـەر وەزیـر لایـەنی (حورییـەت و ئیئتیـلاف) ی گرتبـوو ، ١٣ شـوباتی ١٩٠٩ پارلـەمان بـە کاریگـەریی کۆمەلـەی ئیتیحـادو تـەرەقی متمانـەی خـۆیـی پیّ نەبەخشی .بۆیە ناچار دەستیی کیشایەوە . حیلمی پاشا لە جیی ئەو بوو بە سـەروەزیر و کابینـەی پیکـهینا . بەم پییە لـــە لایەکـەوە کۆنـە پـاریزان و لـە لایەکـەوە لایـەنگرانی (لامەرکـەزی) و لـە لایــــەکی دیکـــەوە پـیرەوانی ئیتیحـادو تـەرەقی کـە لـــەگەڵ جوولەکەکانی (سـلانیك) دا یەکیـانگرتبوو ، بە تونـدی دەستیـان کردبـوو بـە چالاکــی نوانـدن و دەیانویسـت هـەموو شـتیك بگرنـە دەستی خۆیان.

## یاخیبوونی قوتابخانەی جەنگ :

بانگـەوازی مەشـرووتییەت هـەمو خـەلکی دلخـۆش کردبـوو . ئـەو مـافی مرۆڤـەی کـە لـە سالنامەکاندا تۆمار کرابوو و دوایی لابرابوو ، سەر لە نویّ کەوتـەوە دەست عوسمانیـەکان . ئەو قوتابیانەیەی قوتابخانـەی جـەنگ کـە نـاو بەناو لە بەندیخانـەکانی تۆپخانـەی عەسکەری ڕاگیر کرابوون و تـوور نەدرابوونە نیو زەریـا ، هینرانـەوە بۆ قوتابخانـە . ئیدی مەسیـحیەکان ترسـیان نـەمابوو و ، ئەرمەنـــەکان هـــەر سەربازیکیان بدیایە باوەشیان پیدا دەکـرد . تەنانەت قوتابییەکی خەلکی بەغدا لە شەقامی (بەگ ئۆغلوو) تووشی کچیکی مەسیحیی ئەو ڕۆژگـارە بـە جـوان ناوبـانگ ڕۆیشـتووی ئەسـتەمووڵ بـوو بـوو ، لـە ئـامیزی گرتبـوو و مـاچی کردبـوو . بـەلام مەسـیحیەکان ئـەم ڕووداوەیـان بـە هەسـتی برایـەتی لیکدایـەوەو شتەکەیان داپۆشی.

حیزبـەکانی ئیتیحـادو تـەرەقی و حوورییـەت و ئیئتیلاف و سەباحەدین لە وڵاتـدا هـەبوون و ، هەر یەکەیان بۆ سوودی خۆی چالاکیی دەکـرد . زانیـاریی سـەبارەت بـە ڕووداوە سیاسـیەکان بۆ باسیکی دیکە دەهیلمەوەو ، لیرەدا تـەنیا لـە ڕووداوەکانی دیکە دەدویم.

کۆمەلەی ئیتیحادو تەرەقی یەکەمین کاری ئـەوە بـوو چـەند فـەوجیکی ڕاوکـەر (ئـاوچی) ی لـە ماکدۆنیـاوە هینـاو ، بـە خۆپیشـاندانیکی گەورە پیشوازییان لیکراو لە دەوروبەری شاری ئەسـتەمووڵ جیگیر کـران . کـاتیك خوینـدن

دەستی پێکرد ، ئیسماعیل فازڵ پاشا بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەو ، ئەو دووعایانەی کە پەیوەندییان بە پاشاوە هەبوو لە کتێبەکاندا لابران . نەریت وابوو پاش سەرژمێریی ئێواران ، قوتابییەکان دەیانگوت :"پادشاهم چۆق یاشا - پاشام زۆر بژی" . ئەمەیش لابرا. سولتان زۆر رقی لەم حاڵ و بارە هەستا . ڕۆژێک هەموو قوتابییەکانی بۆ چاخواردنەوە داوەت کرد بۆ سەرای (یلدز) . بەڵام کەسیان نەچوون. تەنانەت ئەو کێک و شەکرلەمەیە کە لە سەراوە نێردرابوون ، ڕەت کرانەوە .

ئەو ئەفسەرە ئەزانانەی کە لە سەربازییەوە پێگەیشتبوون و لە بەڕێوەبەرایەتیی هێزەکانی فیرقەی دووەمدا ئیشیان دەکرد ، زۆر بە خراپی دەیانڕوانییە ئەو کردەوەیەو بەرهەڵستییان دەکرد . لەبەر ئەوەی قوتابیانی قوتابخانەی جەنگ کاتی خۆی نەخشێکی بەرچاویان لە لەسەر تەخت لابردنی سولتان عەبدولعەزیز خاندا هەبوو و ، ئەو دەمەیش ژمارەیان لە سێ هەزار زیاتر بوو ، لایەنگرانی سەراو حیزبە سیاسییەکان هەر یەکە بە شێوەیەکی جیاواز تێیان دەڕوانین.

ڕۆژێک هەموو قوتابییەکان لەسەر حەوز کۆبوونەوەو یاخیبوونیان بەرانبەر بە دەستەی بەڕێوەبردن ڕاگەیاند . سەرانی ئەم یاخیبوونە ئەو قوتابیانە بوون کە لە بەندیخانەکانی تۆپخانەوە هاتبوون . یاخیبوونەکە تا دەهات گەورە دەبوو . ئیدی کەس نەما گوێ بداتە ئەفسەرانی ناوخۆ . چوونە پۆل و هاتنەوە دەرەوە بە ئارەزووی قوتابیان بوو . ئێواران قوتابی هەر کاتێک بیویستایە دەچوە دەرێ و رووی دەکردە شوێنێک و ، نیوەشەو دەهاتەوە دەنوست . هیچ ئەفسەرێکی ناوخۆ قسەی نەدەکرد . بەیانیان نەریت وابوو ، پاش چا خواردنەوە شیرو قەیماغ دەخوران . داوایان کرد پاش نیوەڕۆژە کردن پاقلاوەیان بدرێتێ ، داواکەیان بەجێ هێنرا.

ڕێوڕەسمێکی گەورە بۆ کوژرانی شەری ئەرمەن لە گۆڕستانی (شیشلی) سازکرا . هەموو قوتابییان بانگ کران . ئەم خۆپیشاندانە گەورەیە هەموو حەفتەیەك دەکرا . قوتابخانەیەکی گەورەی کچانی ئەرمەن لەسەر ڕێگای چوونە گۆڕستانی (شیشلی) بوو . ڕۆژێک قوتابییانی قوتابخانەی جەنگ کۆڵانەکەیان گرت و ، ئەوانیان بردە لای خۆیان و بەناوی خۆشەویستی و ڕێزگرتنەوە زۆر خزمەتیان کردن. گەلێك لە قوتابییە کچەکان بەدزییەوە لە قوتابخانەدا هێلرانەوە . تەنانەت بەشێکیان دوای سێ ڕۆژ ئەوییان بەجێهێشت . هەموو ڕۆژێك لەسەر حەوز کربوونەوە دەکراو گوتار دەخوێندرایەوەو هاوار دەکرا : بژی ئازادی ، هاوسانی ، دادپەروەری . ئەم حاڵەتە سێ حەفتە بەردەوام بوو.

## هاتنەوەی باوکم لە سنووری ئێران :

باوکم لە گەرمەی ڕووداوە باسکراوەکانی سەرەوەدا گەڕایەوە بۆ ئەستەمووڵ . ٢٢ ی شوباتی ١٣٢٤ [٢٩] پلەکەی بەرز کرایەوە بۆ میرلیواو کرایە قوماندانی لیوای نیزامیی بیست و یەکەم لە ئۆردووی شەشەم . خەریکی

خۆئامادەکردن بوو تا خێزانەکەیشی لەگەڵ خۆیدا ببات.

## رێکخستنەوەی قوتابخانە:

رۆژێکی هەینیی ناوەراستی شوبات ، ئێوارە لە مالەوە گەراینەوە بۆ قوتابخانە . هەر کە لە لایەکی دەرگاکەوە پێمان نایە ئەودیو ، سەربازانی راوکەر رووی قەمەیان تێکردین و دەسگیر کراین . یەکسەر براینە ژێر زەمین ، بەبێ ئەوەی بهێلن ئاور بەملاو ئەولای خۆماندا بدەینەوە . چەند سەربازێکی قەمە بە دەست و مێزێك لە کۆتاییی پێپلیکەکانەوە دانرابوون . ئیمامێك و دوو ئەفسەر لە بەردەم مێزەکەدا دانیشتبوون و ، قورئانێك و دەمانچەیەك خرابوونە سەر مێزەکەو ، ئالایەکیش لە پشتیانەوە بوو.

ئیمام دەستبەجێ هاتە قسەو گوتی : دەبێ هەموو یەکێکتان سوێند بخۆن بە قورئان کە کوێرانە ملکەچیی پێرەوی قوتابخانە بکەن . بە پێچەوانەوە خوێنتان حەڵاڵە . ئێمەیش بە ناچاری سوێندمان خوارد . ژمارەمان چەند هەزارێك دەبوو . تا نیوەشەو بەبێ ئەوەی دەنگێکمان لێوەبێ ، لەژێرزەمینەکەداماینەوە . دوای نیوەشەو مۆڵەتیان داینێ بچینە شوێنی نوستن .

رۆژی دوایی مۆسیقای کۆبوونەوە لێدرا . نۆد بە ئەدەبەوە لەسەر حەوزەکە کۆبووینەوە . پاش ئەوەی فەوجێك سەربازی راوکەر قەمە بە دەست هاتنە ژوورێ ، رێك بەرانبەرمان رێز بوون و تفەنگەکانیان پر کردەوە . پاشان سالح پاشای بەرێوەبەری قوتابخانەی جەنگ و دەستەی مامۆستایان هاتنە ناوەراستی شوینەکە . پاشا گوتارێکی پر هەرەشەی خوێندەوە ، ئەمە پوختەکەیەتی :

رێکوپێکی بنچینەی سوپایە . دەبێ قوتابخانەی جەنگ نموونەی ئەمە بێ . وڵات پێویستیی بە قوتابیانی نارێکوپێك نییە . بە پێچەوانەوە ، ئەگەر پێرەویی ئەم قسانەی من نەکەن ، بە فەرمانێك بەم فەوجە هەمووتان لەنێو دەبەم .

پاش تەواوکردنی ئەم گوتارە پر هەرەشەیە کە هەریەکەمان بە ترس و رێزەوە گوێمان بۆ شل کرد ، بڵاوەمان لێکرد . ئیدی لەوە بەدوا بەیانیان کە مۆسیقای هەستان لێدەدرا ، هەلدەستاین . نانێکی وشکمان بە چاوە دەخواردو ، دوایی بە رێکوپێکی بەرەو دەرس و مەشق دەچووین . کە مەشقمان دەکرد ، تفەنگەکانمان فیشەکیان تێدا نەبوو . ئەفسەرانی ناوخۆ ماوەیەك بە رەقی لەگەڵماندا دەجووڵانەوە . هەر تاوێك دوا بکەوتینایە یا قسەمان بکردایە ، تووشی گەورەترین سزا دەبووین . ئیمە کاتێك لەم بارودۆخەدا بووین ، سەربازەکان یاخیبوونیان تێکەوت .

## رووداوەکەی ۳۱ ی مارت:

۳۱ ی مارتی ۱۳۲۵[۳۰]– ۱۹۰۹ وەك لە بەشەکانی سەرەوەدا باسم کرد ، لە کاتێکدا بێدەنگی لە قوتابخانەی جەنگداو ئاسایشی گشتی لە پێتەختدا بەرقەرار بوون ، قوتابیان کاتی نیوەرۆی سێشەممەی رێکەوتی ۳۱ ی

مارت لەنێو خۆیاندا کەوتنە جموجووڵ و کۆبوونەوە.

هەواڵەکانی دەرەوەی قوتابخانە دەریان خست ئەو فەوجە راوکەرانەی کە لە (رۆم ئیلی) یەوە هێنرابوون و هێندێک سەربازو خەڵکیشیان چوو بووە پاڵ ، بە سەرۆکایەتیی یەکێکی (حەمدی چاوەش) ناو لە مەیدانی (ئایا سۆفیا) کۆبوونەتەوەو هاواریان کردووە :" شەریعەتمان دەوێ" . داوایشیان کردووە هەموو ئەفسەرە خوێندەوارەکانی دەرچووی قوتابخانەی جەنگ بکوژرێن ؛ بە کردەوەیش هەریەکێکیان لەوانە بەردەست کەوتبێ کوشتوویانە .

ئیمەی قوتابیانی پۆلی سێیەم بەرانبەر بەم رووداوەو بۆ زانینی هۆی ئەم یاخیبوونە ، هاورێیەکی (رەمزی ئەسکیدار) ناومان هەڵبژارد . ئەم برادەرەمان بەچەند پشتێنیکی پێکەوە بەستراوی سوارەوە شەتەك داو لەو پەنجەرانەوە کەدەیانروانی بەسەر تەنگەبەراییەکەدا بەرماندایە خوارەوە تا هەواڵێکی ئەو رووداوەمان بۆ بهێنێ . وامان بریار دابوو ئەگەر زانیمان یاخیبوونەکە بە قازانجی ئیمەی داخ لە دڵە ، بۆ سوود وەرگرتن لەو هەلەو خۆرزگارکردن لەو تەنگوچەڵەمەیە کە لە قوتابخانەدا سەری هەڵدابوو ، پیوەندیی پێوە بکەین و بچینە پاڵیان .

قوتابیان ئەو شەوە تا رەمزی ئەسکیدار هاتەوە ، لەنێو جێگاکەیاندا بە خەبەر بوون و نەنوستن . دەمەو بەیانی کە گەرایەوە ، ئاگاداری کردینەوە کە عەسکەرە یاخیەکان کەوتوونە کوشتنی ئەفسەرانی دەرچووی قوتابخانەو بەردەوامن . ئەو هەڵچوونە بە هاندانی بەشێك لە مەلاکانیش تا دەهات زیاتر دەبوو . ئەم وەزعە بوو بە مایەی نائومێدیمان . بەیانیی رۆژی دوایی زۆر لە ئەفسەرانی دەرەوە بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان پەنایان بۆ قوتابخانە دەهێنا .

یاخیبوونەکە لەبەرەوە گەورە دەبوو . سەرانی رۆژنامەی (وولقان) و ئەندامانی کۆمەڵەی ئەحمەدی ، چۆن بەنزین بە ئاگردا دەکرێت ، ئاوا هێزیان بە یاخیەکان دەبەخشی . لەم رووەوە گەلێك لەو ئەفسەرە بچووکانە کە پێش ئیمە ساڵی ١٩٠٨ قوتابخانەیان تەواو کردبووو لە هێزە تایبەتەکاندا دامەزرابوون ، کوژران . جگە لەوانە ، ئەمیر محەمەد ئەرسلانی نوێنەری (لاذقیة) و نازم پاشای وەزیری داد کوژران و ، گەلێکیش بریندار کران.

ئەم رووداوە جگە لەو کۆمەڵە عەسکەرە کە داوای شەریعەتیان کردبوو ، نەزانیی هەزاران هاووڵاتیی بە باشی خستە بەرچاومان :

بینباشی (موقەددەم) ی پزیشك رەزا بەگ بەیانیی رۆژی یاخیبوونەکە لە رێگا تووشی یاخیەکان دەبێ ، کوتوپڕ دەیگرن و قەمە دەخەنە سەر سنگی و لیی دەپرسن : " تۆ دەرچووی قوتابخانەی ، یا لە سەربازییەوە بووی بە ئەفسەر " ؟ ئەم دکتۆرە بۆ خۆرزگار کردن لە کوشتن دەستبەجێ وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێت : لە سەربازییەوە بوومەتە ئەفسەرو قوتابخانەم تەواو نەکردووە" . بەمە خۆی دەرباز کردووە.

سوپای عوسمانی کاتی خۆی تەشکیلاتی (یەنگیچەری) ی هەبوو . ئەمانە سەرەتای دامەزرانیان ، دەولەتیان لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی دیکە دەبرد. دوایی بە هۆی نا ڕێکوپێکی و یاخیبوونەوە دەولەتیان دووچاری بەدبەختی کرد ، بۆ نموونە لە مەنجەڵ هەلگرتن یاخی بوون و گەلێك سەرکێشییان لێ وەشایەوە . هەرچەندە ئەو یەنگیچەریانە کاتی خۆی سەرتاسەری ئەوروپایان خستبووە لەرزین ، سولتان مەحموودی دووەم لەبەر ئەو کردەوە دزیوانە کە لە ئاخرو ئۆخریدا دەستیان دابوویە ، بڕیاری دا لەنێو ببرین . ئەوە بوو هێزەکانی تۆپخانە لە ناوەراستی حوزەیرانی ١٨٢٦ دا بە سەرۆکایەتیی قەرە جەهەننەم قشلەی یەنگیچەریەکانی بۆردومان کردو ، بە پێی ئەو فەرمانە کە دەرچوو ٦٠٠٠ - ١٠٠٠٠ یەنگیچەری کوژران و لەنێو بران . سوپا بەناوی ڕژێمی تازەوە بە جۆرە داوودەزگایەکی نوێوە هێنرابووە مەیدان .

بەلام ئەو فەوجە ڕاوکەرانە کە بە هۆی یاخیبوونەکەی ئەمجارەی پێتەختەوە لە (رۆم ئیلی) یەوە هێنرابوون ، لە هەموو سوپا بالادەستتر بوون و هیچ هێزێك نەبوو بەرانبەریان ڕابوەستێ و سەرا ڕاستەوخۆ دەیجوولاندن . یاخیەکان داوای لابردنی ڕەزا پاشای وەزیری جەنگ و حیلمی پاشای سەروەزیر و گۆرینی سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوەییان دەکرد . لەمەو پێش کە لە یەنگیچەریەکانیان دەپرسی چیتان دەوێ ؟ لە وەلامدا داوای کردنەوەی مەیخانە داخراوەکانیان دەکرد . پاشا داواکەیانی بەجێ هێناو مەیخانەکانی کردەوەو یاخیەکانیش سەرجەم بلاوەیان لیکرد .

لە کاتێکدا پێتەخت لە بارودۆخێکی ترسناك و پاشا گەردانیدا بوو ، نیوەشەوی رۆژی دوایی ئیرادەی شاهانە دەرچوو بە دانانی تۆفق پاشا بە سەروەزیر و غازی ئەدهەم پاشا بە وەزیری جەنگ . ئەوانە کەوتنە هەولدان بۆ هێورکردنەوەی یاخیبوونەکە . هەموو کەسێك لە پێتەختدا دلی ناخۆش و لە ئەندیشەدا بوو و چووە وەماڵ و دەرگای لەسەر خۆی داخست . ئێمەیش لەگەڵ گەلێك ئەفسەردا پەنامان بردە بەر قوتابخانەی جەنگ و ، سەرینەکانمان پڕ کرد لە گڵ و نامان بە پەنجەرەکانەوە . تێلای ئەستووریشمان لە پشتەوە خستە بەر دەرگاکان و خۆمان ئامادە کرد بۆ بەرگری لەخۆکردن . بەلام فیشەکێکی زۆر کەممان هەبوو . کە فیشەکیشمان بەسەر قوتابیانی پۆلی سێیەمدا دابەش کرد ، یەکی پێنج دانەیان بەرکەوت .

دووەم ڕۆژی یاخیبوونەکە وا بلاو کرایەوە کە سوپایەکی جموجوولی (حەرەکەت) لە (رۆم ئیلی) یەوە دێتە ئەستەموول . ئەنجومەنی نوێنەران (مەبعووسان) بە شێوەیەکی ناڕێکوپێك کۆبووەوەو لە زۆر لاوە تووشی هێرش بوون . هێندێك ئەفسەر لە لۆجەکانی ئەنجومەندا بە دەمانچەوە دانیشتبوون . جوولەکەکان لە ڕۆژنامەکانی تەنین (طنين) ی حسین جاهیدو (سەباح) و (شووراى ئوممەت)

دا لایەنی ئیتیحادو تەرەقی‌یان دەگرت و ، رۆژنامەکانی سەربەستی و وولقان و میزان و ئیقدام و یەنگی غەزەتە دژی ئیتیحادو تەرەقی دەیاننووسی و ، هێندێك نووسەری ئەو رۆژنامانەیش ناو بەناو دەکوژران .

## سوپای جموجووڵ ( حەرەکەت ) :

پاشا لە کۆشکی (یلدز) دا بە فیرقەی دووەم کە ئەفسەرەکانی لە سەربازییەوە پێگەیشتبوون و نەخوێندەوار بوون (ئالایلی) ، خۆیی دەپاراست . هەموو لایەکی پێتەخت ترس و خەفەت دایگرتبوو و ، سەربازانی یاخی لە مەیدانی (ئایا سۆفیا) دامەزرابوون و بەش بەش کەوتبوونە سوورانەوەو خواردن کۆکردنەوە . پێتەخت لە کاتێکدا لەم حاڵوبارەدا بوو ، هێزەکانی پێشەنگی سوپای جموجووڵ ١٠ ی نیسان کە ڕێکەوتی رۆژی هەینی بوو ، کاتی نوێژی جومعە سەربازەکان لە گوندی ( مقری ) لە واگۆنەکان (فارغۆن) دابەزین و قشڵەی داود پاشاو دەوروپشتەکەیان داگیر کرد .

رۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١١ ی نیسانی ١٩٠٩ ژمارەیەکی زۆر ئارناوودو چەتەی ماکدۆنیایی و بولغارو سەرباز ئەستەمووڵ و دەوروبەری (بەگ ئۆغلوو) و مەیدانی مەشقی قوتابخانەی جەنگیان گرت و ، لەوێوە بەرەو (قشڵەی تاش و قشڵەی ماجقە) رۆیشتن و دەستیان کرد بە تۆپبارانی هێزەکانی فیرقەی دووەمی تایبەت . ئێمە کە قوتابیی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی جەنگ بووین ، ژمارەمان ٣٠٠٠ قوتابی بوو ، بەش بەش نێردراین بۆ پاراستنی باڵوێزخانەکان . دوو سریەی سوارەمان لە کۆڵانی (میسك) پاراستنی باڵوێزخانەکانی بولغارو سربی پێ سپێردرابوو . لە کاتێکدا سریەی پێنجەمی پیادەمان بە بەردەم قشڵەی (تەقیسم) دا تێدەپەڕێ ، هێزەکانی ئەوێ دەیانگرن و دەیانبەنە ژوورەوەو بە خوێن وئەفسەرە (مولازم عیرفان) ناوەکەیانەوە گوێچکەو لووتی پازدە کەسیان لێ دەبڕن و زۆریان لێدەدەن و ، ئەوانی دیکەیش زیندان دەکەن.

هەردوو باڵوێزخانەی ئینگلیزو بەلچیکا چاو چۆکلیتیان دابوو بە قوتابییەکان و زۆر ڕێزیان گرتبوون . کە قوتابیانی دیکە ئەمەیان بیست ، لە شوێنەکانی دیکەوە هەلدەهاتنە ئەوێ . دوو باڵوێزخانەکەی سرب و بولغار کە ئێمە دەمانپاراستن ، دەرگایان داخست و ، هەتا پەرداخێك ئاویشیان نەداینێ . لەبەر ئەوە قوتابییەکان کە بەندەیشیان لەگەلدا بوو ، بە تەواوی بەجێیان هێشت.

هەموو شەقام و کۆڵانەکانی (بەگ ئۆغلوو) ، لە قوتابیی چەك بە دەست بەدەر کەسی دیکەیان تێدا نەدەبینران . دەوروبەری قشڵەکان بە درێژایی شەوو رۆژ دەنگی تۆپ و تفەنگیان بە توندی لێوەدەهات . ئەو ناوە سەربازێکی زۆری کوژراوو بریندارایان لێ کەوتبوو ، پەیتا پەیتا دەگوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەی (شیشلی) . ئێمەیش بەبێ ئیش لەوێ دەسوراینەوە . ئەوی راستی بێ ئەو جێگایە کە پێمان

سپێردرابوو ، بەجێمان هێشتبوو .من و چەند هاورێیەکم دەمانزانی هێندێك ماڵی (پانفالتی) کچی جوانی تێدایە ، زۆر بە ڕێزەوە لەو دەرگایانەمان داو پێمان گوتن : نەترسن ، ئێمە بۆ پاراستنی ئەوان نێردراوین . ئەوان و دایك و باوکیان زۆر ڕێزیان لێ نایین و بانگیان کردینە ژوورەوە بۆ قاوە خواردنەوە . بەڵام بەشێکی کچەکان زۆرزان بوون ، دەیانزانی ئێمە بە چ نیازێکەوە چووینەتە ماڵەکانیان ، بەتیلەی چاو تەماشایان دەکردین و سەریان ڕادەوەشاند.

## چۆن باوکمم ڕزگار کرد :

بەیانیی ڕۆژی ١٣ ی نیسان بوو . سەربازەکان لەگەڵ هێزەکانی سوپای جموجووڵدا لەنێو قشلەکاندا بوون و ، تۆپ تەقاندنیش بەردەوام بوو . بەیانی زوو کە هاتمە بەر دەرگای قوتابخانە ، (حەمدی بەگ) ی یەکێك لە مامۆستاکانمان ، بانگی کردم . هەشت نۆ سەربازی ئارناوودی نیشان دام و گوتی : ئەمانەم خستووەتە بەر فەرمانی تۆ ، لەگەڵ خۆتدا بیانبە بۆ فرنەکانی گەرەکی خۆتان ، نان کۆبکەرەوەو بیهێنە . ئەم سەربازانە یەکی کڵاوێکی لبادیان لە سەرو چاکەتێکی لبادیان لە بەرو جووتێك کەوشیان لە پێدا بوو و وەك شێر بەرێگادا دەڕۆیشتن . گۆرانیی نەتەوەییی خۆیان ( مورە مورە یوو ... ییوو ...) یان دەگوت و ملیان دەنا . نانمان لە یەك دوو فرن وەرگرت ، بەڵام لە ترساندا پارەیان وەرنەگرت. لە کاتێکدا بە بەردەم پۆلیسخانەیەکی بەرانبەر



مستەفا پاشا یامولکی

مزگەوتی (تەشویقییە) دا دەڕۆیشتین ، باوکمم بینی لەسەر کورسییەکی ئەودیو پەنجەرەی ژووری پۆلیسخانەکە دانیشتبوو ، چەند پۆلیسیکی ئارناوود دەوریان دابوو و رووی تفەنگەکانیان تێکردبوو . باوکم کە منی بەدی کرد ، بە ئیشارەت بانگی کردم . منیش بە سەربازەکانی خۆمەوە چوومە نێو پۆلیسخانەکە . ئەوانەی دەوری باوکمیان دابوو ، کاتێك منیان دی گوتیان : گەورەم پاشایەکی سەردەمی ملهوری (استبداد) مان گرتووە ، لە تەگبیری ئەوەداین بیکوژین . لێیان پرسیم : ئێوە ئەفسەرتان لەگەڵدا نییە ؟ منیش لە وەڵامدا گوتم : برادەران ئێوە بە هەڵەدا چوون ، ئەمە پاشای ئیستیبداد نییە .

داوای لێبوردنم لە باوکم کردو ، دەم ودەست لەسەر کورسیەکەی هەلمستاندو خستمە بەر پارێزگاری خۆم و بە گۆرانیی ئارناوودەوە بردمەوە بۆ ماڵ . تۆپێك لە دەمی کۆڵانی ماڵەکاندا دانرابوو ، قشلەی ماجقەی تۆپباران دەکرد . بۆیە باوکمم بردە لای دایکم و خوشك و براکانم کە خۆیان لە ژێرزەمینی ماڵەکەدا شاردبوەوە و، پێمگوتن : با نەیێتە دەرێ . لە وەلامدا گوتی : کورە ئەگەر حکوومەت بەم حاڵەوە بەدەس ئەمانەوە بمێنێتەوە . تف لە تۆ و تف لە حکوومەت " . دەستم کرد بە پێکەنین و بەجێم هێشت .

تومەز باوکم سەرەتای یاخیبوونەکە لە ماڵی خالم بووە لە( قازی کۆی) . کە شەو گەراوەتەوە بۆ ماڵەوە ، دایکم و نەنکم لە مەراقی مندا بوون کە ئاخۆ چیم بەسەر هاتووە وا بە هۆی یاخیبوونەکەوە لە قوتابخانەوە نەچوومەتەوە بۆ ماڵی خۆمان . باوکم کە ئەمەی بیستووە ، دەستوبرد جلی عەسکەریی پۆشیوەو چووەتە دەرێ بە شوێنمدا بگەرێت . لە رێگا لووتی بووە بە لووتی چەند پاسەوانێکی ئارناوودەوە . یەکسەر گوتوویانە : ها ها زۆر باشە ، تۆ پاشایەکی ئیستیبدادی . لە گەلماندا وەرە . بردوویانەتە پۆلیسخانەو لەوێ راگیریان کردووە. ئەوە بوو منیش ئەوکاتە لەوێوە تێپەریم .

کە باوکم لە ماڵەوە بەجێ هێشت ، دوای نان کۆکردنەوە دیسان گەرامەوە بۆ قوتابخانە . ئیمەی قوتابی خۆرمان لێ هەڵاتبوو ؛ تفەنگ بە دەستمانەوەو فیشەك بێ ژمارە لە ملماندا ، بە چواردەوری خۆماندا تەقەمان دەکرد . بەشێکی دیکەی قوتابیانیش لێرەو لەوێ گەورە پیاوانی کۆنیان دەگرت و ، بە سووکایەتیپێکردنەوە دەیانخستنە نێو ژێرزەمینی قوتابخانە .

## رۆژێکی مەزنی مێژوو :

## چۆن بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم بەشداریی لابردنی سولتان عەبدولحەمید خانم کرد؟

بەیانیی رۆژی ١٤ ی نیسان دیسانەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری قوتابیاندا لەبەر دەرگای قوتابخانەدا راوەستابووین ، تەماشامان دەکرد . لەپر ئوتومبیلیکی زرێلی سەربەتاڵ هات و وەستا . ئیمە تا ئەوکاتە ئوتومبیلی وەهامان نەدیبوو . پاشایەکی چاوێلکە لە چاو لێی دابەزی وکەوتە قسەکردن لەگەڵ ئەفسەرانی قوتابخانەدا. ئەفسەرێکیان کە ناوی (حەمدی بەگ) و مامۆستامان بوو ، منی بانگ کردو داوای لێکردم دوو قوتابیی چالاك و وردەکار لەگەڵ خۆمدا ببەم و ، لەگەڵ پاشادا برۆم .

دوایی بۆمان دەرکەوت ئەو زاتە ناوی شەوکەت توورغود پاشاو یەکێك لە سەرکردەکانی سوپای جموجوول بووە . ئەو دوو قوتابییە کە لەگەڵ خۆمدا بردمن ، یەکیان نەجمەدین ئاقسەرای و ئەوی دیکەیان نووری بەشکتاشی بوو . سواری ئوتومبیلەکە بووین . پاشایش لەتەنیشت شوفێرەکەوە دانیشتبوو . لەدواوەی ئوتوموبیلەکە دانیشتین کە زۆر بەخێرایی دەرۆیشت . کاتێك گەیشتینە سەرای (یلدز) ،

دەرگاکانیان بۆ کردینەوە . چەتەکانی ئارناوودو ماکدۆنیاو سەربازانی (رۆم ئیلی) هەموو لایەکیان داگیر کردبوو و ، خامۆشییەکی بیوێنە بالی بەسەردا کیشابوون . چووینە ناوەوە . ئەو شوێنانە نەبوو کە تا ئەوکاتە خواردنی نموونە و هیی بەربانگکردنەوەی رەمەزانانی سولتانیان تێدا پێشکەش دەکرا .

دواجار ئوتومبیلەکە لە شوێنێك وەستاو چووینە ژووری ، پاشا ئێمەی بەجێ هێشت و بەنێو ئاغاکانی حەرەمدا چووە ژوورەوە . ئێمەیش هەرسێکمان تفەنگ بەدەست راوەستاین ، بەبێ ئەوەی بزانین چییە چاوەریی پاشامان دەکرد . پاش تاوێك کە پاشا هاتە دەرەوە ، ئەو ئاغای حەرەمانە کە لە دەرەوە راوەستابوون ، دەستیان کرد بە گریان.



سولتان عەبدولحەمیدی دووەم

لەگەڵ پاشادا سواری ئوتوموبیلەکە بووین و چووینە (بویووك ساری سەرای) کە دەکەوتە کەناری زەریا لە ناوچەی بەشکتاش . کە چووینەوە ژوورەوە ، دیسان پاشا ئێمەی لەسەر پێپلکەکان بەجێ‌هێشت و خۆی سەرکەوتەوە سەرەوە . تا ئەو رۆژە هەر قوتابییەکی قوتابخانەی جەنگ بەبەر ئەو سەرایەدا برۆیشتایە ، دەبوو سەری وەربگیرێ ، واتە سلاو بۆ سەراکە بکات. دەنا بە راپۆرتی خەفییەکی دەوروبەری سەراکە تووشی لەنێوچوونێکی مسۆگەر دەبوو.

پاشا دوای چارەکە سەعاتێك دەرکەوتەوە . بەلام ئەمجارە پاشەوپاش دەرۆیشت و ، پیاوێکی ریش سپی بەرانبەری راوەستابوو ، خواحافیزیی لێدەکرد . پاشا کە هاتە خوارەوە گوتی : ئێوە بە ئوتومبیلەکە برۆن بۆ (سرکەچی) ، من بە پاپۆر دێم . ئێمەیش بە ئوتومبیلەکە سەربەست کەوتینە رێ . لە رێگا کاتێکمان زانی شەقامەکان پر بوون لە خەلك و قەرەبالغییەکی گەورە پەیدا بوو . ئێمەیش بۆ خۆنواندن دەستمان کرد بە تەقەکردن بەسەریاندا!! دیم بە گوللە دەماندا لە هێندێك فنجانی هێلی تەلگراف .

کە چووینە سرکەچی ، لە ئوتومبیلەکە دابەزین . کە گەیشتینە سەری شەقامی بابی عالی ، روانیمان قوتابیانی قوتابخانەی جەنگ مۆسیقا لە پێشیانەوە لێدەدریت و ورد ورد دەرۆن . کاتێك چەند برادەرێکمان بەبەردەمماندا تێپەرین ، پرسیمان چی هەیەو چی نییە ؟ لە وەلامدا گوتیان : "پاشا گۆرا...

لە دەرگای سەرعەسکەرەوە دەچین بۆ بەیعەت " . ئێمە ئەوسا لە مەسەلەکە حالی بووین . تاوێك لەوە بەدوا عەرەبانەیەك لەنێو کۆمەڵێك سەربازدا دەرکەوت . شەوکەت توورغود پاشای تێدابوو . ئەو پیاوە ڕیش سپیە کە لە سەراکە دیبوومان بەرانبەری دانیشتبوو ، مەدالیایەکی گەورەی بە سنگەوە بوو . ئاواو بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم بەشداریی ڕووداوێکی مێژوویی مەزنم کرد.

## چەند ڕاستییەك سەبارەت بە لەسەر تەخت لابردنی سولتان عەبدولحەمید:

ئیتیحادو تەرەقی بە سایەی هاتنە ئەستەمووڵی سوپای جموجوولەوە بە سەرکردەییی مەحموود شەوکەت پاشای بەغدایی کە ژیانی کردەوە بەبەر وڵاتدا ، یەکەم ئیشی لابردنی سولتان عەبدولحەمید خان بوو . ئەنجومەنی نەتەوەیی کە بۆ ئەم مەبەستە لە (ئایا ستیفانۆس) کۆبووەوە ، وا لە ئەندامەکانی گەیاندرابوو کە ڕووداوەکانی ٣١ ی مارت بە فیتی پاشا خۆی ڕێکخرا بوون . جۆرەها پڕۆپاگەندەو واتەوات بۆ جەختکردنەوەی ئەم بۆچوونە بڵاوکرانەوە . دوایی (بساریا ئەفەندی) ناوی یەکێك لە ئەندامانی پێشووی ئەنجومەنی ئەعیان ئەم درۆیەی خستە ناوەوەو لە قسەکانیدا گوتی : " سولتان عەبدولحەمید بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی داوای لە حکوومەتی نەمسا کردووە ، هەر کاتێك سوپای جموجووڵ بزووتەوە ، بەرانبەر بە هێندێك قەرەبووکردنەوە بە دابەزین لە ( ڕۆم ئیلی ) هاوکاریی بکات و لە دواوە لێی بدات" .

ئەم داواکارییەی پاشا لە حکوومەتێکی بێگانە بۆ لێدانی سوپایەکی عوسمانی کارێکی زۆر ناخۆشی کردە سەر ئەندامانی ئەنجومەن . بێدەنگیی حکوومەتی ئەوسا لەسەر کاریش بە سەرۆکایەتیی تۆفیق پاشا بەرانبەر بەم کردەوەیەی پاشا ، هەموو کەسێکی شێتانە هێنایە جۆش و خرۆش .

ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوەیی بە داگیرکردنی ئەستەمووڵ لە لایەن سوپای جموجوولەوە ، ئەوانەیان کە لە (ئایا ستیفانۆس) بوون ، بە برووسکەیەکی ئەحمەد ڕەزا بەگ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان نیزیك بە (ئایا سۆفیا) و ، لەوێ کۆبوونەوە. تۆمەتەکانی دژی پاشا بە برووسکەی ساختەو دروستکراو لەلایەن مەحموود شەوکەت پاشاوە لە ویلایەتەکانەوە هێنرابوون بۆ مسۆگەرکردنی لابردنی سولتان . وا لە خوارەوە پوختەی ئەو تۆمەتانە دەنووسم کە دژی پاشا ڕێکخرابوون :

پاشا سوێندی خواردبوو و پەیمانی دابوو یاسای بنچینەیی قبووڵ بکات و لەگەڵ مەشرووتییەتدا ڕاستگۆبێ .بەڵام دوایی دەستی کرد بە ڕاپۆرت وەرگرتن لە خەفیەکانی کە بەناو وڵاتدا بڵاوی کردبوونەوە . هەموو کۆبوونەوەکانی ئیتیحادو تەرەقی ، چ لە سلانیك و چ لە ئەستەمووڵ ، زۆر خەفیەی ئەوی تێدابوون . مستەفا توتنچیی ( مابەین ) و ( مصاحب ) ی یەکەم جەوهەر ئاغاو تاهیر پاشا لە تفەنگچییەکان و میر لیوا خەلیل بەگ لە

( مصاحب) ەكان و لە خەفیە ناودارەكانیش (نادری فەوزی) ی فرۆكەوان و وەزیری مەعاریف و ئەندامی پیشووی شووڕای دەولەت و تۆفیق بەگی یاریدەدەری بەڕیوەبەری پیشووی ئاماری رسوومات خراپەكارییان خستە نیو وڵات . هەروا چەندین جار پارەی داوە بە رۆژنامەی (وولقان) و حەسەن فەهمی بەگی لە نووسەرانی رۆژنامەكە بە كوشت داوە . ئەو ئەفسەرو فەرماندەرانەی فەوجی سوارەی جیگیری ئارتوغرول كە ٣١ ی مارت كوژران و ، بەكوشتدانی ئەفسەرە لاوەكانی فەوجی سوارەی دەوری سەرای یلدز . بینباشی عەلی قبوولی بەگی كاپتنی پاپۆری جەنگیی (اپار توفیق) ، یاخیەكانی هیزی زەریاوان رۆژانی سەخت و هەرە ناخۆشی یاخیبوونەكە هینایانە بەردەم سەرای یلدزو كوژرا .

هەموو ئەمانە خرانە پاڵ پاشاو ئەویان لێ تاوانبار كرا. بەم پییە پاشا تاوانبار كرا كە ویستوویە كۆنەپەرستی بگیریتەوە بۆ وڵات . لەبەر ئەم هۆیانە داوای كرد بڕیاری لەسەر تەخت لابردنی سولتان عەبدولحەمیدخان بدریت .

هەرچەندە ئەمینداری فتوا سەرەتا رازی نەبوو فتوا بۆ لابردنی سولتان بدات ، بەڵام دواجار ناچاركرا فتوابدات ، لە ئەنجامدا ئیخولئیسلام محەمەد زیائوددین فتوای دەركرد. سولتان وەك لە سەرەوە باسم كرد كە سیو شەشەمین پاشاو بیست و شەشەمین خەلیفەی ئیسلام بوو و لە ١٢٩٣-١٣٢٥ [٣١] ی رۆژی لەسەر تەختی سەلتەنەت بوو ، رۆژی ١٤ ی نیسانی ١٣٢٥ - ٧ ی (ربيع الثاني) ی ١٣٢٧ لیخرا.

چەند هیزیكی چەكدار پشتینەیەكیان بەدەوری ئەنجومەندا دروست كرد و ، ئەندامانی ئەنجومەن لەم هەلومەرجەدا كۆبوونەوە . مستەفا ئەفەندیی نوینەری حەلەب وەك مەئموری دەستە بۆ راگەیاندنی ئەم بڕیارە بە سولتان هەلبژیردرا . كاتیك ناوبراو بە بنەبڕی ئەوەی رەتكردەوە ، ئەسعەد پاشای نوینەری ( دراج) لەجیی ئەو دەستنیشان كرا .

رووداوەكەی ٣١ ی مارت هەرە گرنگترین هۆی رووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و مەشرووتییەت بوو و وڵاتی خستە ژیر دەسەڵاتی كۆمەلەیەك ، چونكە بەم شیوەیە بووە مایەی هەم گۆڕینی سەلتەنەت و هەم هەمانكات گەلیك دەستەو تاقمی نەتەوەییی لە مەملەكەتانی عوسمانیدا قوت كردەوەو ئیدارەی عورفی راگەیاندرا كە كویرەوەرییەكی زۆری لێ كەوتەوە . متمانەی نیوان میللەت و پاشا بە لیخستنی سولتان عەبدولحەمید نەما . باوكانی ئەو نەتەوە جیاجیایانەی كە بەناوی میللەتی عوسماییەوە یەكیانگرتبوو ، گەورەیی و ریز و بەهای جارانی سەلتەنەت و خەلافەتی ئیسلامییان لە بەرچاو هەلگیرا .

سەروبەندی دەسەڵاتداریی سولتان عەبدولحەمیدخان ، وڵات بەرەو تیشكان دەچوو و ، ئەوی لەسیاسەتی ناوخۆدا رەخنەی لەخودی سولتان نەگرتایە و لە دژی نەجوولایەتەوە ، یا هەر كەسیك خۆسەپاندن و حوكمی ئارەزووكاریی وەزیران

و هێندێك چلكاوخۆری لەسەر نەبوایە ، ئازاد دەژیا.

ڕۆژنامەکان بە سەربەستی دژ بە کردەوەی وەزیرەکان دەیاننووسی . سانسۆر بە بێ هەڵاواردن ڕێی بە هاتنە ناوەوەی هەموو چاپەمەنییەکی بیانی دەداو ، نامەگۆڕکییش لەهیچ کاتێکدا نەدەخرایە بەر چاودێری.

## ژیان و لەسەر تەخت دانیشتنی سولتان محەمەد ڕەشاد:

سولتان محەمەد ڕەشادی پێنجەم ١٤ ی نیسانی ١٩٠٩ - ٧ ی( ربيع الثاني ) ی ١٣٢٧ ی ك چووە سەر تەخت . ئەم پاشایە ٢٠ ی شەووالی ١٢٦١[٣٢] ی ك لە دایك بووە . سی و دوو ساڵ جێنشین (وەلی عەهد) بووە . ئەو ماوەیە لە سەرای بەشکتاش نەهاتووەتە دەرەوەو چاوی بەکەس نەکەوتووەو هەر سەرقاڵی عەرەق خواردنەوە بووە . لەبەر ئەوەی عەرەقخۆرێکی بێوینە بووە ، تا ڕادەیەك ورکاس بوو بوو و ئاگای لە دنیا نەبوو.

(محي الدين العربي) ی بەناوبانگ و لە شام نێژراو ،کاتی چوونەسەر تەختی ئەم سولتانە لە کتێبێکدا کە لەنێو خەڵکدا بڵاوە ، نووسیویە : (جلس الرشاد ، هلك العباد) . بۆیە خەڵك چوونە سەر تەختی ئەوی بە جۆرەها شێوە لێکداوەتەوە . ماوەی نێوان لەسەر تەخت دانیشتنی تا مردنی لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی سێی تەمووزی ١٩١٨ - ٢٤ ی ڕەمەزانی ١٣٣٦ دا کە دەکاتە نۆ ساڵ زیاتر ، ڕووداوی گەورەی تێدا قەوماون.

سولتانی لێخراو لە دووەم ڕۆژی دەسەڵاتداریی ئەودا بە پارێزراوی برایە سەلانیك و لە کۆشکی (ئالاتینی) جێگیر کرا . کاتێك بردیانە ئەوێ ، جانتا تایبەتەکەی کە هەموو وەختێك بە خۆی بوو ، لە لایەن پاسەوانەکانیەوە دزرا . ئیتیحادیەکان و سەرانی سوپای جموجووڵ چی لەنێو جانتاکەیدا بوو، لە ئەستەمووڵ لەنێو خۆیاندا بەشیان کرد ، وردەکاریی ئەم مەسەلەیە نووسراوە.

سولتان عەبدولحەمید خان لە ڕاگەیاندنی جەنگی (بالکان) دا لە سەلانیك گواسترایەوەو لە سەرای (بەگلەر بەگی) نیشتەجێ کرا . ١٠ ی شوباتی ١٩١٨ کۆچی دوایی کرد . خەڵکی ئەستەمووڵ تەرمەکەیان بە قەرەباڵغی و ڕێزەوە بە ڕێگای سرکەچی - دیواندا بۆ گۆرستانی سولتان مەحموود بەرێ کردو ، لەنێو گومەزەکەی ئەودا نێژرا . خەڵك بە درێژاییی ڕێگاکە دەگریان و هاواریان دەکرد : ئاخ تۆمان لەکیس چوو .

دانانی سولتان محەمەد ڕەشاد لە سەروو بەندێکدا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لە ئیدارەیەکی دەسەڵات ڕەهاوە دەگۆڕا بۆ مەشرووتییەت . بۆیە بیروڕای ناوخۆ زۆر لە خرۆشاندابوو . ناوچەی بۆسنەو هەرسك بە نەمسا ومەجەرستانەوە لکێندرابوو و ، ویلایەتی تا ئەو زەمانە سەربەخۆی بولغارستان سەربەخۆییی ڕاگەیاندو ، یۆنان دوورگەی کریتی داگیر کردو ، هێزەکانی ئارناوود لە یەمەن پشێوییان نایەوە. چوونە سەر تەختەکە لە کاتێکی پڕ کێشەی ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا

بوو ، کە بە هاوئاهەنگیی مەئموورانی گشتی لە ئەنجامی ڕووداوەکەی ٣١ی مارتی ١٣٢٥ دا دروست بووبوو .

پاشا سالی ١٣٢٦ [٣٣] بۆ تەماشاکردن ئامادەی مانۆڕێکی گەورەی سوپاو خۆپیشاندانیکی گەورەیش بوو لە (تەراکیا) . پاشان سەری لە ویلایەتەکانی ئەدرنەو سەلانیك و قوسوە و مناستر دا . دوایی ئیتالیەکان لە ئاکامی شەڕێکدا کە عوسمانیەکان ڕایانگەیاندبوو ، تەرابولسی خۆراوا و بەنغازییان داگیرکرد . لەوەبەدوایش جەزائیرو ڕۆدس و دوورگەکانی دیکەیان لە زەریای ناوەراستدا گرت . دواتر کە پەیمانی ئاشتی مۆرکرا ، دەولەتانی بالکان کەم خۆراکی و ناریکوپیکیی سوپای عوسمانییان لە مانۆڕە گەورەکەیدا دیبوو ، بۆیە لەنیو خۆیاندا یەککەوتن پەلاماری عوسمانیەکان بدەن . سالی ١٣٢٨ ی ڕۆمی [٣٤] شەر لە نیوان عوسمانیەکان و (بولغارو سرب و یۆنان و کیوەرەش) دا ڕووی دا . لە ئەنجامدا ویلایەتەکانی مناسترو یانیەو قوسوە و ئەشقودەرە بە تەواوی و بەشیکی ویلایەتی ئەدرنەیش لەدەست چوون و ، سوپای بولغار تاکوو هیلی (چەتالجە) هات . گەلیك بیرەوەریی دریژم لەبارەی شەڕی بالکانەوە هەیەو بە جیا نووسراوە .

## خشلە تالانکراوەکانی سەرای یلدز :

سەروبەندی لیخستنی سولتان عەبدولحەمیدخانی دووەم لە ١٤ ی نیسانی ١٣٢٥ ی ڕۆمیدا ، کەسانیك هاوبەشی تالانکردنی پارەو خشلەکانی بوون . ئەو دیوانی جەنگە عورفییەی کە سالی ١٣٣٦ [٣٥] پیکهات ، برو جۆریانی دەست نیشان کردووە . دەرکەوت خاقانی خوالیخۆشبوو کاتیك لە سەرای یلدزەوە نیردراوە بۆ کۆشکی ئالاتینی (الاطینی) لە سەلانیك ، جانتا تایبەتەکەی خۆیی لێ سەندراوەو براوەتە مالیکی دەوروبەری بایەزیدو ، لەوێ کراوەتەوەو چیی تیدابووە بەسەر سەرانی سوپای جموجوولدا دابەش کراوە . لیستی دابەشکردنی یەکە یەکەی شتەکان لەو زەمانەدا لەنیو ئەوراقەکانی تۆفیق بەگی ئەمینداری پیشووی شاری ئەستەموول و حەسەن عیززەت بەگی بەریوەبەری ڕیژیی ئەستەموولدا بەردەست کەوتووە. ئەو ٩٠٠ هەزار زیری نەختینەیە کە لە جانتاکەدا بووە ، بەپیی ئەم ڕینوینە بەسەر کەسانیکی ئامادەدا دابەشکراوە . خشلەکان بەم شیوەیە بلاوکراونەوە :

مەحموود شەوکەت پاشای قوماندانی سوپای جموجوول : جۆرەها پاندانتیف ، تاج، ئەموستیلە ، پارچە زیری بەنرخ .

حوسنی پاشای قوماندانیکی سوپای جموجوول . چینی نقیمداری توتن ، چەند گەردانەو ئەموستیلەیەك.

میرلیوا عەلی پاشای سەرکردەی ئەرکانی جەنگی سوپای جموجوول : چەندین گوارەو ئەموستیلە .

حەسەن عیززەت پاشای بەریوەبەری ریژی و قوماندانیکی سوپای جموجوول : دوو تاج ، ئەمووستیلە و دەرزیی گەوهەردار (برلانطە) .

ئەنوەرو جەمال پاشایان و داماد ئیسماعیل حەقی پاشا : چەند گەوهەریکی گرانبەها ، چەند پارچە زومرودیك .
ئەحمەد رەزا بەگ : چەند سەعاتیکی نقیمدار و چەند گوارەیەکی گەوهەردار .
ئیسماعیل حەقی بەگی والیی برووسە کە لەوی کۆچی دوایی کرد : ئەموستیلەیەکی گەورەی زۆر گرانبەها .
غالب پاشای والیی پیشووی حیجازو بەریوەبەری ئاسایش : جۆرەها کەرەستەی نقیمداری خۆرازاندنەوەی ژنان .
جەعفەر تەییار (طیار) بەگ و حەمدی بەگ : چەند گوارەیەکی مرواری ، چەند ئەمووستیلەیەکی گەوهەردار ، چەند دەمانچەیەك .
مستەفا کەمال پاشا (ئاتاتورك) : چەند گەردانەیەکی ئەلماس و مرواری ، چەند بازنیکی گەوهەردار ، چەند سەعاتیکی نقیمدار .
میر لیوا عەزیز سامیح بەگ : تاجیکی نرخ سێ هەزار لیرە .
یەعقووب جەمیل بەگ : بوخچەیەکی پڕ لە برە تەحویلاتیکی گرنگ .
حسین قەدری بەگی مەبعووسی پیشووی قارس: چەند خەنجەریکی دەسك زومرود.
کەمال بەگی چەرکەس : چەند خشلیکی گرانبەها.
حەسەن جاهید بەگ : تاقمی حوققەی نقیمدار ، چەند سەعاتیکی نقیمدار .
جاوید بەگ و قەرەسوو ئەفەندی : بریك پارچەی گەوهەر ئەلماس لە توورەکەیەکدا.
حەبیب بەگی مەبعووسی بولی : توورەکەیەك تەحویلات ( دراو ) ، چەند ئەمووستیلەیەکی نقیمدار.
وەهیب پاشا : کۆمەلیك قەوالەی (جصە؟) ، چەند دەرزی و ئەمووستیلەیەکی نقیمدار.
ئەبووبەکر حازم بەگ * : توورەکەیەك پارچە زیری کۆن ، چەند ئەموستیلەیەك.
شازدە کەسی ئەو فیداکارانە کە لە گەڵ سوپای جموجوولدا بوون ، جۆرەها سەعات و ئەموستیلەی گەوهەرداریان درایێ . جگە لەمانە ، حەسەن عیززەت بەگ و ئەنوەر و جەمال و ئەوانی دیکە چی قالی و فەرشی زۆر بە نرخی سەراکە هەبوو ، تالانیان کرد.
لە کاتیکدا سوپای عوسمانی وەها بێ داروبارو بێ هیز بوو ، سالی ۱۳۳۰ ی رۆمی - ۱۹۱٤ ی ز بە هاندانی ئیتیحادیەکان لایەنی دەولەتانی هاوپەیمانی گرت و بەشداریی یەکەمین جەنگی جیهانیی کرد . دریژەی ئەم باسە لە کتیبە تایبەتەکەمدا نووسراوە . ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ئەنجامی ئازارو کویرەوەریەکانی ئەم جەنگە گەورەیەدا، لەو سولحە گشتییەدا کە کرا هیچی بە دەستەوە نەما .
ئەو ئاگرە گەورەیە کە لە دوا دواییەکانی حوکمداریی سولتاندا لە ئەستەموول کەوتەوە ، هەموو گەرەکەکانی لە کەناری مەرمەرەوە تا کەنداو لەنیو نەهامەتییەکی پڕ ئیش و ئازاردا سووتاند . ناوبراو بە دریژایی تەمەنی بە داخ و خەفەتی چەندین بیبەشیی لەژمارەنەهاتوو و ئاشووب و شەرو شۆڕ و لە داستدانی چەندەها ولاتەوە ژیا . مارتی سالی ۱۳۲۸ خەزنەداری

سەرای بانگ کردووەتەلای خۆی و ، پەنجا لیرەی زێری داوەتێ پیی گوتووە :" ئەم پارەیە بکریتە خەرجیی کفن و دفنم .. ئەوەندەی بکریتە دووڕۆژانەو ئەوەندەی بە ( ؟ ) . ئەم پارەیە لە توورەکەیەکی جیاوازدا دابنێ و تیکەڵ بە پارەی خەزینەی دەولەتی مەکە . بە ئیرادەوە وەسیتم کرد ".

ئەنوەر بەگ (پاشا) ی قارەمانیکی مەشرووتییەت ناجیە سولتانی ئامۆزای پاشای مارەکردو ، بەو بۆنەیەوە وەزیفەیەکی گرنگی دا بە ئەحمەد ئاغای باوکی لەسەرای پاشا . هەر شتیکیان لە پاشا داوا بکردایە ، دەیگوت : " ئەنوەر جیبەجیی دەکات .." . ساویلکەیی و دەبەنگیی خۆیی بەمە دەردەخست.

داماد سالح پاشا کابرایەکی ژیرو خاوەن بیریکی ئازاد بووە ، سەری بۆ ئیتیحادیەکان دانەدەواندو لایەنی حیزبی (حورییەت و ئینتیلاف) ی دەگرت . دوژمنەکانی پیلانیکیان بۆ ریکخست ، درا بەدادگاو حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو . یووسف عیزەددین ئەفەندی و سولتان خانمی هاوسەری چوونە لای پاشا تا بریارەکە هەلبوەشینیتەوە . دەلین پاشا لە لایەکەوە کەوتووەتە گریان و لە لایەکی دیکەوە بریاری ئیعدامکردنەکەی مۆر کردووە کە ئیتیحادوتەرەقی لیی داواکردووە .

دەستیەکی ئەفسەرانی بولغار ، پاش جەنگی بالکان هاتە ئەستەمووڵ و سەری لە قوتابخانەی جەنگ دا . ئەمان تیکرا یەکجۆر جلیان لەبەردابوو و، لە بەشی جیاجیای سوپا پیکهینرابوون . کەسی ورگزل و ران دەرپەریویان لەنیودا نەبوو . ماوەیەك لەوە بە دوا دەستەیەکی عەسکەریی ژاپۆن سەری لە قوتابخانەی جەنگ دا . ئەفسەرەکانیان سەرجەم جلی خاکییان پۆشیبوو.جلی خاکیمان بۆ یەکەمین جار لەبەری ئەواندا دی . پاشان جلی خاکی لەبەرکردن لەنیو سوپادا بوو بە باو.

مامۆستایەکی (مونشیر) ە شیت ناو بە پلەی قول ئاغاسی (رائید) لە قوتابخانەکەماندا هەبوو . ئەم زاتە هەر مامۆستایەکی دەرسەکانی فەرەنسی و ئەلمانی و رووسی و بیرکاری نوقسان بوایە ، لە بریی ئەو دەرسەکەیی دەگوتەوە . بەلام قوتابیان دەوریان دەداو بە جۆرەها پرسیار جەنجالیان دەکرد . ئاشنایەتیی لەگەڵ موسیقایشدا هەبوو ، بۆیە قوتابیەکان لەو بارەیەوە پرسیاریان لیدەکرد . دەبوە هاوار هاوارو قەرەبالغی . بەریوەبەری قوتابخانەیش دەهات بزانێ ئەم دەنگە دەنگە چییە . کاتیك ژاپۆنیەکان هاتن ، دەستی کرد بە قسەکردن لە گەلیاندا . هەموویان سەریان سرما.

٨ ی حوزەیرانی ١٣٢٥ [٣٦] کۆمەلیك ئەفسەرو فەرماندەرو ئەرکانی سەربە ئیتیحادوتەرەقی پەیدابوون ، هانی راپەرینی عەسکەرییان دەدا . ئەمانە مەزبەتەیەکیان بەو بۆنەیەوە ریکخست و خاقانی لیخراویان بە سەبەبکاری هەموو نەهامەتی و ئیعدامکردنیك داناو داوایان کرد دادکاری (محاکمة) بکریێ . ئەمانەی خوارەوە ئەم ئەم مەزبەتەیەیان ئیمزا کردبوو:

فەریق خورشیدی بەڕێوەبەری قوتابخانەو سەرۆکی دیوانی جەنگی عورفیی یەکەم .
میر لیوا حەسەن ڕەزای پشکنیاری تۆپچی و سەرۆکی دیوانی جەنگی عورفیی دووەم.
میر لیوا زیا (ضیا) ی ئەندامی دیوانی جەنگی عورفیی یەکەم.
میرلیوا نەزیف (نظیف) ی بەڕێوەبەری لقی سێیەمی ئەرکانی جەنگ .
میرلیوا فەریدی دووەم سەرۆکی تۆپچی.
ئەندامانی دیوانی جەنگ : میرلیوا حسین حوسنی ، قایمقامی تۆپچی محەمەد ئەمین، میرلیوای پیادە خەلیل ، بینباشی (موقەدەم) حەقی ، بینباشی ئەحمەد موختار، جووتە بینباشیی سوارە عاکف و یووسف زیا ، زەریاوان ئیسماعیل ، قول ئاغاسیی سوارە جەلال و سادق ، قول ئاغاسیی پیادە حسین حوسنی ، قول ئاغاسیی تۆپچی ڕەجەب عیرفان ، قول ئاغاسیی پیادە جەمال ، یووزباشیی (نەقیب) ی مومتاز محەمەد خلووسی و سەیفی لە ئەندامانی دیوانی جەنگ ، یووزباشی تۆپچی ئیحسان ، یووزباشیی پیادە عەلی ، جگە لە شەش یووزباشیی و مولازمی یەکەم.
ئەگەر بڕوانینە ناوو وەزیفەکانیان ، بۆمان دەردەکەوێ هەموویان سەر بە خورشید پاشا بوون.بۆ ڕیایی ئەم مەزبەتەیەیان مۆرکردووە ، بەڵام لە ئەنجامدا هیچ بڕی نەرکردووە.

## شازادە یووسف عیزەددین ئەفەندی:

کە سولتان ڕەشاد لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت ، لەبەرئەوەی کورە گەورەی خوالیخۆشبوو سولتان عەبدولعەزیز خان بوو ، بە پێی یاسای بنەماڵەی عوسمان بوو بە جینشین . ناوبراو لە کۆشکیکی گەورەی پڕ دارو درەختی (زنجیر قوّیوو) دادەنیشت . ساڵی ١٩١٤ کە لە سریەی چوارەمی فەوجی دووەمی سوارە بووم و بارەگاکەمان بەرانبەر ئەو کۆشکە بوو ، پیوەندیمان لەگەڵ خۆیدا هەبوو.
وا هەست دەکرا ئەم شازادەیە بیرو بۆچوونی پێچەوانەی هیی ئیتیحادیەکان بێ . کە داماد سالح پاشا حوکمی ئیعدامی درابوو ، خۆی چووە لای پاشا تا ڕزگاری بکات . زۆر پێی گران بوو کە هیچی بۆ نەکرا . کاتیک یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێکرد ، ڕووبەڕووی پرۆپاگەندەی ئیتیحادیەکان بووەوەو گوتی :" من نە ماکدۆنیا وە نە میسرم ناوێ ... دەبێ بەبێ فراوانکردنی سنوورمان ، چارەسەری بارودۆخی ناوخۆمان بکەین " . تەنانەت ڕۆژنامەی (مۆنیتۆر ئۆریانتال)) کە ئەو ڕۆژگارە لە ئەستەموول بڵاو دەبوەوە ، چەند جاریک ئەم ڕاگەیاندنەی ئەوی بڵاو کردەوەو ، بوو بە هۆی ڕق هەستانی ئیتیحادیەکان .
یووسف عیزەددین ئەفەندی پاش لەسەر تەخت هێنانە خوارەوەی سولتان عەبدولعەزیز خانی باوکی ، بە بڕینی دەمارەکانی خۆی کۆتاییی بە ژیانی هێنا . پێش ئەوە چەند جاریک هەرەشەی لە سەرانی ئیتیحادیەکان کردبوو و

گوتبووی :" من كوری سولتان عەزیزم .. ئەوەی بیلیم دەیكەم ". سەرەتای جەنگی جیهانی بۆ سەردان ناردوویانەتە بەرەی (چناق قەلعە) . پاش گەرانەوەی ، بە هۆی تێكچوونی باری تەندرووستییەوە ، داوای كردەووە بۆ هەواگۆركێ بچێتە سویسرا . بەلام رییان پی نەداوە و رازی بوون بینیرن بۆ نەمسا . ئەوە زۆر دلشكاوی كردووەو هەستی بریندار بووە .
رۆژێك پیش چوونە نەمسا ، زیارەتی گۆری دایكیشی كردووە لە (ئاقسەرای) . پاشان هاتووەتەوە نیو كۆشكەكەی و ، بۆ حەوانەوە چووەتە ژوورەكەی خۆی و ، فەرمانی بە پاسەوانەكەی داوە كەس نەییتە لای و سەخلەتی نەكەن .رۆژی دوایی كە پاسەوانەكەی چووەتە ژوورێ ، دەبینێ خوالیخۆشبوو لەنیو خویندا دەگەوزێ . بە هاوار هاوار دیتە دەرەوە تا فریای بكەون . پیش ئەوەی پزیشك لە نەخۆشخانەی مندالانی (شیشلی) یەوە بگاتە كۆشكەكە ، ئەوانەی نیو كۆشكەكە هولیان داوە برینەكەی بۆ بپیچن . ئەویش ئەو كاتە هاواری كردووەو گوتوویە:"وازم لیبینن ، بۆچی دەتانەوێ لە ژیاندا بمینم ؟ بۆ ئەوەی ببمە شایەتی ئەو بەسەرهاتانە كە لە داهاتوودا بەسەرتاندا دیت". ئەو پەرۆ و پاتالەی درانـدووە كە برینەكەییان پێ پیچاوەو ، بەر لەوەی پزیشك بگاتە جێ گیانی لە دەست داوە . دەركەوت ناوبراو هەموو دەمارەكانی دەستی خۆیی بەگویزانیك بریبوو . پاش ئەوەی بەو شیوە باسكراوە كۆچی دوایی كرد ، وەحیدەدین ئەفەندی بوو بە جینشین .

## كۆچی دوایی سولتان محەمەد رەشاد خان :

تەرمی پاشا سەعات هەشتی سەرلەبەیانیی رۆژی ٦ ی تەمووزی ١٩١٨ لە لەنگەرگای سەرای ( چراغان ) ی گوندی (ئۆرتە) وە خرایە سەر كەشتییەكی هەلمین ، دوای ئەوەی شازادەكان و گەورەكانی سەرا سواری كەشتییەكی دیكە بوون و ئالا هینرایە خوار تا نیوە . بەم شیوەیە هینرایە (سەرای برونی) . لەوێ فەرمانبەرانی خەزینەی هومایۆنی و دائیرەی خەرقەی سەعادەتی پیغەمبەر شتوویانەو كفنیان كردووە . تابووتەكە بە رێ ورەسمیكی گەورەو ویردو سلاوی ئاینییەوە بە پۆشاكی سەوزی كەعبە داپۆشراوەو ، چاوەروانی هاتنی پاشای نوییان كردووە .
سولتان محەمەد وەحیدەددین خانی شەشەم سەعات ١٠ بە پاپۆری شاهانە لە گوندی (ئۆرتە) وە گەیشتە (سەرای برونی ). لەوێ لە لایەن سەركردەی فەیلەق و بەریوەبەری گشتیی پۆلیس و ئەمینداری شارو سەران و فەرمانبەرانی خەزینەی هومایۆنەوە پیشوازیی لیكراو ، چووە كۆشكی بەغداد. عەبدولمەجید ئەفەندیش كە بە هۆی خۆكوشتنی یووسف عیزەددین ئەفەندییەوە بوو بوو بە جینشینی ، پیشوازیی لیكرد.
پاشای نوێ پلەی موشیریی هەلگرتبوو و ، بە رۆیشتنیكی پر لە مەزنایەتییەوە چوو لەسەر

ئەوتەختــە ( قــانصرغوری) یــە دانیشــت کــە سولتان سەلیمی یەکەم لە سەفەرەکەی (میسر) دا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی . ئەو تەختە بەزێرو زومــرود رازێندرابــووەوەو ، لــە خەلیفــەکانی پێشــووی ئیســلام بــە جــێ مــابوو . نــەقیبی ئەشــراف دووعــای خوێنــدەوەو ، مۆســیقای عەسکەری لێدرا . دوایی پاشا بەرپێوە راوەستا ! عەبدولمــەجید ئەفــەندی و ســەلیم ئەفــەندی و شازادەکانی دیکەو ئەعیان و مەبعووسان لە لای راســتیەوەو ، ســەرووەزیر و شێخولئیســلام و وەزیران و پیاوانی مولکی و عەسکەری لەلای چەپیەوە ریزبوون. گەورە پیاوانی ئاینیش لــە لای چەپی ئەعیان و مەبعووسانەوە راوەستان. ئەمجا پاشا لە تەخت نیزیك بووەوەو کالۆشی پێلاوەکــانیی داکــەندو وەســتاو ، دوایــی ئاغاکانی هومایۆن بەپێی نەریتی کۆنــی ســەرا لەنێو لیشاوی چەپڵەدا هاواریان کرد : پاشام ماشــەڵلا لــە شــان و شــکۆت ، زۆر بژێــت . پاشایش دەســتی بــەرز کــردەوەو لــە ئــیزدان پارایــەوە . کــە ئامادەکــان کەوتنــە مــاچکردنی کــەنارەکانی تەختەکــە ، ری ورەســمی بەیعــەت دەستی پێکرد .

بــە کۆتاییــهاتنی بەیعــەت ، پاشــا بــەرەو دارتەرمەکــە هــات و بەشــداریی خوێندنــی دووعاکــانی کــرد . پاشــان لەگــەڵ تەرمەکــەدا چــووە (دار السعادة) . تەرمەکە لــەوێ لەســەر بــەردەنوێژ دانــراو ، بــە پێشــنوێژیی شێخولئیسلام مووسا کــازم ئەفــەندی نوێــژی مــردوو کــرا . دوایــی تەرمەکــە بــەوێرد خوێندنەوەو رێ ورەسمێکی ئەوپــەری شایان بەرێ کرا .

پاشای نوێ پاش ئەوەی لەگەڵ تەرمی براکەیدا تا (ئۆرتە قاپوو ) ، واتــە دەرگــای ناوەراســت ، رۆیشــت ، گەرایــەوە بــۆ کۆشــکی بــەغداد . تەرمەکە بە رێگای ئایاسۆفیا - سالغم سکۆددا برایــە (ســــرکەچی) و ، لەوێیشــــەوە بــــە کەشتییەکی هەلمین گواسترایەوە بۆ (ئەییووب ســولتان) . دوای پشــوویەك ، لەگــەڵ وەزیــری جەنگدا بە ئوتومبیل لە رێگای ئایــا ســۆفیا - شــەهزادە باشــی - ئــوون قاپانیــیەوە چــووە (ئــەییووب ســولتان) . لــەوێ بــە ئامــادەبوونی هەموو ئەعیان و شازادەکان و وەزیران لەبەردەم گــۆری حــەزرەتی خــالید دا دووعــاو فاتیحــە خوێنــدران ؛ دوای ئــەوەی پاشــا لــەو گــۆرە تایبەتەدا کە پێشتر بۆی دروست کرابوو ، نێژرا .بەڵام ئەو دەمە کــەس نــەیدەزانی ئەمــە دوایــن ری ورەسمی دەوڵەتی عوسمانییە ... مخابن ؟؟

## ژیاننامەی مستەفا پاشا یامولکی :

مســــتەفا پاشــــا کــــوری عــــەزیز یــــامولکیی مەلازادەیــــەکی بیارەیــــەو ، یاپیرۆزخــــانی دایکیشــی کچــی حەمــە رەســـووڵ ئاغــای کوێخایەکی خێلی (ســەدانی) ی جافــە . ساڵی ١٢٨١ ی رۆمــی - ١٢٨٢ ی ك (٢٥ ی کــانوونی دووەمی ١٨٦٦ ی ز) لە گەرەکی گوێژەی شاری سلێمانی لــە خانوەکــەی بــاوکی کــە بەرانبــەر حــەمامی موفتییــە ، لــە دایــك بــووە . کــاك ئەحمــەدی شــێخ (١٢٠٥ - ١٣٠٥ ی ك ) [٣٧] ناویی ناوە.

بەرسەکانی قورئانی لە مزگەوتی سەید حەسەن لە لایەن مامۆستایان مەلا فەتاح و مەلا عیرفان خوێندووە. پاشتر چووەتە قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری کە لە سلێمانی کرابووەوە . دوای ساڵێک خوێندن ، بۆ تەواوکردنی پۆلەکانی دیکەی روشدیەی عەسکەری ، نێردراوە بۆ بەغدا . لەوێ ٣١ ی مایسی ١٢٩٥ [٣٨] بڕوانامەی وەرگرتووە و ، خراوەتە قوتابخانەی ئامادەیی عەسکەری . پاش یەکەم ساڵی خوێندن کە تەمەنی چواردە ساڵ بووە ، واتە ١٢٩٦[٣٩] ی ك ، بۆ چاوپێکەوتنی باوك و دایکی هاتووەتەوە بۆ سلێمانی ، بەڵام باوکی پێش گەیشتنەوەی کۆچی دوایی کردووە ، ئەوە زۆر کاری تێکردووە . هەموو جارێك باسی ئەوەی دەکرد.



مستەفا پاشا یامولکی

سێ ساڵ لەوە بە دوا خوێندنی ئامادەیی عەسکەریی بەغدای تەواو کردووەو لە کۆی (٢٨٥) نمرە (٢٨٠) ی هێناوە . ٨ ی ئابی ١٢٩٨[٤٠] خراوەتە قوتابخانەی جەنگی شاهانە . ئەو زەمانە فۆندەر غۆڵتس پاشا سەرپەرشتیی پۆلەکانی قوتابخانەی جەنگی کردووە . ٨ ی تەمووزی ١٣٠١ ی رۆمی [٤١] تەواوی کردووەو ، لە کۆی (١٥٠) نمرە (١٤٦) ی هێناوەو ، بە پلەی مولازمی دووەم خراوەتە پۆلی ئەرکانی جەنگ .

١٥ ی حوزەیرانی ١٣٠٢ [٤٢] بووە بە مولازمی یەکەم . ٢٥ ی ئابی ١٣٠٢ ی رۆمی سەفییە (صفیة) خانمی کچی خەندانزادە حسین پاشاو خوشکی سەعید پاشای وەزیری دەرەوەی مارە کردووەو ، ١٣٠٤ ی رۆمیی رێکەوتی ٣ ی مایسی ١٨٨٨ لە ئەسکیدار ئاهەنگی گواستنەوەی گیراوە . ٢ ی تەمووزی ١٣١٣ [٤٣] حسین پاشا کۆچی دوایی کردووە . سولتان عەبدولحەمید خانی دووەم بەو بۆنەیەوە مانگانەی (٥٠٠) قرۆشی بۆ سەفییە خانم و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی بڕیوەتەوە تا لە ژیاندا بن .

١٨ ی مایسی ١٣٠٤ [٤٤] بە پلەی یووزباشی (نەقیب) لە بەشی تەکنیکیی ئەرکانی جەنگ دەرچووە و شەشەمی پۆلەکەی بووەو ، لە لقی سێیەمی ئەرکانی جەنگی گشتیدا دامەزراوە . هاوبەشیی گەشتە گەورەکەی ئەرکانی جەنگی کردووە لە دەوروبەری ئەدرنە . ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ١٣٠٥ [٤٥] بووە بە قول ئاغاسی (رائید) و بە داوای خۆی گواستراوەتەوە بۆ فیرقەی

ئەرکانی جەنگی حیجاز . لەوێ فەریق ئەحمەد فــەیزی (فیضــي) ئەبولخــەیری قومــاندانی فیرقەکە سەرباری ئەرکی خۆی چاککردنەوەی ریگــای ئــاوی (عــەین زوبــەیدە) ی (مەککــە) پیرۆزو سەرپەرشتیی دروستکردنی قشلەیەکی گــەورەی لــە (وادی الجیــاد) پــێ ســپاردووە . (عون الرفیق) ی شەریفی مەککە ریزنامەی بۆ نووسیوە بۆ ئەستەموولْ. ٨ی کانوونی یەکەمی ١٣٠٦ ی رۆمــی [٤٦] (٢٣ ی کــانوونی یەکــەمی ١٨٩٠) عەبدولعــەزیزی کــوری لــەوێ لــە دایــك بووە.

دەوری ئــاخرو ئۆخــری ١٣٦٠ ی رۆمـــی جوولەکەیەکی نەمسایی (پــۆل فریدمــان) نــاو ئاژاوەیەکی لە عەقەبەو دەوروپشتی نایەوە بۆ پیکــهێنانی میرنشــینیکی جوولەکەنشــین. ئەوچەنج مەفرەزە جوولەکەیەی کە دوا بە دوای ئاژاوەکە لە زەریاوە هاتوونەتەو شکانی ، ئەم توانیویە بەسەریاندا زالْ ببێ و دەریانبکات . لە ئەنجامدا دەوروبەری (ضبا) و مووەیلخ و عەقەبــە لەســەر کــەناری زەریــای ســوور لــە خدیویتیــی میســر جیــا کراونــەوەو بــە مەملەکەتانی شاهانەوە بەستراونەوە . بە هۆی ئەم رووداوەوە نیشانی پلە چواری مــەجیدیی پێ بەخشراوە.

٢٨ ی ئایلوولی ١٣٠٨ [٤٧] بەرز کراوەتــەوە بۆ پلــەی بینباشــی (موقــەددەم) و لــە فیرقــەی حیجازەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەرکانی جەنگی ئۆردووی هومــایۆنی شەشــەم . دیســان لەبــەر کرانــەوەی شــابەندەرخانەی ناوچــەی (خۆی و ســەلماس) لــە ئــیران ، ١٣ ی (ذي القعــدة) ی ١٣١٠ [٤٨] لەوێ دامەزراوە . کاتێك لە (خۆی) بووە ، ١٥ ی شەعبانی ئەو ساله کچیکی لە دایك بووەو ناونراوە زەهرا زەرینتاج.

٢٢ ی موحــــەررەمی ١٣١٢ [٤٩] نیشـــــانی چوارەمـــی عوسمـــانیی پیـــدراوە . لەســـەر رووداویکی نیوان حکوومەتی ناوخۆی شاری سنە (سەنەندەج) و هاوولاتیانی عوسمانی و لەبــەر کوژاندنــەوەی ئــاگری ناکۆکیەکــە ، بالویزخانەی عوسمانی لە تاران کردوویە بە سەرشــابەندەر . لــەوێ دووەم کچــی بــەناوی (ئەنجوم ئەسماو) ــەوە لەدایك بووە.

کیشەیەکی مەزهەبی لە نیوان خەلکی سوونەو مەزهەبی کوردو حکوومەتی ناوخۆ لە (سنە) پەیدابوو بوو. ئەو ناکۆکییە بوو بـوو مایـەی هەستانیکی گشتی و ، زۆر گەورە پیاوی تیدا کوژران و بارەگای حکوومەت ئابلووقە درابوو . (حوســـامولمولك) ی والیـــی ویلایـــەت و (ئیحتیشـــــامولدەولە) ی کــــوری و (قەمەرولسەلتەنە) ی ژنی کورەکەی کە کچی شاموزەفەرەددین بوو، لەنیو ئەم بارودۆخەدا داوای یارمەتییان لێ کردبوو . لەبەر ئەوەی دەســتی وەردابـووە کیشــەکەو ئاسایشــی بەرقــەرار کردبـوو و شـازادە قەمەرولســەلتەنەی رزگار کردو بە سەلامەتی گەیاندیـەوە تاران ؛ شای ئیران (ربیع الاول) ی ١٣١٣ بە حەمایلی سوورەوە نیشانی شیرو خورشیدی پلە دوو و ، حکوومەتی عوسمانی نیشانی پلە سیی عوسمانیی داوەتێ.

١٥ ی (جمـــــــادي الاولی) ی ١٣١٣ [٥٠] گواستراوەتەوە بۆ شابەندەرخانەی (قارس) ی

سەر بە رووسیا . لەبەر ئەوەی لەوێ زانیاریی گرنگی سەبارەت بە هێزەکانی رووس لە قەفقاسیا گەیاندووەتە شوێنی تایبەت ، ئەمجارە نیشانی سێیەمی مەجیدیی پێ بەخشراوە . سالی ١٣١٤ ی رۆمی [٥١] لە شابەندەرخانەی قارسەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەرکانی جەنگی ئۆردوو لە بەغدا . سالی ١٣١٦ [٥٢] بەرز کراوەتەوە بۆ پلەی قایمقام و ، ١٠ ی مایسی ١٣١٧ [٥٣] کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئۆردوو.

١٧ ی سەفەری ١٣١٦ ی ك [٥٤] رەجەب پاشای قوماندان و والیی بەغدا گواسترایەوە بۆ تەرابولسی خۆراوا ، موشیر ئەحمەد فەیزی پاشا لە ٢٨ ی (ربيع الثاني) دا هاتە بەغداو خرایە شوێنی . مستەفا بەگ کاتێك لە حیجاز بوو ، نەخشەی ناحیەکانی هەردوو ناوچەی حیجازو یەمەن و ، کە لە عێراقیش بوو هی خێلەکانی هەردوو سنجاقی ئەحسا (احساء) و نەجدو مەودای هەموو ناوچەکانی کێشابوو . ئەو رۆژگارە حکوومەتی عوسمانی مانگی پەنجا لیرەی ئالتوونی دەدا بە (ابن السعود) ی حاکمی نەجد.

ئەو سەردەمەو کاتێك نامیق پاشا والیی بەغدا بوو ، عەبدولوەهاب ئەفەندیی دەفتەرداری ویلایەت کاتی مووچەدان بە خانەنشینان و ئەفسەران جۆرەها گیروگرفتی دەخولقاندو سووکایەتیی بە خێزانەکانیان دەکرد . بۆیە مستەفا بەگ زۆر لێی دلگران بووە. رۆژێك لە بازاری مەیدان لای (سوق الهرج) تووشی دەفتەردار دەبێ بە سواریی کەرێکی سپییەوە بەرەو مالی دەبێتەوە . بە بیانووی ئەوەی کە گوایە کەرەکەی خۆی لێداوە ، دەفتەردار دادەگرێتە خوارەوەو لێی دەدات . بەو هۆیەوە دووبەرەکییەکی گەورە دەکەوێتە نێوان نامقی پاشای والیی شەریکە بەرتیل و پارێزەری و محەمەد فەیزی پاشای موشیری عەسکەری . عەسکەر بازار تالان دەکات و ، خێزانی خانەنشینان و ئەفسەران بۆ دەربرینی سوپاس و پێزانین دەچنە بەردەم مالی مستەفا بەگ لە حەیدەرخانەو خۆپیشاندانێك ساز دەدەن . ئەو رۆژە بەغدا دەکەوێتە نێو گێژاوی هەراوهۆریایەکی بێ برانەوە .

لەبەر ئەوەی مستەفا بەگ نازانێ بارەدۆخەکە بە چ بارێکدا دەشکێتەوە ، خێزانەکەی دەنێرێتە ئەستەمووڵ . ئەو زەمانە بە تەختە رەوان و کەژاوە بە پاسەوانیی سرییەیەك عەسکەر لە بەغداوە بەرێ دەکەوێ و قافلەکە بە ٤١ رۆژ دەگاتە نیزیکی حەلەب و ، لەوێیشەوە بە پاپۆر بۆ ئەسکەندەروون . تێکرا بە ٥٣ رۆژ گەیشتووەتە ئەستەمووڵ.

دەستەیەکی لێکۆلینەوە لە ئیدارەی ویلایەت بە سەرۆکایەتیی فەریق عەبدولرەحیم پاشا لە ئەرکانی دەرباری سولتان ، بە هۆی بارودۆخی بەغداوە ، لە ئەستەمووڵەوە رەوانە دەکرێت . ئەو دەمە خوتبەخوێنێکی مزگەوتی (مەیدان) دوای ئەوەی لە نوێژی جومعەدا ناوی نامیق پاشای والیی لە خوتبەدا هێنابوو. والی لەسەر ئەوە لابرا. رۆژی ٢٦ ی (جمادي الاولى) ی ١٣٢٠ ی ك [٥٥] کە رێکەوتی سالرۆژی چوونە سەر تەختی سولتان بوو ، کاتی ئاهەنگی

کردنەوەی پردی کۆن ، ئەحمەد فەیزی پاشای قوماندان بە ئیرادەی شاهانە بە وەکالەت بوو بە والیی بەغدا .

مستەفا بەگ سالی ١٣١٨ی رۆمی [٥٦] کرا بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی شازدەهەمی رەدیف لە سیواس . لەبەر ئەوەی بە ریگای وشکانیی ئەستەموولدا لە بەغداوە چووەتە سیواس ، کاتیك گەیشتووەتە ئەستەموول بە فەرمانی سەرعەسکەر دوو رۆژ لە وەزارەتی جەنگ راگیر کراوە . دوایی بە پاپۆری (قەپلان) لە ریگای (سامسوون) ـەوە بەریّ کەوتووەو ٨ی شوباتی ١٣١٨ [٥٧] گەیشتووەتە سیواس. سالی ١٣٢٠ ی ز [٥٨] بەرزکرایەوە بۆ پلەی میرلیوا (میرالای) . ٨ ی کانوونی یەکەمی ١٣٢١ [٥٩] بە ئیرادەی سولتان کراوە بە مەئموری کۆمسیۆنی سنووری خاقانیی ناوچەکانی سلیمانی و وەزنەو لامیجان و ، لە لایەن ئیرانیەکانیشەوە (ئیحتیشامولسەلتەنە) هەبوە . ئەم دەستەیە نیزیکەی سێ سال لەو سنوورەدا خەریك بووە . لە کۆتاییدا لە دەوروپشتی بەغداو بەسرەو مووسل و سلیمانی دەستی بە ئیش کردووە و ، دیسان بە ئیرادەی سولتان کراوە بە مەئموری لیکۆلینەوە لە هیندیك بارودۆخ . کاتیك لەو ناوە بووە ، ٢٣ ی تەمووزی ١٩٠٨ ی ز [٦٠] ئیدارەی مەشرووتییەت لە ئەستەموول راگەیاندراوە . پاش ماوەیەك گواستراوەتەوەو کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی ئەنقەرە . ٦ ی ئابی ١٣٢٤ [٦١] لە مووسلەوە بەریّ کەوتووەو ١٩ ی ئەو مانگە گەیشتووەتە حەلەب و ، لە بەیروتەوە بە پاپۆری حاجی داود یەکی ئەیلوول گەیشتووەتە ئەستەموول و ، لەوێیشەوە چووەتە ئەنقەرە . پاشان لەویوە بە مۆلەت هاتووەتەوە بۆ ئەستەموول.

ناوبراو کاتیك بە ئەستەموول بووە ، لە ئەنجامی سەرهەلدانی جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستانەدا ئەو سوپای جموجوولەی کە بە سەرۆکایەتیی مەحموود شەوکەت پاشا لە ئارناوودەوە هاتبوو ، ئەستەموولی داگیر کرد . پیکدادان چەند سەعاتیك بە تۆپ و تفەنگ لە دەوروبەری تەقسیم و پانفالتی و نیشانتاش و یلدزی نیو پیتەخت بەردەوام بوو . ئەوەتا لە رۆژیکی وەهای ریکەوتی ١١ ی نیسانی ١٣٢٥ - ١٩٠٩ دا بەدوای کورەکەیدا گەراوە کە لە قوتابخانەی جەنگ خویندوویە تا بزانیّ چیی لی بەسەر هاتووە . چەند سەربازیکی لە ئارناوودەوە هاتوو لەگەل چەند چەتەیەکی بولغاردا دەلین ئەمە فەرماندەریکی سەردەمی ئیستیبدادە ، دەیگرن و لە پۆلیسخانەکەی بەرانبەر مزگەوتی تەشویقییە راگیری دەکەن . کاتیك لەنیو خۆیاندا لە مشتومری ئەوەدا دەبن چۆن بیکوژن ، عەبدولعەزیزی کوری لەگەل عەسکەریکی ئارناووددا بۆ نان پەیداکردن بۆ سەربازەکان بەو شوینەدا دەرۆن . دەیبینیّ و رزگاری دەکات و بە سەلامەتی دەیباتەوە بۆ مال .

١٤ نیسانی ١٣٢٥ - ١٩٠٩ سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لادەبریت و سولتان محەمەد رەشاد لە جیی دادەنیشیّ . مستەفا بەگ ٢٢ ی شوباتی ١٣٢٤ [٦٢] بە

بەرزبوونەوەی بۆ پلەی میرلیوا ، کراوە بە فەرماندەری لیوای نیزامیی بیست و یەکەمی ئۆردووی شەشەم لە بەغدا . ١ مایسی ١٣٢٥ (٦٣) بەو بۆنەیەوە بە خێزانەوە لە ئەستەمبوولەوە بەرێ کەوتووە.

کە گەیشتووەتە بەغدا بۆ تەمیکردنی خێلە یاخییەکانی ئەو ساڵەی مونتەفیك و بەدەستهێنانەوەی سامانی حکوومەت ، کراوە بە فەرماندەری هێزێکی ریکوپێك . ١٨ ی تشرینی یەکەمی ١٣٢٥ - ١٩٠٩ لە پێکدادانی دەوروبەری (ناسریە) دا کە زیانێکی زۆری لێکەوتووەتەوە، پاش گێرانەوەی سامانی حکوومەت، گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا . ٢٨ ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٦ ی رۆمی (٦٤) لەبەر ئەوەی کراوە بە فەرماندەری فیرقەی سێیەمی نیزامی لە تەشکیلاتی نوێی فەیلەقی ئەرزنجان ، ئەمجارە بە خێزانەوە بە عەرەبانەی یایلی بە ریگای (دیر الزور) –حەلەب - بیرووتدا بەرێ کەوتووەو ، خێزانەکەیی لە ئەستەموول بەجێ هێشتووە . بە گەیشتنە ئەرزنجان لە ٥ ی مارتی ١٣٢٧ (٦٥) دا کراوە بە وەکیلی فەرماندەری فەیلەقی دەیەم . پاشان لە ٢٧ ی تشرینی دووەمی ١٣٢٧ (٦٦) دا کراوە بە فەرماندەری فیرقەی نیزامیی پێنجەم لە (مایدۆس) . کاتی جەنگی ئیتالیایش لە (چەناق قلعە) دەردەنیلی پاراستووە.

١٦ ی ئەیلوولی ١٣٢٨ (٦٧) گواستراوەتەوەو کراوە بە فەرماندەری فیرقەی نیزامیی بیست و حەوتەم لە بەیرووت کە سەر بە فەیلەقی هەشتەم بووە . لەگەڵ ئەم فیرقەیەدا لە جەنگی (بالکان) دا لە شەرگەی (بولایر - ئاکسامیل) جەنگیوە . کۆتاییی ئاگر بەست لە پێش هەموو هێزەکانی ئەو فیرقەیەوە گەیشتووەتە شاری (ئەدرنە) . فەریق خورشید پاشای فەرماندەری ئۆردووی دەیەم و ئەنوەر بەگی سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئۆردوو حەزیان کردووە یەکەم هێزی عەسکەریی تورك ببینن کە دەچێتە نێو ئەدرنە . چوونەتە نیزیك شار . پێکدادان لە نویژگای حاجیبیاندا روویداوە . داواکراوە بە ئارەزووی فەرماندەری ئۆردوو هێزەکانی فیرقە دوابخرێن ، جێبەجێی نەکردووە . لە پێشدا هێزەکانی فیرقەی بیست و حەوتەیەمی بەیرووت بەنێو خۆپیشاندانێکی گەورەی خەلکدا چووەتە نێو شارو لە (کۆرنیشی تابیە) ی بەری خۆرهەلاتدا جێگیر بووە.

بۆ ئەوەی بزانن بولغارەکان ئەدرنەیان بەجێ هێشتووەو تا کۆی کشاونەتەوە ، دەللی فوئاد پاشا کراوە بە مەئمووری کەشف و تاقیبکردن . بولغارەکان نەقیبی سوارە رەشید بەگی مامۆستایەکی قوتابخانەی جەنگیان بە دیل گرتبوو و ، بە برینی هەرچوار پەلی بە شێوەیەکی جەرگبر شەهیدیان کردبوو . رێ ورەسمێکی گەورە بە بەشداریی گشت ئەفسەران و خەلك بۆ ریزلێنان لە ئازایەتی و شەهیدبوونی ئەو زاتە لە دەوروپشتی شاری ئەدرنە سازکراوە . عومەر ناجیی خوتبەخوێنی ئیتیحادو تەرەقی و حاجی عادل بەگی والیی ئەدرنە خوتبەیان داوەو ، لە هەموو خوتبەکاندا لەبریی عوسمانی هەر ناوی تورك و عەسکەری تورك هێنراوە . باسی ئەوانە

نەکراوە کە لە بەیرووتەوە بە ناوی عوسمانی و ئیسلامەوە هاتبوون و بەشداریی هەموو شەڕەکانیان کردبوو و چوار هەزار شەهیدیان لە شەڕی ( ئاکسامیل ) دا دابوو و سەرپاکی سەربازو ئەفسەرانیان عەرەب بووە .
مستەفا بەگ زۆر لەمە نیگەران بووەو ، لە پریکدا شمشێرەکەیی هەلکیشاوەو هاتووەتە ناوەڕاستی خەلکەکەو گوتوویە : " ئەی خەلکانی ئامادە ، من کوردیکی پەتیم ، بەلام عەسکەرەکانی فیرقەی شەشەمی ژێر دەستی من سەرجەم عەرەبن . ئەمانە بە کەل و پەلیکی کەموکووری جەنگییەوە لە شەڕەکانی (ئاکسامیل و بولایر) دا چوار هەزار شەهید زیاتریان بە ناوی عوسمانییەوە داوە . ریز لە یەك فیداکارییان نەنراوە. ئەمە جیی داخە" . خوتبەیەکی دریژی داوەو وەزعی سەرانی ئیتیحادو تەرەقیی بەرباد کردووە . لەبەر ئەوە ری ورەسمەکەیان کۆتایی پی هیناوە.
ئەم بەسەرهاتە رق و توورەییی ئیتیحادیەکان و ئەنوەری سەرۆکی ئەرکانی جەنگی نۆردووی هەستاندووە . کە ئەنوەر کانوونی یەکەمی ١٣٢٩ (٦٨) بوو بە وەزیری جەنگ ، مستەفا پاشاو هادی پاشای (العمري) ی سەرۆکی ئەرکانی گشتیی جەنگ و شازدە جەنەرالی خانەنشیتن کرد .لەبەر ئەوە مستەفا پاشا لە دریژاییی جەنگی جیهانی لە خانوەکەی خۆی لە (نیشانتاش) ی ئەستەموول ماوەتەوە و بەرهەلستی تاقمی ئیتیحادو تەرەقی بووە . بەلام کە جەنەراڵ (فۆندەر غۆلتس پاشا) کراوە بە فەرماندەری بەغداو دەوروبەری و ، دوای ئەویش مستەفا کەمال پاشا کراوە بە فەرماندەی ناوچەی دیاربەکر ، داوایان لە پاشا کردووە پیوەندیان پیوە بکات و ، هەتا خۆیان چووبوونە لای لە گەلیدا پیك بین . بەلام پاشا قبوولی نەکردووەو بە لایەنگری حیزبی (حوررییەت و ئینتیلاف) ماوەتەوە.
١١ ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ یەکەمین جەنگی جیهانی برایەوەو ، کەسانی سەر بە ئیتیحادو تەرەقی هەلاتن . تۆفیق پاشا ئەودەمە حکوومەتی پیکهیناو دەسەلاتی بە دەستەوە گرت . مستەفا پاشا بەناوی کۆمەلەی ماف پاراستنەوە ، کۆمەلەیەکی گەورەی دامەزراند . ئەو ئەرکان و فەرماندەرو ئەفسەرانەی کە سەردەمی ئیتیحادو تەرەقی غەدریان لیکرابوو ، پلەکانیان بۆ گیردرایەوە ، پاشایش پلەکەی پیدرایەوە.
ماوەیەك لەوە بە دوا دیوانی پایەبەرزی جەنگ بە سەرۆکایەتیی فەریق حیرەت پاشا پیکهینرا بۆ سزادانی وەزیرانی ئیتیحادو تەرەقی و بەرپرسانی جەنگ و ئەو کاربەدەستانەی حکوومەتی ئیتیحادو تەرەقی کە دەستیان لە کوشتن و کۆچپیکردنی ئەرمەندا هەبوو . پاشایش یەکیك لە ئەندامانی بوو . دواجار گەلیك کابینەی حکوومەت گۆران و داماد فەرید پاشا چەند جاریك وەزارەتی پیکهیناو سەرەنجام ٢٤ ی ئایلوولی ١٩١٩ دیسان کابینەی پیکهینایەوەو پاشا بوو بە والیی ویلایەتی (خوداوەندکار) . بۆیە رووی کردووەتە (برووسە) . کەمالیەکان لەوێ بۆ

بەرهەلستیی داگیرکاریی یۆنان ، زیاتر بیریان لە راگەیاندنی کۆمار کردووەتـەوەو ، مستەفا کەمال پاشا میرلیوا بەکر سامیی ناردووەتـە لای پاشا تا بچێتە پالیان . بەلام رازی نەبووەو گوتوویە: " من ئەو سوێندە دەپارێزم کە بۆ پاشـام خـواردووەو ، خسـتنی خەلافـەت زەبریکی گورچکبرە لە جیهانی ئیسلام ، بۆیـە نایێمە پالتان و پارێزگاریی خەلافەت دەکەم " . لەبـەر ئـەوە هێزەکـانی کـەمالی بارەگـای حکوومـەتیان داوەتـە بـەر ئـاگرو ، ئـەویش ناچـار برووسـەی بـەجێ هێشـتووەو ٣ ی تشرینی یەکەمی ١٣٣٥ - ١٩١٩ گەراوەتەوە بۆ ئەستەموول. هەمان رۆژ فـەرید پاشـا دەستیی لەکار کێشـاوەتەوەو عـەلی رەزا پاشـا کابینـەی پێکهێناوەو جەما پاشـای مەرسینی بـووە بـە وەزیری جەنگ.

کـە مسـتەفا پاشـا بارەگـای حکوومـەتی لـە بروسە بەجێ هێشتووە ، گـەلێک شتومەکی شەخسـیی خۆیـی لـەوێ لێبـەجێ مـاوە ، کەمالیـەکان تالانیـان کـردووە . دەسـتەیەکی لێکۆلینـەوە یەکـە بـە یەکـەی ئـەو شـتانەو نرخەکانیانی تۆمار کردووەو ، دادگا لـە ٢ ی ئـەیلوولی ١٣٣٦ دا بریـاری لەسـەر برەکـەی داوە.

٣ ی مارتی ١٩٢٠ پاش ئەوەی کابینـەی عـەلی رەزا پاشا دەستیی لـەکار کێشـایەوە ، فـەرید پاشا دووبارە کابینەی دامەزراندەوە . مستەفا پاشا ١٠ ی نیسانی ١٣٣٦- ١٩٢٠ بە ئیرادەی سولتان بـوو بـە سـەرۆکی دیوانـی جـەنگی عورفیـی پایەبـەرزی یەکـەم . بـەو هۆیـەوە بەشـداریی شـوورای سـەلتەنەتی کـرد کـە بـە ئامادەبوونی پاشا لە سەرای یلدز پێکهات . لـەوێ خوتبەیـەکی دژبـە خائینـان و بەرهەلستانی خەلافـەت داوە . ١١ ی نیسـانی ١٩٢٠ بە پێی ئەو فتوا شەریفانە کە دەرچوون ، کەوتـە دادکـاریکردنی تاوانبـارانی شـەرو شۆرو کوشـتار کـە لـە ئـەنادۆل دژی پاشـا یاخیبوونیان راگـەیاندبوو و بریـتی بـوون لـە مستەفا کـەمال پاشـاو هاوکـارانی . بریـاری پێویستیشی دەرکردووە . دوایی بە هۆی ئەو وەزعـەوە کـە دەولـەتانی هاوپـەیمان لـە ئەستەموول هێنایانە کایەوەو لە ئەنجامی ئەم گۆرانکاریـەدا تۆفیق پاشا لە ئەنادۆل بوو بـە پشتیوانی کەمالییەکان و کرا بە سەروەزیر و ، ٢١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ یش کابینـەی پێکهێناو میرلیوا زیـا پاشـا بـوو بـە وەزیـری جەنگ.

ئەم کابینەیە یەکسەر دەستەی دیوانی جـەنگی گۆری و ، بە فەرمانی وەزیـری جـەنگ فـەریق محەمـەد خورشید پاشـای کـرد بـە سـەرۆکی دەسـتەکە . سـەرۆك و ئـەندامانی پێشـووی دیوانی جەنگیشی راگیر کـردو ، لـە دیوانـی جـەنگیکدا کـە (دورزی پاشـا) سـەرۆکی بـوو دەستی بە داواکارییان کرد . مستەفا پاشا لـەم دادکاریـەدا چەند شتێکی روون کردووەتـەوەو دەریخستووە ئـەم دادگایـە هیـچ دەسـەلاتێکی نییـە . بۆیـە داوایانەتـە ئەو دەسـتەی دیوانـی جەنگە کە موشیر کازم پاشا سەرۆکی بووە تا دادکـاریی بکات . دواجـار ٦ ی شـوباتی ١٩٢١ بە دەرچوونی ئیرادەی سولتان بەرەلا کراوە .

پاشا لەبەر وەزعی ئەستەموول دەستیی لە عەسکەری کیشاوەتەوە . ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٢١ ئەستەموولی بەجێ هێشتووەو گەراوەتەوە بۆ عیراقی نیشتمانی خۆی.
کە گەیشتووەتە بەغدا ، چووەتەوە بۆ شارەکەی خۆی (سلیمانی) (٦٩) لەوێ لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمووددا کراوە بە وەزیری مەعاریف . ئەوکاتە سمکۆ جووڵانەوەیەکی لە ناوچەی (گۆلی ورمێ) بەرپا کردبوو دژی ئێران . پاشا چووەتە ئەوێ (٧٠) . سمکۆی راسپاردووە هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکی ئێران نەکات . دوایی کە گەراوەتەوە بۆ سلیمانی ، ١٩٢٦/١٧/١٦ رۆژنامەیەکی بەناوی (بانگی کوردستان) ـەوە دەرکردووە (٧١) . پاشان لەبەر کردەوەو سیاسەتی نەزانانەی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود ، سلیمانیی بەجێ هێشتووەو چووەتە بەغدا و ، سلیمانی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆردومان و ویران کراوە.
مستەفا پاشا ٩ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ ئیمتیازی دەرکردنەوەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) ی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە (٧٢) . بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستانیەکانەوە لە بەغدا چاوپۆشی لە رۆژنامە دەرکردن کراوە . سیاسەتی ئینگلیز زۆر شەکەت و دلشکاوی کردووە .. دواجار ٢٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٣٦ لە گەرەکی (العیواضیة) ی بەغدا کۆچی دوایی کردووە . راسپیری و پاشماوەی هێندێك شیعر بوون . ئارەزووی کردووە لە گۆرستانی (گردی سەیوان) ی سلیمانی بە تەنیشت گۆری باوکیەوە بنێژرێت . لەسەر بەردی سەر دەرگای گومەزی گۆرەکەی ، ئەم نووسینە بە راسپیری خۆی نووسراوە:

**فاتیحە بۆ رۆحی مستەفا پاشا یامولکی**

ئەترسم ئەی وەتەن بمرم ،نەبینم بەختیاریی تۆ
بنووسن با لەسەر قەبرم ، وەتەن غەمگین و من غەمگین / ١٩٣٦

پاشا لە کۆتاییی ژیانیدا وەسیتی کردووە بە کوردی تەلقینی بدەن و ، داواکەی بەجێ هێنراوە.

## پەراویزەکان:

* حازم بەگ ساڵی ١٨٦٤ لە بەغدا لە دایکبووە . ٣ی موحەررەمی ١٣٢٥ ی ك بووە بە والی .بەئەسڵ لە نەوەی موراد پاشای نیکدەلییە .

میلی ترامواییی نیوان کووفەو نەجەف لە زەمانی ئەمدا دراوەتە عەبدولرەحمان پاچەچی و محەمەد سالح شابەندەر . کە نازم پاشا گەیشتە بەغدا ،داوای گواستنەوەی خۆیی کرد.

١-دیارە دەبێ دوو شەجەرەی بۆ ئەو جووتە بنەماڵەیە ریکخستبێ . تا ئیستا هەر شەجەرەی (خەندان) یانم دیوە کە لەگەڵ بابەتیکی نووسراوی عەبدولعەزیز یامولکی خۆیدا لەسەر ئەو بنەماڵەیە ، پاش ئامادەو پەراویز بۆکردن لە گۆڤاری (پەیڤین ، ژ ٢ ، ئۆکتۆبەری ١٩٩٧) دا بڵاوم کردووەتەوە . بابەتیکی ناوبراو خۆیشیم لەسەر بنەماڵەی یامولکی لە گۆڤاری (هەزار میرد ، ژ ٤ ، حوزەیرانی ١٩٩٨) دا بەکۆمەلیك پەراویزەوە بڵاو کردووەتەوە . بەلام هیشتا (شەجەرەی یامولکی) م بەردەست نەکەوتووە . بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بنچەو کەسانی ئەو دوو بنەماڵەیە ، بروانە ئەو دوو بابەتە ئاماژە بۆکراوەی سەرەوە.

٢- دەکاتە ١٥ ی تەمووزی ١٨٨٧.

٣- مادامیکی گوتوویە لە دایکبوونم ریکەوتی رۆژی کۆچی دواییی محەمەد فەیزی زەهاوییە ، دەبێ ئەم میژووە ٨ ی (جمادي الأولى) ی ١٣٠٨ بێ نەك ٣.

٤- ١٨٩٤ ی ز .

٥- ئەم میژووە لە بابەتی (بنەماڵەی یامولکی) دا ١٥ ی شەعبانی ١٣١٠ (١٨٩٣) ) یە .

٦- زەینەلعابدین خان حوسامولمولك (ذي القعدة) ی ١٣١٢ ی ك (١٨٩٤) بوو بە حاکمی کوردستان و ٢٩ ی (ربيع الاول) ی ١٣١٤ (١٨٩٦) لابراو ، حەسەن عەلیخانی ئەمیر نیزامی گەرووسی جیی گرتووە ( بروانە : شيخ محمد مردوخ كردستاني ، تاريخ كردو كردستان و توابع ، جلد ٢ ، چاپ سوم ، ص ٢٢٤ - ٢٢٨).

٧- بۆ دریژەی ئەو کیشەیە بروانە : بابەتی (بنەماڵەی یامولکی) ، پەراویزی ژمارە (٤٥) .

٨- واتە ١٨٩٥ ی ز .

٩- جەمال عیرفان شەوی چوارشەممەی ریکەوتی ١٢ ، ١٣ ی کانوونی یەکەمی ١٣٣٨ ی رۆمی (١٩٢٢) خافلکوژ کرا (بروانە : رۆژنامەی " رۆژی کوردستان" ، ژ ٥ ، ٢٠ ی کانوونی یەکەمی ١٣٣٨ لە : رۆژنامەی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٣ ، کۆکردنەوەو پیشەکی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٣).

١٠-ئەم ساڵە بە پیی زنجیرەی گیرانەوەکە رۆمییەو دەکاتە ١٨٩٧ ی ز .

١١- ١٨٩٨ ی ز .

١٢-دەکاتە ٢٣ ی مایسی ١٩٠١ ی ز .

١٣-قوفە بەلەمیکی خری هیندەی قولینەیەکی گەورەیە ، لە حەسیری دارخورما دروست دەکریت و دیوی ناوەوەو دەرەوەی بە قیر سواخ دەدریت . کابرای قوفەچی بە سەوڵ دەیجوولینێ . زەلام و کەلەپەلیکی کەمی پێ دەگواستریتەوە.

١٤- ١٨٩٩ ی ز .

١٥-ئەم ساڵە رۆمییەو دەکاتە ١٩٠١ ی . ز.

١٦-بۆم ساغ نەبوەوە مانای چییە . پیدەچی مەبەست پیشبرکییەك بێ .

١٧-ئەم ناوە لە بابەتی "بنەماڵەی خەندان" دا سوعاد خانمی کچی سورەییا بەگی بەریوەبەری رسوومە . ئەمیان بە راستتر دەزانریت.

١٨-ئەحمەد فەیزی پاشا لە ٢٦ ی شەعبانی ١٣٢٠ (١٩٠٢) تا ١١ ی شەعبانی ١٣٢٣ (١٩٠٥) بە وەکالەت والیی بەغدا بووە (بروانە : الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف ، ادارة العراق ، بغداد ، ١٩٩٢ ، ص ٨٦).

١٩-دەکاتە ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٢ ی ز .

٢٠-دەکاتە ٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٠٣ ی ز.

٢١- ئەم ساڵە ڕۆمییەو دەکاتە ١٩٠٤ ی . ز .

٢٢- ١٤ تشرینی دووەمی ١٩٠٦.

٢٣-١٨٣٤ ی . ز.

٢٤- قیرپاچ : قامچی (بڕوانە : هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، ب ٢ ، تاران ، ١٣٦٩ ، ل ٥٩٢).

٢٥- قلپاغ : قەلپاغ ، کڵاوی لە پێستەمەڕ (هەمان سەرچاوە ، ل ٥٨٤).

٢٦- ڕۆمییەو دەکاتە ١٩٠٥ ی ز .

٢٧-واتە ساڵی ١٣٢٤ ی ڕۆمی کە دەکاتە ١٩٠٨.

٢٨-سوارەی حەمیدی ساڵی ١٨٩١ بە پێشنیاری موشیر زەکی پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە دامەزرا .بۆیە ئەو ساڵی ١٨٨٣ یە لیرەدا هەڵەیەو دەبێ ١٨٩٣ بێ کە سەرەتای دەستکردنی حەمیدیەکانە بەپەلاماردانی ئەرمەن ( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ڕۆڤەرد ئۆلسن ، ڕاپەڕینی شیخ سەعیدی پیران ، وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو ، سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل ٢٤ - ٣٤ ) .

٢٩- ٧ ی مارتی ١٩٠٩.

٣٠- ١٣ ی نیسانی ١٩٠٩ .

٣١-ئەم دوو ساڵە ڕۆمین و دەکەنە ١٨٧٦ - ١٩٠٩

٣٢-١٨٤٥ ی ز.

٣٣-ڕۆمییەو دەکاتە ١٩١٠.

٣٤-١٩١٢ ی ز.

٣٥-١٩٢٠ ی ز .

٣٦- ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٠٩ .

٣٧- کاک ئەحمەدی شیخ ١٢٠٧ ك( ١٧٩٣ ی ز) لە دایك بووە ( بڕوانە : محمد امين زكي ، مشاهير الكرد وكردستان ، ج ٢ ، ترجمة كريمتة ، مراجعة وتنقيح واضافة محمد علي عوني ، القاهرة ، ١٩٤٧ ، ص ١١٩).

٣٨- دەکاتە ١٣ ی حوزەیرانی ١٨٧٩ ی ز.

٣٩-دەکاتە ١٨٧٨ ی ز . بەڵام مادام گوتوویە ئەو ساڵە تەمەنی ١٤ ساڵ بووە ، دەبێ ساڵەکە ڕۆمی بێ کە دەکاتە ١٨٨٠ ی ز.

٤٠-دەکاتە ٢١ ی ئابی ١٨٨٢ ی ز .

٤١- دەکاتە ٢١ ی تەمووزی ١٨٨٥ ی ز .

٤٢- ٢٨ ی حوزەیرانی ١٨٨٦ ی ز .

٤٣-دەکاتە ١٥ ی تەمووزی ١٨٩٧ ی ز . بەڵام لە بابەتی "بنەماڵەی خەندان" دا ئەو مێژووە ١٣٠٢ ی ڕۆمییە کە دەکاتە ١٨٨٦ ی ز . بۆیە لیرەیشدا بە پێی زنجیرەی مێژوویی گێڕانەوەکە ، دەبێ ساڵەکە ١٣٠٣ ی ڕۆمی بێ ، واتە ١٨٨٧ ی ز .

٤٤- دەکاتە ٣١ ی مایسی ١٨٨٨ ی ز.

٤٥- ١١ تشرینی دووەمی ١٨٨٩ ی ز.

٤٦-دەکاتە ٢١ ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٠ ی ز . بۆیە ئەو ( ٢٣ ی کانوونی یەکەم) ـەی نێو کەوانەکە هەڵەیە.

٤٧-١١ ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٢ ی ز .

٤٨-ئەم ساڵە کۆچییەو دەکاتە ١٨٩٢ ی ز .

٤٩-دەکاتە ١٨٩٤ ی ز .

٥٠- ١٣١٣ ی ك دەکاتە ١٨٩٥ ی ز .

٥١-دەکاتە ١٨٩٨ ی ز .

٥٢-دەکاتە ١٩٠٠ ی ز .

٥٣- ٢٢ ی مایسی ١٩٠١ ی ز .

٥٤- ١٣١٦ ی ك دەکاتە ١٨٩٨ ی ز . ئەم ساڵە کۆچییە دەبێ هەڵە بێ و ١٣١٩ ی ك (١٩٠١ ی ز) ڕاستتر بێ ، چونکە مستەفا پاشا ٢١ مایسی ١٩٠١ هاتووەتە بەغدا ، یا دەبێ ساڵی هاتنە بەغداکەی هەڵەی تیدا کرابێ .

٥٥-واتە ١٩٠٢ ی ز.

٥٦-دەکاتە ١٩٠٢ ی ز.

٥٧- دەکاتە ٢١ ی شوباتی ١٩٠٢ ی ز .

٥٨- ئەم ساڵە ڕۆمییەو دەکاتە ١٩٠٤ ی ز .

٥٩-دەکاتە ٢١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ ی ز .

٦٠- ئەم ساڵە هەڵەیەو لە بابەتی "بنەماڵەی یامولکی" دا ١٩٠٨ ی زاینە.

٦١- ١٩ ی ئابی ١٩٠٨ ی ز .

٦٢-دەکاتە ٧ مارتی ١٩٠٨ ی ز .

٦٣- ١٤ ی مایسی ١٩٠٩ ی ز .
٦٤-١١ کانوونی دووەمی ١٩١١ ی ز .
٦٥-١٨ ی مارتی ١٩١١ ی ز .
٦٦- ١٠ ی کانوونی یەکەمی ١٩١١ .
٦٧- ٢٩ ی ئەیلوولی ١٩١٢ .
٦٨- دەکاتە ١٩١٣ ی ز .

٦٩-مستەفا پاشا وەك بەلگەنامەی ئینگلیزیی ژمارە ٦ _ ٦٣٥ • ٢٠٥ ، ئەستەموولی ، C.R.A.F.77/1921 دەریخســــتووە ، ١٢ ی حوزەیرانـــــی ١٩٢١ گەیشتووەتە (دیمەشق) و لە مووسلەوە چووەتە سلیمانی و ٢٦ ی ئـەیلوول گەیشـتووەتە بـەغدا (بڕوانە : هاوار ، حاجی مستەفا پاشای یامولکی و سمایل خانی شوکاك "سمکۆ" ، "مامۆستای کـــورد" ، ژ ٨ ، زســـــتانی ١٩٨٩ -١٩٩٠) . ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ، ژ ٧٦ ، ٦ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١) یش ڕایگەیاندووە : مستەفا پاشا یـەك دوو مـــانگێك لەمـــەوپێش لـــە ئەســـتەمووڵەوە هاتبوە بەغداو ، شەوی سێشـەممەی ڕێکـەوتی ٤ی ئـەم مانگـەیش گـەیشـتووەتەوە سـلیمانی ، واتە ٤/١٠/١٩٢١.

٧٠- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو گەشتەوە ، بڕوانە : هاوار ، هەمان سەرچاوە .

٧١-ئـەم میـژووە هەڵەیـە ، یەکـەم ژمـارەی (بـانگی کوردستان) ٢ ی ئابی ١٩٢٢ و ژمارە (١٤) یشـی ٨ ی حوزەیرانـی ١٩٢٣ لـە سـلیمانی دەرچـووە (بڕوانــە : بانگی کوردستان ١٩٢٢ - ١٩٢٦ ، کۆکردنەوەو لەسـەر نوسـینی جـەمال خەزنـەدار ، بـەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٣٧ ، ١٠٩ ، ١١٥).

٧٢-(بانگی کوردستان ) تـەنیا سـێ ژمارە ی لـە بـەغدا لێ دەرکردەوە : ژ (١٤ -١) ٢٨ ی کانوونی دووەم و ژ (١٤ - ٣ ) ١ ی نیســـــانی ١٩٢٦ . دوو ژمـــــارەی دواییان بەشێکی تورکییان تێدایە ( بڕوانە: هـەمان سەرچاوە ، ل ١١٩ - ١٣٠) .

# شاکارە هونەرییەکانی شوێنەواری "مارلیك" و پەیوەندی بە شانشینی (ئەندیا) ی خاکی مادی گەورەوە

حەسەن عەبدولکەریم



ژمارەیەکی زۆر ئەنتیکەی لە زێڕ ، زیو ، برونز ، ئاسن دروستکراو لە کەناری خۆراوای دەریای مازیندەران دۆزرانەوە کە نموونەیەکی باڵای هونەری کانزاگەری باکوری خۆراوای ئێرانە لە سەدە سەرەتاییەکانی هەزاری یەکەمی پێش عیسادا.

بۆ یەکەمجار ئەم شاکارە هونەرییانە ، کەبەداخەوە بەشی زۆریان بەهۆی کنەو پشکنینی نایاساییەوە دۆزراونەتەوە لە (ئەملەش) ، کەوتوونەتە دەستی بازرگانان و کڕیارانی ئەنتیکە ، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بە ئەنتیکەکانی ئەملەش ناوبانگیان دەرکرد . پشکنینی زانستی‌یانە چەند ساڵ دواتر دەستی پێکراو ئەنجامەکەشی دۆزینەوەی گۆرستانی مارلیك بوو لە (چراغ عەلی تەپە) و ئیتر بەناوی ئەنتیکەکانی (مارلیك) ەوە ناوبانگی دەرکرد.

جوانی ، وردی ، ناسکی ئەو ئەنتیکانەی لەو شوێنەوارە دۆزراونەتەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هونەری کانزاگەری خۆراواو باکووری خۆراوای ئێران لەو سەردەمە کۆنەدا گەیشتوەتە رادەیەکی هەرە بەرز.

دەربارەی مێژووی دروست کردنی ئەو شاکارە هونەرییانە لە نێوان پسپۆڕان و زانایانی شوێنەوارناسیدا جیاوازی زۆر هەیە ، بۆ نموونە "گیرشمەن" لای وایە کە لە سەدەکانی هەشتەم و نۆهەمی پێش عیسادا




نەخشەی شوێنی شانشینی ئەندیا باکووری خۆراوای ئێران

دروستکراون ، "کالیکـان" دەیانگێڕیتـەوە بـۆ نیـوان سـەدەی نۆهـەم و حەوتـەم و چـەند کەسیکی تر بۆ سەدەکانی سـەرەتای هـەزاری پێش عیسا ، هەندیکی تر میژوویەکی کۆنتریان بۆ داناون . "پورادا" دوایین سەدەکانی هەزاری دووهەمی پێش عیساو " نگەهبان" پشکنەری شوینەواری مارلیك میژووەکەیان دەگەرینیتەوە بۆ نیوان سەدە کۆتاییی‌یەکانی هەزاری دووهەم و سـەدە سـەرەتاییی‌یەکانی هـەزاری یەکـەمی پێش عیسا ، "حاکمی" پشکنەری شوینەواری "کلوزەر" یش دەیانگێڕیتـەوە بـۆ سـەردەمی نەتەوەی "مارد" لە سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش عیسا .

بـەلام لیکۆلینـەوە تازەکـان ، ئاسـۆیەکی لەبـەرچەمدا والا کـردووەو میژوویـەکی نۆد تازەتری دەستنیشان کردووە بۆ ئەو شاکارە هونەرییانە ، بۆ نموونـە "ماسکارلا" لـە دیاریکردنی میـژووی دروسـتکردنیاندا نزیـك دەبیتـەوە لـە سـالی (٧٠٠) ی پیـش عیسـا . "هرنیك" لای وایە هی نیوانی (٨٠٠-٥٠٠) ی پیش عیسایە . "ئیستروناخ" هەرچـەندە بـە تـەواوی دانـی پیانـانی بـەلام ئامـاژەیـەك بـەوە دەکات کە ئەو شاکارە هونەریانە هی مادەکانن ، "کالمـایر" یـش پشـتگیری بۆچوونەکـەی ئیستروناخ دەکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییە نوییانەی کەوتوونەتە بەردەست دەربارەی میژووی ئـەو شاکارە هونەرییانە ، گرنگترین مەسەلە کە روو بە رووماـن دەبیتـەوە ، بریتیـە لـە دۆزینـەوەی ئەو شوینەی ئەم ئەنتیکانەی تیا دروست کراوە لە پانتایی خاکی "ماد" ی گـەورەدا ، ئـەوەی ئاشکرایە خاك و بوومی ماد هیچ کـاتیك




نەخشەی بەشێك لە ناوچەی گەیلان
شوێنەواری مارلیك و پیلاقەڵعە

ئەگەیشتووتە کەنارەکانی دەریای مازیندەران ، زنجیرە شاخەکانی (ئەلبورز) لە باکوورەوە کۆتایی هێناوە بە خاکی ماد ، وەك دەڵێن تەنانەت لە گەرمەی دەسەڵاتی پاشایەتی یەککرتووی مادەکاندا بنارەکانی باکووری ئەلبورز بەشێك نەبوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵات و قەڵەم ڕەوی مادەکان ، هەروەها فەرمانڕەوایی ناوچەیی ژمارە پانزەی ناو لیستی شارو فەرمانڕەواییە ناوچەییەکانی ماد کە مێژونووسی یۆنانی (هیرودوت) دایناوە کە ئەبوا شوێنی نیشتەجی بوونی (ئەمرەدان) گەیلان ، کاسبیان ، کادوسییەکان بیت ، ئەو شوێنەی کە ئیستا پیی دەوترێ مازیندەران ، گەیلان ، تالش ، تا ئیستا روون نەبوەتەوە ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە دانیشتوانی کۆنی دەوروبەری دەریای مازیندەران لەگەڵ دانیشتوانی (مادستان) دا لە یەکەوە نزیك بوون و خزمایەتیان هەبووە لەگەڵ یەکدا، بە مەزەنەیەکی نزیك لە راستییەوە دانیشتوانی خاك و بوومی زاگروس وەك گۆتی ، لولوبی ، کاسی ، تەنانەت خۆرییەکانیش پەیوەندیەکی نزیکیان هەبوە لەگەڵ دانیشتوانی کەناری دەریای مازیندەران .. هەروەها لە روانگەی زماننناسی مێژوییەوە (وەك هیرتسفیلد دەڵێ) زمانی دانیشتوانی کۆنی سەر زەوی ماد پیی وتراوە (کاسپی) . لەبەر ئەوە دەتوانین چەند بەشیك لە کەنارەکانی باشووری دەریای مازیندەران بە تایبەت گۆشەی باشووری خۆراوای (کە خاکی گەیلان ئەگریتەوە) بە پارچەیەك لە خاکی مادی گەورە دابنیین.

گرنگترین سەرچاوە بۆ بەدەست هینانی زانیاری دەربارەی مێژوو و جوگرافیای وڵاتی

ماد لە سەدە سەرەتاییەکانی هەزاری یەکەمی پێش عیسادا ، نوسینی سەردەمی ئاشوورییەکانە . هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی پاشایەتی ئاشوور لە باکووری نێوان دوو رووباردا ،(سەردەمی نوێی ئاشووری ٩١١ تا ٦٠٥ ی پێش عیسا) باکوری خۆراوای ئێران پێی نایە مێژوو و بارودۆخێکی تازەوە . خاکی ئاشوور خۆی لە لایەنی سەرچاوەی سروشتی و کانزاییەوە زۆر هەژار بوو ، ئەمەش بووە هۆی لەشکرکێشی و هێرش کردنە سەر شوێنانی دوورو نزیك بۆ تاڵانی و راو رووت و بۆ ئەم مەبەستەش پەنابردنە بەر پێکەوەنانی سوپاو شەرو شۆر.

شاخەکانی زاگرۆس بەشێکی خۆراواو باکووری خۆراوای ئێران لەو سەردەمەدا یەکێك بوون لە ئامانجی سەرەکی ئەو لەشکرکێشی یە ویرانکارییەی پاشاکانی ئاشوور . بە درێژایی سەدەکانی دەهەم تا حەوتەمی پێش عیسی ئاشوورییەکان بە مەبەستی دەسگرتن بەسەر سەرچاوەی سروشتی و کانزایی باکووری خۆراوای ئێران و چاودێریکردنی شارێیی گەورەی ئالوگۆری بازرگانی خوراسان چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەی زاگروس و لە سالنامەکانی خۆیاندا باسی لەشکرکێشییەکانی خۆیان و سەرکەوتنەکانیان کردووە . لە ریگەی بەسەرکردنەوەی ئەم نووسینانەوە وردە رووداوو باری جوگرافی خاکی ماد زانراوە.

بۆ پەی بردن و تێگەیشتن لە مێژووی ماد پێویستە شارەزای ئەو نوسینانە بین کە ئاشوورییەکان دەربارەی باری جوگرافی و مێژووی ماد نووسیویانە. ئەو نوسینانەی ئاشوورییەکان ناوی دەیان بگرە سەدان ناوچەی هێناوە لەسەر زەوی مادەکاندا. دۆزینەوەی شوێنی ئەم ناوچانە لە جوگرافی ئەمرۆدا ئالۆزاوترین مەسەلەیەکی جوگرافی و مێژوویی ئێرانی کۆنە. دەربارەی ئەو شوێن و ناوچانە نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کراوە ، بەڵام هێشتا زۆر شت ماوە کە نەزانرابێ . لەنێو ئەو ناوچە زۆرانەی لە نووسینەکانی ئاشوورییەکاندا هاتووە ناوچەیەك لەگەڵ شوێنی سەرهەڵدان و دروست کردنی ئەو کەلەپوورە هونەرییانە کە لێرەدا باسی دەکەین زۆر نزیکن لە یەکەوە ئەو ناوچەیەش "ئەندیا" یە.

ئەگەر بە پێچەوانەی رێرەوی "روباری سپی" بەرەو باشوور برۆین ، رووبارەکە بە هێلێکی راست بە ئوستانی گەیلانی ئەمرۆدا تێدەپەری و لە شێوێکی باریکەوە بە ئەلبورزدا دەروا ، ناوچەکە دارستانێکی چرو پرە ، لەم ناوچەیەدا رووبارێکی تر هەیە لە باکووری خۆراواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات بەناو دەربەندەکانی شاخە سپی دا (کە ئەویش هەر زنجیرەی شاخی ئەلبورزە) دەروا ، ئەم ناوچەیە لەسەردەمی کۆندا ناوی (ئەندیا) بوو.

لەسەردەمی شەلمانەسری سێهەمدا (٨٥٨ تا ٨٢٤) ی پێش عیسا بۆ یەکەمجار ناوی ئەندیا هاتووەتە ئاراوە . شای ئاشووری لە میانەی رووداوەکانی ساڵی سی و یەکەمی پاشایەتی خۆیدا (٨٢٧) ی پێش عیسا باسی

لەشکرکێشی (دایان ئاشور) ی فەرماندەی سوپا دەکات بۆ سەر ناوچەی زاگروس و دەڵێ : سەرەتا بەرەو سەرچاوەی زێی گەورە کەوتنە ڕێو ڕوویان کردە (دەتەنە) و شانشینی بچووکی (خۆبۆشکی) ناوچەی هەکاری ئێستا ، پاشان لە (موسەسیر) تێپەڕین و گەیشتنە ناوچەی (ئۆپۆ) و شانشینی بچووکی (گیترانو) لە خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ ، لێرەدا بڕێک ئەسپ و ئاژەلی شاخدارو ولاغ وەك باج و خەراج وەرگیرا لە خێل و تیرە نزیك و دوور دەستەکان و لە نێوانیاندا "ئەندیا" کان.

بە دوای ئەودا لەسەر یەکێك لە خشتە نووسراوەکانی شوێنەواری (نەمرود) ی سەردەمی (ئەدەد نیراری( سێیەم (٨٠٥ تا ٧٨٢) ی پێش عیسا ، پاشای ئاشووری باسی ئەوەی کردوە کە بەسەر ناوچە گەلیکی زۆری زاگروس دا دەسەڵاتی پەیداکردووە لەناو ئەو شوێنانەدا ناوی ئەندیا لە دەقە ئاشوورییەکەدا هاتووە بەناوی (ئەندیۆ) وە.

لەو دەقەدا دەڵی:-

"نەئیری، تا دوورترین سنوورەکانی ، ئەندیۆ کە کەوتووتە شوێنیکی دوور دەستەوە ، ناوچە شاخاوییەکانی (داریـژراو) (؟) تا دوورترین سنوورەکانی بەرەو دەریای گەورەی هەڵاتنی خۆر."

ئەوەی لەم دەقەدا زۆر سەرنج ڕائەکیشێ ، ئاماژەکردنی نووسراوەکەیە بە دەریای گەورەی خۆرهەڵاتن کە بە مەزنەنەیەکی زۆر مەبەست لەو دەریایە دەریای مازندەرانە کە ئاشوورییەکان لایان وابووە خۆر لەو دەریایەوە سەر هەڵدینێ . ئەم زانیاریانەی لەم دەقەدا کەوتووتە بەردەست یارمەتیمان ئەدا بۆ دۆزینەوەیەکی تەواوی شوێنی ئەندیا لە کەنارەکانی باشووری خۆرئاوای دەریای مازیندەراندا . ڕەنگە مەبەستیش لە ناوچە شاخاویە داریژراوەکەش شاخی ئەلبورز بێت ، بەڵام ئەوە ڕوون نیە کە مەبەست چیە لەو وشەی داریـژراوە کە بەکار هێنراوە بۆ شاخەکە.

بەدوای ئەو دەقەی سەرەوەدا تا سەردەمی سەرگوونی دووهەم (٧٢١ تا ٧٠٥) ی پێش عیسی لە نووسینی ئاشوورییەکاندا هیچ باسیکی ئەندیا لە ئارادا نیە . زانیارییەکانی پاش ئەو دەری ئەخەن کە لە ماوەدای خولی یەکەمی هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر خۆرئاوای ئێران (٩٠٠- تا ٧٨٨) ی پێش عیساو خولی دووهەمی ئەو هێرشانە کە لە (٧٤٤ تا ٦٥٨) ی پێش عیسادا بووە ، پاشایەتی (مانا) کان پەرەی سەندووەو دەستی گرتووە بەسەر خاکی ئازربایجانی ئەمرۆدا . لەم کاتەدا ئەندیا بە شانشینی یەکی بچوکی سەر بە (مانا) کان دانراوەو ، کەمیك لەوە پێشتر ئورار تۆییەکان دەسەڵاتیکی زۆریان پەیداکردبوو بەسەر خاك و زەوی ماناداو ماناکان بوو بوون بەهاو پەیمانیان . دوای مردنی (ئەیرەنزۆ) ی شای مانا سالی (٧١٦) ی پێش عیسا دەسەڵاتی فراوانی ماناکان بەسەر خاکی دەوروبەری ناوچەی ورمێ بەرەو لاوازی و بێهێزی چووە ، یەکێك لە کورەکانی ئەو پاشایە کە ناوی (بەگدەتی) بوو بە یارمەتی چەند شاهۆکەیەکی ناوچەکانی مانا کە




پەرداخە زێڕین و زیوینەکانی باکووری خۆراوای ئێران
ژمارە (٣) شوێنەواری مارلیك .
ژمارە (٤-٥) شوێنەواری ئەملەش

یەکێکیان شای ئەندیاو ناوی (تیلوسینە) بووە دژی کورەکەی تری ئەیرەنزو کە کرابوو بە جێنشینی باوکی و ناوی(ئازا) بوو و بە یارمەتی و پشتگیری سەرگۆن دەسەڵاتی گرتبوە دەست شۆرشیان بەرپاکردوە و ئازایان گرتووەو بە تاوانی هاوپەیمانی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کوشتیان ولاشەکەیان لەسەر شاخی (سەهەند) فڕیدا ، هاندەری ئەمانەش بۆ ئەم شۆرشە ( رۆسا ) ی یەکەمی شای ئۆرارتوو بوو (٧٣٠ تا ٧١٤ ی پێش عیسا ، بەدوای ئەم شۆرشەدا سەرگۆن کەوتە خۆ و لەشکریکی زۆری ناردە سەر خاکی ماناو (بەگدەتی) یان گرتو لەسەر فەرمانی خودی سەرگون بە زیندویی پێستیان گوروو ، پاشان کورەکەی تری ئەیرەنزو کە ناوی (ئۆلۆسۆنو) بوو بە پشتگیری سەرگۆن لەسەر تەختی پاشایەتی دانرا . بەڵام ئولوسونو کە لەناو دەس و پیوەن و دەوروبەرەکەی خۆیدا ناحەزانی ئاشوور زۆر بوون ، ناچاریان کرد کە لەگەڵ ئورارتوی دوژمنی دیرینی ئاشوورییەکاندا ببیتە هاوپەیمان و دەستی کرد بە هیرش کردنە سەر ناوچە سنوورییەکانی نیوان ئاشوورو مانناو (٢٢) قەڵاو قوللەی ماناکان کەلەو ناوچە سنوورییانە دا بوون بگریتە دەست و بیان سپیریت بەرۆسا . سەرگۆن جاریکی تر کەوتەوە کار دژی ماناو ئۆرار تۆکان و دەستی دایە لەشکرکیشی و (ئیزیرینی) پایتەخت ی مانای داگیر کرد . بەڵام سەرگون ئەمجارە (ئولوسونو) ی بەخشی و لەسەر تەختی پاشایەتی هیشتیەوە.

رۆسای پاشای ئۆرارتو ئەم سەرکەوتنەی سەرگۆنی زۆر بەلاوە گران بوو ، لە بەر ئەوە هیرشی کردە سەر خاکی ماناو لەگەڵ ئەوشا گچکانەی سەر بە مانا بوون، کە یەکیکیان (تیلوسینە) ی شای ئەندیا بوو یەکیان گرت ، سالی ٧١٥ ی پیش عیسی جاریکی تر سەرگون لەشکرکیشی کردە سەر (رۆسا) و هاوپەیمانەکانی لەو شەرەدا رۆسا شکاو ئەو ناوچانەی خاکی مانا کە پیشتر کەوتبوونە ژیر دەسەڵاتی ئۆرارتۆکان یەکسەر خرانە سەر خاکی ئاشوورو ئەنجا سەرگون پیشرەوی کرد بەرەو خۆرهەلات و گەیشتە بەشی خوارووی

رووباری ئاوە سپی و چووە خاکی ئەندیا وەو لەوی هەشت قەلأی لە ناوچەی (تۆئایادی) خستە ژێر دەستی خۆیەوە کە جاران هی تیلوسینە بوون ، لەو هیرشەدا ٤٢٠٠ کەسی بەدیل گرت و بریکی زۆر ئاژەلٚ و ولأغی کەوتە دەست . سەرگون زۆر خۆشحالٚ بوو بەم سەرکەوتنانەو کە گەیشتە (ئیزیرتۆ) ی پایتەختی ماناکان ئەو سەرکەوتنانەی خۆی تۆمار کردو یادگارنامەیەکی بۆ دروستکرد .

لە سالی ٧١٤ ی پیش عیسادا سەرگون جاریکی تر لەشکرکیشی کردە سەر خاکی ئورارتو ، نوسینیکی دورو دریژ دەربارەی ئەم لەشکرکیشییە کە بۆ ئیمە بەجێ ماوە بەنرخترین سەرچاوەیەکی زانیاری و میژوویی و جوگرافی یە لەسەر رووداوەکانی دەیەکانی کۆتایی سەدەی هەشتەمی پیش عیسا . ئەنجامی ئەم لەشکرکیشییە سەرکەوتووە گەلیك بۆ سەرگون بە نرخ و بە کەلك بوو ئەو بە شیوەیەك سەرکەوت بەسەر ئۆرارتوردا کە بۆ ماوەیەك دەولەتەکەیانی لە پەلو پۆ خست و لە گۆرەپانی رووداوەکان کردنیە دەرەوە. مەبەستی یەکەم لەم لەشکرکیشی و هیرشە ، سەرکوتکردنی شاگچکەکانی سەر بە مانا بوو بە تایبەت شانشینە گچکەکانی ئەندیاو زیگیرتو کە لە سالی ٧١٩ بە دواوە بە هاوپەیمانی ئۆرارتۆ کان دائەنران . لە باسی ئەم لەشکرکیشییەی سەرگون دا هاتووە کە لە قەلای (زیردی ئەك) ی خاکی ماناوە کەلەوی لەگەلٚ (ئولوسونو) بە گویرەی ریکەوتنیکی پیشتر بەیەك گەیشتن کەوتنە ریٚ و ناوچەکانی ماناو سەر زەوی (بەیت کەبسی) و بەخاکی ژیر دەسەلأتی مادەکاندا رۆیشتن تا گەیشتنە قەلأی (پەنزیش) ی مانایی لەسەر سنووری مانا لەگەلٚ زیگرتۆو ئەندیا (گوایە کەوتووەتە باشووری شاری (میانە) ی ئەمرۆ) . دوای نویکردنەوەی قەلأو قوللەکانی کردیانە عەماری زەخیرەو خوراك و خواردنەوەو چەك و کەلوپەلی جەنگی بۆ لەشکرکیشی داهاتوو بەرەو خاکی ئۆرارتۆ ، پاشان سەرگون دەلیٚ : دوای هیرش بردنە سەر ناوچەی ( ئائوکنە) کە سەر بە (میتاتی) شای زیگرتو بوو کوشتاریکی فراوان لەو ناوچەیەو لە ئەندیا ، پیشرەوی کردن سست بوو لەو ناوچەیەدا ، ئیتر روویان کردوەتە ناوچەی _(ئوئیش دیشی) ی سەر بە مانا ، کەمیك لەوە پاشتر سوپای سەرگون راستەوخۆ روو ئەکەنە خاکی ئورارتو و چەندین شارو ناوچە ویران ئەکەن ، بۆ نموونە لە (موسەسیر) پەرستگای پیرۆزی ئورارتوییەکان لەگەلٚ خاك دا تەخت و یەکسان ئەکەن . (رۆسا) ی شای ئورارتو لە داخا خۆی ئەکوژیت و بەم شیوەیە دەسەلأتی ئورارتو لە باکووری خوراوای ئیراندا کۆتایی پیٚ دەهینریٚ.

لەمە بە دواوە لە نووسینەکانی سەردەمی ئاشووریدا هیچ باسیکی ئەندیا نەکراوە تەنیا لە نامەیەکدا نەبیٚ کە بۆ سەرگۆن نوسراوەو میژووە کەی نەزانراوە . لەو نامەیەدا باسکراوە لە گەیشتن و وەرگرتنی هەندیك "دیاری" - ژمارەیەك ئەسپ و هیستر - لە لایەن کوری شا

گچکەی ئەندیاوە کە بەماورییەتی نوینەری مانا هاتووە.

وا دیارە پاش کۆتایی هاتنی دەسەلاتی ئورارتو لە باکووری خۆراوای ئیران ئەندیا بە هۆی ماناوە خۆی نزیک کردوەتەوە لە ئاشوورییەکان کە لەو سەردەمەدا گەیشتونەتە ئەو پەری دەسەلاتداری خۆیان .

بەهەر حاڵ ئەوەی لە سەرەوە باسکرا هەموو زانیاری یە کە دەربارەی شانشینی ئەندیا لەو بەلگە نامانەدا ، دۆزینەوەی راستی شوینی ئەندیا بە پشت بەستن بەم زانیارییانەوە گەلیك زەحمەتە . (ئیبلینگ) تەنیا ئەوە دەلی کە ئەندیا کەوتووەتە خۆرهەلاتی دەریاچەی ورمێوە. (لیوین) لە لیکۆلینەوەکانیدا دەربارەی جۆگرافیای میژوویی زاگروس لە سەردەمی ئاشووری نویدا ئاماژە ئەکات بۆ ئەوەی کە ئەندیاو زیگرتو بە تەنیشت یەکەوە بوون ، بەلام خۆی نەداوە لە قەرەی دیاریکردنی تەواوی شوینی ئەندیاو هەر بەوەوە وەستاوە کە دەلێ ئەندیا یەکیك بوو لە ئەیالەتەکانی مانا . (داندا مایف) لای وایە کە ئەندیا کەوتووەتە باشوور یا خۆرهەلاتی دەریاچەی ورمێوە.

بە لەبەر چاوگرتنی ریگای لەشکرکیشی‌یەکەی سەرگۆن لە سالی (٧١٤) ی پیش عیساو ئەو ئاماژەیەی کە کراوە بەوەی سوپای سەرگون دوای تالان و برو لە زیگرتۆ و ئەندیا بەرەو لای ( نوئیش دیش) بەریکەوتن و لەبەر ئەوەی کە شوینی (نوئیش دیش) بە مەزنە لە دەوروبەری شاری (مەراغە) و (شاهین دژ) ی ئیستا دا بووە ، ئەتوانین سنوورەکانی خۆراوای ئەندیا لە سیگۆشەی (میانە ، تەکاب ، زەنجان ) و تەنانەت کەمیك زیاتر بەرەو لای خۆرهەلاتەوە لە باکووری خۆرهەلاتی زەنگان دابنیین.

"ئیبلینگ" لیوین ، داندامایف ، لایان وایە دۆزینەوەی شوینی ئەندیا پەیوەندە بە دۆزینەوەی شوینی زیگیرتو وە ، لەبەر ئەوەی کە زیگرتو کەوتووەتە سیگۆشەی مەراغە ، تەکاب ، میانە وە ، ئەتوانین بەو هۆیەوە شوینی ئەندیا دیاری بکەین کەمیك بەلای خۆرهەلاتەوە هەر وەك چۆن دیاکۆنۆف باوەری وایە کە ئەندیا کەوتوەتە بەشی خوارووی (روباری سپی) یەوەو تاکەناری دەریای مازیندەران دریژ بووەتەوە ، هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە گۆرستانی مارلیك ی بە گۆرستانی شاکانی ئەندیا داناوە ، دیارە بە گویرەی نوسینەکەی ( ئەدەد نیراری سیهەم) لە سالی ٨٠٢ ی پیش عیسا کە تیایدا هاتووە باسی بەرەو خۆرهەلات رۆیشتنی سوپای ئاشووری دەکا بەناو جەرگەی سەر زەوی ئەندیا دا ، ئەتوانین لەگەڵ بۆچوونەکەی دیاکونوفدا بین کە لای وایە خاکی ئەندیا تا ناوچە شاخاوییە دووردەستەکان و تا دەریای مازیندەران دریژەی هەبووە و سنوری خۆراوایشی تا دەوروبەری میانە هاتووە.

دەوروبەری پەیوەندی میژوویی و جوگرافی شوینی سەرهەلدان و دروستکردنی ئەو ئاسەوارە زانستی و هونەرییانەی شوینەواری ئەملەش - مارلیك بە خاکی مادی گەورەوە،


٢


١

پەرداخە زێڕین و زیوینەکانی باکووری خۆراوای ئێران شوێنەواری حەسەنلو

وەك پشتگیری کردنێك لە بۆچوونەکەی دیاکونوف ، ئەوەندە بەسە کە چەندەها ماوە پێشتر پەیوەندی نزیکی ئەو شاکارانە بە هونەری پێش سەردەمی هەخامەنشی یەکانەوە لە باکووری خۆرئاوای ئێران شتێکی ئاشکراو روون بووە ، بە تایبەتی پەیوەندییان لەگەڵ قوتابخانەی هونەری کانزاگەری ماناکانەوە بە وردی لێی کۆڵراوەتەوەو خراوەتە روو.

لێرەدا نووسەری ئەم بابەتە بە هیچ جۆرێك نیازی ئەوەی نیە کە خۆی بدا لە قەرەی باسی بابەتی وردەکاری و جوان و ناسکی کۆنناسی مێژووی هونەرەوە تەنیا دەیەوێ ئەوە بێنیتەوە یاد کە بەردەوام بوون لەسەر پشکنین وکنەی شوێنەواری مارلیك و لەویش بایەخدار تر شوێنەواری (پیلا قەلعە) گرنگی یەکی زۆری هەیە .

پشکنینی پیلا قەلعە جگە لەوەی چاوەروانی ئەوەی لێ دەکرێ رووناکی بخاتە سەر تەنیا نموونەیەکی ناسراو لە هونەری بیناسازی پەیوەندیدار لەگەڵ هونەری کانزاگەری ئاسەواری ئەملەش مارلیك ، ئومێدو تەمای ئەوەش ئەخاتە بەر دەستمان کە چەند بەلگەیەکی نوسراویش بخاتە روو ، کە بریتی یە لەیەك مۆری لولەیی کەوتووەتە دەست ، ئەو نوسینە بزمارییەی سەر ئەو مۆرە لولەیی یە ، جورج گلن کامرون خوێندویەتەوەو لای وایە کە لە شێوە نوسینەکەوە وا دەر ئەکەوێ ئەو خەتە بزماریە هی سەردەمی تیگلەت پلاسەری یەکەمە ، واتە دەوروبەری ١١٠٠ ی پێش عیسا ، تا سەردەمی ئەدەد نیراری دووهەم (٩١١ تا ٨٩١ ی پێش عیسا) ، وە ناتوانرێ بوترێ کە لە یەك دوو سەدەی سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش عیسی تازەترە ، هەروەها لەسەر دوو پارچە لەو بابەتانەی کە جوتیارەکان لە شوێنەوارەکەدا دۆزیبوویانەوە ، کە بریتی بوون لە دوو (چاوبەستی) برۆنزی ئەسپ ، چەند نوسینێکی بزماری ئۆرارتو بەرچاو دەکەوێت، یەکێك لە نوسینەکانی بەناوی (مینوا) ی شای ئۆرارتو (٨١٠- ٧٨١) و ئەویتر یان بەناوی (ئەرگیشی یەکەم) ی شای ئورارتو (٧٨٠ تا ٧٦٠) ی پێش عیسایە.

دۆزینـــــەوەی ئـــــەم دوو نووســـــراوە ئورارتوییە لە شوێنەواری ئەملەش - مارلیك بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندییە نزیکەی کە هـــەبوە لـــە نیـــوان ئـــەندیاو ئورارتوئیـــەکاندا ئەتوانرێ بکرێ بە بەلگەیەك لەسەر ئەوەی کە شوێنی شانشـینی ئـەندیا کەوتووتـە گۆشـەی باشووری خۆراوای دەریای مازیندەرانەوە . ئەو شوێنەوارناسەی کە کاری کنەو پشکنینی لـە مارلیك ئەنجام داوە ، لای وایە کە شوێنەوارەکە گۆرستانیکی پاشاکانی بووە و پیـی وایـە کـە چەند شاییکی نەناسراو (شاکانی ئـەندیا) بـە دریژایـی سـەردەمانیکی چـەند سـەد سـاڵە لـە سـەدەکانی کۆتـایی هـەزاری دووهـەمی پیـش عیسـاوە تـا سـەدە سـەرەتاییەکانی هـەزاری یەکەمی پیش عیسا لەم گۆرستانەدا بـە خـاك سپیردراون . لەم بوارەدا دوور نیە کە لە تەپەی (پیلا قەلعە) کە دەروانێ بەسەر مارلیك دا و گومـانی ئـەوە هەیـەدوای پشـکنین چـەند بەلگەیـەکی نووسـراو بکەونـە بەردەسـت ، کـە قـەلاّییکی نـاوەندی حکومـەت و دەسـەلاّتیك بووبـێ و خـاوەنی گۆرەکـانی مـارلیك بـن ، نووسەری ئەم بابەتە لای وایە ئـەتوانرێ پیـلا قەلعە بە پایتەختی شانشینی شاکانی ئـەندیا دابنرێ و هەروەها گورستانی مارلیك بە (شاری مردووەکان) ی ئەوان ، ئەو شاهانەی کە ئیمـە تەنیا ناوی یەکیکیان ئەزانین کـــە (تیلوسینە) یـــە.

بە وردبوونەوە لەم زانیاریانە وا دیتە پیش چاو کە ئەتوانین ئاسەواری فەرهەنگی ئەملـەش - مارلیك بە بەشیك لە کەلتووری مادی گـەورە دابنیـین و بلیـین ئـەم کـەلتوورە لەسـەردەمە تاریکـەکانی پیـش میـژووەوە سـەری دەرهیناوەو کەوتووەتە بەر روناکی بەرەبەیانی میژووەوە.

گۆڤاری باستان شناسی و تاریخ ١٩٦٨

ژمارە (١٦) لاپەرە (١٢ - ١٩)

# ساگارتی ، تیرەی حەوتەمی ماد

وەرگێرانی / حەسەن عەبدولکەریم

هیرودوت ی مێژوونووسی یۆنانی لەو حەوت تیرەیەی مادەکانی لێپێکهاتووە، ناوی شەش تیرەی هێناوە کە دیوکس / دیائۆکۆی فەرمانرەوای مادەکان بە یەکیخستن و نەتەوەی مادی لێ پێکهێنان ، ئەو شەش تیرەیەش کە باسیکردوون بریتین لەمانە:

١-بووسای : ( Bousai )

٢- پەریتە کنوی : (paretakenoi )

٣- ستروخاتس : ( Strouchats )

٤- ئەریزانتوی : ( Arizantoi )

٥- بوودیوی : ( Boudioi )

٦- موغان : ( Magoi )

جگە لەم تیرانە ئیتر هیچی تری نەوتوەو باسی تیرەی تری نەکردووە . ئێمە پاش تێپەربوونی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ بەسەر ئەو لیستەی هیرودوتدا ، ناوی تیرەی حەوتەم ئەخەینە سەر ئەو لیستەو بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لە خوارەوە باسی ئەکەین ، ساگارتی - سەگرتی ، دائەنێین بە تیرەی حەوتەم . ئەوەش کە هیرودوت ناوی ئەو تیرەیەی نەهێناوە دوور نیە لە بەر ئەو بوو بێ کە تیرەی دیاکوی فەرمانرەواو یەکخەری تیرەکانەو وای داناوە وەك جۆرە ناو هێنانێك باسی کردووە .

بەهەرحاڵ هیرودوت ناوی تیرەی (سگارتیو) ی سێجار هێناوە لە کتێبەکەی خۆیدا ، یەکەمجار ئەو تیرەیەی بە بەشێك داناوە لە خێڵ و تیرە پارسەکان و ئەوەشی گوتووە کە ئەم تیرەیە کۆچەرین ، ئەم برگەیەی باسکردنەکەی هیرودوت پێش هەر شتێکی تر پێویستی بەوەیە شوێنی ئەم تیرەیە یا شوێنی گەرمیان و کوێستانکردنیان دەستنیشان بکەین.

داریوش ی یەکەمی هەخامەنشی لە نوسینی سەربەردەکانی ئاسەواری بیستوندا ناوی (ئەسەگرتیا) ی وەك ناوی شوێن هێناوەو دەڵێ : پیاوێك بەناوی چیتراتەخمەی ئەسگەرتی سەرپێچی کردوەو شۆڕشی بەرپا کردو ئەیگوت من لە نەوەی هوخشترەم و پاشای ئەسگەرتیەم ، دوایی لەشکرێکی پارسی - مادی بە فەرماندەیی سەر لەشکرێکی مادی بۆ سەرکوتکردنی ئەو رەوانەکرا ، چیترا تەخمە دەسگیرکرا ، دوای ئەوەی چاوی هەڵکۆڵراو

لووت و گوێیان بڕی ، فەرمان درا لە ئەربەئیرا هلیان واسی بە دارا)).

پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بلێین کە هەموو ئەوانەی مانای ئەم برگەیەیان لیکداوەتەوە ئەو (ئەربەئیرا ) یە یان بە شاری (ئاربیلا) ی ئاشووری (هەولێری ئیستای باکووری خۆرهەلاتی عیراق) داناوە کە پاش ئەوەی وڵاتی ئاشوور کەوتە ژێر دەستی مادەکانەوە لە سالی (٦١٢) ە ی پیش عیسادا ، ئەو شارە بوو بە بەشیك لە وڵاتی ماد . دووهەم . لەبەر ئەوەی کە داریوشی یەکەم عادەتی وابووە ئەوانەی کە شۆرشیان کردووە دژی دەسەلاتی ئەو ، هەر لەو شوێنانەدا کە شۆرشەکەیان بەرپا کردووە بە سزای خۆیان ئەگەیشتن ، ، لەبەر ئەوەی کە چیتراتەخمەی ساگارتی لە هەولێر لە سیدارە درا ، دەبێ شوێنی تیرەی ساگارتی لەو شوێنەدا بووبێ کە پیشتر هی ئاشوورییەکان بوو و پاشان کەوتە دەست مادەکان.

هەر چەند ئەتوانرێ لەسەر خاکی مادستان خۆیدا چەند ناویك وەك ئەو ناوە یالەگەڵ کەمێك گۆراندا دەستنیشان بکریت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش شوێنی تیرەی ساگارتی لە دەوروبەری ناوچەی ناوەندی شاخەکانی زاگروس دیاری بکەین ، بەڵام دەبێ ئەوەش بە دوور نەزانین کە هەولیری ئیستا ئەوەندە دوور نەبووە ، لە شوێنی گەرمیان و کوێستان کردنی ئەو تیرەیە کە ناوچەی باشووری دەریاچەی ورمێیە ، ، تەنانەت ئەگەر خودی هەولیریش بە بەشیك لە خاکی ماد دانەنێین ئەوە هیچ کیشەیەك بۆ ئیمە دروست ناکا ئەگەر شۆرشی ساگارتییەکان تا دەوروبەری ئەو شارە بلاوبووبیتەوە و ئەو شارە بووبیتە مەلبەندی شۆرشگیرانی ماد لە تیرەی ساگارتی ، ئەو پەیوەندی وتیکەلی یەش کە هەبووە لە نیوان ئاشوورو مادەکاندا بە هیچ جۆریك نابێ بخەینە لاوە ، ئەو پەیوەندی‌یەی کە هیرتسفیلدی زانای بواری کۆنناسی لەپاڵ ئەوەدا کە ساگارتییەکانی بە باپیرە گەورەی کوردەکانی ئیستە داناوە ،ناوی سەعیر یا سەئیردی سەر کەناری رووباری دیجلەی بەناوی گۆراوو پاشماوەی ناوی سەگرتی داناوە.

بەڵام داریوشی گەورەی هەخامەنشی ، لەو سێ لیستەدا کە ئامادەی کردووە دەربارەی ئەو وڵات و ناوچانەی کەوتوونە ژێر دەستی و ، وا دیارە پەیوەندییان هەیە بە سەرەتای سالی ٥٢٠ و ناوەراستی ٥٠٥ و کۆتایی سالی ٤٩٠ ی پیش عیساوە ، تەنیا لە یەکیکیاندا کەوا دیارە دواییینیانە واتە نووسینەکانی تەختی جەمشید ، ناوی ئەسەگرتەی بە یەکیك لەو وڵاتانە داناوە کە لە ژێر دەستیا بووە و باج و سەرانەیان داوەو ، بە گوێرەی ئەو ریز کردنەی لە باری جوگرافییەوە دایناوە لە لیستەکەدا کەوتووەتە خۆرهەلاتی خاکی ئیرانەوەو دوای وڵاتانی پەرتەو (پارت - خوراسان) و زرنگ (سیستان) و هەرات ناوی هیناوە.

هەروەها هیرودوت لە نوسینیکدا دەربارەی بری باج و سەرانەی فەرمانڕەواییە ناوچەیی و پلە دووی ژمارە چواردەی هەخامەنشییەکان ، سەگەرتیەکانی بە دوای سیستانی و زابلی و بلوچی و موکرانی یەکاندا باسکردووە ، کە تیکرا سالانە ٦٠٠ تالان سەرانەیان داوە.

بە کورتی بە گویرەی ئەو ئاماژەکردنانەی سەرەوەو ئەو زانیاریانە کە جیگای گومان نین لیکۆلەرەوەکانی ئەم سەردەمە ، هەموو هاوبۆچوونن لەسەر ئەوەی کە سەگەرتی کەوتووتە باشووری خۆرهەلاتی ئیرانی سەردەمی کۆنەوەو وا دیارە لە نیوان خاکی خورو میترن و خوراساندا بووە لەسەر سنووری پەرتەکنی ، لە کۆتاییدا بەشی زۆری لیکۆلەرەوەکان هاتوونەتە سەر ئەوەی شوینی ساگارتیەکان لە ناوچەی بیابانی کرمان دا بووە ، بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو شوینە شوینی سوارکاری و بەخیوکردنی ئەسپ نیە.

بەم شیوەیە ساگارتی‌یەکان هەم لە باکووری خۆراوای ئیران (ئازربایجان) و هەم لە باشووری خۆرهەلاتی ئیرانیش (کرمان) دا بوو، لە دواییدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو دوو شوینە دیاریکراوە، هەمان راستەریی شاخی زاگروس ە ، ئەتوانین لەو نووسینە دوورو دریژەی هیرودوت دەربارەی لەشکرکیشی یەکەی( خەشایارشا) بۆ سەر یونان لە سالی ٤٧٩ ی پیش عیسادا ، بابەتیکی کورت بەلام زور پر مانا دەربارەی سەگرتییەکان بهینینەوە کە دەلێ : ئەم تیرە بیابان گەریدەیە خەلکانیکی پارسی زمان و بە جل و بەرگیکی پکتینی‌یەوە هەشت هەزار ئەسپ سواریان بۆ - سوپاکەی خەشایارشا ئامادە دەکرد ، عادەتیان نەبوو کە چەک لەگەل خۆیاندا هەلگرن تەنیا خەنجەریك نەبێ ، بەلام کەمەنیان بەکار ئەهینا هەر کاتیك جەنگیك رووی بدایی پشتیان قایم بوو بەو کەمەنانە ، سوارەکانیشیان لەگەل پارسی‌یەکاندا فیری مەشق بوو بوون "، پاشان هیرودوت دیتە سەر باسی کەمەن بەکارهینانی ئەوان.

(پیرنیا) لای وایە سەگرتیەکان لە کاتی ئاساییشدا کەمەنیان بەکار هیناوە ، چونکە ئەوانە راوچی بوون و بە کەمەکانیان راوی کەرە کیوی و ئاسکیان دەکرد ، هەروەها لەو بارەیەوە (نولدکە) دەلێ : ئەو کەمەنە یەکیکە لەو ئامیرانەی تیرە کوچەری و بیابان نشین و ئاژەلدارەکان بەکاریان هیناوە.

لیرە بە پیویست ئەزانرێ ئاماژەیەك بکرێ بۆ بنج و بنەوانی ناوی ساگارتی هیرودوت و ناوی ئەسەگەرتی سەر بەردەکەی تەختی جەمشیدو ئەوە دەربخەین کە زمانزانان ئەو وشەیە بە وشەیەکی مادی دائەنین و لە بنەرەتدا بە مانا جیی بەردهەلکەن ، یا زەوی ئەشکەوت نشینەکان و بوونی پیتی (ئە) یا لابردنی لە سەرەتای وشەکاندا شتیکی باو بووە لە زمانی پارسەکاندا وەك ئوشتر وشتر کە هەردووکیان هەر بە مانا حوشترە ، بەشی یەکەمی وشەکەش (ئەسەگە) سەنگ - بەرد ، بە بۆچوونی ئیمە هاوریشەیە لەگەل ئیشکتەو ئەشکەوتەی ئاویستاییدا کە ئەویش بە مانا بەردە .

تیرەی سەگرتی/ ساگارتی وەك تیرەیكی كۆچەری دەبێ جۆرە پەیوەندیەك هەبێ لە نێوان ناوی تیرەكەو ناوی شوێنی گەرمیان و كوێستان كردن یانیشتەجێ بوونیان ، هەر بە هۆی ئەمەشەوەیە كە ناوی كەی خۆیان داوە بە شاخی زاگرۆس ، لە نووسینی ئاشوورییەكانیشدا ناوە سەگرتی بە شێوەی زەگیرتو هاتووەو ، وەك هەموو لێكۆڵەرەوەكان لەسەر ئەوە رێكەوتون كە سنووری وڵاتی زاگروتی وەك دیاكونوف دیاری كردووە لە نێوان شاری (مەراغە) و (میانە) دایە . لێرەشەوە مەبەستی داریوشی هەخامەنشیمان بۆ دەرئەكەوی كە باسی چیترا تەخمەی ئەسگەرتی دەكا ، هەر ئەم زەگیرتو یا زاگروتییەیە كە ئاشوورییەكان ناویان هێناوە. باسكردنی زگرتۆ و زاگرتی لە سالنامەی ئاشوورییەكاندا ئەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش عیسا . كە باسی دوایین خالی لەشكركیشی یەكەی تیگلات پلاسەری سێهەم دەكا (٧٤٥ - ٧٣٨ ی پێش عیسا) بۆسەر خاكی مادەكان (سالی ٧٤٤ ی پێش عیسا) هەر ئەو قەڵای زاگروتی یە یە كە لەوە ئەچی بۆ لەژێر دەسەڵاتی فەرمانرەوای بنەماڵەی دیاكۆی مادیدا بووە.

نووسەری ئەم بابەتە بە تەواوی و بێگومان لای وایە كە زاگروتی - زگرتووی سەردەمی مادەكان لەگەڵ شاهێن دژی سەدەكانی ناوەراست و ساینێ قەلای دواتر لە ناوچەی شاری میاندوواو لە كەناری لای راستی زێرین روود (جغتو) مو یەكن و دەربارەی وڵاتی زگرتو خۆی ئەوە كەوتوەتە باكووری شاهێن دژەوە لە نێوان مەراغەو میانەی ئێستادا . ئەمەش لە گرنگترین و بەناوبانگترین لەشكركیشییەكانی ئاشوورییە بۆ سەر خاكی ماننا ومادستان ، واتە هاتنی سەرگونی دوهەم (٧٠٥ - ٧٢١ پێش عیسا) بۆ رێكخستنی كاروباری ناوچەكانی باكوری زاگروس یا باشووری ئازربایجانی ئیستا لە سالی ٧١٥ - ٧١٤.دا هەر بەم بۆنەشەوەیە كە بۆ یەكەمجار ناوی دیاكۆی كوێخای زاگروتی و یەكخەری تیرەكانی مادو یەكەم پاشای ئەوان لە مێژوودا ناوی ئەهێنرێ .فەرمانرەوای ئەیالەتی زگرتو لەو كاتەدا ناوی (مەتاتی) بووە ، بەڵام ناوی وڵاتەكەی دیاكو لە خاكی مادەكاندا هەندێ جار پێیان وتووە(مادای) و هەندیكیش بە (مەسی) یان داناوە وەك لە خوارەوە باس ئەكرێت و لەوەدا كە زاگروتی قەڵای دیاكوییەكان لەسەر سنووری خۆیان و ئەیالەتی زگرتوی (مەتاتی) یەكاندا بووە ، دەبێ هیچ گومانیكی تێدا نەبێ. ئەو داستانەش كە ئاماژەی تێدایە بۆ بابەتە كە بەمجۆرەیە ،دیاكۆ تەنیا یەكیك بووە لە سەركردەی تیرەكانی مادو یەكیك بووە لە فەرمانرەوا بچووكەكانی ماد، سەر بە پاشایەتی مانا بووە ، ئەو لە سالی ٧١٦ ە ی پێش عیسادا هاوبەشی كردووە لە شۆرشیكدا لەگەڵ فەرمانرەوای ناوچەكانی دەوروبەری بەسەركردایەتی (مەتاتی) فەرمانرەوای وڵاتی زگرتو لە دژی (ئازا) ی پاشای ماننا ، بە بیانووی ئەوەوە كە لەگەڵ ئاشوورییەكاندا پەیمانیكی (شەرم ئاوەر) ی بەستووە پاش

ئەوە سەرگوونی دوهەم یەکسەر دەس بەکار بووەو بەشی زۆری سەرکردەکانی شۆرشەکەی دەسگیر کردو هەندیکیانی دوور خستنەوە ، پاش ئەوە دوای داگیرکردنی (ئیزیرتو) ی پایتەختی ماننساو قەلاکانی (زیویە) و (ئارمانیت) ، بەرەو ناوچە دوورەکانی باشوور کەوتنە ڕێو لەوانە ویلایەتی سیگریس (گەروس) و (ئەرانزیاش) . کەوا دیارە (ڕەزەن) بیت و شپرداو ئوریاکو ی ناوچەی هەمەدانی ئیستایان داگیر کرد.

لە سالی دواتردا واتە سالی (٧١٥) پیش عیسا پاشایەتی ئوراتو (ئازربایجانی باکوور) لە پیکدادانی بەردەوامیاندا لەگەڵ ئیمپراتووریەتی ئاشووریدا ، کە داوای کرد دیاکو کە ئەو کاتە هاوپەیمان بوو لەگەڵ پاشایەتی ماننایی (ئازربایجانی باشوور) دا ، واز لە ماننایی یەکان بهینیت و لەگەڵ ئورارتوییەکاندا ببیتە هاوپەیمان . دیاکۆ ئەم داوایەی پەسند کردو بە مەبەستی دلنیایی بوونی روسای پاشای ئوراتو کوریکی خۆی وەك بارمتە ناردە دەربارى ئەو ئەم هەلویستەش بووە هۆی نیگەرانی و تورەبوونی خیرای سەرگون و لەبەر ئەوەی کە شۆرشی دژی ئاشوورییەکان لە ئەیالەت و ناوچەکانی ماننایی مادەکاندا بلاو بوو بوویەوە لەشکرکیشییەك پیویست بوو بۆ سەر ولاتی مادەکان ، سەرگۆن هاتە ولاتی (دیاکۆ) وەو خۆی دەسگیر کردو لەگەڵ بنەمالەکەیدا دووری خستنەوە بۆ سوریا ، پاشان لەویوە رووی کردە ئەیالەت و ناوچەکانی باکوور لە نیوانیاندا (زگرتو) ی (مەتاتی) بەلام لە هەمان کاتدا لە ناوچەی باشووری ئەو شوینەوە لە، خار خار( گوندی )خور خورەی ئیستای نزیك دیواندرە) شۆرشیکی گەورە بەرپا بوو . ئەو شۆرشە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی نەتەوەکانی مادو کۆمەك و یارمەتی ئەیالەت و ناوچەکانی ئەلیپی (حەلوان و هندیکیش دەلین مایدەشت) و هامبان ( وادیارە کامیاران یا کرماشانی ئیستا بێ) بەهیز بوو بوو سەرکوت کراو دامرکینرایەوەو فەرمانرەوا مادەکان چوونەوە ژیر باری سەرانەو باجدان بە ئاشوورییەکان ، پاش ئەوە سەرگون بە نیازی (زگرتو) لەشکریکی گەورەی بەرەو ئورارتو بەریکرد (٧١٤ پیش عیسا) ، لە خاکی پارسوئای (بەشی خۆرهەلاتی هەولیری ئیستا لەگەڵ بەشی باکووری شاری سلیمانی) دا دیاری و سەوقاتی بیست و شەش کەس لە فەرمانرەواکانی ولاتی مادای وەرگرت و ئەمجا بە تیپەربوون بەسەر ملەو لوتکەی شاخەکاندا گەیشتە ئەیالەتی مەسی (مەشتا) و دوای چاوپیکەوتن لەگەڵ پاشای ماناو وەرگرتنی دیارییەکانی روی کردە زگرتو. مەتاتی فەرمانرەوای سەربەرزو سەرپیچیکەری ئەوی (کە شایانی ئەوەیە ناوبانگی بلاو بیتەوە ) لەسەر عادەتی دیرینی خۆی دەس بەکار بوو و بارەگاکەی خۆ وا تە قەلای پردە (کەوتووتە خۆراوای شاری میانە) بەجێ هیشت و لە شاخەکانی (ئوشدیریکە) وا دیارە کە بزغوش داخی ئیستایە) خۆی پەناداو بە پەلە هیزەکانی خۆی رەوانە کرد بۆ یارمەتی سوپای

ئاوراتو . بەڵام سەرگۆن هەموو کۆسپەکانی خستە پشت خۆیەوەو هێزەکانی شکاندو سیانزە قەڵای زگرتوی تالان و ویران کرد . پاش ئەوە رووی کردە خۆراواو بەرەو شاری ئوشیدیش ی ماننایی (شاری مەراغەی ئیستا). ریرەوەکانی باکووری خۆرهەڵاتی شاخەکانی زاگروس و دەروبەری دەربەندەکانی رووباری ئاوەسپی سەروو رەرین روود، لەبەر ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی تیرەیەکی مادیی بووە بەناوی زگرتی / سگرتی ، بێگومان ناوی ئەو تیرەیەی بروە بە سەراو لەوەشەوە دەرئەکەوێ کە لە بەشی باکووری ئەو شوینەدا بنەماڵەیەکی هەمان تیرە یەکیکی لێ هەڵئەکەوێ بەناوی (مەتاتی) و لە دەوروبەری سالەکانی ٧١٠-٧٢٠ پیش عیسادا دەسەڵات ئەگریتە دەست و هەر لە دەوروبەری ئەو سەردەمەشدا خاوەنی دیی زاگروتی (شاهین دژی ئیستا) فەرمانرەوا بووە.

ئەوەش کە ناوچەی فەرمانرەوایی دیائوکوییەکانی زاگروتی ، پاشتر تا ناوچەی هەمەدانی ئیستای گرتووە و (هەگمەتانە ئەکباتان) دەبی بە پایتەختی پاشایەتی ماد ، لە ئەنجامی چەند هۆیەکدا بووە.ئەوەی کە بە راست دیتە پیش چاوئەوەیە کە هەگمەتان ، دیاکو یا یەکیك لەجێنشینەکانی ئەو بنیاتی نەناوە ، بەڵکە ئەو قەڵا یا شارۆچکەیە ، گەلیك لە پیش مادەکانەوە هەر بووە، بەڵام ئەمان ئەوییان کردووە بە شوینی نیشتەجیبوونی خۆیان و پاشتر کە بنەماڵەی دیاکۆییەکان پادشایەتی ماد دەکەویتە دەستیان هەر ئەو شوینە دەکەنە پایتەختی خۆیان . تەنانەت ئەگەریکیش هەیە دەربارەی هەگمەتانی باکوورو ، بە گویرەی ئەوە شوینی نیشتەجی بوونی مادەکان لە شوینی شاهین دژی ئیستا (ساین قەڵا) دا بووە ، ئەو شوینەی کە ئیمە لامان وایە لەگەڵ زاگروتی مادەکاندا هەر یەکیکن . پیشتر ئەوە باسکرا کە سەرگونی دووهەمی ئاشووری لە لەشکرکیشییەکەی سالی ٧١٤ ی پیش عیسادا لە شیوو دۆڵە شاخاوییەکانەوە گەیشتە ناوچەی (مەسی) ی مانتاییەکان ، یەکیك لە زانایانی بواری مادناسی شورەوی بەناوی (گرانتوفسکی) باسی ئەوەی کردووە کە (مەسی) یا ( مشتە) هەر ئەو ناوچەیەیە کە لەژێر فەرمانرەوایی بنەماڵەی دیاکۆدا بووە ، بەڵام بە لیکۆڵینەوە لە باری جوگرافی ئەو شوینە کە کەوتووەتە لای سەرووی زیرین رووت (چغتو) باکووری هەرشی (هەرسین) و باشووری زیویە (سەقز) و خۆرهەڵاتی زاموایا پارسوا ، وا دەرئەکەوێ کە مشتە لەگەڵ بەشیکی شارەزووردا بەتەواوی یەك ئەگرنەوە ، هەر چۆنیك بیت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ناوچەیە پەیوەست بووە بە وڵاتی دیاکۆیەکانەوە ، بەڵگەیەك بە دەستەوە نیە کەلە ژێر فەرمانرەوایی ئەواندا بووبیت .

ئاشوو رییەکان لە میانەی لەشکرکیشیەکیاندا کە لە سالی ٨٢٠ ی پیش عیسا کردیانە سەرخاکی ماد ، پاش ئەوەی لە شاخەکانی کولار تیپەرین کە زنجیرەیەکی بەرزو دیارە لە زاگروس (پیدەچێ لەگەڵ کیلەکوەی ئیستادا یەك بن) ، گەیشتنە ناوچەی مشتە .لەم

شوێنەدا (شەمشی ئادەد)ی پێنجەم ((٨١١ - ٨٢٣) ی پێش عیسا) ، ڕەوە وڵاخێکی زۆری بە تاڵان لە خەڵك وەرگرت و گوندو شوێن نیشتەجێ بوونیکی زۆری سوتاندو زەرەرو زیانیکی زۆری گەیاند بە (مەسی)یەکان و هەر لەم شوێنەشدا دیاری و سەوقاتی تیرەماننایەکانیشی بە دەست گەیشت . لەناو ئەو ئەیالەت و ناوچانەدا کە ئاشوورییەکان دەڵێن دەستمان گرتووە بە سەریاندا لە ساڵی ٨٠٢ ی پێش عیسادا یەکێکیان ئەم مشتە یە کە باسی لیوە دەکەین .

بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر زانیاری وایان لیوە دەکەویتە بەردەست کە پاشای ماننایی هەر لەو ساڵەدا ئەو قەڵایەی سەرلەنوێ دروست کردەتەوە، هەروەها لە سەدەی هەشتەمی پێش عیسادا ئەو شوێنە کە بۆ ئاژەلداری و ئەسپ بەخێوکردن ناوچەیەکی زۆر گرنگ و بەکەڵك بوو دەولەتە بچکۆلەیەکی ماننایی سەر بەخۆی تیا هاتە دروست کردن ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە لیکۆلەرەوەکان وڵاتی فەرمانرەوایی مادەکانیان هەر بەو شوێنە داناوە.

نوسەری ئەم بابەتە لای وایە ئەو شوێنە کۆنە مەسی - مشتە ، لەگەڵ (مستەگان) کە(مسعودی) میژونووس لە هەردو کتیبەکەیدا بە بەشیك لە کوردەکانی شاخی داناوە ، هەر یەکیکن . بەم شێوەیە ئەو تیرە کوردە مادییە کە زیاتر لە ١٧٠٠ ساڵ بەردەوام بووە ئیتر لە سەدەی چوارەمی کۆچی بەدواوە لە سەرچاوە میژووییەکاندا کە باسی کورد دەکەن ناوی نەهێنراوە .لیرەدا پرسیاریك دیتە پیشەوە ، ئایا رووباری (مەسین) کە لە خۆرئاوای شاخەکانی کوردستانی موکری وە دەروا تا دەرژیتە ناو رووباری دیجلە پاشماوەی ئەو ناوەی (مەسی) نیە ؟ .

دیارە نابێ لەوەدا بە هەلە بچین کە ئەم ناوە لەگەڵ (میسینە) ی ناوی یەکیك لە نەتەوەکانی باکووری نیوان دوو رووبار(ئەدیابن) لە یەکیك دابنیین . هەر چۆنیك بیت ، بەلگەی وانیە پشتگیری ئەوە بکا کە مەسی - مشتە یا مەشتەگان پەیوەندی بە بنەماڵەی دیاکۆی مادییەوە هەبیت ، بەڵکو هەموو بەلگەکان ئەوە ئەگەیەنن کە بنەماڵەی پاشایانی ماد لە تیرەی زاگروتی / ساگارتی بوون. ئەوەش کە دەسەڵاتی سیاسی ئەو خاوەن قەڵاو گوندانەی زاگروتی / ساگارتی لە دەوروبەری ریرەوەکانی باکووری شاخی زاگرۆزەوە تا بناری ناوچەی شاخاوی ئەروانتە (ئەلوەند) بڵاو بۆتەوەو بارەگای فەرمانرەواییان لە زاگروتیەوە (شاهین دژ / ساین قەڵا) گویزابیتەوە بۆ هەنگمەتانو پایتەختەکەیان لە ئەگبەتانی باکوورەوە ) بە قسەی راولینسن و پەیرەوانی) بۆ ئەگبەتانی باشوورو واتە پایتەختی ئیمبراتۆری ماد ، گوردرابیت ، هەموو ئەمانە ریرەویکی سروشتی یاسایین بۆ بەرەو پیشچوون و پیشکەوتنی سیستمیکی خاوەن دێ و کویخایەتی بۆ سیستمیکی پاشایی و وەك چۆن لە ئەنجامی یەککرتنی تیرەکانی ماد بووە

هەروەها چەند هۆ و فاکتەریکی سیاسی و سەربازیش لە ئارادا بووە. پێکهاتنی هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی ئەو سەردەمە لەسەر بنەمای تیرەگەری هاتوونەتە بوون.
جگە لەو هۆ و فاکتەرە ناوخۆییانە ، خودی ئاشوورییەکانیش وەك هۆیەکی دەرەکی و بۆ بەرژەوەندی خۆیان فەرائورت / خشتەریتی / کشتریتەی کوری دیاکۆی ساگارتیان (٦٥٣ - ٦٧٤) وەك فەرمانرەواو دەولەتیك لە ناوچەی (بیتکاری)لە هەمەدان دانا . وەك پێشتر باسکرا بە هۆی ئەوەوە کە ئاشوورییەکان دیاکۆ و بنەماڵەکەیان دوور خستەوە بۆ سوریا ، فرۆشتیش / خەشتەریت /کەشتەریتی لە خاکی ئاشووردا پەروەردە بووە ، پاشتر کە یەکیەتی تیرەکانی ماد کەوتنە سەر ئەوەی داوای دەولەتیك بکەن بە سەرکردایەتی بنەماڵەی دیاکو ، ئاشوورییەکان وایان بە باش زانی ئەو کەسەی کە خۆیان پەروەردەیان کردووە لەناوچەیەکدا دەولەت و دەسەڵاتیکی بۆ فەراهەم بینن کە تا رادەیەك دوور بێ لە ناوچەی دەسەڵاتی تیرەکەی و ئەوان پێیان وابوو کە بە هۆی ناوبانگی بنەماڵەکەیانەوە ، لەناو تیرەکانی ماددا باشتر ئەتوانێ باج و سەرانەیان بۆ کۆبکاتەوەو مسۆگەری بکاو دوور نیە کە لە لایەنی سیاسیشەوە لە بەرژەوەندی ئەواندا کار بکات.
بەلام ریرەوی رووداوەکان بە پێچەوانەی خەیالی سیاسەتمەدارانی ئیمپراتۆری داگیرکەری ئاشوورییەکانەوە بوو ، ئەوان کاریان لە کۆتایی نزیك دەبوویەوەو ، سەرەتای پاشایەتی ماد کاتی هاتبوو . فرورتیش خەشتەریت کە وەك جاران تەنها سەرۆك تیرەی ساگارتی نەبوو ، بەلکو گەیشتبوە پلەو پایەی خاوەن وڵات و ناوچەیەك ، بەهاوپەیمانی لەگەڵ دووکەسی تردا یەکێکیان بەناوی (مامی تیارشو) کە پێشتر دەسەلاتدارو فەرمانرەوای ناوچەیەکی مادی ژێردەستی ئاشوورییەکان بوو (دەوروبەری گەروس تا زنجانی ئەمرۆ )و دوهەمیان (دوو سانتی) ناو ، ئەویش فەرمانرەواو کاربەدەستی پێشووی ناوچەی شپیردا) ی ژێردەستی ئاشوورییەکان بوو (دەوروبەری ناوچەی شرا ی هەمەدان تا (ساوا) ی ئیستا ، شۆرشیکیان دژی ئاشوور بەرپا کرد سالی ٦٧٣ ی پیش عیسا . خەشتەرینی سەرکردەو پێشەوای ئەو شۆرشە بوو بە ئەگەریکی تەواو هەلبژیردرا بە ریبەری یەکیەتی تیرەکانی ماد .
بەم شیوەیە زنجیرەی پاشایەتی نەتەوەی ماد بنیاد نراو. تیرەی بچووك و کۆچەری زاگروتی / ساگارتی کە بنەماڵەی پاشایانی ماد لەو تیرەیە بوو بە تیرەی پاشایەتی خاکی ئیران وەك چۆن لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا تیرەی (پاسارگاد) بوونە تیرەیەك . شانازیان ئەکرد بەوەوە کە بنەماڵەی پاشایەتی پارسەکان لەوانن جینشینی فرائورت خەشتەریتی ، واتا ئۆکیشتەر (بە زمانی بابلی) ، (ئواکیستر ) (بە ئەکەدی) ، کوئیکرس (بە یۆنانی) هۆخشترەی مادی (٥٨٥ - ٦٢٤) ی پیش عیسا کەوا دیارە هەر ئەو کەی خەسرەوەی ناو داستانەکانە وەك

لە ئاویستادا هاتووە (پالەوانی یەکگرتنی دی و ناوچە ئارییاییەکان لە پاشایەتییەك)دا بە داگیرکردنی نینەوای پایتەختی ئاشوورو سرینەوەی ناوی ئەو دیوە شەر پیشەو زۆرداری سەردەمی کۆن لە لاپەرەی رۆژگارداو پەرەپیدان و سەقامگیرکردنی پاشایەتی مادەکان ، تا سنووری هەموو مەرزەکانی ئیمبراتۆریەتی هەخامەنشی و بە وتەی ئاخیلوس (ئاشیل) (بو بە بنیاتنەری پاشایەتی لە ئاسیادا).

ئەمە هەر ئەو کە یاکسار/ هوخشترەی پاشای گەورەو بەناوبانگی مادەکانە کە لە سەرەتای پاشایەتی داریوشی گەورەی هەخامەنشی (٤٨٦ - ٥٢٢) ی پیش عیسی) وەك لە نووسینەکانی سەر بەردەکانی بیستوندا هاتووە ، چیتراتەخمەی ساگارتی پاشای ئەزگرتی / ساگارتی (کە دەستی بە شۆرش کردبوو بۆ گەراندنەوەی پاشایەتی بنەماڵەی دیاکۆی مادی) خۆی بە نەوەی ئەو لە بنەمالە هوخشترە دانابوو ، بە گویرەی ئەم نەخشی سەربەردە کە بەلگەیەکی زۆر بەنرخە ئەتوانین باوەریکی تەواومان هەبیت بەوەی کە بنەمالەی دیاکۆییەکان یانەوەی پاشاکانی ماد ، لەتیرەی ساگارتی بوون . شتیکی ترهەر لەم بەلگەیەوە بەدەست ئەهینرێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو خاوەن قەلایانەی زاگروتی کە چوونە سەر تەختی پاشایەتیش لە هەگماتانەی پایتەختدا هیچ کات لەشوینی کۆن و تیرەی خۆیان دانەبراون ، هیشتا تیرەی پاشایەتی ئەوان کە ئەسگرتییەو شوینی یەکەمجاریان کە ساگارتیە لەناو خۆیاندا پەیوەندی خیلەکی و هاورەگەزی‌یان لەگەڵ کوڕو کەس و کارو ئەندامەکانی تردا هەر بەردەوام و پتەو بووە.

لەباری بنەچەو رەگەزو نەژادی تیرەی ساگارتیەوە ، بە گویرەی ئەوەی کە ئەو تیرەیە لە خۆرهەلاتی شاخەکانی زاگروس دەرکەوتوون ، و هەماهەنگ لەگەڵ بۆچوونی (مینۆسکی) کە لای وایە لە خۆرهەلاتەوە سەری هەلداوە ، ئەتوانین بلیین تیرەی ساگارتی مادی ئارییاین و لەو ئەتەوە کۆچ کردووە هیندو ئەورووپاییانەن کە لە دەورووبەری هەزاری یەکەمی پیش عیسادا هاتوونەتە ئەو ناوە. ئەوەش نابی لەیاد بکەین کە هیرودوت دەلێ : خودی مادەکان رەگەزی خۆیان بە ئاری داناوە. هەرچەند هیرودوت خۆی تیرەی ساگارتی بە پارس داناوە.

ئیسترك ، کە یەکیکە لە زانا کورد ناسەکان لای وایە روخساری (چتراتەخمە) ی ساگارتی سەر نەخشەکەی بیستون . هەر لە روخساری کوردەکان دەچیت ، هینری فیلد زانای بواری نەژادناسی لە (راولینسن) ەوە دەگیریتەوە ، دەلێ: کوردو لورەکانی ئەمرۆ زۆرتر لە مادەکانی سەردەمانی کۆن ئەچن تا دانیشتوانی هەندێ شوینی تر . هەروەها بە گویرەی ئاماژەکردنی میژونووسانی بواری کۆنناسی . ئەتەوە جیا جیاکانی شاخەکانی زاگرۆس .ماە / ماد .تیرەکانی کورتی / کیرتی ، و ساکارتی لە ریرەوەکانی زاگروس وگوریك (گوران) لەنیو ئەوانەدا بوون . لیرەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە سەرەوە رابورد دەربارەی نیشتەجێبوونی ساگارتی‌یەکان لە

ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئێراندا واتە دەوروبەری کرمان ، هەموو لیکۆڵەرەوەکان کەوتوونەتە گێژاوێکەوەو تووشی سەراسیمە بوون و ئەمەش شتێکی سروشتییە ، دیاکونوف ، دەربارەی چیترا تەخمەی ساگارتی دەڵێ: ئاشکرا نیە کە مەبەست ساگارتییەکانی ناوەندیی ئێرانە ، یا ئەوانەی کە لە زیگرتۆی ئازربایجاندا نیشتەجێ بوون" ، (ئیسترك) یش بە تەواوی لە پەیوەندی نیوان زگرتۆی پارسەوایی و نەتەوەی ئەسگرتە نەگەیشتووە ، مینورسکی ، خاوەنی چەند لیکۆڵینەوەی بە نرخ دەربارەی کوردان ، شوێنی نیشتەجێبوونی تیرەی ساگارتی لە خۆرهەڵاتی ئیران و بە ئاشکرا لە ناوچەی سیستان داناوە ، کە لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا گوێزرانەوە بۆ خۆراوای ئێران و لە وڵاتی مادەکاندا(کوردستانی ئیستا) نیشتەجێ کران و ئەو زگرتو، یا زاگروتی یانەی لە دەقە ئاشوورییەکاندا هاتووە هەر ئەوانن . ئەمەیە باری تیرەی ساگارتی سەردەمی کۆن کە نازانرێ خۆرهەڵاتین یا خۆراوایی یا هەردوکیان؟.

بەڵام بە بۆچوونی نووسەری ئەم باسە ئەم کیشەیە نزیکە یەکلایی ببیتەوە. سەرەتا لەگەڵ دیاکونوف دا یەك ئەگرینەوە بە چاوپۆشیکردن لە هەندێ بۆچوونی گوماناوی و هەندیکی دژ بە یەك دەربارەی باری جوگرافیایی تیرە نیوە ماد و نیوە پارسەکان کە ساگارتییەکان لەوانن ، یەکلایی بوونەوەکەش بەم جۆرەیە: تیرەی ساگارتی بە رەگەزو بە زمان لە مادەکانن (وەك دیاکونوف خۆی بە لیکۆڵینەوە دەری خستووە) ، ئەمانە هەرچەند لە وڵاتی زگرتودا ژیاون (لەنیوان مەراغەو میانەی ئەمرۆدا) ، هەندیکیشیان لەچەند بەشیکی جیا جیای ئێرانداو لە نیویاندا باشووری خۆرهەڵات (نزیکی سیستان) ناویان هاتووەو ژیاون . هەموو ئەزانین هیرودوت ساگارتییەکانی بە بەشیك لە تیرە پارسەکان داناوەو بە تایبەت بە کۆچەریشی داناون کە دیارە ئەمە ریك ناکەوێ لەگەڵ ئەوەدا کە بلیین لە یەك شوێندا نیشتەجێ بوون ، بەڵام کەس گوێی نەداوە بەوە کە خودی هیرودوت لە شوینیکی تری کتیبەکەیدا کە باسی ئەم تیرەیە دەکا دەڵێ : ئەم تیرە ناسراوە پارسی زمانە بیابان گەرانە جلوبەرگی نیوە پارسی و نیوە پیکتینی یان لەبەردا بووە و بە سەرگەردان و ئاوارە داینراون ، کەواتە ئیتر نابێ پابەندی شوێن و ناوچەیەکی تایبەت بن و ئەمانە لە هەموو شوینیکدا بوون هەم لە خۆرهەڵات هەم لە باشوور.

هەر بە هۆی ئەم تایبەتمەندییە خیلەکییانەوە کە جیاوازە لە تایبەتمەندی نیشتەجێبووەکانی تری تیرەکانی ماد کە لەیەك شوێندا بوون یا نیوە کۆچەری بوون ، تیرەی ساگارتی توانی بە چەند شیوەی جەنگ کردنی چالاکانەی خۆیان (کە هیرودوت باسی هەندیکی کردووە) لە شەرو بەرەنگاربوونەوەی ئاشوورییەکاندا سەرکەوتووی و شایستەیی تەواو بە دەست بینن ، بۆ گرتنە دەستی پلەو

پایەی سەرکردایەتی تیرەکانی تری مادو بەکورتی ئەو تیورە زانستییانەی پەیوەندییان هەیە بە چۆنیەتی پێکهاتنی دەولەتەوە لە کۆمەلگا کۆنەکاندا ، خێل و تیرە ، چەند کۆچەری بن ، ئەوەندە چاکتر و بەکەلك ترن لەهەر کۆمەل و تیرەیەکی سەقامگیر و نیشتەجی ، لە پاش تیك و پێکدانی دەسەلاتیکی سەربازی و سیاسی وەك دەولەتی ئاشوورییەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش عیسادا ، ئەمەش وەنەبی تەنیا تایبەت بی بە میژووی ئاسیاو ئیرانەوە . دەولەتە کۆنەکان بەبی جیاوازی لە سەرەتادا هەر لەسەر بنەمای تیرەو خێل پیك هاتوون و بە هیزو توانی ئەو تیرە کۆچەری و جەنگاوەرانەوە هاتوونەتە سەر کار .

